

# چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم

ڕەشید ئەحمەدی

بەرگی دووەم، بیرەوەریی ساڵانی ۱۹۸۳-۲۰۲۰

# چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم

## بیرەوەریی ساڵانی١٩٨٣ _ ٢٠٢٠

## بەرگی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

ڕەشید ئەحمەدی

# چەند لاپەڕەیەک لە ژیانم

## ڕەشید ئەحمەدی

بەرگی دووەم،

**بیرەوەریی ساڵانی ١٩٨٣_ ٢٠٢٠**

**چاپی یەکەم ٢٠٢١**

چاپخانە: کتاب ئەرزان
ISBN978-91-89411-18-0

Cend lapereyek le jiyanim

By

Reşîd Ehmedî

First edition 2021
Tryckt hos Kitab-I Arzan
Helsingforsgatan 15
164 78 Kista-Sweden
+46 70 492 77 09
www.arzan.se

کتێبخانەی هەواڵنامەی

## پێڕست


پێشەکیی نووسەر ........................................ ٧
هێرش بۆسەر ناوچەی شیمال ........................................ ٨
هێرشی ڕێژیم بەرەو موتاویێ و چیانە ........................................ ١٢
کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگری پێنجی حیزب ١٤
بەرەو کۆنگرەی پێنج ........................................ ١٥
بەرپەرچی هێرشەکانی سوپای ڕێژیم لە سەر جادەی بانە سەردەشت ........ ١٧
چوونم بۆ بانە بە لکێک پێشمەرگەوە بۆ یارمەتیی هێزی ئاربەبا ........ ١٩
گۆڕانکارییەکانی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار ........................................ ٢٧
دیداری شێخی گەزگەزک ........................................ ٢٨
شەوخوانی ماڵی شێخ ........................................ ٣١
دەستپێکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان کۆمیتەی شارستان و هێز ........ ٣٤
هەڵسوکەوتی سەرکردایەتیی حیزب لەگەڵ ئەندامانی خۆی ........ ٤١
خۆناساندنم بە کۆمیسیۆنی نیزامی ........................................ ٤٢
شەهیدبوونی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆن ........................................ ٤٣
ناساندنێکی کۆمیسیۆن و بارودۆخی ئەو سەردەمەی ........................................ ٤٤
پیسپاردەیەک بۆ ناوچەی دیواندەرە ........................................ ٥١
کردنەوەی خولێکی سیاسی نیزامی ........................................ ٥٩
هەوڵی سازکردنی سەفەرێک بۆ چارەسەریی ئازاری گەدەم ........ ٦٠
گەڕانەوە بەرەو ماڵ بە دڵێکی بێ هیواوە ........................................ ٦٢
کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی بانە ........................................ ٦٤
کار و ئەرکی نوێم ........................................ ٦٧
گواستنەوەی دەفتەری سیاسی بۆ باشووری کوردستان ........................................ ٧١
نزیکبوونەوە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب ........................................ ٧٥
کۆنگرەی شەشەم و کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی لەسەرم ........................................ ٨٢
ژیان لە بەردەزەرد لەو دانیشتنە کاتییەمدا ........................................ ٨٢
دابڕان لە ڕێکخراوە سیاسییەکان ـ هۆکار بۆ سەرهەڵدانێکی نوێ ........ ٨٧
"سەرنجێک لەسەر دروستکردنی ڕێکخراوێک بە ناوی ڕاپەڕین ........ ٨٧
گواستنەوەی سەنگەری خەباتم ........................................ ٩١
سەردانی هاوڕێیانی حیزب بۆلام ........................................ ٩٧

شاندێکی سازمانی خەبات بەرەو ئۆردوگای ڕۆمادیه ..... ١٠٢
گواستنەوە بۆ قووڵایی باشووری کوردستان ..... ١٠٤
داگیرکردنی بەرزاییەکانی ماوەت لەلایەن ئێرانەوە ..... ١٠٦
دانانی بنکەیەک لە ڕانیە ..... ١٠٧
گۆڕانێکی سەیر لە مامۆستا شێخ جەلال دا ..... ١٠٩
کۆبوونەوەیەکی نهێنی و بێ ئاگاداریی شێخ ..... ١١١
کەوتینە بیری جیابوونەوە ..... ١١١
دوولەتبوونی سازمانی خەبات ..... ١١٢
چیمان لەگەڵ خۆمان برد ..... ١١٣
چەک کێشان لە یەکتر ..... ١١٤
دانانی یەکەم بنکەمان ..... ١١٧
یەکەم کۆبوونەوەی دوای جیابوونەوە ..... ١١٨
سەردانێک بۆ لای ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران ..... ١١٩
بانگکردنمان لە لایەن دەزگای موخابەراتی بەغداوە ..... ١٢٠
تێکەڵبوونی کۆمەڵێک پێشمەرگەی نوێ بە سازمانی خەبات ..... ١٢٣
گواستنەوەی بنکەی سەرکردایەتی بۆ قەندیل ..... ١٢٣
"پووچەڵ" کردنەوەی پیلانێک بۆ هاتنە سەرمان لە قەندیل ..... ١٢٤
سەردان و دیداری هەباسی بابیزی باڵوڵ ئاغا ..... ١٢٥
بانگهێشتنمان بۆ موخابەراتی کەرکوک ..... ١٢٦
بڕیارێکی دیکەی موخابەرات بەسەرماندا ..... ١٢٧
دوا قسەم لەسەر مامۆستا شێخ جەلال ..... ١٣٠
کۆچ بەرەو هەندەران ..... ١٣١
خۆئامادە کردن بۆ دەرەوەی وەڵات ..... ١٣٣
بەڵێنی هاوکاریی و یارمەتیی ڕاستەوخۆ بەرەو ئانکارا ..... ١٣٥
دیسان هەڵوەشاندنەوەی ماڵ و حاڵ ..... ١٣٦
پاکانەحیساب لەگەڵ خەبات ..... ١٣٧
لە سلێمانییەوە بەرەو دیانا ..... ١٣٨
ماڵی ڕەشید بەگ و میوانی هەمەڕەنگ ..... ١٤٣
ڕێی بەرەو شەمزینان ..... ١٤٦
ڕاگواستن بەرەو شوێنێکی دیکە ..... ١٥١
بەیەک شادبوونەوە لە دیداری خزمان و هاوڕێیان ..... ١٥٥
سەرەتای پرسیار و ڕێکخستنی کەیسی پەنابەری ..... ١٥٦

گوزەران و ڕۆژانەمان لە هەکاری ..... ١٥٨
خەبەرێکی خۆشمان بۆ هات ..... ١٥٩
کەوتینە خۆسازکردن بەرەو شوێنێکی دیکە ..... ١٥٩
هەواڵی هاتنی نوێنەری یوئێن بۆ شارەکەمان ..... ١٦٣
ژیان لە تورکیە و شاری نیدە ..... ١٦٦
حەفتەبازاڕ ..... ١٦٧
هەواڵێکمان لە کوردستانەوە پێگەیشت ..... ١٦٨
سەردانی هاوڕێیان و خزمان ..... ١٦٩
سەفەر بەرەو شاری ئاماسیا ..... ١٧٠
دەنگۆیەکی تازە بڵاو بۆوە ..... ١٧١
هەواڵی وەرگرتنمان لە وەڵاتی سوێد ..... ١٧٢
ڕۆیشتنمان بۆ وڵاتی سوێد ..... ١٧٣
دوایین شەوی نیدەمان ..... ١٧٤
یەکەم شەومان لە سوێد و چاوەڕوانییەکانمان ..... ١٧٧
دیسان چارەسەریی نەخۆشی ..... ١٧٨
گواستنەوەمان بەرەو شوێنی خۆمان ..... ١٧٩
گرتنەوەی پێوەندی بە حیزبەوە ..... ١٨٠
کۆمونی یەڤلە ..... ١٨١
بیستنی هەواڵێکی دڵتەزێن ..... ١٨٧
پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی کەلتوری لە ساڵی ١٩٩١ی زاینی بۆ کوردانی یەڤلە ..... ١٨٩
چالاکییەکانی کوردەکان لە یەڤلە ..... ١٩٣
یادی هەڵەبجە و ئەنفال و هتد ..... ١٩٣
وێستگەی ڕادیۆ ..... ١٩٥
بارەگا و بنکەی کۆمەڵە ..... ١٩٦
یەکێتیی لاوان و یەکێتیی ژنان ..... ١٩٦
هاتنی د. سەعید شەرەفکەندی بۆ وڵاتی سوێد و هەواڵێکی جەرگبڕ ..... ١٩٧
بەشداریم لە فیدراسیۆندا ..... ٢٠٠
فیدراسیۆن چۆن ڕێکخراوێک بوو و کێ بۆی هەبوو بەشداری کۆنگرە بێ ..... ٢٠١
کۆنفرانسێکی حیزبی لە کۆمۆنی نینێسهامن ..... ٢٠٣
هەوڵێکی ناخۆشی دیکە بۆ تیرۆری هاوڕێیەکی حیزبی ..... ٢٠٤
سەفەرێک بۆ کوردستان ..... ٢٠٦
چۆن و بە چ ڕێگەیەکدا گەڕامەوە کوردستان ..... ٢٠٧

درێژەی سەفەر بەرەو سلێمانی ........................................... ٢١٥
سەفەر بەرەو بەغدا ........................................... ٢١٦
سەردانێکی ئۆردوگای ڕۆمادیە ........................................... ٢١٩
چەند ڕۆژێکیش مانەوە لە شاری دیاربەکر ........................................... ٢٢٢
نامەیەکی بانگهێشتن لە فیدراسیۆنەوە بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی........ ٢٢٣
کۆنفرانسی کۆمیتەکانی وەلاتانی ئەوروپا ........................................... ٢٢٣
کۆنفرانس بۆ نوێبوونەوەی کۆمیتەی حیزب ........................................... ٢٢٤
یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزب ........................................... ٢٢٦
کۆنفرانسی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی پانزە ........................................... ٢٣٠
کۆنفرانسی تێکڕای کۆمیتەکانی حیزب لە هۆلەند بۆ بەربژێر بۆ کۆنگرەی یازدە ٢٣٤
کۆنفرانسی کۆمونی برومما ........................................... ٢٣٥
هەڵبژاردنی کۆمیتەی نوێ و دیاریکردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی ١٢ی حیزب.... ٢٣٧
بەشداریم لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا ........................................... ٢٣٨
هاتنە دەرەوەم لە ئەندامی کومیتەی گشتی حیزب ........................................... ٢٤١
بەرەو کۆتایی نووسینەوەی بیرەوەری ........................................... ٢٤١
ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بەرگی یەکەم ........................................... ٢٦٥

هەولێرنامەی کتێب

## پێشەکیی نووسەر

خوێنەری هێژا، بەختەوەرم کە توانیم درێژە بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم بدەم و لە بەشی دووەمدا بێمەوە خزمەتتان. بەشی یەکەمی ئەم بیرەوەرییانە ئەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونم بە سیاسەت و شۆڕشی کوردان لە دەیەی پەنجای سەدەی ڕابردوو هەتا نیوەی هەشتاکان. بەشی دووەم درێژەدەری ئەو چەند ساڵەی دواییم لە کوردستان و ژیانی هەندەرانم لە ئەورووپایە.

لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا ناساندنێکم لەسەر خۆم و بنەماڵەکەم نووسیوە بۆیە بە پێویستی نازانم جارێکی دیکە لێرەدا بینووسمەوە. لە بەرگی دووەمدا زۆرتر باسی ئەم بەشەی ژیانمە کە لە کۆتایی هەشتاکانەوە کەوتمە ژیانی تاراوگە و وەڵاتی سوێد. هەروەها لەم بەشەدا وەڵامی ئەو بەڕێزانەم داوەتەوە کە بۆچوونیان لەسەر بەرگی یەکەم هەبووە. دیارە پێوەندیی خوێنەرەکان لەمەڕ بەشی یەکەم هەمووی هەر بۆچوون نەبووە بەڵکو ڕاستکردنەوە، پرسیار، ڕەخنە و پێشنیاریشی لە خۆ گرتبوو کە من لێرەدا بە سپاسی گەرمەوە وەڵامی هەموو ئەو خۆشەویستانەم داوەتەوە.

بە هەلی دەزانم پێخۆشحاڵیی خۆم لەمەڕ نووسینەوە و لەچاپدانی هەردوو بەرگی یەکەم و دووەمی بیرەوەرییەکانم دەربڕم و لەم پێوەندییەدا بەختەوەرم کە بە گێڕانەوەی بەشێک لە مێژووی گەلەکەم بە سەداقەت و شەفافیەتەوە بیخەمە بەر دەستی هۆگرانی مێژوو و بەم شێوەیە کەلێنێکی

تـر لە پەرتـوکـخــانەی مـێـژووی وەڵاتەکەم پـڕ بـکەمەوە. شــانازیش دەکەم کە لە گێڕانەوەی ڕاســتی و دروســتی بەســەرهات و ڕووداوەکان درێغیم نەکردووە و ئەوەی بە چاو و گوێی خۆم بینیومە و بیستوومە هێناوەتە سەر کاغەز.

لە کۆتـایی بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکـانمـدا بەو جێگـایە گەیشــتم باســم لە شــەڕی گردەســوور کرد، شــەڕێک کە شـوێنەوارێکی بەرچاو و مێژوویی لە لکی محەممەد سـیریێژدا بـۆخـۆی تـۆمــار کـرد. لـێرە بەدواوە لە بەرگـی دووەمــدا پاشـماوەی بیرەوەرییەکانم لەم کتێبەدا پێشـکەش بە هۆگرانی مێژوو دەکەم و بەو هیوایە کەڵکی بۆ ئێســـتــا و نەوەی داهاتوو هەبێ، بەتایبەت کەســـانی تامەزرۆ بە مێژوو و ڕووداوەکانی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

## هێرش بۆسەر ناوچەی شیمال

ڕێژیم بە هێزی پاســدار و یارمەتیی بەکرێگیراوانی نێوخۆ هێرشــێکی بەرینی بۆســەر بنکەکانی حیزب لە ناوچەکانی شیمال دەستپێکرد. لەم هێرشـەدا پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەو ســەردەمەدا بەهۆی بارودۆخی تایبەت بە خۆی بە قیادە مەوقەت دەناسران، بەشدار بوو. هەروەها حیزبی تودە و بەتایبەت ئەو جەماعەتە کە لە حیزب جیا ببوونەوە و دواتر بە گرووپی حەوت نەفەری نـاســـرابوو و گرووپی چریکی ئەکســەریەتیش لەم هێرشــانەدا وەک چاوســاخ کەڵکیان لێ وەرئەگیرا. لەم هێرشــە پۆشــتە و پەرداخەی ڕێژیمدا هێزی پێشـــمەرگە گورزی جەرگبڕی لە دوژمن دا، بەڵام بەهۆی زۆری هێزی ڕێژیم و چاوســاخی بەکرێگیراوان لە ئاکامدا

ناوچەکە کەوتەوە دەست ڕێژیم و هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد. لەم شەڕەدا زیانی گیانیی زۆر بە هەردوو لا کەوت. دوابەدوای ئەم شەڕە بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگە هاتە ناوچەکانی پیرانشار و بەم هۆیەوە کار و ئەرکێکی زۆر کەوتە سەر شانی ڕێکخستنەکانی هێز و کۆمیتەی شارستان.

هەوا هێشتا گەرم بوو. بۆ حەوانەوەی پێشمەرگەکان خێوەتمان هەڵدا. کۆمەڵێک لە پێشمەرگەکانمان ناردە قەڵاتی مەنگوڕان و لەوێ جێگەی حەوانەوەیان بۆ دابین کرا. لە نزیک بنکەی هێز خێوەتێکی گەورەمان بۆ پێشمەرگەکانی سەر بە پەلی حاجی خورشید هەڵدا. پێشمەرگەکانی سەر بە ناوچەی شیمال وێڕای پێشمەرگەکانی سەر بە هێزی پیرانشار لە هەموو کار و ئەرکی بنکەکاندا بەشدار بوون کە ئەمەبۆ ئێمە لەو کاتەدا یارمەتییەکی باش بوو.

بە دوای گیرانەوەی ناوچەکانی شیمال مەترسیی بۆ سەر بەشەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە پەیدا بوو. بەتایبەت ئەم هێرشانە کە بە پاڵپشتی قیادە مەوقەت ڕێکدەخران، پێویستیی زیاتریان بە وریایی هەبوو. ئاخر ئەوان بە باشی شارەزای ناوچەکان بوون و ئەزمونی شەڕیشیان هەبوو. زۆرتر بیرمان لەوە دەکردەوە کە مەبادا لە بەرزاییەکانی قەندیلەوە کە پشتی بنکەی هێز و چەند بنکەیەکی دیکەی پاسەوانیمان لەو ناوەدا هەبوو، دزە بکەن و پشتەوەمان لێ بگرن. چونکە لە شیمالیش هەمان تاکتیکیان بەکار هێنابوو و هاوڕێیانی ئێمەیان غافڵگیر کردبوو. ئەوە بوو کە بەرزایەکانی پشتی بنکەی هێزمان بە دامەزراندی

چەند بنەکەیەکی پێشمەرگە لە شوێنە گرنگەکاندا بەهێزتر کرد.

ڕۆژگار دەچووە پێشـــەوە. ڕۆژێک پێشـــمەرگەیەک لەوانی بازگەی ســـەر جادە کە لە نزیک قاوەخانەی گوندی ترکەش بوو، هاتە لام و گوتی مینیبوسـێک لە پیرانشـارەوە هاتووە و بەرەو میراوا ئەڕوات، کۆمـــەڵێـک چەکـداری تێـدان وەک پێشـمەرگەی کوردسـتانی ئەودیو دەچن و جگە لەچەکەکانی شـانی خۆیان هێندێ چەکوچۆڵەی دیکەشـیان پێیە کە لە نێو سـندوق و تەلیسـاندا جێیان کردۆتەوە. داوای پێناسـمان لێکردوون بەڵام نەک خۆیانمان پێ ناناسـێنن بەڵکو زۆریش تووڕەن لەوەی کە ڕامان گرتوون. هاتووین بزانین تۆ چی ئەڵێی؟ خۆم پێچایەوە و بەرەو بازگە کەوتمە ڕێ. هاوکات بە بێسیمچیم ڕاگەیاند پێوەندی لەگەڵ دەفتەری سیاسی بگرێ و لە وەزعەکە ئاگاداریان بکات. گەیشتمە لایان و دوای سڵاو و بەخێرهێنانیان زۆر بە ڕێزەوە بۆم باس کردن کە ئێمە لە ئاسـایشـی ئەم ناوچەیە بەرپرسـیارین و دەبێ ئاگاداری هەر جۆرە جموجۆڵێکی ناوچەکە و سـەر جادەکە بین. ئێسـتا ئێوە کۆمەڵێک چەکدار بەم جادەدا تێدەپەڕن ئێمە دەبێت بزانین ئێوە کێن و لێرە چی دەکەن و بۆ کوێ ئەچن؟ یەکێکیان هاتە قســـە و گوتی من ڕەســـووڵ مامەندم، ســـەرۆکی حیزبی سـۆسـیالیسـتی کوردسـتانی عێراق. منیش بەوپەڕی ڕێزەوە بەخێرهاتنی کاک ڕەســـووڵم کرد و گوتم ئەو پێشـــمەرگانە جەنابتیان نەناسـیوە، بەڵام ئەوان وەک ئەرکی خۆیان دەبێت لە هەر هاتوچوویەک و کەسـانێک کە بەم ڕێگایەدا دێن و دە ڕون ئاگادار بن و مافی پرســـیار و لێکۆڵینەوەیان هەیە. جە نابت نابێت گلەیان لێ بکەیت. هەروەها ئێمە لە سەرکردایەتیی

خۆمانەوە پێمان ڕاگەیەندراوە کە هیچ چەکدارێکی کوردستانی ئەودیو بەبێ وەرەقەی دەفتەر سیاسیی ڕێگە نەدەین بەم ڕیگایەدا تێپەڕ ببن. پێم وایە جەنابت وەک کەسایەتییەکی سیاسی و سەرکردەیەک دەبوو نەک هەر عاجز نەبوونایە بەڵکو خۆشحاڵ بای کە خاکی کوردستان لە دەست کوڕی کورددایە و پێشمەرگە پارێزگاری لێ دەکات. ئێستا کە ئەزانین کێن و دۆستی خۆمانن، پێمان خۆشە بچینە بنکە و میوانمان بن و بۆ نانی نیوەڕۆی پێشمەرگانەلای ئێمە بمێننەوە و ماندوییتان دەرکەن و ئەودەم تەشریف بەرن.

بەداخەوە ئەو دۆستەمان ئەو قسانەی بەلاوە هیچ بوون و لە دەمارگرژیی خۆی نەهاتە خوارێ بەڵکو زیاتر تووڕەیی لێ دەباری. لەو ماودا وەڵامی دەفتەری سیاسیم بۆ هاتەوە. لە وەڵامدا گوتبوویان ئەگەر دەیاناسن و دەزانن پیاوخراپ نین ئەوە ڕێگەیان پێ بدەن با بڕۆن. دیارە ئەزمونی لەم چەشنەمان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئەودیو هەبوو. بۆ ئەوان زۆر زەحمەت بوو مل بۆ ئەم چەشنە لێپرسینەوانە بدەن ئەگەر بازگەکە هی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە و کورددا بوایە، بەڵام کەمێک لەولاترەوە لە بازگەی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیم بەوپەڕی شانازییەوە چەکوچۆڵیشیان لە خۆیان دادەماڵی.

دواتر بیستمەوە کاک ڕەسووڵ لە سەردانێکی بۆ لای دوکتۆر قاسملوو گلەیی کردبوو کە گوایە بێڕێزیمان پێ کردووە و خراپ هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. لە سەفەرێکدا بۆ دەفتەری سیاسی ئەم باسەم لەگەڵ دوکتۆر قاسملوو هێنایە گۆڕێ. گوتی پێویست ناکات بۆم باس بکەی، بە باشی ئاگام لە هەموو شتە. دوکتۆر گوتی ئەم هاوڕێیانە تەنانەت کە دێنە سەردانی ئێمەش لە سەرکردایەتی حیزب، گوێ بە

داوای پێشمەرگەکانی سەر بازگەی ئێرەیش نادەن و ئامادە نین بێ چەک بێنە لامان. ئێمەش بۆ ئەوەی دلگران نەبن بە ویستی ئەوان ئەکەین. ئەمە لە کاتێکدا کە خۆت ئەزانی بنکەکانی سەرکردایەتی ئەوپەڕی قایمکارییان بۆ کراوە و هیچ جۆرە مەترسییەک هەڕەشەی لێ ناکات.

## هێرشی ڕژێم بەرەو موتاوێ و چیانە

ڕۆژێک لە بوومەلێڵی بەیانیدا دەنگی تەقەی شەڕ لە نزیک گوندی موتاوێوە دەهات. بێ ڕاوەستان بە کۆمەڵێک پێشمەرگەوە بە سواری ئۆتۆمبێل بەرەو دەنگی تەقەکە کەوتینە ڕێ. کاتێ گەیشتینە گوندی چیانە دەرکەوت هێزی ئەرتەش و پاسدار هێرشیان هێناوەتە سەر ناوچەی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە لە ناوچەی لاجان. بینیمان تانک و زرێپۆشەکانیان تا نزیک پردی موتاوێ هاتبوونە پێشەوە و لە وێ ڕاوەستابوون.

هێزی پیادەش بە ئەمبەر و ئەوبەری جادەکەدا بە پێیان بەڕێوەن. لە لایەکی دیکەشەوە لکی مەلا باییز بە کۆمەڵێک پێشمەرگەوە قەلاتی موتاوێ و هەموو قەراغ چەمەکەیان لێ گرتوون. تەقە و پێکدادان بە گەرمی دەستی پێکردبوو. لە پیرانشارەوە بەردەوام قەلاتی موتاوێ و ناوچەکەیان بە تۆپ دەکوتا. پێشمەرگەکانی لکی مەلا باییز زۆر شێلگیرانە بەرەنگاری ئەو هێزە پەرداخ و پڕچەکە ببوونەوە و لە شوێنی خۆیان چەق ڕایانگرتبوون بێ ئەوە بتوانن هەنگاوێک بێنە پێشەوە. ئەو جادەی ئێمە پێیدا دەهاتین درابووە بەر ڕەهێڵەی گوللە تۆپ و بێ پسانەوە تۆپباران دەکرا. ئێمەش کە بە

ماشێن بە جادەی ئەسڵی پیرانشار سەردەشت دا ئەهاتین کە وتبوینە ژێر ڕەهێڵەی ئەو تۆپبارانەوە، بۆیە باشتر وا بوو کە ماشـــێن بەجێ بهێڵین و بە پێیان بڕۆین. دوای ماوەیەک ڕۆیشتن بە نێو ئاگری گوللە تۆپاندا خۆمان گەیاندە قەڵاتەکە. کاتێ گەیشتینە سەر قەڵاتەکە چووینە لای سەنگەرەکانی لکی مەلا باییز. پێشمەرگەکان بە خەستی بە چەکی نیوەقورس و دۆشـــکە و نارنجۆک هاوێژەوە خەریکی دەســـڕێژی هێزی دوژمن بوون. شەڕ هەتا دەمەی ئێوارە دەوامی هەبوو. هێزی میری کە نەیتوانی لە شـــوێنی خۆی هەنگاوێکی دیکە بێتە پێشێ، ناچار پێش ئەوەی هەوا تاریک بێ ملی ڕێگەیان بەرەو پیرانشـــار گرت و گەڕانەوە. لەو شـــەڕەدا خەســـاری زۆری گیـــانی و مـــاڵی لە دوژمن کەوت. بە خۆشـــــییەوە هێزی پێشمەرگە هیچ زیانێکی گیانیی لێ نەکەوت.

بەدوای ئەم شـــــەڕەدا زۆری پێنەچوو ڕۆژێک کۆمەڵێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی کاک سەروان جاتەم و کاک شاهۆ حوســـێنی هاتنە لامان. ئەم هاوڕێیانە ئەو کاتە لە شـــیمال ئەرک و کاری پێشـمەرگایەتییان بەڕێوە دەبرد، بەڵام هاتنیان بۆلای ئێمە بە دوای گرتنەوەی ناوچەکانیان بوو بە دەســـت هێزی ڕێژیم. داوایـــان لە ئێمە کرد بۆ گەڕانەوەیـــان بۆ ناوچەکانی خۆیان تا شـــوێنی پێویســـت یارمەتییان بدەین. ئێمەش ئاسانکاریمان بۆ کردن و توانیمان شەوێک لە جادەی نێوان پادگانی جلدیان و پیرانشار کە بە ڕۆژ لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیم و بە شـــەویش پێشـمەرگەدا بوو، هەتا ناوچەی دڕوێ ڕەوانەیان بکەین و دواتر خۆمان گەڕاینەوە.

زۆری نەبرد هەواڵمان پێگەیشت جەماعەتی قیادە مەوەقەت

به گەڕانەوەی ئەو پێشـــمەرگانەیان زانیوە و لە هەر چوار لاوە لە بەرزاییەکـانی کێلەشـــین دەوریـان دەگرن. دوای شـەڕێکی قورس لە نێوانیاندا بە داخەوە فەرماندەی بەوەج و ئازا سـەروان حاتەم لەگەڵ چەند پێشـمەرگەی دیکە شـەهید دەبن. ئیتر دوای گیـان لەدەسـتـدانی سـەروان حـاتەم پێشـمەرگەکان پاشـەکشـە ئەکەن و ناچار بۆ گەڕانەوەیان بە ڕێگەی پارێزراودا بەرەو دەفتەری سـیاسـی بە دیوی باشـووردا بەو سنوورەدا دەگەڕێنەوە. ڕۆحی سـەرجەم ئەو شەهیدانە شاد و یادیان بەخێر.

## کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگری پێنجی حیزب

لە ١٣٦٠ی هەتاویدا کۆنفرانسـی کۆمیتەکانی حیزب بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە دەستیان بە کاری خۆیان کرد. لە پێشـدا کۆمیتەی ناوچەکان هەڵبژاردنی خۆیان لەگەڵ تـازەکردنەوەی کۆمیتەی نوێ و نوێنەر بۆ کۆنفرانسـی کۆمیتەی شـارسـتان تەواو و ئامادە کرد. دواتر کۆنفرانسـی کۆمیتەی شـارسـتان بە بەشـداری نزیک بە حەفتا نوێنەر لە گوندی هەنگەوێ دەستبەکار بوو. لەم کۆنفرانسەدا پێشنیاری زۆر بەسـوود کران و ڕەخنەی بەجێ و بەکەڵکیش لە بەرپرسـی کۆمیتەی شـارسـتان کاک ئەبوبەکر ڕاد و کاک سەید ڕەسووڵ فەرماندە هێز، گیران. شایانی باسە ئەم دوو هاوڕێیە ناکۆکیی زۆریان لەگەڵ یەک هەبوو کە ببووە هۆی نانەوەی کێشـە و گرفت لە کاری ئۆرگانەکاندا، هەروەها کاریگەری خراپ لەسـەر ئەندامان. دیارە بەهۆی بەشـداریی

زۆرتری ئەندامانی کۆمیتە ناوچەکان زۆربەی ڕەخنەکان ڕووی سەید ڕەسوولیان دەگرتەوە.

دوای قسە و باسێکی چڕوپڕ و گلە و گازەندەی زۆر و بەکەڵک لە بەرپرسانی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەی هێز، دەست بە هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی پێنجی حیزب کرا. من بەهۆی زیاتر تامەزرۆییم بە کاری نیزامی و پێشمەرگە لە خەیاڵمدا نەبوو خۆم بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا بپاڵێوم، بەڵام لەسەر داوای هەرە زۆری بەشدارانی کۆنفرانس ملم دا. لە بیرم ماوە تەنیا سێ دەنگم لە تێکڕای دەنگەکان کەمتر هێنایەوە. لە کۆتاییدا سوپاسی تێکڕای هاوڕێیانم بۆ ئەو باوەڕ و متمانەیە کرد کە پێیاندابووم. لە ڕاستیدا ئەمە وەرگرتنەوەی پاداشی ئەو کار و چالاکیانەم بوو کە لەو ماوەدا ئەنجامم دابوون. بەم شێوەیە کۆنفرانس کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حەزدەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە لەو ماوەدا خولێک بۆ کادرەکانی بەشی سیاسی کرابۆوە. لە پشت گوندی هەنگەوێ دێیەک هەبوو بە ناوی قەڵاتی مەنگوڕان. لە فێرگەی ئەم دێیە ئەم خولە کرایەوە و دەستی بە کاری خۆی کرد. وانەی سیاسی دەوترایەوە کە ماوەی مانگێکی خایاند. ڕۆژانی کۆتایی خولەکە دوکتۆر قاسملوو هاتە سەردانی کادرەکان و هاوکات کۆتایی بە خولەکەش هات.

### بەرەو کۆنگرەی پێنج

بە دوای ماوەیەک لە گیرانی کۆنفرانس ئاگادار کراین خۆمان بۆ کۆنگرە ئامادە بکەین و سەرجەم بەشداران لە بنکە

ی دەفتەری سـیاسـی کۆ وەبین. بەڵام لەوەی کە کۆنگرە لە کوێ و لە چ شـوێنێک دەگیرێ، هیچ ئاگادارییەکمان پێ نەدرا و کەس نەیدەزانی لە کوێ دەبێ. ئێمە پێمان وا بوو کۆنگرە لە شوێنێکی دوور لە بنکەکانی دەفتەر سیاسی دەگیرێ. بەڵام دەفتەر سـیاسـی حیزب بە شـێوەیەکی زۆر لێهاتوو و نهێنی توانیبووی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا سـاڵۆنێکی گەورە و گونجاو دروسـت بکات کە هەم جێگای بەشـدارانی کۆنگرەی تێدا بکرێتەوە و هەم باری هەر چەشـنە مەترسـییەکیشـی لێکدرابێتەوە. دەکرێ بڵێم تەنیا ئەندامانی دەفتەری سـیاسـی بەم نهێنییەیان دەزانی. ئەو وەسـتا و کرێکارانەش کە کاریان تێدا کردبوو هەتا تەواوبوونی سـاڵۆن و تەنانەت کۆنگرەش لەو شوێنە مابوونەوە لە کاتێکدا وەستا و کرێکار لە کەسانی ئەمین و باوەڕپێکراو بوون.

ڕۆژی دەسپێکی یەکەمی کۆنگرە ئاگادار کراین بەرەو ساڵۆنی کۆنگرە بەڕێ کەوین. ئێمە هێشـتا بەو نهێنیکارییەمان نەزانیبوو. کاتێ دەسـتە دەسـتە بەرەو سـاڵۆن بە پێیان وەڕێکەوتین بۆمان پرسیار بوو کە بۆ بە پێیان ئەڕۆین، چونکە وامان بیر ئەکردەوە کە دەبێت شـوێنی کۆنگرە لە شـوێنێکی دوورتر لە بنکەی دەفتە ری سـیاسـی بێت، بەڵام دوای ڕۆیشـتنێکی کورت گەیشـتینە سـاڵۆنی کۆنگرە. بەشـبەحاڵی خۆم لە ڕێکوپێکی ئەم سـاڵۆنە و هاوکات ڕاگرتنی ئەم نهێنییە دڵخۆش و سـەرسـووڕ مام. کاری کۆنگرە چەند ڕۆژێکی دەوام کرد و دوای وتووێژ و قسـە و باسێکی زۆر چڕوپڕ کۆتایی پێهات.

لێرەدا دەمەوێ تەنیا ئاماژە بەو خاڵە بکەم کە بڕیار درا

بەرەیەک لەگەڵ ســـازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێراندا پێک بێت. مەرجی ســەرەکیی ئەم بەرەیەش ئەوە بوو دروشــمێکی هـاوبەش لە دژی ڕێژیم بـدرێـت، واتە ڕووخـانی کۆمـاری ئیســـــلامیی ئێران. بە پێویســــتی نـازانم زیـاتر لەســــەر وردەکارییەکانی کۆنگرە و بڕیـار و ئـاڵوگۆڕەکانی بـدوێم. دوای تەواوبوونی کۆنگرە هەموو بەرەو بنکە و ناوچەکانی خۆمان گەڕاینەوە.

**بەرپەرچی هێرشەکانی سوپای ڕێژیم لە سەر جادەی بانە سەردەشت**

ڕێژیم مـاوەیەک بوو کەوتبووە خۆتەیـارکردن بۆ گرتنەوەی جادەی بانە ســەردەشــت. ئەم جادەیە و دەوروبەری گرنگییەکی بەرچاوی بۆ هەردوو لامان هەبوو. لە ڕاستیدا دەسەڵات بەسەر ئەو جادەدا کە هەردوو پارێزگای کوردســـتان و ئازەربایجانی پێکەوە گرێ دەدا، بۆ هەردوو لایەن چارەنووســـــاز بوو. لە ڕابردوویشدا چەند جارێک ڕێژیم هەوڵی گرتنەوەی ئەو شارێگەیە ی دابوو بەڵام هەموو جارێک شــکســـتی دەهێنا. هۆکاری ئەم شکستانە ئەوە بوو کە کاتێ هێزی ئەرتەش بە قافڵەیەک سەرباز و پاســدارەوە پێیدا دەهات دوای چەند کیلۆمەتر پێشــڕەوی ئیتر پشـــــتی چۆڵ ئەبوو و دەکەوتە نێو هێزی پێشـــــمەرگەوە و چواردەوری دەگیرا. ئیتر دوای ئەوە کە پێشـمەرگە بەردەوام شـە و و ڕۆژ دەستی لێ دەوەشاند وەها ماندوو و هیلاک دەبوو کە نەدەگەیشــتە کۆتایی مەبەســت، یان بە تەواوی تێکدەشــکا یان خۆی بەدەســـتەوە دەدا. لەم دواییانەدا ڕێژیم لەم شـــکســـتە پەیتاپانەدا ئەزمونی وەرگرتبوو و باریان لێ گۆڕیبوو. بۆ نمونە

کاتێک بە جادەیەکدا پێشڕەوی دەکرد هەر چەند کیلۆمەترێک مۆڵگەیەکی لێ جێگیر دەکرد و ئەوجار قۆناغ بە قۆناغ دەچووە پێش. لەم تاکتیکەدا تا ڕادەیەک دەگەیشتنە مەبەستی خۆیان بەڵام بۆ ئەمە پێویستییان بە هێزی زۆرتر و کات و زەمانی درێژ هەبوو.

دەنگۆ هەبوو هێزی ڕێژیم بەتەمایە جارێکی دیکە لە بانەوە بەرەو سەردەشت وەڕێ بکەوێت. ئەم جارەیان بە ئەزمونی نوێوە کە لە شوێنی دیکە سەرکەوتنیان تێیدا وەدەستهێنابوو ملی جادەی بانە سەردەشتیان گرت. لە ڕۆژی یەکەمدا لە بانەوە کە ڕێدەکەون تا گوندەکانی زەرواو و کانیسوور دەگرنەوە. هەتا هێزی پێشمەرگەی بانە دەفتەری سیاسی ئاگادار دەکەنەوە و چاوەڕێی بڕیار و قەرار دەبن، هێزی دوژمن بەردەوام لە پێشڕەویدایە و هەتا پشتی گوندی کانیسوور دێنە پێش و لە دوای خۆیان چەند مۆڵگەی بەهێز جێگیر دەکەن. بەڵام ئەوە لەبیر نەکەین کە کۆنترۆڵی جادە تەنیا لە ڕۆژدا لەدەست هێزی ڕێژیمدا بوو. بە شەو خۆیان لە سەنگەر و مۆڵگەکانیاندا قاییم ئەکرد. بە شەو هێزی پێشمەرگە بێ مەترسی هاتوچوویان پێدا دەکرد. بەڵام زۆر جار لە بەیانیاندا کە بۆ پاراستنی جادەکە دەهاتنە دەرێ دەکەوتنە بەر کەمینی پێشمەرگەوە، ئیتر یان دەکوژران یان بە دیل دەگیران. ئێواران هێزی پێشمەرگە دەهاتنە سەر جادە و ئۆتۆمبێلی خەڵکی ئاساییان ڕادەگرت و لەسەر سیاسەت و

بەرنامە و ئامانجەکانی حیزب قسەیان بۆ خەڵک دەکرد.

## چوونم بۆ بانە بە لکێک پێشمەرگەوە بۆ یارمەتیی هێزی ئاربەبا

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، هێزی میری کەوتبووە سەر جادەی بانە سەردەشت و توانیبووی تا ڕادەیەک پێشڕەویی بکات و هەتا بەرزاییەکانی گوندی کانیسووریش بگرێتەوە. لە دوایین ڕۆژانی گرتنی کۆنگرەی پێنجەمدا کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەم هێرشەی ڕێژیمدا، بڕیار درا لە هەر یەک لە هێزەکانی پێشەوا لە مەهاباد و هێزی ئاوارە لە پیرانشار، هەر یەکەو لکێک پێشمەرگە بۆ یارمەتیی هێزی ئاربەبا لە بانە ڕەوانە بکەن. کاک هەژار کە فەرماندەی هێزی پێشەوا لە مەهاباد بوو لەم کۆنگرەدا بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. لەگەڵ کاک هەژار باسی ئەم هێرشەی ڕێژیممان کرد. وتی کاک ڕەشید، تۆ پێشتر فەرماندەی هێزی پێشمەرگە بووی لە بانە و خۆیشت خەڵکی ئەوێی و بە باشی شارەزای هەموو ناوچەکەی، بۆیە بە باشی ئەزانم لانیکەم سەرەتا خۆیشت لەگەڵ ئەو لکە پێشمەرگەدا بێیت بۆ بانە، منیش خۆم لەگەڵ لکێک پێشمەرگەی هێزی پێشەوا دێم تاکو بە ڕاوێژی هەر دوو لا بتوانین سەرکەوتنێکی باش تۆمار بکەین. گوتم زۆر باشە و بەو پەڕی شانازییەوە لەگەڵتان دێم. بەپێی شارەزاییەک کە من لەو ناوچە و جادەی بانە سەردشت هەمبوو، باسم لە گرنگی مۆڵگەی بەرزایی گوندی کەندەڵ کرد. بە کاک هەژارم گوت ئەگەر بتوانین ئەو بەرزاییەیان لێ بستێنینەوە پێم وایە بۆ یەک ساڵ هێزی ڕێژیم لە هاتن بۆ سەردەشت وەدوا دەخەین. کاک هەژار گوتی با بگەینە ئەوێ

بە هەموو لایەک بیری لێدەکەینەوە.
لە گەڕانەوەمدا بۆ پیرانشار بە ڕاوێژ لەگەڵ کاک سەید ڕەسووڵ بڕیارمان دا بۆخۆم لەگەڵ لکێک پێشمەرگە بچین بۆ بانە. کاک ڕەسووڵ داوای لێکردم کە خۆم لەوێ زۆر نەمێنمەوە و دوای دامەزراندنی نەخشەی شەڕ و هێرش بگەڕێمەوە بۆ پیرانشار، چونکە سەید ڕەسووڵ لەو باوەڕەدا بوو کە ڕێژیم پلانی هێرشی بۆسەر ناوچەی پیرانشاریش هەیە بۆیە بوونی منی لەوێ بە پێویست ئەزانی.
لەگەڵ لکی مەلا باییز بەرەو بانە کەوتینە ڕێ. لە پێشدا چووینە گوندی کۆخان. هاوڕێیانی بانە لە مزگەوتی گوندی زێویە کە لە نزیک جادەی بانە سەردەشت بوو مشووری حەوانەوە و خواردنیان بۆ کردبووین. ئەو گوندەش نزیکترین شوێن بوو بۆ سەر جادە و جەبهەکە. ئەو کاتە کاک ئەحمەد نەستانی فەرماندەی هێزی بانە بوو. وەک لەبیرم بێ کاک ئەحمەد خۆی لەگەڵمان هات بۆ گوندی زێویە تا پێکەوە شوێنەکە ببینین. هەروەها هاوکات هێزی کۆماندۆیش بە فەرماندەیی کاک مەلا محەممەدی عەبباسی بۆ هاوبەشی و هاوکاری لەو شەڕەدا هاتبووە ناوچەکە. هێزی کۆماندۆ لە کۆمەڵێک پێشمەرگە پێکهاتبوو کە لە بواری جۆراوجۆردا بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە مەترسییەک لە بەرەکانی شەڕدا دەورەیان بینیبوو. ئەم هێزە لە هەر شوێنێکی کوردستان شەڕ بوایە، بۆ یارمەتی و پشتیوانیی پێشمەرگەی ئەو ناوچەیە دەنێردرایە ئەوێ. هێزی کوماندۆ لە گوندی نوێژگەشوێنی بۆ دیاری کرابوو. جەبهەی ڕێژیم دروست لە سەر بەرزاییەکانی نێوان گوندەکانی زەرواو و کانیسوور

بوو. ڕێژیم مۆڵگەی زستانەی لەو شوێنە دروست کردبوو. دەوراودەوری مۆڵگەکانیان بە تەلی دڕکاوی تەنیبوو. لە نێوان تەلە دڕکاوییەکان و مۆڵگەکاندا تیکڕای زەوی بە مینی جۆراوجۆر داپۆشرابوو.

کاک هەژار و هاوڕێکانی هێشتا نەگەیشتبوون. من لەگەڵ چەند پێشمەرگەدا بەرەو پشتی کەندەڵ کەوتینە ڕێ. مۆڵگەی کەندەڵ بە سێ تا چوار کیلۆمەترێک لە زەرواو و کانیسوورەوە دوور بوو. ئەم سەردانەم بۆ ئەو مەبەستە کرد کە هەتا کاک هەژار دەگاتێ چۆنیەتی هەڵکەوتی ناوچەکان و پلان بۆ داڕشتنی هێرش تاوتوێ بکەم، ئەو کات پێکەوە بەرنامە و پلان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن داڕێژین. کاتێک نزیک بوومەوە دەنگی تەقە دەگەیشتە گوێمان. دواتر بۆمان دەرکەوت زووتر چەند پێشمەرگەی کۆمەڵە تەقەیەکیان لە مۆڵگەی کەندەڵ کردووە و وروژاندوویانن و خۆیشیان پاشەکشەیان کردووە. هێزی ڕێژیمیش لە مۆلگەکەیانەوە بە چواردەوری خۆیاندا تەقەیان ئەکرد. هەر چۆنێک بێ خۆمان لە سەنگەرەکانیان نزیک کردەوە. هەروا بە دووربین کە تەماشای مۆڵگە و سەنگەرەکانم دەکرد پێشمەرگەیەکی هێزی بانە لە بنکەی سیاومەوە هات بۆ لامان و بە پەشۆکاوی هەواڵێکی دڵگرانی پێدام. گوتی کاک ڕەشید، بەداخەوە کاک هەژار شەهید بوو و هاتووم ئاگادارتان بکەم کە بگەڕێنەوە بۆ سیاومە.

ئای کە هەواڵێکی دڵتەزێن بوو. ئاخر چۆن و لە کوێ؟ کاتێ من لە سیاومە ڕێکەوتم کاک هەژار هێشتا نەهاتبوو. بۆم زۆر جێی پرسیار بوو. کوێڕا هات و شەهید بوو؟ خۆ ئێمە

هێشتا بەرنامەی شەڕمان دانەناوە. بۆم نەدەچۆوە سەر یەک. بە پێشمەرگەکەم گوت بە وردی بۆم باس کات. گوتی کاتێ ئێوە لە گوندی سیاوەمە بوون و دواتر بەرەو کەندەڵ کەوتنە ڕێ، زۆری پێنەچوو کاک هەژار و هاوڕێکانی گەیشتنە سیاوەمە. هەواڵی تۆی پرسی. گوتمان بەرەو بەرزایەکانی کەندەڵ ڕۆیشتووی. ئەویش هیچ ڕاناوەستێ، لەگەڵ چەند پێشمەرگەی خۆی و چەند پێشمەرگەی هێزی ئاربەبا بەرەو لای تۆ دەکەوێتە ڕێ. وەک هاوڕێکانی دەگێڕنەوە کاتێ نزیک دەبنەوە لە شوێنی تەقەکە ڕادەوەستن و کاک هەژار لە پەنای دارێکەوە بە دووربین تەماشا ئەکات کە لەپڕ دەکەوێتە سەر زەوی و خوێنی لێ دەڕژێ. بەداخەوە هەر دەسبەجێ دڵی لە لێدان ئەکەوێ و شەهید ئەبێ. پێدەچێ گوللەی قەنناس بووبێت. ئێستا جەنازەکەی لە مزگەوتی سیاوەمەیە.

هەواڵێکی یەکجار ناخۆش و جەرگبڕ بوو. بە تەواوی تاسام. بە پێشمەرگەکانم گوت دەگەڕێینەوە سیاوەمە. لە گەڕانەوەدا تووشی کۆمەڵێک پێشمەرگەی کۆمەڵە بووین. هەواڵی ئەو تەقەیەم لێ پرسین. گوتیان چووینە سەر ئەو مۆڵگەیە بەڵام بۆمان نەگیرا.

بە داخەوە هەر ئەو ڕۆژە دوو پێشمەرگەی دیکەیش بە ناوەکانی میرزا عەبدوڵلا ناسراو بە عەبدوڵلای وەستا شەریف و کاک خالید مەهابادی شەهید ئەبن. سڵاو لە ڕۆحی پاک و بەرزی کاک هەژار و ئەو دوو شەهیدانە. ئیتر من بێ ڕاوەستان بەرەو سیاوەمە گەڕامەوە. کاتێ چوومە مزگەوت بینیم خەڵکێکی زۆری لێ کۆبۆتەوە. ئەندامانی کۆمیتەی

شارستان و پێشمەرگەکانی هێزی پێشەواش لەوێ بوون. هەموو دڵتەنگ و خەمبار بوون. پێشمەرگەکانی هاوڕێی کاک هەژار چاو بەفرمێسک دەوری فەرماندەکەیان دابوو و زۆر بە پەرۆش و لە بیری تۆڵەسەندنەوەدا لێوی خۆیان دەکرۆشت.

بە دوای ئەو ڕووداوە ناخۆشەدا گەڕامەوە لای پێشمەرگەکان لە گوندی زێویە. ڕۆژانە دەچوومە لای سەنگەرەکان و لەگەڵ پێشمەرگەکان دادەنیشتم و بە دووربین جموجۆڵی مۆڵگەی پشتی کانیسوورمان کۆنترۆڵ دەکرد. هەر کات و ساتێک چاوەڕوانی هێرشمان دەکرد. لەو ماوەشدا شەوێک هێرشمان کردە سەر مۆڵگەکەیان بەڵام هیچ دەستکەوتێکمان نەبوو. ڕۆژێک دیتمان لە ڕێگەی کانیسوورەوە کاروانێک لە ماشێنی بچوک و گەورە بەرەو لای ئێمە دێن. دەستوبرد کەوتینە خۆ. بە پێشمەرگەکانم گوت تەقە نەکەن هەتا تەواو نزیک ئەبنەوە و لێمان ڕوون دەبێتەوە کێن. کە نزیکتر بوونەوە دەرکەوت چەکدار نین بەڵکو ئۆتۆمبێلی سواری و بارهەڵگری خەڵکی ئاسایین. بۆمان پرسیار بوو ئەم کاروانە و لەم کاتە هەستیارەدا دەبێ چی بێ. ئاخر ئەم جادەیە لەم ڕۆژانەدا کەسی بەسەردا نەدەهات. کەوتبووە نێوان دوو بەرەی ڕێژیم و پێشمەرگەوە کە هەر ئان بڵێسەی ئاگری تێدا هەڵدایسا.

کاتێ گەیشتنە نزیکمان ڕامانگرتن. من خۆم زۆربەی شۆفیرەکانم دەناسین. لێم پرسین ئەرێ چ خەبەرە و بۆ کوێ ئەچن؟ گوتیان سوپای پاسداران بە زۆر ناردوویانین بەم جادەیەدا بەرەو کۆخان بێین. دیارە ڕێژیم ئەیزانی ئێمە تەقە

لەم ماشێنانە ناکەین. مەبەستیشیان ئەوە بوو بزانن ئاخۆ ئەم جادەیە هەتا کۆخان مینرێژ کراوە یان نا. هەر لەوێدا پێمان گوتن بە ڕێی خۆتاندا بگەڕێنەوە، بەڵام کەوتنە پاڕانەوە کە درێژە بە ڕێی خۆیان بدەن چون پێیان گوترابوو ئەگەر هەتا کۆخان نەچن و لە نیوەی ڕێدا بگەڕێنەوە هەموتان لە سەر ئەم جادە بەر دەسڕێژی گوللە ئەدەین. گوتم باشە درێژە بە ڕێگە بدەن هەتا کۆمیتەی شارستان. بزانین ئەوان چە بڕیارێک ئەدەن. بۆ ئەو مەبەستەش چەند پێشمەرگەم لەگەڵ ناردن هەتا کۆمیتەی شارستان و هێز لەگەڵیان بن. ئەم پیلانەی ڕێژیم سەرەتای دارشتنی هێرشێک بوو بەو ڕێگەیەدا و دەیانویست وەزعی ڕێگەکە و دەسەڵاتی پێشمەرگە بۆ ڕوون بێتەوە.

ڕۆژێک هەوا زۆر تەمومژ بوو، لە مەودای کەمێک دوور مرۆڤ نەدەناسرا. لە ڕێگەی کۆخانەوە کە بە دەست خۆمانەوە بوو دەنگی ئۆتۆمبێل دەهات. زۆری پێنەچوو چەند دانە لەندرۆڤەر بەرەو ئێمە هاتن. بە چەند پێشمەرگەوە بەرەوپیریان چووین. ئۆتۆمبێل گەیشتنە لای ئێمە و وەستان. دوکتۆر قاسملوو و چەند کەسێکی دیکە لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و هەروەها کاک ئەحمەد نەستانی فەرماندە هێزی بانە دابەزین. بە گەرمی بەخێرهاتنمان کردن. من بەش بە حاڵی خۆم زۆر خۆشحاڵ بووم کە سکرتێری حیزبەکەمان لەو ڕۆژە سەختانەدا ئاگای لە بەرەکانی شەڕ هەیە و هاوڕێکانی بەسەر دەکاتەوە. دوکتۆر کۆمەڵێک پرسیاری لەمەڕ ئەو شەڕ و جەبهەیە کرد. ئەوەندەی ئاگاداری و زانیاریم هەبوو باروودۆخی جەبهەکەم بۆ ڕوون

کردەوە.

ئەو ڕۆژە بە هۆی تەمومژەوە هەموو لایەنەکان لە ترسی هێرشی بەرامبەرەکەیان جاربەجار تەقوتۆقێکیان ئەکرد و ڕێژنەیەک گوللە دۆشکە و قەنناسیان حەواڵەی یەکتر ئەکرد. ئەمە جۆرێک مانۆری نیزامی بوو. لە گەرمەی قسە و باسدا بووین کە یەک دوو گوللە هاوەن لە نزیک ئێمە کەوتنە زەوی. داوام لە دوکتۆر و هاوڕێیانی کرد لەوێ نەمێنن و بەرەو بنکەی زێویە بگەڕێنەوە. بە قسەیان کردم و پێکەوە بەرەو بنکەی زێویە بە ئۆتۆمبێل کەوتینە ڕێ. دوای ئیسراحەت و پشوودانێک دوکتۆر و هاوڕێیانی گەڕانەوە بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی.

هەرچەند بەپێی بەڵێن دەبوو زووتر بگەڕامایەوە پیرانشار بە لام بە هۆی پێویست بوونم لەم ناوچەیە نەگەڕامەوە. دوای دوو حەوتوو نامەیەکم لە سەید ڕەسووڵەوە پێگەیشت، داوای گەڕانەوەمی کردبوو. دیارە ئەو لکە پێشمەرگەیە کە لە پیرانشارەوە بۆ پشتیوانی نێردرابووە بانە، بە بەرپرسی لکەوە کە سەرلکەکەی کاک مەلا باییز بوو مایەوە، تەنیا من و چەند پێشمەرگە گەڕاینەوە پیرانشار.

لە کۆتایی ئەو مانگەدا هەواڵمان بۆ هات ڕێژیم بە هۆی بەکرێگیراوی خۆماڵییەوە لە سەر ئەو ڕێگەیەی کە پێشمەرگە بۆ هاتوچووی نێوان گوندی زێویە و سەید سارم بەکاریان دەهێنا، مینیان ناوەتەوە و مامە قالەی سوتوو فەرماندەی لکی هێزی ئاربەبا دەکەوێتە سەر مین و بە سەختی بریندار دەبێ. مامە قالە بە برینداری ڕادەگوێزن بۆ نەخۆشخانەی حیزب لە قالوێ. بە داخەوە بە هۆی سەختی برینەکەی

لاقێکی لەدەســت ئەدا. لە ســەرەتای نووســینەوەی بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانمدا بووم کە بە داخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامە قالەم لە شارۆچکەی کۆیە بیست. هەزاران سڵاو بۆ گیانی ئەو ڕۆڵە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە.

بە دوای ماوەیەک لە ڕوودانی ئەو کارەســاتە ناخۆشــە کە بەســەر مامە قالەدا هات، لە دەمەو بەیانییەکدا هێزی ڕێژیم بە هاوکاریی جاش و بەکرێگیراوەوە لە ڕۆژهەڵاتی جەبهەکەوە بە چەند ســەد مەتر دوورتر لە هاوڕێیانی ئێمە و هەروەها لە باشــوورەوە ئەڕۆن تا دەگەنە پشــتی جەبهەکە. کاتێک هەوا بە تەواوی ڕووناک ئەبێتەوە ئەوجار بە جادەدا تانک و هێزی ڕێژیم دەکەونە ڕێ بەرەو سەنگەرەکانی پێشمەرگە و بە تۆپ و هەموو چەشنە چەکێک سەنگەرەکانی پێشەوە ئەکوتن و هێرش دەبەنە نێو ســەنگەرەکانی پێشــمەرگەوە. لە کاتێکدا هاوڕێیان شــەڕی بەرگری دەکەن هاوکات دەبینن جاش و پاســدار لە پشــتی جەبهەوەش هێرشیان دەکەنە سەر. وەک خۆیان باسیان دەکرد بە تەواوی دەکەونە گەمارۆی دوژمنەوە. زۆربەی ئەم شــەڕە دەستەویەخە بووە و دوای نەبەردێکی بێوێنە خەسارێکی گەورە لە دوژمن ئەدەن. لەم شەڕەدا تەلەفاتێکی گیانیی زۆر لە دوژمن دەکەوێ و بە دەیان ماشــێنی ئەرتەشــی و تانک و زرێپۆش تێکدەشــکێن. بەڵام دوژمن دەوڵەمەندە و لەســەر بڕیاری خۆی سووره و دەبێ بە هەر نرخێک بێ بە سەر ئەم جادەدا بێت و بڕوا بۆ ســەردەشــت، بۆیە زۆری پێ ناچێ دیســان هێرش دەهێنێتەوە و لە کۆتاییدا دوای خەسارێکی زۆری گیانی و ماڵی

ئەتوانێ نزیک بە بیست کیلۆمەتر بێتە پێشەوە و بگاتە گوندی کۆخان.

دوای ئەو شەڕە ئەرکی هاوڕێیانی پیرانشار تەواو ئەبێ و ئەگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان. لەو شەڕانەی بانەدا بەداخەوە چەند پێشمەرگەی هێزی پیرانشار شەهید ئەبن. ئەبوبەکر شەریفی، عەبدوڵڵا مەلا مینە و ئەحمەد قوربانی شەهیدانی ئەو شەڕن. سڵاو لە گیانی پاکی ئەو شەهیدانە کە خۆیان فیدای ڕزگاریی و ئازادیی گەل و نیشتمان کرد. ئەمن ناوی ئە و پێشمەرگە شەهیدانەم لە بیر چوبۆوە و تەلەفۆنی لە کاک سەید عەلی هاشمی پرسیارم کرد، ئەو ناوی شەهیدەکانی بۆ ڕوون کردمەوە و سوپاسی هاوکارییان ئەکەم.

وەک پێشتریش باسم کرد، هێزی کۆماندۆیش لەو جەبهەدا بەشدار بوو. شایانی باسە ئەو هێزەش بە فەرماندەیی کاک مەلا محەممەدی عەبباسی گورزی جەرگبڕیان لە دوژمن دابوو بەڵام بەو هۆیە کە من هەتا کۆتایی لەوێ نەمامەوە باش ئاگاداری وردەکاریی ئەو بەشە لە جەبهەکە نەبووم.

## کۆڕانکارییەکانی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار

کاک ئەبوبەکری ڕاد بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار بوو، لە کۆنگرەی پێنجەمدا دەنگی نەهێنایەوە. بە دوای کۆنگرەدا بۆ پشوو و حەسانەوە گەڕایەوە ماڵی خۆی لە سەردەشت. بۆ ماوەیەک کۆمیتەی شارستانی پیرانشاریش بێ بەرپرس مایەوە و کاک ئەبوبەکر بە هەر هۆکارێ بووبێ نەگەڕایەوە. زۆری نەبرد کاک حوسێن مەدەنی لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە بۆ بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی

پیرانشـــار دیاری کرا. من بەش بە حاڵی خۆم بە هاتنی کاک حوســـێن زۆر خۆشـــحاڵ بووم. لەو باوەڕەدا بووم کاک حوســـێن و کاک ســـەید ڕەســـووڵ کە لە ڕابردوودا لە کوردســـتانی ئەودیو پێکەوە کاری ســـیاســـییان کردووە و ئەزمونی کاری هاوبەشـــیان هەیە، دەتوانن لەگەڵ یەکتر بگونجێن و کار و ئەرکی خۆیان بە باشی ڕادەپەڕێنن. ئەوەی چاوەڕوانی ئەکرا وەدیهات و کۆمیتەی شـــارســـتان و هێزی پیرانشـــار گوڕێکی تێکەوتەوە و بۆ ماوەیەکی باش کارەکان بێ گرێوگۆڵ دەچوونە پێش.

لێرەدا وردەکارییەکانی ئەم دوو هاوڕێیە کە دوای ماوەیەک کارکردن لە گەڵ یەکتر گۆڕانکاری بە ســـەردا دێت بەجێ دەهێڵین بۆ دەرفەتێکی دیکە و دەچینە ســـەردانێکی شـــێخ تەهای گەزگەزک لە ناوچەی پیران.

## دیداری شێخی گەزگەزک

ڕۆژێک سەید ڕەسووڵ گوتی کاک ڕەشید، کەسایەتییەکی خۆشەویستی خەڵک بە ناوی شێخ تەهای گەزگەزک هەیە کە پێموایە ئەتۆ نەتبینیوە، ئەڵێی چی ســـەردانێکی بکەین؟ گوتم زۆر بـــاشـــە ئەچـینە خـزمەتـی بەڵام حەز ئەکەم پـێش سەردانەکەمان هەندێکم باس لە ڕابردوو و کەسایەتیی شێخ بۆ بکەی. لە وەڵامدا گوتی خۆت ئەزانی کە من باوەڕم بەم جۆرە شـتانە نییە بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ ئەمانە هێشـتا بەشـێکن لەم کۆمەڵگەیە، بەشـێکی گرنگیش، بۆیە منیش و حیزبەکەشـم ناتوانین لێیان بێبەری بین. تازە هەر لە نێو ئەم پێشـــمەرگانی خۆماندا بەشـــێکی بەرچاویان موریدی ئەو

شێخەن و بە بەردەوامی هاتوچووی خانەقا دەکەن. بێگومان قسەی شێخ دەتوانێ کارتێکەری لەسەر ئەم پێشمەرگە موریدانە هەبێ جا چ باش چ خراپ. کەوابوو ئێمەش لەپێناو بەرژەوەندیی ڕێبازەکەماندا دەبێ بزانین چی دەکەین و چلۆن لەگەڵ ئەم کەسایەتییانەی نێو کۆمەڵگەکەمان هەڵسوکەوت بکەین. کاک سەید ڕەسووڵ درێژەی بە قسەکانی دا و کۆمەڵێک شتی دیکەی بۆ باس کردم کە باسکردنیان لێرەدا بە گونجاو نازانم.

ڕۆژی دوایی بە دوو ماشێن پێشمەرگەوە بەرەو ناوچەی پیران کەوتینە ڕێ. بۆ نانی نیوەڕۆ گەیشتینە بنکەی قادر لاجانی کە ئەو کات لە لکی مەلا باییز لە کۆنە لاجان سەردەستە بوو. کاک قادر خوانێکی پێشمەرگانەی باشی بۆ کردبووین و نیوەڕۆمان لای ئەوان خوارد. لێرەدا کەوانەیەک ئەکەمەوە و باسی چارەنووسی کاک قادر و خێزانەکەی ئەکەم کە لەم دواییانەدا بە ئاوارەیی کەوتنە ئۆردوگای سەنگەسەر لە باشووری کوردستان. ناوبراو ڕۆژێک لە ئۆردوگاکە لە حەوشەی ماڵەکەی خۆی کەسێک یان کەسانێکی نەناسراو ئەیدەنە بەر گولله و لە جێدا شەهیدی ئەکەن. ڕۆحی شاد و یادی بەخێر. هەر لە هەمان ڕووداودا کاک سەید عەلی هاشمی، کادری کۆمیتەی لاجان و کاک سمایلی حاجییش کە بۆ دیدار ئەچنە لای ناوبراو بە سەختی بریندار ئەبن. ئاگام لە کاک سمایل نییە لە کوێ و لە چ بارودۆخێکدایە، بەڵام کاک سەید عەلی کە لەو کاتەوە لە سوێد دەژی چەندین جار نەشتەرگەری بۆ کراوە بەڵام باری

تەندروستیی هێشتا بە تەواوی جێگیر نەبۆتەوە.

دەگەڕێمەوە سەر باسەکە، دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ لای کاک قادر لاجانی پێشمەرگەکانی حازر لە بنکەی کۆ کردەوە، کاک سەید ڕەسوولْ دەربارەی بارودۆخی ڕۆژ و ئەرکی پێشمەرگە قسەی بۆ پێشمەرگەکان کرد. دوایی بەرەو خانەقا ڕێکەوتین. هەروەک پێشتر گوتم جەنابی شێخمان لەم سەردان و دیدارە ئاگادار کردبۆوە. کاتێ گەیشتینە بەردەم خانەقا، شێخ تەها لە چاوەڕانیماندا هاتبووە دەرێ. زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێکردین و بەرەو ژووری خانەقا خوڵقی کردین.

ژووری خانەقا وەک مزگەوتێکی گەورە دەچوو کە جێگەی سەد کەسی بە ئاسانی تێدا دەبۆوە. ماوەیەک لەوێ لەگەڵ میوانی دیکە دانیشتین کە هەندێکیان دەروێش و موریدی شێخ بوون. دواتر شێخ گوتی فەرمون دەچینە ژوورێکی دیکە. پێدەچوو ئەم ژوورەیان بۆ میوانی تایبەت بێ. زۆر گەورە و ڕازاوە بە فەرشی گرانبەهاوە. ئێستا کە ئیتر بە تەواوی دامەزرابووین کاک سەید ڕەسووڵ منی بە جەنابی شێخ ناساند. گوتی ئەمە کاک ڕەشید ئەحمەدی خەڵکی ناوچەی بانەیە. بە پێکەنینەوە گوتی لە ئەسحابەکوژانی بانەیە. ئێستا ئەم ئەسحابەکوژە لە پیرانشار ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی ڕادەپەڕێنێ و جێگری فەرماندەی هێزە و لەگەڵ من پێکەوە کار دەکەین. شێخ گوتی لەمێژە ناوبانگی کاک ڕەشیدم لە خەڵک و پێشمەرگەکان بیستووە و هەموو بە باشی لێی دەگێڕنەوە و لێی ڕازین، خوا لێی ڕازی بێ.

بۆ ئاگاداریی لێرەدا بە کورتی باسێک لە سەرهەڵدانی

وشـــەی ئەســـحابەکوژ ئەکەم. لە ســـەردەمی پێغەمبەری موسـڵمانانـدا کە شـاڵاوی هێرشـیان زۆربەی ئەو ناوچانە کە ئەمڕۆ بە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســـت نـاســـراوە ئەگرێتەوە، ناوچەکانی کوردســـتانیش لەم غەزاکردنە بێ بەش نابێ و هێرشبەرانی عەرەب بێ بەزەییانە دەگەنە هەر ئاوەدانییەک بە زەبری قەممە و خەنجەر دەکەونە گیانی خەڵکی بێدەسەڵات و بێدەرەتانەوە و هەوڵ دەدەن بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و ببنە موسڵمان. ناوچەکانی بانەش لەم دیارییەی موسڵمانان بێ بەش نابن. بەڵام خەڵکی ئەم دەڤەرانە هەروا بە ئاسـانی ملیان بۆ نادەن و دەکەونە داکۆکی کردن و بەرەنگاربوونەوە. بە کورتی ئەوەی عەرەبی موســـڵمان لە ناوچەکانی دیکە نایبینن لەم دەڤەرە دەیچێژن. ئێستا مەزاری ئەم شەخس و کە سانە کە لە گوند و دێهاتەکانی بانە بوونەتە شوێنی زیارەت و پـاڕانەوەی دەســـتکورتـان و ئـاییـنـداران، گۆڕی ئەو ئەسحابانەیە کە بە دەستی خەڵکی ئەو سەردەمی سەر ئەو خـاکە کـوژراون. بە دوای ئەم شـــەڕانەدا بـانەیـی بە ئەســحابەکوژ ناودێر ئەکرێن. شـیاوی باسـە بەشـێکیش لە خەڵکی بانە جا بە خۆشـــیی خۆیان بێ یان لە ترس دەبنە موسڵمان و دواتر بە ئیختیارەالدینی ناوبانگ دەردەکەن.

## شەوخوانی ماڵی شێخ

نانی ئێوارە داندرا. نان و خوان دەروێشـــانە نەبوو بەڵکو زۆریش شـێخانە و خانەدان. دوای نان خواردن شـێخ تەها و ســـەید ڕەســـووڵ دووقۆڵی چوونە ژوورێکی دیکە و دوای نزیک بە کاتژمێرێک هاتنەوە لامان. دوای خواردنەوەی چایی

سەید ڕەسووڵ ئیجازەی لە شێخ خواست بەجێی بێڵین و بەرەو بنکە بگەڕێینەوە. شێخ گوتی ئیجازە لە دەست خۆتاندایە. شێخ تەها هەتا دەرێ لەگەڵمان هات و ماڵاواییمان لێکرد. لە ڕێگەدا سەید ڕەسووڵ گوتی ئەو دانیشتنەمان بۆ زیاتر پتەوکردنی پێوەندیی نێوان حیزب و شێخ بوو.

ئەوەی من بینیم شێخ مرۆڤێکی ئارام و لەسەرخۆ بوو. زۆر بە هێوری دەکەوتە قسە و ئاخافتن. لە کاتێکدا لە بنەماڵەیەکی ئایینی و شێخێکی گەورە بوو هاوکات مرۆڤێکی سیاسییش بوو و ئاگاداری بارودۆخی سەردەم و دەوروبەر بوو. هاوکات خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆریش بوو. جگە لە دەسکەوتی ساڵیانەی زەویوزار و باغاتی سێو و هەرمێ کە ئەویشی ئەدا بە ئیجارە بە تورکەکانی ورمێ، هەر دیاریی خەڵک و موریدەکانی بەس بوو بۆ ئەوەی دامودەزگای خانەقا و میوانی پێوە بەڕێ بکات. شێخ چەند کوڕی هەبوون. ئەوانەی لەوێ بوون شێخ تاهیر و شێخ ئەیوب بوون. ئەم دوو کوڕە خوێندنی بەرزیان تەواو کردبوو. لەو ماوەدا لە سەفەرێکی ورمێدا هەر دوو برا لەلایەن ڕێژیمەوە بە تاوانی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکرات دەگیرێن و ئەخرێنە بەندیخانەوە.

شێخی گەورە، واتە باوکیان بۆ ڕزگاریی کوڕەکانی دەچێتە ورمێ و دوای هەوڵێکی زۆر ئەتوانێ ڕزگاریان بکات. دوای ئەم ڕووداوە ئیتر شێخ نەگەڕایەوە بۆ گەزگەزک و هەر لە پیرانشار مایەوە. ڕێژیم بە بیانووی ئەوە کە زیددی ئینقیلاب لە گەزگەزک بێڕێزی بە شێخ ئەکەن، زۆریان لێکردبوو نە گرێتەوە بۆ گەزگەزک و لە شاردا بژی. بەڵام ڕێژیم هەر

بەمەوە نەوەســـتـا و هەنگـاو بە هەنگـاو هەوڵیـان ئەدا کەسـایەتیی و خۆشـەویسـتیی شـێخ لە نێو خەڵکی خۆیدا لە بەرژەوەندیی خۆیان و زیانی حیزب و پێشـــمەرگە بەکار بهێنن. بۆیە زۆری نەبرد داوایان لە شـــێخ کرد لە نوێژی هەینیدا لە دژی حیزبی دیموکرات و شـــەخسـی دوکتۆر قاسملو وەک ئاژاوەگێڕ قسە بکات. شێخ ئەم داوایەی ڕێژیمی لە دڵ گران دێت و ماوەیەک دەسـتی بە دەسـتی وەدوای دەخات. لەو ماوەدا لەگەڵ سەید ڕەسووڵ پێوەندی دەگرێ و داوا دەکات شەوێک چەند پێشمەرگە بنێرنە سەر ماڵەکەی و بە ڕواڵەت بیرفێنن بۆ نێو پێشمەرگە.

سەید ڕەسووڵ ئەم ئەرکەی بە من سپارد کە زۆر بە نهێنی ئەنجامی بدەم. کۆمەڵێک پێشمەرگەی کارامە و متمانەدارم بۆ ئەم کارە ئامادە کرد. شەوێک بە بەرنامە و پلانەوە چوون و شـێخیان لە شـار هێنایە دەرێ. شـێخ چووەوە گەزگەزک و لەوێ دەستی بە ژیان کردەوە. ئەم هاتنەدەرەی شێخ لە شار و مل نەدان بۆ ویسـتەکانی ڕێژیم خەڵکی شـار و گوندەکانی دڵخۆش کرد.

دوو حەوتوویەک لە گەڕانەوەی شـــێخ تێپەڕ بوو ڕۆژێک پەیامێکمان لە شـێخەوە پێگەیشـت کە بۆ سـەید ڕەسـوڵی ناردبوو. داوای لێ کردبوو دیدارێکی لەگەڵ دوکتۆر قاسـملو بۆ سـاز بکات. کات دیاری کرا و ڕۆژێک شێخ هات و لەگەڵ سـەید ڕەسـووڵدا دووقۆڵی بەرەو دەفتەری سیاسـی کەوتنە ڕێ. لەم دیدارەدا شـــێخ باســـی ژیانی خۆی لە گەزگەزک دەکـات و بەو هۆیەوە کە لەوێ خۆی نـائەمن دەبینێ و مەترســـیی ئەوەی هەیە شـــەوێک پیاوانی ڕێژیم بێن و

دەســـبەســـەری بکەن، داوا لە دوکتۆر دەکات لە ناوچەی میراوێی سەر بە سەردەشت جێگەی بۆ دابین بکەن.

داواکەی شـــێخ وەرگیرا و لە گوندی ئاڵوەتان نزیک بە میراوێ ماڵی پێکەوە نایەوە. بەڵام لەوێ زۆر نەمایەوە و ڕێگەی تاراوگەی گرتە بەر و چووە باشـووری کوردسـتان. دوای ماوەیەک مانەوە لەوێ دیسان بارگەی پێکەوە نایەوە و ئەم جارەیان پەڕیوەی ئەوروپا بوو و لە وەڵاتی ئەسـپانیا وەک پەنابەرێکی سیاسی نیشتەجێ بوو. ساڵیانێک لەوێ ژیا بەڵام دیسان بە هۆی ئاڵوگۆڕەوە هەلی بۆ ڕەخسا بگەڕێتەوە ئێران و جارێکی دیکە لە زێدی خۆی دەست بە ژیان بکاتەوە.

## دەستپێکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان کۆمیتەی شارستان و هێز

پێشـتر باسـی هاتنی کاک حوسـێن مەدەنی و بوونی بە بەرپرسـی کۆمیتەی شـارسـتانی پیرانشـارم بە کورتی کرد. باسـی ئەوەشـم کرد کە بە هۆی نەسـازان و ناکۆکیی نێوان بەرپرسـانی کۆمیتەی شـارسـتان و فەرماندەی هێز ئەو ئاڵوگۆڕی بەرپرسـایەتییە دروسـت بوو کە لەو میانەدا کاک ئەبوبەکری ڕاد ئاڵۆگۆڕی بە پۆستەکەی کرا و کاک حوسێنی مەدەنی هاتە جێگەی.

ئەم ئاڵۆگۆڕە بەو ئامانج و هیوایە کە ناکۆکی نەمێنێ و دڵسۆزی و تێکۆشان بۆ گەشەکردن جێی بگرێتەوە. سەرەتا گوتمان دوای هاتنی کاک حوسێن مەدەنی کارەکان بە باشی بەرێوە ئەچوون، بەڵام سەد مەخابن کە زۆری پێنەچوو بگرە کێشـە و گرێوگۆڵەکان قووڵتر بوونەوە. لە سـەردەمی پێش ئاڵوگۆڕی بەرپرسـیاریی کاک ئەبوبەکر ناوبراو بە هۆی

هەندێ فاکتەرەوە چاوی لە کێشــەکانی ســەید ڕەســوولّ دەپۆشــی. بۆ نمونە جیـاوازیی تەمەن لە نێوان ئەم دوو بەرپرسـیارەدا هەروەها پێشـینەی خەباتی سـیاسـیی سـەید ڕەســوولّ لە پەنجاکان و شــەســتەکاندا لە باشــووری کوردستان، لەو فاکتەرانە بوون کە کاک ئەبوبەکر حیسابێکی لەســەر دەکرد. بەڵام لای کاک حوســێن ئەمانە و تەنانەت هاوڕێیەتی سـەردەمی تاراوگەی شـۆڕشـی ئەیلول و خەباتی نهێنیی ســەردەمی ڕەزا شــا و هاوڕێیەتی یەک ســەنگەر بوونیشیان نەیانتوانی ئەم دوو هاوڕێیە بە دڵێکی کراوەوە لە یەکتر نزیک بکاتەوە و پێش هەر ناکۆکییەکی شەخسی بیر لە بەرژەوەندیی حیزب و شۆڕش بکەنەوە. بە داخەوە لە ئاکامی ناکۆکیی و پێکەوە نەســازانی ئەم دوو هاوڕێیەدا کێشــە و گرفتەکان زیاتر لە جاران قووڵ بوونەوە. دروســت بوونی دووبەرەکی لە نێوان کادر و ئەندامانی کۆمیتەی شارستان و پێشــمەرگەکانی هێز، دەمەقاڵەی گرژ و بێجێ لە بەرامبەر یەکتردا و لە پشــت ســەری یەکتر خوێندن و زۆر ناتەبایی دیکە ببوونە چالاکیی ڕۆژانە.

کار گەیشتە شوێنێک سەید ڕەسوولّ ڕۆژێک بە ڕاشکاوی داوای لێکردم هاوکاریی بکەم بۆ دوورخســتنەوەی حوســێن مەدەنی لە پیرانشــار. گوتم کاک ڕەسـوولّ، سـەردەمی کاک ئەبوبەکر لەگەڵ هەموو گرفتەکان هەرگیز چاوەڕوانی وەهات لە من نەبوو بۆیە توانیم درێژە بە کار و ئەرکی خۆم بدەم. ئەگەر بڕیار بێ هێز و تواناییمان بۆ شــکاندنی یەکتر و نانەوەی دووبەرەکی تەرخان بکەین ئەوە من لەگەڵ نیم. من کشــانەوەم لە بانە بە هۆی ئەم چەشــنە ناکۆکی و لەیەک

تێنەگەیشتنانەبوو. من لەوێ فەرماندەی هێز بووم ئێستا لێرە جێگری فەرماندە هێز. ئەم کارەم بۆیە کرد کە لە کێشـــەی دووبەرەکیی نێوان کۆمیتەی شـــارســـتان و هێز بەدوور بم. ئیتر بە هیچ چەشـــنێک ئامادە نیم تێکەڵ بەو گەمەیە ببمەوە کە بە دڵنیاییەوە کەس تێیدا براوە نییە. ئەو ڕۆژە ســـەید ڕەسـوولْ تەنیا گوێی لە قسـەکانم ڕاگرت و هیچی نەگوت. بە ڵام دواتر لە پێشـمەرگەکانم دەبیسـتەوە کە سـەید ڕەسـوولْ دەسـتی دابووە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندە لە دژی حوسـێن مەدەنی و هەوڵدان بۆ جێ لەقکردنی ناوبراو لە کۆمیتەی شارستانی پیرانشار.

بەداخەوە دوای ســەرهەڵدانی ئەم ناکۆکییانە نێوانی من و ســەید ڕەســوولیش وەک خۆی نەما. لە ســەرەتای هاتنم بۆ پیرانشــار و دەســتبەکار بوونم وەک جێگری فەرماندەی هێز، کاک سەید ڕەسوولْ بە سەرلکەکانی گوتبوو بۆ هیچ پرسێک پێویســت ناکا بێن بۆ لای ئەو بەڵکو بۆ تێکڕای کاری هێز و پێشــمەرگە کە پێویســتی بە بڕیارە بچن بۆلای کاک ڕەشــید، بڕیــاری ئەو بڕیــاری منە، من فەرمــانــدە هێز نیم، ئەو فەرماندەیە. ئەمە قسە و بۆچوونی کاک سەید ڕەسوولْ بوو لە ســەرەتای دەســتبەکار بوونمەوە. بەڵام ئێســتا ئیتر وا نەمابوو. لەوەدوا نەک هیچ بڕیارێک لە دەسـت مندا نەمابوو بەڵکو بۆ هیچ جۆرە ڕاوێژ و بۆچوونێکیش بانگی نەدەکردم. ئەم گۆڕانە خێرا و هەڵسوکەوتەی سەید ڕەسوولْ وەها دیار و بەرچاو بوو کە تێکڕای ئەندامان و پێشمەرگەکان هەستیان پێدەکرد.

شـایانی باسـە بەشـێک لەو پێشـمەرگانەی کە ئەم شـێوازە

کارەی سەید ڕەسووڵیان لا پەسند نەبوو هاتنە لام و گوتیان ئەگەر بە مەسەلەحەتی بزانی ئێمە جەماعەتێک نامە بۆ دەفتەری سیاسی ئەنووسین کە سەید ڕەسووڵمان وەک فەرماندە هێز قەبووڵ نییە و تۆ لە جێگەی ئەو بکەنە فەرماندە هێز. سوپاسم لەو هاوڕێیانە کرد بۆ ئەو متمانەی بە منیان هەبوو بەڵام داواکەیانم قەبووڵ نەکرد و ڕێزم بۆ بڕیاری دەفتەری سیاسی هەبوو و هەتا لەوێ مامەوە کاک سەید ڕەسووڵم وەک فەرماندەی هێز قەبووڵ بوو. لە ڕاستیدا هەتا کێشەی نێوان سەید ڕەسووڵ و کاک حوسێن ئاوا قووڵ نەببۆوە هەڵسوکەوتی سەید ڕەسووڵ لەگەڵ مندا ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستیی تێدا بوو، کە هەرگیز ئەو مرۆڤە لە یاد ناکەم.

دۆخەکە گەیشتبووە ئاستێک کە هیچ تروسکاییەک بۆ چارەسەری وەدی نەدەکرا. هەردوو بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەی هێز لە یەک کەوتبوونە نێو سەنگەرەوە و هەر کەس هەوڵی ئەوەی ئەدا دەسەڵاتدار و بڕیاردەر ئەو بێ. کاک حوسێن مەدەنی دەیوست فەرماندە هێز ملکەچی بڕیاڕی کۆمیتەی شارستان بێت. سەید ڕەسووڵیش دەیگوت چاوی سووری حیزب هێز و پێشمەرگەیە و دەبێ کۆمیتەی شارستان خۆی بە سەر هێزدا نەسەپێنێت. هیچ لایەکیشیان قسەی یەکتریان قەبوڵ نەبوو. ئەمە لە کاتێکدا ڕێسا و پرەنسیپێکیش هەبوو. هەر دوو لا چوارچێوەی کاری خۆی هەبوو ئەگەر ڕەچاویان بکردایە. بەڵام دەمارگرژیی هەر دوو لا وای کردبوو پرەنسیپ لە یاد

چووبوو.
ئەمە وای لێکردم بۆ ئەوەی خۆ دوور ڕاگرم و تێکەڵ بەو دووبەرەکییە نەبم، بیرێک بۆ خۆم بکەمەوە. بڕیارم دا بچمە دەفتەری سیاسی و داوا لە سەرکردایەتی بکەم بۆ جێگەیەکی دیکەم ڕاگوێزن و لە ناوچەیەکی دیکەی کوردســتان ئەرکی پێشـــمەرگـایەتی خۆم ئەنجـام بـدەم بۆ ئەوەی خۆم لەو دووبەرەکی و کێشـــەیە دوور ڕاگرم کە ڕێگەچارەی زۆر ئە ستەم بوو.
وام بە باش زانی لەژێر ناوی پشــوو و ســەردانی ماڵ و منداڵ ئیجازە لە ســەید ڕەسـوڵ وەرگرم، بەڵام بچم بۆ دەفتە ری سـیاســی و داوای خۆمیان بۆ ڕاگواســتن بۆ شــوێنێکی دیکە پێ بگەیەنم. ئەوە بوو ئیجازەم وەرگرت و بە ڕواڵەت بەرەو ماڵ بوومەوە. کاتی ماڵاوایی ســەید ڕەســوول گوتی باشــە بەڵام زوو وەرەوە، دۆخەکە هەســتیارە، حەوتوویەک زیاتر مەمێنەوە. لەگەڵ ئەو چەند پێشمەرگە بانەییەی هاوڕێم لەجیاتی گەڕانەوە بۆ بانە بەرەو دەفتەری سیاسی ڕێکەوتین. چوومە لای دوکتۆر قاسملو و بارودۆخی پیرانشارم بۆ باس کرد. دیارە خۆیشـــیان ئاگادار بوون. لەو کاتەدا دوکتۆر سەعیدیش هاتە ژووریّ و ئاگای لە بەشێک لە قسەکانم بوو. دوکتۆر قاســـملو گوتی بە باشـــی ئاگاداری وەزعەکەین، بەداخەوە کاک حوسێن و سەید ڕەسووڵ پێکەوە ناحەوێنەوە. لە ڕێگەی کادرەکانی کۆمیتەی شـــارســـتانەوە ئەوەشـــمان بیســـتووە کە تێکڕای پێشـــمەرگەکان و ئەندامانی کۆمیتەی شــارســتان لە تۆ ڕازین. کاک ڕەشـید، کاتی خۆی کە بانەت بەجێهێشـت هاوڕێیانی بانە پێیان وا بوو ئەگەر لە بانە نەمای

لە کار سارد دەبیەوە و ئیتر کار ناکەی، بەڵام ئەو ماوەیە لە پیرانشـــار زۆر چالاک بوویت و تەنانەت گورت بە هێزی پیرانشـار دابوو و ئەگەر ئەم ناکۆکییەی تێ نەکەوتایە بەرەو گەشەکردنی زیاتر دەڕۆیشت. ئێستاش بە پێویستی دەزانین لە پیرانشـــار بمێنیتەوە و دوای ماوەیەکی دیکە دەتکەینە فەرماندی هێزی پیرانشـــار، بەڵام با بۆ ســـەید ڕەســـووڵ کارێکی گونجاوی لە نزیک دەفتەر بۆ دیاری بکەین. گوتم کاک دوکتۆر، ئەوەندەی من سەید ڕەسووڵ بناسم ڕازی نییە لە هیچ شوێنێکی دیکە جگە لە پیرانشار کار بکات، ئەگەر هەر کەســـێکی دیکەش بخرێتە جێگەی ئەو دەبێتە دوژمنی. لەو ماوەیەشـدا هەتا ناکۆکیی نێوان کاک حوسـێن و ئەو سـەری هەڵنەدابوو باشـــترین هاوڕێ و وەک برا وا بوو بۆ من و ئەوپەڕی ڕێزی لێ گرتووم. هەر بەو هۆیەوە نامەوێ دڵی لێم بێشێ. ئێستا داوا دەکەم پێش ئەوەی ئەرک بۆ ئەو دیاری بکەن ئەرکێکی نوی لە جێگایەکی دیکە بۆ من دیاری بکەن. دوکتۆر گوتی بـا بیرێکی لێ بکەینەوە بەیـانی وەڵامـت ئەدەینەوە. ڕۆژی دوایی بـانگیـان کردم بۆ ژووری کـاری دەفتەر. گوتیان لێرە لە کۆمیسیۆنی نیزامی کارمان بۆ دیاری کردووی وەک ئەندامی کۆمیســیۆن. منیش پێش ئەوەی باش بزانم کار و ئەرکی ئەو کۆمیســیۆنە چییە و تا چ ئاســتێک بەرپرسیارەتی هەیە، قەبوڵم کرد.

لەو ماوەدا کە لە پیرانشـــار کارم ئەکرد کاک ســـەرگورد کەریم ئەلیار کە ئەندامی کۆمیسیۆنی نیزامی بوو دوو جاران هاتە پیرانشـار و کۆمەڵێک کەلوپەل و تەقەمەنی بۆ هێناین و لە چەند کارێکی پێوەندیدار بە بەشـی پێشـمەرگەوە یارمەتی

داین. ئەمە تا ڕادەیەک تامەزرۆی کردم کە بە ئەندامەتی کۆمیسیۆن ڕازی بم و ئەرک و خزمەتی پێشمەرگایەتیی خۆم لەو ئۆرگانەدا ڕاپەڕێنم. دوای قەبوڵکردنی ئەم ئەرکە نوێیە نامەی بڕیارم وەرگرت. لە جیاتی درێژەدان بەرەو ڕێگەی بانە گەڕامەوە بۆ پیرانشـــــار و نـامەی بڕیـاری دەفتەر سـیاسـیشـم لەگەڵ خۆم هەڵگرت کە پیشـانی کاک سـەید ڕەسووڵی بدەم. کاتێ گەیشتمەوە لایان بە سەرسووڕمانەوە گوتی کاک ڕەشید، حەوتووەکەتان بوو بە شـەوێک، خێر بێ! بە پێکەنینەوە گوتم فەرموو ئەم نـامەیە بخوێنەوە، دڵنیـام خێرە. دوای خوینـدنـەوەی نـامـەکـە گوتی بەداخم کە ئەو بڕیارەت داوە، بریا پێش بڕیارەکەت منت ئاگادار بکردایە کە بەتەما بووی بەجێمان بهێڵی. گوتم کاک سـەید، هەتا بەڕێزت نییەتت لە ئاست من نەگۆڕیبوو من بەتەما نەبووم لێرە بڕۆم. گوتی بە قسـەی برات بکە بڕیارەکەت هەڵوەشـێنەوە، منیش ئەچم بۆ دەفتەر جێبەجێی ئەکەم. گوتم کاک سـەید، داوای لێبوردن ئەکەم بەڵام من بڕیاری یەکجارەکیی خۆم داوە.

ڕۆژی دوایی چوومە لای هاوڕێیانی کۆمیتەی شارستان و لەم هەواڵە ئاگادارم کردنەوە و ماڵئاوایم لێ کردن. هەمان ڕۆژ کاک سـەید ڕەسـووڵ تێکڕای پێشـمەرگەکانی هێزی کۆکردەوە و بە شـێوەیەکی فەرمی و ڕێکوپێک هەموانی ئاگادار کردبوو کە حازر بن بۆ ماڵئاوایی و ڕێزگرتن لە من. دوای سوپاس و پێزانین ماڵئاواییم لە کاک سەید ڕەسووڵ و گشـت هاوڕێیانی پێشـمەرگە کرد. بۆ هەر یەک لە سـەرلکە کانیش نامەیەکم نووسی و سوپاسی ئەو ماوەیەم لێکردن کە هاوکارییان کردووم و هیوای سەرکەوتنم لەو خەباتە ڕەوا و

پیرۆزەدا بۆ ئارەزوو کردن. بەم جۆرە پیرانشارم بەجێهێشت و بەرەو دەفتەری سیاسی ڕێکەوتم.

دوای ڕۆیشـــتنی من لە پیرانشـــار زۆری نەبرد ســـەید ڕەســـوولیش ئەوێی جێهێشـــت و هەر بە تەواوی وازی لە حیزبیش هێنا و ماڵی گواســـتەوە بۆ ڕانیە لە باشـــووری کوردستان. دواتر ماڵی چووە سلێمانی، بەڵام مانەوەی لەوێ زۆری نەخایاند ئێوارەیەک بە شێوەی گوماناوی و ناڕوون کە سـێک یان کەسـانێک لە دەرگای ماڵەکەی ئەدەن و لە کاتی کردنەوەدا بەر دەسڕێژی گوولەی ئەدەن و لە جێدا شەهیدی ئەکەن. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی، ڕۆحی شاد و یادی هە ردەم بەخێر.

## هەڵسوکەوتی سەرکردایەتیی حیزب لەگەڵ ئەندامانی خۆی

ئەو جۆرەی کە من کاک سەید ڕەسوولم لەو ماوەدا ناسی پیاوێکی دڵسـۆز و نیشـتمانپەروەر بوو، لە کاتە ئەسـتەم و دژوارەکاندا هەردەم پێشمەرگەی پێشەوەی سەنگەر بوو، لە خەبات و تێکۆشـــاندا ماندوویی نەناس بوو، لە ڕۆژانی ســـەختی خەباتدا کە حیزب لە عێراق و تاراوگەنیشـــن بوو پشـتی حیزبی خۆی بەرنەدا. بەڵام کاتێک حیزب لە شـۆڕشـی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا گەڕایەوە وەڵات و دەســـەڵاتی وەدەســـت گرتەوە، بەشـــێک لەو ئەندامانەی کەمڕەنگ و بێدەســـەڵات کردن تا ئەو جێگایەی کە ئیتر وردەوردە بێزار ئەبوون و لە ئەنجامدا ئەکەوتنە گۆشـــە و کەنارەوە. ســـەید ڕەســـووڵ یەکێک بوو لەو کەســـانە کە بەر ئەو چارەنووســـە کەوت. ئەم کەســـانە بە هۆی هەســـتی نیشـــتمانپەروەرییانە

ئامادە نەبوون سـەر بۆ دوژمن نەوی بکەن و خۆیان ڕادەست بکەنەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی دڵپاک بوون و ڕابوردووی پڕ لە تێکۆشـان و دڵسۆزی حازریش نەبوون مل بۆ سەرەڕۆیی کەسانی سەرووی خۆیان بدەن کە ئەمەش هۆکارێکی دیکە بوو لە دوور بوونەوەیان لە حیزب. بەڵام هەر چۆنێک بێ ناچار لەگەڵ هەبوونی مەترسییەکی زۆریش لەسەر گیانیان زۆربەیان ژیانی تاراوگەیان هەڵدەبژارد و لە شـار و شـارۆچکەکانی باشـووری کوردسـتان درێژەیان بە ژیان دەدا. لە هەمان کاتدا کە حیزب و سـەرکردایەتییەکەی دڵی زۆر لەم ئەندامە کۆنە بەئەزموونانەیان دەڕەنجاند و لە حیزبیان دوور دەخسـتنەوە، هاوکات کۆمەڵێک خەڵکی بێ ئەزموونی تازە پێگەیشتوویان دەهێنانە جێگەیان کە نەک هیچ ڕابردوویەکی سـیاسـییان نەبوو بەڵکو بەرگەی کەمێک ماندووبوون و گەرمای ڕێگەوبانیان نەدەگرت و زۆر بە ئاسـانی دەکەوتنە لاوە و تەنانەت لە کەمترین تەنگانەدا دەچوونەوە باوەشی دوژمن.

**خۆناساندنم بە کۆمیسیۆنی نیزامی**

لە گەڕانەوەمدا لە پیرانشـار ڕاسـتەوخۆ چوومە بنکەی کۆمیسیۆنی نیزامی. ئەندامانی کۆمیسیۆن ئەم بەڕێزانە بوون: کاک سـەرهەنگ قادری بەرپرسـی گشـتی، کاک سـەرگورد ئەلیار جێگری بەرپرسی گشتی، کاک شاهۆ حوسێنی، کاک سمایلی بایزیدی و ئێستا منیشیان پێ زیاد بوو. ئەوە بوو خۆم ناساند و نامەی دەفتەری سیاسیم دا بە کاک سەرهەنگ

قادری و ئەوانیش بە گەرم بەخێرهاتینان کردم.
بنکەی کۆمیسیۆن لە خوار گوندی پاراستان بوو. ئەم شوێنە لە دۆڵ و قووڵاییەکدا هەڵکەوتبوو. چەمێکی بچووکی بە بەردەمیدا دەڕۆیشت کە لە هاویندا وشکی دەکرد. حیزب لەم شوێنە چەند خانوویەکی دروست کردبوون کە کاک حامید گەوهەری سەرپرستیاریان بوو.

## شەهیدبوونی یەکێک لە ئەندامانی کۆمیسیۆن

لە مەئموریەتێکی ناوچەی جنوب لە ١٩٦٢دا کاک سەرگورد کەریم ئەلیار لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگەی هێزی زمزیرانی سەردەشت کە بە ڕێگەی بانەدا بە مەبەستی چوونەوە بۆ دەفتەری سیاسی ئەگەڕێنەوە، لە چیاکانی بەرامبەر گوندی ناوە شەویان بەسەردا دێت. بڕیار دەدەن بۆ حەسانەوە و خەوی شەو لەم کێوە بمێننەوە. شەو دادەمەزرێن و چەند پێشمەرگەش وەک کێشکی شەو دیاری دەکەن. ڕێژیم پێیان دەزانێ و لە دەمەوبەیانیدا بە هێزێکی زۆرەوە دێنە سەریان. کاتێک پێشمەرگەکان بە خۆیان ئەزان ئەبینن چواردەوریان بە جاش و پاسدار گیراوە. هەر ئەوەندە فریا ئەکەون هەر کەسە لە شوێنی خۆیەوە دەست بە تەقە بکات. لەم تەقە و لێکدانەدا و بە هۆی ناشارەزایی لە ناوچەکە هەر کەسەی بە لایەکدا پەرتەوازە ئەبێ و لە یەکتری هەڵدەبڕێن. هاوکات لە بەرزاییەکانی کێوی ئاربەباوە دەدرێنە بەر ڕەهێڵەی گوللە تۆپ. لە تەقینەوەی گوللە تۆپاندا لە نزیک پێشمەرگەکان کاک سەرگورد بریندار دەبێ. هاوڕێکانی بە کۆڵ ڕایدەگوێزن بۆ شوێنێکی دیکە و کەمێک دووری دەخەنەوە. بەڵام بۆ جاری

دووەم گولله تۆپێکی دیکە لە نزیکیـان دەکەوێتە زەوی و دوبارە کاک سەرگورد پێوە دەبێ. بەداخەوە بە هۆی سەختی برینەکەی ئەم جارەیان هەر لە جێدا شـەهید دەبێ. هەر لەم شـەڕە نابەرامبەرەدا بەداخەوە سـێ پێشـمەرگەی دیکەش شەهید دەبن کە بە داخەوە ناوکانیانم لەبیر نەماوە. سڵاو لە گیانی پاکی کاک سـەرگورد و ئەو پێشـمەرگە شـەهیدانە کە گیانیان لە پێناوی ئازادیی خاک و نەتەوەی خۆیاندا فیدا کرد. ئەم بەشـە ئاگاداریەم لە بەڕێز کاک تاهیر عەلیار وەرگرتووە کە خزمی شەهید سەرگورد عەلیارە.

## ناساندنێکی کۆمیسیۆن و بارودۆخی ئەو سەردەمەی

زووتر باسـی بنکە و خانووەکانی کۆمیسـیۆنم کرد. ئەم خانوانە دابەش کرابوون بەسـەر کۆمیسـیۆنی نیزامی و یەکێتیی لاواندا. بەرپرسی گشتیی یەکێتیی لاوان کاک تەیمور بەتحایی بوو کە هەروەها ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیش بوو. هیچ یەک لەم دوو ئۆرگانانەی یەکێتیی لاوان و کۆمیسـیۆنی نیزامی پێشـمەرگەی تـایبەت بە خۆیـان نەبوو بەڵام بۆ پارێزگاریی و ئاسـاییشـی ئەوێ کۆمەڵێک پێشـمەرگەیان بۆ دیاری کرابوون.

چوومە ژووری هـاوڕێیانی کۆمیسـیۆن. ژوورێکی زۆر ئاسـایی بوو و هیچ ڕەنگ و ڕواڵەتی دەفتەری کاری پێوە دیار نەبوو. هەندێک جار هەر لەم ژوورەدا نانمان ئەخوارد و هەندێک جاریش ئەچووینە سـاڵۆنی گشـتیی نانخواردن. کاک تەیمور بەتحـایی ژووری تـایبەتی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی هەبوو. کاک حامید گەوهەریش ژوورێکی تایبەت بە

کارەکانی خۆی هەبوو. من کە چوومە کۆمیســـیۆن چەند پێشــمەرگەی بانەم لەگەڵدا بوون. ئەو پێشــمەرگانە هاوڕێی تایبەتیم بوون و لە هەر کوێیەک خزمەتم بکردایە لەگەڵم بوون. لەوەبەدوا ئەو پێشمەرگانە بۆ سەردانی ناوچە و پاسە وانی بنکەکان هاوڕێمان بوون و چیدی پێویســـتیمان بەو پێشمەرگانە نەما کە بۆ پارێزگاری لەوێ جێگیر کرابوون.

لەم شوێن و ئەرکە نوێیەم لەچاو ئەرکەکانی پێشووم شەو و ڕۆژم بە بێکاری بەســەر دەبرد. لە ڕاســتیدا ئەگەر زووتر زانیبام کۆمیســـیۆن هێندە کەمکار و بێکارە قەبوڵی ئەم ئەرکەم نەدەکرد و بە گشــت گرفتەکانیەوە پیرانشــارم بەجێ نەدەهێشـــت. ئاخر من ڕاهاتووی کارکردنی ڕۆژانە لەگەڵ لانیکەم پێنجســەد پێشــمەرگە بووم کە بێوچان لە جووڵەدا بوو. ئێســتا لە بنکەیەک دانیشــتبووم لە چاوەڕوانی ئەوەدا لە هێزێکەوە پێویســـتییان بە کەلوپەل و تەقەمەنی بێ بۆیان ڕاگوێزین.

ڕۆژێک پەیامێکم بۆ هات کە کەســـێک بە ناوی عومەر هۆمەر بانەیی لە بەندیخانەی حیزبەوە داوای کردووە چاوی بە من بکەوێت. زۆرم لا ســەیر بوو کاک عومەر هۆمەر کە یەکێکە لە سەرلکە چالاکەکانی هێزی ئاربەبا لە بانە چ دەکا لە بەنـدیخـانەی حیزب؟ لە ڕێگەی بەرەو بەنـدیخـانە بە خۆم دەگوت ئەم کەســە کاک عومەر نییە، دەبێ کەسێکی دیکە بێ و هەواڵەکە بە هەڵە هاتبێ، بەڵام هەر کەسێک بێ بانەییە و پێویستی بە یارمەتیی من هەیە. کاتێ گەیشتمە بنکەی دادگای شـــۆڕش بینیم کـاک عومەر هۆمەر خۆیەتی. کـاتێ کـاک عومەرم ئاوا بینی کزەم لە جەرگەوە هات. ئاخر دوایین جار

کە ئەوم بینی پێشـمەرگەیەکی ئازا و فەرماندەیەکی دڵسـۆز بوو، ئێسـتا وەک بەندییەک ئەویش لە بەندیخانەی ئەو حیزبەدا کە هەموو هیوا و ئومێدێکی ئەو بوو. ئەملاولام ماچ کرد و گوێم گرت بۆ داستانی ئەم بەسەرهاتە:

"کاک ڕەشـید، دوای ڕۆیشـتنی تۆ لە بانە کۆمیتەی شارستان کەوتە گێڕانی پیلان لە دژی من. لە هەوڵی ئەوەدا بوون پلەی سەرلکیم لێ بستێننەوە و یەکی دیکە لە جێی من دانێن. من خۆڕاگرییم کرد و هەر وەک جاران ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆم دڵسۆزانە ڕادەپەڕاند. ڕۆژێک نامەیەکم لە دادگای شـۆڕشـەوە بۆ هات کە بچمە لایان. من هیچم لە خۆمدا شـک نەدەبرد کە سـکاڵایەک لە دژی من کرابێ. لە نامەکەشـدا هیچ ڕوونکردنەوەیەک نەدرابوو کە بۆچی بچمە دادگای شۆڕش. بە چەکی پێشمەرگایەتییەوە هاتمە ئێرە. هەر کە گەیشـتمە ئێرە دەسـتوبرد چەکیان لێ داماڵیم و خرامە بەندیخانەوە. هەرچی پرسـیارم کرد ئەمە چییە و بۆ وام لێدەکەن، خۆ من بە پێی خۆم وەک پێشـمەرگەیەکی ئەم حیزبە تەنانەت بە چەکی حیزبە هاتووم و کۆمەڵێک پرسیاری دیکە، بەڵام بێ وەڵام لە بەندیخانە کرام. دوای دوو ڕۆژ بانگیان کردم. ئەوجار بۆم دەرکەوت کۆمیتەی شـارسـتانی بانە چ پیلانێکیان لە دژم گێڕاوە. ڕۆژی یەکەم گیرفانیان پشکنیم و چەند نامەیەکم کە لە گیرفاندا بوون دەریان هێنان. یەک لەو نامانە نامەیەکی خۆم بوو کە بۆ تۆم نووسـیبوو. تێیدا باسی کۆنە تودەیی و چریکەکانی نێو حیزبم کردبوو کە بەردەوام خەریکی پرۆپاگەندەن لە دژی من و لە بیانوویەک ئەگەڕێن لە حیزبم وەدەرنێن. کاتێک بانگ کرام بۆ دادگا دیتم

نامەکانم لە بەردەم بەرپرســی دادگادا بوون. نامەکەی تۆش لەگەڵ ئەوانی دیکە لەوێ بوو. مامۆسـتا گۆران کە بەرپرسـی دادگا بوو نامەکانی خوێندەوە و بێ هیچ قســەیەک ڕەوانەی بەندیخانەی کردمەوە." دوای هەندێ قسەوباس کاک عومەرم بەجێهێشت و گەڕامەوە بنکەی کۆمیسیۆن.

کاتێ مامۆســـتا گۆران نامەکەی من کە بۆ کاک عومەرم ناردبوو دەخوێنێتەوە و ئەیشزانێ من لە کۆمیسیۆنی نیزامی کار دەکەم، دەنێرێت بە دوامدا. چوومە لای مامۆسـتا گۆران. زۆر بە گەرمی بەخێر هاتنی کردم. گوتی کاک ڕەشـــید، کەســـێکی بـانەیی لێرە لە بەنـدیخـانەی حیزبە. کۆمیتەی شـارسـتانی بانە سـکاڵایان لە دژی تۆمار کردووە کە گوایە دەبێ لە ئەموالی حیزبدا دەســـپیســـی کردبێت. بەڵام کاتێ نامەیەکی تۆم کە لە گیرفانیدا بوو خوێندەوە دیار بوو لە وە ڵامی نامەکەی عومەر دا ناوبراوت هاندابوو بە دڵگرمی بە کاری پێشمەرگایەتی و مانەوە لە نێو حیزبدا و هەروەها لە بە رامبەر ئەو کەسـانەی کە لە نێو حیزبدا بە تایبەت ڕیزەکانی پێشمەرگەدا بیری تودەیی و چریکە ئەکسەریەتەکان بڵاو دەکە نەوە بە ئیرادەوە بەرامبەریان ڕاوەســـتێ، لەگەڵ کۆمەڵێ ڕێنوێنیی دیکەش. بۆیە گومانم لە داوای کۆمیتەی شارستانی بانە پەیدا کردووە و پێم خۆش بوو تۆ ببینم و برێک باسـی پێشـــینەی ئەم کـاک عومەرەم بۆ بکەی. وەکو بزانم لە ســـەردەمی فەرماندە هێزیی تۆدا لە بانە ئەم کاک عومەرە سەرلک بووە؟

گوتم مامۆسـتا گۆران، مرۆڤ گۆڕانی بەسـەردا دێت و من ماوەیەکە لە بانە نەماوم و نازانم لەوێ چی ڕوویداوە. بەڵام

من خۆم ئەوەندەی کاک عەمەر دەناسم هەتا ئەو کاتەی من فەرماندەی هێزی بانە بووم و ئەو سەرلک بوو، هیچ جۆرە دەسپیسییەکم لەو پیاوە نەبینیوە و قەتیش گومانم لێی نەبوو. بە پێچەوانەوە وەک سەرلکێکی بەتوانا و پێشمەرگەیەکی دڵسۆزم ئەبینی. تەنانەت یەکێک لەو کەسانەیە کە پێش دروستبوونی هێزی ئاربەبا وەک پێشمەرگەیەک لە خزمەتی گەلدا بووە. بە تایبەت لە سەرەتاکانی پێکهێنان و ڕێکخستنی هێزی بانەدا بەشدار و کەسێکی چالاک بووە. ئێستاش کە ئەم تاوانەی خراوەتە پاڵ پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. پێش کاک عەمەریش لەم جۆرە گەمە سیاسییانە ڕوویان داوە کە دوور بوون لە ڕاستییەوە.

مامۆستا گۆران گوتی تۆ کە خۆت لەوێ فەرماندەی هێز بووی چیت لەبیر ماوە لەسەر کاک عومەر و ئەندامانی کۆمیتەی شارستان؟ گوتم مامۆستا گۆران، ئەو کات من لەوێ بووم کێشەی "شاری و دێهاتی" سەری هەڵدابوو. لاوانی شار لەو باوەڕەدا بوون کە ئەوان لە لاوانی دێ خوێندەوارتر و سیاسی ترن و دەبێ تێکڕای بەرپرسایەتییەکانی نێو کۆمیتەی شارستان و هێز و تەنانەت دێهاتیش بدرێ بە ئەوان. من هەر لە سەرەتاوە کە ئەم شێوە بیرکردنەوەم لەنێو هەندێ لە هاوڕێیاندا هەست پێکرد مەترسیی ئەم جۆرە ناکۆکی و ناتەباییانەم لێ دەکرد و زۆر جاران لەم بابەتەوە قسەمان دەکرد. چونکە ئەودەم دەکرێ بڵێم سەدی هەشتای پێشمەرگەکان کوڕی دێهات بوون کە لە زۆر بوارەوە بۆ ئەم سەردەم و ئاستی خەباتەمان زۆر بەکەڵکە بۆیە شتێکی باش نەبوو کە دیاردەی "شاری و

دێهاتی" دروست بکرێت و لەم سۆنگەوە بە چاوی نزم لە کوڕانی دێ بڕوانین. باشتر وا بوو کە گیانی برایەتی و کوردایەتی لەنێو هەر دوو لادا لە بەرژەوەندیی گەل و حیزب بەهێز بکرێت. هەر تاکێکیش بە گوێرەی توانای خۆی ئەرک و کاری پێ بدرێت جا ئیتر جیاوازی نەبێت کوڕی شارە یان دێ. من ئاگام لێیە چەند کادرێک لە کۆمیتەی شارستاندا هەبوون، ئەوان سەرچاوەی دروسبوونی ئەم ڕەوتە بوون. بەداخەوە زۆر کەس بەم هۆیەوە بوونە قوربانی. زۆر کەسی دڵسۆز بە دڵێشاوی لە حیزب هاتنە دەرێ. ئەوەتا چلۆن کاک عومەریان بە فێڵ بە پێی خۆی ناردۆتە ئێرە و ئەو تاوانەشیان خستۆتە پاڵی. من پێم وایە ئەو پیاوە ئەگەر بچوکترین تاوانی لە خۆیدا شک ببردایە بە پێی خۆی نەدەهاتە ئێرە.

لە درێژەی قسەکانم لەگەڵ مامۆستا گۆراندا ئەوەشم بۆ ڕوون کردەوە کە من شەخسی خۆم لەبەر ناڕازی بوونم لە بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بە هۆی ئەم پیلان و هەڵانەوە کە لە بەرژەوەندیی حیزبم نەدەبینی لە بانە ڕۆیشتم. ئەمزانی درێژەی ئەو ڕێیەی گرتوویانە بە کوێ ئەگات و چ ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە بۆیە پێش ئەوەی قووڵتر ببێتەوە لەگەڵ دەفتەری سیاسی قسەم کرد و بانەم بەجێ هێشت. زۆری پێ نەچوو بە دوای ڕۆیشتنی من لە بانە، کاک فەتاحی ئەحمەدی کە سەرلکێکی ئازا و بەتوانا بوو ناچار کرا ئەویش بانە بەجێ بهێڵێ و لە دەفتەری سیاسیی حیزب کارێکی دیکەیان پێ سپارد. بە پێچەوانەی بۆچوونی کۆمیتەی شارستانی بانە لەسەر کاک فەتاح، پۆستی کاک فەتاح لە

ســەرلکییەوە هەڵکشــا بۆ فەرماندە هێزی. ئەم هێزە بە ناوی هێزی تایبەت و بە کۆشش و هەوڵی کاک فەتاح دروست بوو کە بۆ خۆیشی فەرماندەی بوو.

خوێنەری هێژا، خراب نییە لێرەدا کەوانەیەک بکەمەوە و بە کورتی هەندێ لەســەر ئەم هێزە بدوێم. پێشــمەرگەکانی ئەم هێزە کە ناوی هێزی تایبەت بوو، تێکڕا لە کوڕی گەنج و بەگوڕ پێکهاتبوون. ئەرکی ئەم هێزە بە گشــتی ئەوە بوو لە کاتی پێویستدا پشتیوانیی و یارمەتیی هێزەکانی دیکەی حیزب بکات. واتە ئەگەر لە ناوچەیەک شــــەڕ بوایە و هێزی ئەو ناوچەیە پێویستی بە هێزی زیاتر بوایە ئەوە هێزی تایبەت بۆ پشتیوانی دەنێردرایە ئەوی.

دوای قســەکانی من لەســەر کاک عومەر، مامۆســتا گۆران گوتی هەر ئێستا بە بێسیم کۆمیتەی شارستانی بانە ئاگادار ئەکەم ئەو کاسانە کە شاهیدییان لەسەر عومەر هۆمەر داوە بنێرنە ئێرە. پێنج ڕۆژیش مۆڵەتیان ئەدەمێ بۆ هاتنیان. ئەگەر لەم پێنج ڕۆژەدا نەهاتن ئەوە عومەر ئازاد ئەکەم و دەبێ بڕواتەوە ســەر پۆســتەکەی خۆی لە بانە. ئەوجار داوا لە کۆمیتەی شــارســتانی بانە ئەکەم کە ئەو کەســانە بنێرنە ئێرە کە ئەو بوختانەیان بۆ ئەو ســەرلکە هەڵبەســتووە و ئەگەر ڕوون بۆوە درۆیان کردووە ئەوە سزای خۆیان پێدەدرێ.

گەڕامەوە بنکە. ئەوەی دوایی بیســـتمەوە کەس لە بانەوە نەهات بۆ شـــاهیدی دان. کاک عومەریش پاکانەحیســـابی لەلایەن دادگای شــۆڕشــەوە لەســەر کرا و بێ تاوان ناســرا. بەڵام هەتا ئەو گەڕایەوە بانە کەســێکی دیکەیان لە جێگەی دانابوو. دیارە مەبەســـتی ئەوانیش هەر ئەوە بوو هەتا ئەو

ئەگەڕێتەوە جێگەکەی بدەن بەو کەسە کە خۆیان دەیانویست. دواتر هەر ئەو کاک عومەرە کە بە وتەی ئەوان دەستپێسی لە ئەموالی حیزبدا کردبوو کرایەوە بەرپرسی هێزی بەرگری ئەو ناوچەیە کە پێشتر فەرماندەی لکی بوو.

## پێسپاردەیەک بۆ ناوچەی دیواندەرە

ڕۆژێک کاک سەرهەنگ قادری چووە سەردانی دوکتۆر قاسملو. لە گەڕانەوەدا ئاگاداری کردم دوکتۆر دەیەوێ بمبینێ. گوتم کاک سەرهەنگ، خێرە؟ گوتی باوەڕ بکە هیچی لێ نازانم، پێم وایە بۆ شوێنێک بۆ کاری حیزب ئەتنێرن. ڕۆژی دوایی چوومە لای دوکتۆر. گوتی لەگەڵ کاک عوسمان ئەسراری بۆ کارێکی حیزبی دەچنە دیواندەرە و ئەویش نامە ی مەئموریەتەکەت. کاک عوسمان وەک کادرێکی تەشکیلاتی و منیش وەک کادری نیزامی خۆمان ئامادەی سەفەر کرد. لەوێش هەمان کێشە و نەسازانی وەک بانە و پیرانشاری نیوان بەرپرسانی کۆمیتەی شارستان و فەرماندەی هێز بوو. حەمەسەعید خان بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و یەدەی حاجی فەرماندەی هێز ناکۆک بوون. یەدەی حاجی هاتبووە دەفتەر و پێی دادەگرت ناگەڕێتەوە ناوچە ئەگەر لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە هەیئەتێک بۆ لێکۆڵینەوە نەنێرن. دەفتەریش ئێمەی بۆ ئەو کارە دیاریی کردبوو. کاک عوسمان یەکێک بوو لە ئەندامانی پێشووی کۆمیتەی شارستانی بانە. ئەویش بەهۆی گیروگرفتی نێوان خۆی و کۆمیتە شارستان لە بانە ڕاگوێزرابوو و لە دەفتەری سیاسی بە هیوای وەرگرتنی ئەرک و کار مابۆوە. بە کورتی، ئێمە کە خۆمان

پەڕیوەی ئەو جۆرە ناکۆکی و نەسـازانە بووین دەچووینە ناوچەکانی دیکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەی خەڵکی دیکە.

لە سـاڵۆنی دەفتەر چاوم بە کاک عوسـمان کەوت. گوتم کاک عوسـمان، ئاگاداریت کە من و تۆ دووقۆڵی سـەفەرێکی دیواندەرەمان پێ سپێردراوە؟ من نامەی بڕیارەکەی دەفتەری سیاسیم دراوەتی. لە وەڵامدا گوتی بەڵی منیش حوکمی سەفە رەکەم پێدراوە و ویستم بێم بۆ لای تۆ و بەرنامەی سـەفەر داڕێژین. گوتم تۆ ئەتوانی بچیتە بەشی تەداروکات و خەرجی ئەو سـەفەرە بۆ خۆمان و جەماعەتی یەدەی حاجیش وەرگریت.

هەموو شـتی سـەفەر ئامادە کرا و لە ڕێگەی ئالانی سـەردەشـتەوە بەرەو بانە کەوتینە ڕێ. دوای چەند ڕۆژ گە یشـتینە گوندی گەرماو لە بانە. شـەو لە ماڵی کاک عوسـمان ئەسـراری لە گەرماوماینەوە. ڕۆژی دوایی بە ماشـێنێکی کرێ چووینە گوندی بلەکێ. دواتر لە ڕێگەی سووتەوە بەرەو جادەی سنە بەڕێ کەوتین. هەتا نزیک سنووری دێهاتەکانی دیواندەرە بە ماشێن ڕۆیشتین، ئیتر ملی ڕێمان بە پێیان گرت و بۆ ئێوارە درەنگانێک گەیشـتینە گوندی شـاقەڵا کە بنکەی کۆمیتەی شارستان و هێز لەوێ بوو.

کاک حەمەسـەعید خان بەپیرمانەوە هات و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین. بەڵام هیچ ڕووی لە کاک یەدەی حاجی نەکرد. ئەو شـەوە حەسـاینەوە و ڕۆژی دوایی بەتەمای کۆبوونەوە و گفتوگۆ خۆمـان ئـامـادە کرد بەڵام کـاک حەمەسـەعید خان بەبێ پرس و ئاگاداریی ئێمە بە خۆی و

کۆمەڵێک پێشـمەرگەوە لە بنکە هاتبوونە دەرێ و شـاقەڵایان بەجێ هێشتبوو. ئەکرێ بڵێم تەنیا دوو یان سێ پێشمەرگەی لێ مابوو. لەو پێشـــمەرگانە یەکیان بەرپرســـی بەشـــی تەداروکات بوو. هاتە لامان و گوتی کاک حەمەســـەعید بە هاتنەوەی کاک یەدەی حاجی توورەیە و گوتی هەتا ئەو لێرە بێ سەر بەم بنکەیەدا ناکاتەوە.

بەندیخانەی کۆمیتەی حیزب لە شـاقەڵا لە قەراغ گوندەوە هەڵکەوتبوو. بۆ ئاگاداریی و پاراسـتنی ئەم بەندیخانەیە چەند پێشمەرگەی لێ مابوو. بۆ کێشک کردنی بەندیخانە ئەم چەند پێشـمەرگەیە کەم بوون. پێشـتر بۆ یارمەتی لە بنکەی کۆمیتە ی شارستانەوە شەوانە چەند پێشمەرگەی بۆ ئەنێردا، بەڵام ئێسـتا کاک حەمەسـەعید هەموویانی لەگەڵ خۆی بردبوون. لەمەش خراپتر ئەنبـاری خواردەمەنیی بنکە و بەنـدیخـانە خواردنێکی ئەوتۆی تێدا نەمابوو. ئەوەی مابوو بەشـی دوو سێ ڕۆژی ئەکرد. ناچار لە خەڵکی ئاوایی ئارد و پێخۆرمان قەرز کرد. بۆ پـاراســـتنی بەنـدیخـانەش ئەو یەک دوو پێشـمەرگەی لەگەڵ کاک یەدە بوون و هەروەها لەو هاوڕێ پێشمەرگانەی لەگەڵ ئێمە هاتبوون یارمەتییان ئەدا.

دوای چەند ڕۆژ گوزەران بەم شـێوەیە، کاک یەدە گوتی دەبێ فکرێک بۆ بژیو بکەینەوە. بۆ ئەم مەبەســـتە چووە بنکەیەکی دیکەی پێشـمەرگە لە گوندێکی نزیک هێز و کۆمیتە ی شـارسـتان کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیر نەماوە. بە قەرار چەنـد پێشـــمەرگەش لەوێ وەردەگرێ بۆ یـارمەتیی و چاودێریی بنکە و بەندیخانە. گوایە پۆلێک مەڕداری گەرمێن واتە باشووری کوردستان کە ساڵیانە لە هاویناندا ڕوو لەو

ناوە دەکەن بۆ لەوەڕاندنی مەڕو ماڵاتەکەیان، بەپێی بڕیاری حیزب لەسەریانە جۆرێک ماڵیات بە ناوی پووشانە بە شۆڕش بدەن. ئێستا کە کۆمیتەی حیزب لێرە لە لێواری نەداری و دەستکورتیدا بوو، وەرگرتنی ئەو پووشانەیە خراپ نەبوو هەرچەند بەپێی فەسڵ و کات جارێ زوو بوو، بەڵام کاک یەدە خۆشبین بوو بە وەرگرتنی بەهۆی ئەو دۆخەی تێیدا بوون.

کاک یەدە ڕۆیشت و ئیتر بەتەوای بێ خانەخوێ ماینەوە. ڕۆژی دوایی پێشمەرگەی یاریدەر هاتن بەڵام تەنیا بە چەکی دەستیانەوە. دیسانەوە لە دێ وەربووین و کەوتینە دەستگرتنەوە بۆ بژیو. ئیتر وای لێهات بە یەکجاری خۆمان بەسەر ماڵاندا دابەش کرد و دامانکوتا. دۆخەکە زۆر دژوار و سەخت بوو. شەرممان لە خەڵکی ئاوایی ئەکرد. ئاخر بەتەمای ژیانێکی خۆشتر بۆ ئەوان چەکمان لە شان کردبوو. ئێستا ئەگەر ئەوان نانیان پێمان نەدایە لە برسان ئەمردین. خۆش ئەوە بوو بەندیخانەشمان دانابوو و کێشەی گەلمان چارەسەر ئەکرد. دوای چەند ڕۆژان خۆسەپاندن بەسەر خەڵکی ئاواییەوە کاک یەدە بە کۆمەڵێک پێشمەرگە و بڕە پارەیەکی پووشانەوە هاتەوە. ناردمان بۆ دیواندەرە خواردن و بژیومان بۆ هات. گواستمانەوە بۆ بنکە و لە شەرمی خەڵکی ئاوایی ڕزگارمان بوو.

دوای کەمێ بووژانە و وەخۆهاتنەوە لە بنکەی حیزب هەواڵ هات کاک حەمەسەعید بەرەو هەوشار کشاوەتەوە و لای یەکێک لە لکەکانی هێزی دیواندەرە کە وێدەچوو لایەنگری خۆی بوو بێ، گیرساوەتەوە. نامەیەکم بۆ

حەمەسەعید خان نووسی و تێیدا داوامان لێکرد بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر گیروگرفت و ناکۆکییەکانیان پێویستە پێکەوە دانیشین، بۆیە باش وایە بە زووترین کات بگەڕێتەوە شاقەڵا. ناوبراو لە وەڵامێکی کورتدا نووسیبووی هەتا ئەو سەگبابە (مەبەستی کاک یەدە بوو) لەوێ بێ ناگەڕێتەوە و هیچ قسەیەکیشی لەگەڵ ئێمەی نوێنەری دەفتەری سیاسی نییە.

کەوتینە بیری ڕێگەچارەیەک گونجاوی ئەم کێشە بێت. دانیشتنی جیابەجیا لەگەڵ دوو لایەنی ناکۆک سوودی نەبوو. کاک یەدە بۆ هەر چەشنە پێشنیارێکی ئێمە ئامادە بوو بەڵام حەمەسەعید خان بەردی سەخت بوو و لە هیچ کەلێنێکدا جێی نەدەبۆوە. ناچار ئەوەی لەو ماوەدا تێپەڕ ببوو لە ڕێگەی بێسیمەوە ڕاپۆرتمان کرد بۆ دەفتەری سیاسی. لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا ئەو بۆچوونەشمان دا کە ئەگەر یەکێک لەم هاوڕێیانە لە پۆستی خۆیدا بمێنێتەوە گرفتی گەورە بۆ لایەنە کەی دیکە دروست دەبێ کە ئەنجامی باشی نابێت. هەروەها پێشنیارمان کرد مادام خۆتان لە نزیکەوە قسەتان لەگەڵ یەدەی حاجی وەک بەرپرسی هێزی پێشمەرگە کردووە پێمان باشە کە ڕاستەوخۆ حەمەسەعید خان ئاگادار بکەن بێت بۆ دە فتەر و هەمان قسەو باسیش لەگەڵ ئەودا وەک بەرپرسی تە شکیلات بکەن.

بنکەی بەشی بێسیم لە گوندی تەوەکەلان لە نزیک شاقەڵا بوو. دوای چەند ڕۆژ لە ڕاپۆرتی ئێمە پێشمەرگەیەک لە بەشی بێسیمەوە هات و ئاگاداری کردین کە کاک مستەفای

هیجری ئەندامی دەفتەری سیاسی داوای کردووە بە بێسیم قسەمان لەگەڵ بکات. من و کاک عوسمان ئەسراری ڕۆیشتین بۆ بنکەی بێسیم. چووینە ژووری پێوەندیگرتن و بە بێسیم گوێمان لە کاک مستەفا هیجری گرت. گوتی بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی ئێوە ناردووتانە بڕیارمان داوە کاک عوسمان ئەسراری لە جێگەی کاک حەمەسەعید خان ببێتە بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و کاک ڕەشید ئەحمەدیش لە جێگەی کاک یەدەی حاجی ببێتە فەرماندەی هێز و پێویستە بە زوویی ئەم بڕیارەی حیزب بەجێ بگەیەنن. بیستنی ئەم هەواڵە چاوەڕواننەکراوە کە بڕیاری دەفتەری سیاسی بوو هەردووکمانی حەپەساند و دەستوبرد لەوێدا هیچ وەڵامێکمان پێ نەدرایەوە جگە لە بەڵێیەک نەبێ. دوایی گەڕاینەوە شاقەڵا.

گوتم کاک عوسمان، بە بڕوای من ئەم بریارە بەو شێوە گونجاو نییە. بۆ نمونە چۆن ئەکرێت من یەدە بانگ کەم بڵێم من لە جێگای تۆ لە لایەن دەفتەرەوە بوومە فەرماندەهێزی ئێرە؟ هەروها بە حەمە سەعید خانیش بڵێین کاک عو سمان لە جێگای تۆیە؟ باشە ئەوان ناپرسن ئەی خۆیان چکارەن و لە داهاتوودا کاریان چی ئەبێت؟ بە بڕوای من دەبوو دەفتەر ئە وانی بانگ کردایە و لە نزیکەوە قسەی لەگەڵ بکردنایە، یان ڕازی ئەبوون لەگەڵ یەک کار بکەن یان ڕێگەی دیکەیان بۆ ئە دۆزینەوە. ئێمەش ئەمانتوانی تا چارەنووسی ئەوان بە لایەکدا ئەکەوێ لێرە بمێنینەوە. لە لایەکی دیکەشەوە من پێش ئەوەی بچم بۆ پیرانشار داوام لێ کرابوو ببمە فەرماندی هێز لە دیواندەرە بەڵام قەبوڵم نەکردووە و ئێستاش هەر حەز ناکەم لێرە کار بکەم. بەڵام بە باوەڕی من مانەوەی تۆ لێرە باشە و

ئەتوانی لە داهاتوودا دوای ڕێکخستنی کێشەکان لێرە کار بکەی. هەروەها داوام لە کاک عوسمان کرد من ئەگەڕێمەوە دەفتەر و پێم گوت هەتا من ئەگەمەوەدەفتەر و بۆچوونی خۆمیان بۆ باس ئەکەم ئەم بڕیارەی دەفتەر با لای خۆت بێت. کاتێ لەگەڵ سەرکردایەتی بە ئاکام گەیشتم بە بێسیم لە چلۆنایەتی وەزعەکە ئاگادارت ئەکەمەوە. کاک عوسمان ئەم پێشنیارەی منی قبوڵ کرد و مایەوە.

بەرەوە دەفتەر گەڕامەوە. داوای کۆبوونەوەم لەگەڵ کردن. ئەو ڕۆژە کاتیان پێ نەدام. وا دیار بوو لێم عاجز بوون. ڕۆژی دواییش نەیاندواندم. ڕۆژی سێیەم بانگیان کردم. هاوڕێیان دوکتۆر قاسملو و دوکتۆر سەعید چاوەڕێم بوون. زۆر بە ساردی وەریانگرتم. دوکتۆر سەعید گوتی بۆچی بڕیاری دەفتەرت شکاندووە و هاتوویتەوە؟ گوتم ئێوە بەپەلە بڕیارێکی ئاواتان داوە بێ ئەوە لەگەڵ خۆم قسە بکەن. دوکتۆر سەعید لەم وەڵامەم تووڕەیی پێوە دیار بوو. گوتی دەفتەری سیاسی بۆ هەر بڕیارێک ناتوانێ پرس بە ئەندامان بکات. تۆ باشت نەکردووە کە گەڕاویتەوە، دەبوو لەوێ بمێنیتەوە. گوتم کاک دوکتۆر، بڕیار تا بڕیار جیاوازە. بڕیار بۆ ناردنی من بۆ کار و ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی حیزبی بۆ هەر ناوچەیەک لەم کوردستانە پرسی منی ناوێ بەڵام دانانم وەک فەرماندەی هێز و مانەوەم لە شوێنێکی ئاوا بۆ ماوەی درێژخایەن، من پێم وایە لە هەلومەرجی ئێستای حیزبی ئێمە و ژیانی پڕ لە کەموکووڕیی ماڵ و منداڵمان لە گۆشە و کەنار و گوندەکان پێویستە و پرسی ئەوێ. یان ئەگەر شەڕێکی کتوپڕ لە ناوچەیەک ڕووی دا و پێویست بە چوونی

من بوو پرســـی ناوێ و ئەگەر نەچم جێی لۆمەیە. بەڵام ناردنم بۆ شــوێنێکی ئاوا دوور لە ماڵ و منداڵم بۆ ماوەی دووردرێژ بە دڵنیاییەوە پرســی خۆمی دەوێ. پێشــتریش پێشــنیاری هەڵگرتنی پۆســتی فەرماندە هێزی دیواندەرەتان پێکردم بەڵام لەبەر دووری ڕێگە و ئەو هۆیانە قبوڵم نەکرد. بەڵام قبوڵی پیرانشـــارم کرد بە جێگری فەرماندە هێز. لە کاتێکدا من پێشــتر فەرماندە هێز بووم. ئێســتا داواتان لێ دەکەم ئەم بڕیارە هەڵوەشــێننەوە. بۆ کار و ئەرکی حیزب کورتماوە بۆ کوێی کوردســتان دەمنێرن لاڕێ نیم. یان لە شــارەکانی نزیک بانە وەک ســەردەشــت، مەریوان و ســەقز ئامادەم پۆستی فەرماندە هێزی وەرگرم. ئەو کات هاتوچووم بۆ ســەردانی خێزانەکەم و پێڕاگەیشتن بە ژیانیان ئاسانترە. لە لایەکی دیکەشەوە بەو شێوەی بەڕێزتان بە ئێمەتان گوت هەروا ئاسان نەبوو کە فەرماندەهێز و بەرپرسی تەشکیلاتی دیواندەرە گوێمان لێ بگرن و یەکجێ ئێمە بچینە جێگەی ئەوان. ئاخر ئەوان ناپرســن خۆیان چی بکەن و ئەرکیان چی دەبێ؟ لە لایەکی دیکەشەوە حەمەسەعید خان تەنانەت حازر نەبوو گوێشمان لێ بگرێت. بۆیە بە بڕوای من پێویستە ئەو دوو کەســە بانگ بکەن بۆ دەفتەر و لە نزیکەوە قســەلەگەڵ خۆیان بکەن. ئەگەر نەیانتوانی لەگەڵ یەکتر کار بکەن ئەودەم ئەتوانن بڕیاری کۆتاییان لەســەر بدەن. دوکتۆر ســەعید بە قســەکانم ئارام بۆوە. دوکتۆر قاســملویش کە پێشــتر هیچی نەگوتبوو هەروا بێدەنگ مایەوە بەڵام دوکتۆر ســەعید وتی باشە بەیانی وەڵامت ئەدەینەوە.

بەیانیی ڕۆژی دوایی دوکتۆر ســـەعید بانگی کردم. ئەم

جاره خۆی تەنیا بوو. گوتی کاک ڕەشید، قسەکانتمان قەبوڵە و بڕیارەکە هەڵدەوەشێنینەوە. لەسەر داوای خۆیشت لەو شوێنانەی خۆت داوات کردووە لە هەوڵی دۆزینەوەی کارێکدا دەبین بۆت. تۆ لە کاری نیزامیدا ئەزمونی باشت هەیە و هەم لە بانە و هەم لە پیرانشاریش بە کردەوە لێوەشاوەیی خۆت پیشان داوە. پێمان خۆش بوو ببیتە فەرماندەی هێزی پیرانشار بەڵام خۆت لەبەر دۆستایەتیی و دڵی سەید ڕەسووڵ قبوڵت نەکرد. ئێستا بچۆرەوە بۆ کۆمیسیۆنی نیزامی و کارەکەی خۆت. چوومەوە بنکەی کۆمیسیۆن. باس و خواسی ئەو ماوە و سەفەری دیواندەرەم بۆ هاوڕێیانی کۆمیسیۆن گێڕایەوە. هەندێکیان بڕیارەکەی منیان پێ باش بوو بەڵام یەک دوانێکیان لەو باوەڕەدا بوون دەبوو قەبوڵم کردبا.

داوی ئەوە من کاک عوسمانم لە وەزعی خۆم  و دەفتەر ئاگادار کردەوە. ئەوەندەی ئاگادار بم کاک عوسمان وەک بە رپرسی کۆمیتەی شارستانی دیواندەرە مایەوە. ئیتر نازانم کێشەی حەمەسەعید خان و یەدەی حاجی چی بەسەرداهات.

## کردنەوەی خولێکی سیاسی نیزامی

لە کۆمیسیۆنی نیزامی پێشنیار درا خولێکی سیاسی نیزامی بۆ پێشمەرگە و کادرەکان بکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە کاک سەرهەنگ قادری چووە لای هاوڕێیانی دەفتەر و پێشنیاری گەڵاڵەکراوی پێشکەش کردن. گەڵاڵەکە پەسند کرا. چووینە خوار گوندی ئەشغەڵ و لە نزیک کانی و ئاوێک لە دۆڵێکدا چەند کەپرێکمان بە گەڵای داران دروست کرد. وەرزی

هاوین بوو و هەوا گەرم. بانگەوازمان لە نێو پێشمەرگاندا بۆ ئـامـادەبوونی خولەکە کرد. نزیـک بە ســـی پێشـــمەرگە تامەزرۆیی خۆیان پیشـان دا. مامۆسـتاکانی بەشـی سیاسـی لەم کەسـانە پێکهاتبوون: دوکتۆر قاسملو، مامۆسـتا عەبدوڵڵا حەســەنزادە، کاک مەلا حەســەنی ڕســتگار و بە یاریدەریی چەند کادری دیکە کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە. مامۆسـتاکانی بەشــی نیزامی تێکڕای ئەندامانی کۆمیســیۆنی نیزامی بوون. هەروەها کاک عەلی شـــەم هاوکار بوو. ئەم خولە ماوەیەک درێژەی کێشـا و زۆر جێی ڕەزامەندیی تێکڕای بەشـداران بە مامۆستا و فێرخوازەوە بوو. ڕۆژی کۆتایی خول بە سازدانی ئاهەنگ و بەرنامەیەکی خۆش کۆتایی هات.

## هەوڵی سازکردنی سەفەرێک بۆ چارەسەریی ئازاری گەدەم

لە کۆنەوە ئێش و ئازارێک لە مەعیدەمدا هەبوو کە بە هۆی چۆنیەتی خواردن و باری گوزەران و ژیانی ڕۆژانەکەم و زیادی ئەکرد. ئەم ماوەیە لە بنکەی کۆمیسیۆن لە زیادبووندا بوو. چەند جارێک داوام لە دەفتەر کردبوو بۆ چارەســەر بۆ لایەکم ڕەوانە بکەن بەڵام هەر ئەمڕۆ بە ســبەی کرابووم. جارێکی دیکە هەمان داوام کردەوە و ئەم جارەیان لەگەڵ مامۆســتا عەبدوڵڵا حەســەنزادە قســەم کرد. شـیاوی وتنە مامۆ ستا حە سەنزادە بە پێچەوانەی هاوڕێیانی دیکە هەمیشە لە زۆربەی کارەکانمدا کە بەڵێنی پێدەدام بەجێشـی دەهێنا و یارمەتیی ئەدام. ئەم جارەش بەڵێنی پێدام لەگەڵ هاوڕێیانی دەفتەر قســە بکات و بۆ چارەســەریی نەخۆشــییەکەم بۆ

شوێنێکم بنێرن.
ڕۆژێک مامۆستا بانگی کردم بۆ ژووری کارەکەی. گوتی کاک محەممەدی حەسەنپور لە گەرمێنە و بەم زوانە دێتەوە دەفتەر. لە گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی لەگەڵ ئەودا ئەتنێرین. سوپاسی مامۆستام کرد و لە چاوەڕوانیی هاتنەوەی کاک محەممەد شەوم ڕۆژ دەکردنەوە. پێی چوو و پەیدای نەبوو. ڕۆژێک بێتاقەت بووم و چوومە بن دار گوێزەکەی نزیک سکرتاریا کە زۆرتر هاوڕێیان لەوێ دادەنیشتن. لە سەکۆی بن دار گوێزەکە کۆمەڵێک دانیشتبوون، منیش تێکەڵیان بووم. لە گەرمەی قساندا بووین دوکتۆر قاسملو و مامۆستا حەسەنزادە بە کۆمەڵێک پێشمەرگەوە وەک ئەوەی سەفەرێکیان لەبەر بێت بەرەو ئێمە هاتنەخوار. ڕێک لەو کاتەدا چەند کادرێکی ناوچەی مەهاباد و بۆکان گەیشتنە ئەوێ و لە دەوری دوکتۆر کۆبوونەوە و بوو بە ئەملاولا ماچکردن. یەکێک لە کادرەکان کە ڕیشێکی درێژ و ڕەش و پڕی هەبوو لەلایەن دوکتۆر قاسملوەوە بەرپەرچ درایەوە و ڕێگەی پێنەدرا دوکتۆر ماچ بکات. دوکتۆر گوتی ئەو ڕیشەی تۆ ڕەمزی پاسدارە !دوکتۆر لەم ڕواڵەتە ناڕەحەت بوو. کادرە کەش بە شەرمەوە گەڕایەوە دواوە.
دواتر بیستم کادری ڕیشدار و هاوڕێکانی بۆ درێژەدان بۆ خوێندنی بەرز نێردرانە دەرەوەی وڵات. دوکتۆر و مامۆستا هاتبوون بۆ پێشوازیی میوانێک کە لەگەڵ کاک محەممەدی حەسەنپور لە کوردستانی ئەودیوەوە هاتبوو. ئا لەو کاتەدا مامۆستا گوتی دوکتۆر، ئێستا هەلێکی باشە بۆ ناردنی کاک ڕەشید لەگەڵ ئەم کادرانەدا بۆ سلێمانی. بەداخەوە دوکتۆر

که لەدەســـت کادری ڕیشـــدار ناڕەحەت بوو، نە جوابی مامۆســـتای دایەوە و منیش نەنێردرامە ســـلێمانی و لە چاوەڕوانیدا بە نەخۆشـی مامەوە. هەڵسـوکەوتی دوکتۆر بەو شـــێوەیە لەگەڵ کادرێک لەبەر چاوی ئەو خەڵکە و جواب نەدانەوەی بە مامۆستا کاریگەرییەکی خراپی لەسەرم دانا. بۆ کورتەساتێک بیرم لەو هەموو خەبات و فیداکاریی و ماندویی چەندین ســـاڵەم و ئاڵۆزکردنی ژیانی شـــەش منداڵم و دوورخســـتنەوەیان لە دەرس و ژیانێکی ئارام کردەوە، و ئەمەش ئەنجامی وەفاداری بەرپرســـی حیزبەکەم، گەلۆ "بە ڕاست من خەریکی چیم؟"

گەڕامەوە بۆ لای هاوڕێیانی کۆمیســـیۆن. ئەوەی ڕووی دابوو لای خۆم مایەوە و بۆ کەسم باس نەکرد. ڕۆژی دوایی بە کاک سـەرهەنگ قادریم گوت، وەک ئاگات لێیە من ئازاری مەعیدەم هەیە و ئەو ماوەیە هەر لە زیادبووندا بووە و ئێستا پێویستم بە پشـووە و بۆ ئەوەی هێندێ باشـتر بم دەچمەوە ماڵێ، بەڵام کەی دێمەوە جارێ لێم ڕوون نییە، هەر کات باشتر بووم ئەوا ئەگەڕێمەوە. کاک سەرهەنگ موافەقەتی کرد و ماڵاواییم لە هاوڕێیان کرد.

## گەڕانەوە بەرەو ماڵ بە دڵێکی بێ هیواوە

لەگەڵ پێشـــمەرگە هاوڕێیە بانەییەکانم بەرەو ناوچەی بانە گەڕاینەوە. عادەتمان وا بوو هەموو جارێک پێشـــمەرگەکان هەتا ماڵێ لەگەڵم دەهاتن و ئەودەم هەر کەس بەرەو ماڵ و گوندی خۆی ئەگەڕایەوە. دوای پشـــوویەکی چەند ڕۆژی کە بۆم دیاری ئەکردن هەموویان ئەهاتنەوە ماڵی من لە چۆمان

و پێکەوە بەرەو شـــوێنی کارمان ئەگەڕاینەوە. بەڵام بە پێچە وانە ئەم جارە بەرنامەم ناڕوون بوو بۆیە بە پێشـمەرگەکانم گوت لەوانەیە پشـــــووی ئەم جارەمان درێژ بێت و تاکو ئاگادارتان نەکەم مەگەڕێنەوە لام.

بیرم دەکردەوە لە جیاتی ئەو هەموو هەڵســووڕان و خۆ ماندووکردنە کە ئەنجامەکەی بۆ داوایەکی ئاوا بچوک کە مافی خۆمە ئاوام هەڵسـوکەوت لەگەڵ بکەن، باشــتر وایە بە تەندروســتیی خۆم و باشــتربوونی ژیانی منداڵەکانم ڕابگەم هەتا بەتەواوی پەکی نەخستووم. نزیک بە دوو مانگ بوو لە ماڵ بووم کەس هەواڵی نەپرســیم. دوای دوو مانگ نازانم چۆن بوو نــامەیەکم لە دوکتۆر قــاســــملوەوە بۆ هــات. نووسـیبووی هیوادارم باش بی، ئەمەش وەرەقەی مۆڵەت بۆ چوونە سلێمانی و لای دوکتۆر، ئەگەر پێویستیت بە یارمەتی هەبوو کاک محەممەدی حەسەنپور ئاگادار بکەرەوە، هەروەها خەرجی تێکڕای سەفەرەکەت لە کاک محەممەد وەرگرەوە.

چوومە ســـلێمانی و لە ماڵی تەڵا خانمی ئامۆزام و بە یارمەتیی ئەوان ســــەردانی دوکتۆری تایبەتییم کرد. دوای هەندێ پشـکنین و تاقیکاریی پزیشـکی کۆمەڵێک حەبیان بۆ نووســـیم کە دەبێ لە ماوەی دوو مانگدا بەکاریان بێنم. باشــترین حەبی ئەو ســەردەمە بۆ ئازاری مەعیدە تاگامێت بوو. دوکتۆر گوتی دوای بەکارهێنانی ئەم حەبانە وەرەوە لام. دوو مانگ زۆر بوو بۆ مانەوەم لە ســـلێمانی بۆیە گەڕامەوە چۆمـان و کـاک محەممەدی حەســـەنپوریشـــم نەدیتەوە بۆ خەرجی سەفەر بەڵام ئەو ماوەیە ماڵی تەڵا خانم زۆریان زەحمەت بە منەوە کێشـــا و میوانداریی خۆم و

میوانەکانیشـمیان کرد. دونیایەک سـوپاسـی هەسـتی بەرزیان ئەکەم. تەڵا خانم چەند سـاڵ پێش ئێسـتا کۆچی دوایی کرد. ڕۆحی شـاد و یادی هەمیشـە زیندوو. ئەو ماوەیە لە چۆمان بە هۆی خواردنی باش و بەکارهێنانی حەبەکانەوە کەمێک باشتر بووم.

جێگای خۆیەتی لەم کاتەدا کە خەریکی نووسینەوەی ئەم بە شـە لە بیرەوەرییەکانمدام یادێک لە شـەهید محەممەد حەسـە نپور بکەمەوە. ٨ی سـیپتامبری ٢٠١٨ دەسـەڵاتی داگیرکەری ئێران بە موشـەک هێرشـی کردە سـەر بنکەو بارەگاکانی هەر دوو لایەنی حیزبی دیمۆکرات کە ئەنجامەکەی هەتا ئێستە کە خەریکی نووسـینەوەی ئەم دێڕانەم ١٤ شـەهید و نزیکەی ٤٠ بریندار بوو کە دوو لەو شـەهیدانە کاک محەممەد حەسە نپور و هاوسـەرەکەی خاتوو نەسـرین حەداد بوون. ڕۆحی گشت ئەو شەهیدانە شاد و یادیان هەردەم زیندوو.

## کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستانی بانە

دوو مانگ حەسانەوە و حەب خواردن پێکەوە تەواو بوون. هەواڵم زانی کۆمیتەی شـارسـتانی بانە بە نیازی هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە شـارسـتان خەریکی ڕێکخسـتنی کۆنفرانسـێکن. لە دەفتەری سیاسییەوە دوکتۆر سـەعید وەک چاودێر بۆ بەشـداری کۆنفرانسـەکە هاتبووە گوندی نیروان. من بە تەمای زیاتر ڕاگەیشـتن بە ماڵومنداڵ و تەندروسـتی خۆم زۆرم ئاگا لە وردەکارییەکانی ئەم کۆنفرانسـە نەبوو. وایشـم بیر ئەکردەوە لەو کاتەدا منیان لە بیر چووبێتەوە. بە لام نـامەیەکم لە دوکتۆر سـەعیدەوە بۆ هـات کە تێیـدا

بانگهێشتنی بەشداریی کۆنفرانسی کردبووم. چوومە نیروان و دوکتۆر سەعیدم بینی. گوتی کاک ڕەشید، من هاتوومە ئێرە بۆ چاودێری ئەم کۆنفرانسە، داوات لێ دەکەم بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی شارستان خۆت کاندیت بکە. گوتم کاک دوکتۆر، من کە لە بانە نەمام و چوومە پیرانشار هۆکار نەسازان و ناکۆکیی نێوان من وەک فەرماندەی هێز و ئەندامانی کۆمیتەی شارستان بوو. لە لایەکی دیکەشەوە بە دوای ڕۆیشتنیشمدا ڕۆژ نەبوو قسە و قسەڵۆک نەبیستمەوە. ئەو ماوەیەش کە لێرە نەماوم ئاگام لە گۆڕانکارییەکانی نێو کۆمیتە نەماوە. جا بەو هۆیانەوە هیچ زەمینەیەکی گونجاو نابینم بۆ دیسان هاتنەوەم بۆ ئێرە ئەمە جگە لەوەی کە نازانم ئەنجامی دەنگەکانیش لە سەر من چۆن دەبن. لە وەڵامدا کاک دوکتۆر گوتی تۆ ئەوەندە پێشینەیەکی باشت لە نێو پێشمەرگەدا هەیە کە دڵنیام دەنگ دەهێنیتەوە. گوتم ئەگەر بەڕێزت بە پێویستی دەبینی ئەوە من لەسەر داوای جەنابت خۆم بەربژێر ئەکەم.

کۆنفرانس دەستی بە کار خۆی کرد. دوای دوو ڕۆژ قسەوباسی چڕوپڕ و ڕەخنە و پێشنیار، کۆتایی بە بەشی یەکەمی هات. لە بەشی دووەمدا هەڵبژاردن و دەنگدان بۆ کۆمیتەی نوێ کرا. لە ڕادەی زیاد لە پێویست دەنگم هێنا کە بۆم جێی پرسیار بوو. دوکتۆر سەعید گەڕایەوە دەفتەری سیاسی. ڕۆژی دوایی کۆمیتە بە بەرپرسیارتی کاک هاشم کە ریمی کۆبوونەوەی بۆ دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتی ئەندامان کرد. بەرپرسایەتیی کۆمیتەی ناوچەی حەوتەوانە درایە من. پێشتر بەرپرسی ئەم کۆمیتەیە کاک شێخ

عوسمانی خالیدی خەڵکی مەریوان بوو. ئەو کاتەی من بوومە بەرپرســـــی کۆمیتەی حەوتەوانە بنکەکەی هاتبووە گوندی بەردەڕەش لە ناوچەی کیوەرۆ.

پێم خۆشــە قســەیەکی ڕاســت و حەقی کاک شێخ عوســمان لێرەدا بنووســـــم. کــاتی تەواوبوونی هەڵبژاردنی کۆمیتەی شــــارســــتانی بانە و نەهێنانەوەی دەنگ گوتی من پێش کۆنفرانس ئەندامی کۆمیتەی شارستان و بەرپرسی کۆمیتەی حەوتەوانە بووم. پێش بەستنی کۆنفرانس لانیکەم دە کەس لە هاوڕێیانی ئێرە داوایان لێم کرد خۆم کاندید بکەمەوە. ئێســتا دەبینم تەنانەت دەنگی ئەو کەســـانەشـــم نەهێناوەتەوە کە هانیان ئەدام. ئێســتا بۆم پرســیارە ئایا ئەو کەســانە درۆزنن یان واتای ســـیاســـەت ئەوەیە؟ قســـەی دووەمم ئەوەیە لە کۆنفرانســـــی پێشـــودا پێش بوونم بە ئەنــدامی کۆمیتەی شــارســتان و بەرپرســی کۆمیتەی حەوتەوانە بە گومان بووم لەوەی دەنگی پێویســـت بهێنمەوە، ئاخر نە کارێکی ئەوتۆم لێرە بۆ حیزب کردبوو نە بەو شـــێوەیەش ناســـرابووم کە دەنگی متمانە بهێنم، کەچی بە زیادەوە دەنگم هێنا. ئەم جارە کە ماوەیەکە بەرپرســی کۆمیتەی حەوتەوانە بووم و چالاکیی باشــم ئەنجام داوە بە بۆچوونی خۆم دەبوو دەنگم لە جاری پێشـــوو زیاتر بهێنایە، بەڵام وا دەرنەچوو. بۆیە ئەبێ بڵێم خەڵکی بانە بە ڕاســتی عەجایەب و ســەیر و ســەمەرن یان ســیاســەتە ئاوا یاری بە خەڵکی ئەکات !ســەیر ئەوەیە کاک ڕەشــید کە دوو ساڵە لێرە نەماوە و خۆی حوزوری نەبووە، من ئاگام لێیە دژبەرەکانی چەندە تیرۆری کەســـایەتیی ئەو هــاوڕێ حیزبییە ئەکەن و چەنــدە قســـــەی نــاڕەوایــان بۆ

هەڵبەستووە دوای ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانە کە لە بانە هەیبوو. بۆیە قەت لەو باوەڕەدا نەبووم من بەو کەیسەی هەمبوو دەنگ نەهێنم و کاک ڕەشیدیش بەو شێوەی لێیان دەخوێند دەنگ بهێنێتەوە. وێدەچێ نهێنییەک لە پشت ئەم هەڵبژاردنانەوە هەبێ کە بەرپرسانی سەرێ چۆنیان پێ خۆش بوو ئاوا سەروخواری پێ دەکەن!؟

بە باوەڕی من قسەکانی کاک شێخ عوسمان ڕاست و حەق و لە جێی خۆیاندا بوون. من لە ژیانی حیزبایەتیی و سیاسیی خۆمدا لەم هێنان و دانان و لابردن و هەڵپەساردنانەم گەلێک بینیون. بە داخەوە بەشێکی سەرەکیی ئەم کردەوە ناڕەوایانە ئەگەڕێنەوە بۆ دەستە و دەستەبازیی نێو دەسەڵاتدارانی سەرێ. ئەوان بەپێی ویست و بەرژەوەندیی خۆیان چۆنیان پێ خۆش بوو ئاوای ڕێک دەخەن. ئەکرێ بڵێم کەم کەس لە سیاسەتدا هەیە لەسەر بنەمای کار و تێکۆشان مافی خۆی پێ درابێ. داوتر دێمەوە سەر وتە ڕاست و دروستەکانی شێخ عوسمان خالیدی.

## کار و ئەرکی نوێم

پێشتر ئاماژەم پێدا لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای کۆنفرانسدا ئەرکی ئەندامانی کۆمیتە دیاری کران. من هاوکات کە ئەندام کۆمیتەی شارستان بووم ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی کۆمیتەی حەوتەوانەشم پێسپێردرا. تێکڕای ناوچەی دەشتەتاڵ و کیوەرۆ بە گوندەکانییەوە سەر بە کۆمیتەی حەوتەوانە بوون. کارەکان و پێڕاگەیشتن بەسەر ئەو گوندانەدا زۆر بوون. گرفتێکی دیکەش ئەوە بوو کە بەشێکی ئەو ناوچەیە

کەوتبۆوە ژێر دەســـەڵاتی ڕێژیم. بەو هۆیەوە دەبوو بۆ ڕاپەڕاندنی کاری حیزبی بە شـەو بچووینایە نێو ئەو گوندانە. ئەمەش بۆ کەوتنە نێو کەمینی دوژمنەوە بێ مەترسی نەبوو.

خەباتی ئەو سـەردەمەمان بە هۆی نزیک بوون لە مۆڵگە و بۆسـەی دوژمنەوە چووبووە ئاسـتێکی نهێنی و نیوەئاشـکرا. سـاڵێک بەو چەشـنەش خەباتمان بردە پێش. کارەکانی کۆمیتەی حەوتەوانە لەگەڵ گشت کەموکووڕییەکانی سەردەم دەچوونە پێش. هاوکات هێرشـەکانی دوژمن بەردەوام بوون و بە هەر ماوە جارێک ناوچەیەکی دیکەیان لە دەسـت پێشمەرگە دەهێنایە دەر. هێزی دوژمن زۆر و لە بڕاننەهاتوو بوو. لە چەک و تەقەمەنیشـدا کەمیان نەبوو. لە گرتنەوەشـدا هیچ پەلەیان نەبوو. ئێستا ئیتر نۆرەی گرتنەوەی ئەو ناوچانە هاتبوون کە بنکەکانی ئێمەی لێ جێگیر بوون. گرتنەوەی ئەم شوێنانە تەنیا جێی بە پێشمەرگە و بنکەکانیان تەنگ نەدەکرد بەڵکو تێکڕای خێزانی پێشمەرگەکانیش دەبوو لەوێ بڕۆن.

هێرش دەسـتی پێکرد و لە پێشـدا بەرزاییەکانی چیای گاکڕ گیرانەوە. ئەم لووتکەیە هێندە بەرزە کە بەشـی هەرە زۆری ناوچەکانی بانە و بەشێک لە سەردەشتی لێوە دیارە. تەنانەت دەڕوانێتە ناوچەکانی بەری سـوورکێو و چیای گمۆ. زۆری نەبرد داخزانە خوارێ بۆ نزیـک گونـدەکـانی کیوەڕۆ. لەم بەشـەشـدا بەرزاییەکی دیکە هەبوو کە کۆنترۆڵ بەسـەریدا گرنگی خۆی هەبوو. ئەم بەرزاییەش کە بە کێوی گردەڕەش دەناسرا، گیرایەوە. ئێستا لە بەری کاگڕ و گردەڕەشەوە هێز و مۆڵگەی ئێرانی لێ بوو. لەوبەریش (باشوور) کێوی گمۆ و گوندی سـوورەزێ و ناحیەی باسـنێ هێز و مۆڵگەی

حکومەتی عێراقی لێ بوو. ئێرە بە سـنووری ئێران عێراق دەناسرا لە کاتێکدا سنووری دوو شاری سلێمانی و بانەیە. چەمێکیش کە لە نێوان ئەم دوو زنجیرە کێوەدایە سـنووری ئەم دوو بەشەی کوردستانی بە ناوی سنووری ئێران عێراق دیاریی کردووە. تێبینی: لە لاپەڕەکانی دواییدا و لە شـوێنی خۆیدا دێمەوە سـەر چۆنیەتی گرتنەوەی ئەم ناوچانە و شەڕەکانی.

ڕێک لەسەر ئەم چەمە گوندێک هەبوو بە ناوی چۆمان. ماڵ و خێزانی من لە درێژەی ئەم چەند سـاڵەدا کە لە شـار هـاتبوونە دەر، لەم گونـدە دەژیـان. چۆمـان لە مۆڵگەی گردەڕەشەوە نزیک بوو. بۆیە دەبوو لێرەش بگوێزینەوە و لە شـوێنێکی دیکە هەواری غەریبی هەڵدەین. هەوارگەی ئەم جارەمان کۆنە گوندێکی بەری باشوورە بە ناوی شاناخسێ. چەند ساڵ پێش شۆڕشی گەلانی ئێران بەپێی ڕێککەوتنێک لە نێوان حکومەتەکانی شـای ئێران و بەعسـی سـەددامدا ئەم گوندە و سەدانی دیکەش بە درێژایی تێکڕای سنووری ناوچە کوردییەکـان و بە پـانتـایی دە کیلۆمەتر خەڵکەکەیـان بە زۆرەملی ڕاگوێزرابوون و دێیەکانیش بە هەموو سـامانی سـرووشـتی و ئاسـەواریی مرۆڤایەتییەوە تێک و خاپوور کرابوون. سـەددام حوسـێن بەڵێنە دیکتاتۆرییەکی خۆی ئە نجامدا و ماڵ و حاڵی دەیان هەزار گوندنشـینی ئەم سـەر سـنوورانەی تێکدان. شـای ئێران فریا نەکەوت بەڵێنی خۆی بباتە سەر کە پێش هەموان کۆشک و تەلاری ئەو بە دەستی گەلانی ئێران داڕما. ئەم گوندە چۆڵکراوانە لە زاری حکومەتی بەعسـەوە بە منطقەمحرمە ناو دەبرا. بەو پێیە کەس بۆی

نەبوو لەوێ بژی. جاروبار فڕۆکە و هەلیکۆپتەری بەعسی بەسەردا دەفڕی و ماشەڕایی ئاگربارانیان دەکرد کە زۆر جاران کاروانچیی ئەو سەر سنووورە پێوە دەبوون. ئێستا ماڵی ئێمە و دەیان ماڵی دیکەی پێشمەرگە لەم ناوچە مە حەڕەمە پڕ لە مەترسیانە لە نێو کەپر و خێوەتدا دەژیان کە لەژێر مەترسی دوو دوژمندا بوون.

لە بەری ئێرانەوە بەرامبەر کەپری ماڵە پێشمەرگەکان لە کێوی گردەڕەش مۆڵگەی سەرباز و پاسداری ئێرانی لێ جێگیر کرابوو. دیارە کەپرەکان بەو هۆیە کە لەمدیو گردۆڵکەیەکەوە بوون، ڕاستەوخۆ لەوانەوە دیار نەبوون. بەڵام ئەیانزانی ماڵە پێشمەرگەی لێ هەیە بۆیە جاروبار بەر گوللە تۆپ ئەدران و ئەو دەشت و دۆڵەیان دەسووتاند. بە هاتنی ئەم ماڵانە و ئاوەدانی ناوچەکە ئاژەڵی کێویش لێمان کۆ دەبوونەوە. لە ڕەوە بەرازی کێوی و ورچ و گورگەوە بگرە هەتا مار و دووپشک و هەڵەپەزە بەردەوام میوانی شەو و ڕۆژمان بوون. زۆربەی شەوان بە تەقەی گوللە لە نێو کەپری یەکێک لە هاوڕێیانی خۆمان ڕادەپەڕین کە بە ئاژەڵێکی دڕندەی کێویەوە ئەندرا. ئەمە بەشێک بوو لە ژیانی شەوانەی ئێمە. لە باری گوزەران و بژیوی ڕۆژانەشەوە لەوپەڕی دەستکورتیدا بووین. خۆ ئەگەر جاروبار جەڵەبێک بەو نێوەدا تێپەڕ نەبوایە و بە خێری خۆیان ئیجازەی دۆشینی مەڕیان نەدایە لە هەموو ماست و شیر و سپیاییەک دوور بووین. جاروباریش لە گوزەری ئەم چێودارانە بە پەنامانددا مەڕێک ئەکڕدرا و گۆشتەکەی بەسەر کەپراندا

دابەش ئەکرا.

کەمێـک لەولای کەپری خێزانەکـانەوە بنکەی ڕێکخراوی حەوتەوانە هەبوو. لەم بنکەیەدا نزیـک بە دە پێشـــمەرگە هەبوون. بە ڕۆژ بۆ خۆپاراسـتن لە دەسـڕەسـیی دوژمن و هەلیکۆپتەر دەچووینە ژێر سـەـیبەری چڕوپڕی دارە گوێزەکانەوە بەڵام بە شـەو حەوانەوە لە ژێر دارگوێزدا بە هۆی گـازێک کە هەیبوو، زۆر زەحمەت بوو. بۆیە نـاچـار لەولای دار گوێزەکانەوە ســـەنگەرمان هەڵکەندبوون و بۆ خەویش کەڵکمـان لێ وەردەگـرتـن، ئەگەر مـێشـــوولە بیانهێشتایە. بە کورتی بڵێم لە شریقە و گرمەی فڕۆکەو زرمە ی تۆپ و شـەڕەوە بگرە هەتا ویزەی مێشـوولە، هەر یەکەو بە جۆرێک ژیانیان پێ تاڵ کردبووین. گوایە دووکەڵی تەپاڵە دوژمنی مێشـــوولەیە بۆیە بە ڕۆژیش بە دوای دۆزینەوەیدا دەکەوتینە دەشـت و دەر و ئەم شـتە نایابەمان ئەهێنایەوە تا بەگژ مێشوولەیدا کەین.

## گواستنەوەی دەفتەری سیاسی بۆ باشووری کوردستان

لە پاییزی ١٣٦٢ی هەتاویدا ناوچەی ئالانی سـەردەشـت کە دەفتەری سیاسیی حیزبی لێ بوو لە لایەن ڕێژیمەوە دوای چە ندین ڕۆژ شەڕ و پێکدادان لە لایەن هەردوو لاوە سەرئەنجام حیزب پاشـــەکشـــەی کرد و نـاوچـەکـە داگیر کرایەوە. ســـەرکردایەتیی حیزب گواســـتیەوە بۆ گوندی گەورەدێ لە باشووری کوردستان. گرتنەوەی ئەم ناوچەیە زۆر بە باشی پلانی بۆ داندرابوو. دوژمن بە هێزێکی زۆرەوە بە پشتیوانیی هەلیکۆپتەر و تۆپخانەوە لە دوو قۆڵی بەرزاییەکانی پشـــتی

گوندی بێژوێی ئالانی سەردەشت و هەروەها لە ناوچەی بانە لە بەرزایی و ڕێگەوبانەکانی کیوەرۆ و ئالۆتەوە ئەم هێرشەی کرد و سەرکردایەتیی حیزبی ناچار بە گواستنەوە بۆ کوردستانی ئەودیو کرد. بەداخەوە ئەم شکستە ورەی پێشمەرگەی دابەزاند و هاوکات کاریگەریی خراپی لەسەر جەماوەر دانا.

پێشتر باسی گوندی شاناخسێ و بنکەی حەوتەوانەم کرد کە بە هۆی نزیک بوونی لە مۆڵگەی گردەڕەشەوە هەردەم لەژێر مەترسیی تۆپباراندا بوو. ئێستا ئەو مەترسییە بە هۆی گرتنەوەی ئالانی سەردەشتەوە زیاتریش ببوو. چونکە شاناخسێ هەم لە ئالانی سەردەشتەوە دیارە هەم لە مۆڵگە کانی کێوی گردەڕەشەوە. سەرباری زیاتر بوونی هەڕەشە و مەترسیی دوژمن بۆسەر ماڵ و بنکەی پێشمەرگە هەوا بەرەو وەرزی سەرما ئەڕۆیشت و لە پاییز نزیک ئەبووینەوە. حەوانەوەش لەو شوێنە لە وەرزی سەرمادا مەحاڵ بوو بۆیە دەبوو دیسانەوە بکەوینە دۆزینەوەی مەنزڵێکی دیکە. هێشتا لەو کەپرانەدا بووین ڕۆژانە شاهیدی کۆچی دەیان ماڵە پێشمەرگە و کادری حیزبی بووین کە بە پەنای ئێمەدا دەهاتن و ڕێگەی نادیاری غەریبایەتی و دەربەدەرییان دەگرتە بەر. لەو پێشمەرگە و کادرانە کاک عومەری ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی ئیجرایی کومیتەی شارستان، کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی بەرپرسی بەشی سیاسیی هێز، کاک خەلیفە ساڵحی باوکی کاک عومەر و حاجی دەروێشی وەیسی ئەندامی حیزب و چەند ماڵە پێشمەرگەیەک بە پەناماندا هاتن و بەرەو گوندەکانی کوڕاداوی و گۆرانگە سەر بە قەزای چوارتا

کۆچیان کرد.

کۆچی ئەم هاوڕێیانە هانی ئێمەشـــی دا لە مشـــوردا بین. دووقۆڵی من و کاک تاهیر کە یەکێک بوو لە کادرەکانی کۆمیتەی حەوتەوانە ملی ڕێمان بەرەو ئەو گوندانەی نزیک قەڵاچوالان و چوارتـا گرت. ئەم دێ بۆ ئەو دێ بەتەمـای خانووە چۆڵێک یان لانیکەم ژوورێک لە دەرگای ماڵانمان ئەدا. دوای گەڕانێکی زۆر لە گوندی وەڕاز بە ئەمانەتی دوو مانگ فێرگەی گوندمان وەرگرت بەو بەڵێنە پێش کردنەوەی قوتابخانە و دەستپێکردنەوەی خوێندن دەبێ چۆڵی بکەین. تا ئەو کات خوا کەریمە. ئیتر بە تێکرا ماڵ و خێزان باروبنەمان پێچـایەوە و لـە گونـدی وەراز بە عەرزمـانـادا دا. مـاڵمـان دامەزراند و خۆمان پیاوەکان گەڕاینەوە بنکە. لەبەر ئەوەی خانووی وەڕازمان کاتیی و بۆ ماوەیەکی کورت بوو دەبوو لە بیری مەنزڵی داهاتوودا بین و ئەوێ چۆڵ کەین. بیرم ئە کردەوە منێکی نەناسـراو لەو گوندانە و بەم شـێوەیە چوونە بەر دەرگای ماڵان بۆ دۆزینەوەی خانوو مەحاڵە شـتێکی لێ شـــین بێ. چی بکەم باشـــە، کاک عەلی چوارتایی کادری نیزامیی یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردســـتان و بەرپرســـی ئەو ناوچەیە کەهەمیشـە وەک هێزێکی گەڕۆک لە حاڵەتی گەڕاندا بوون، داوی یارمەتیم لێکرد. ناوبراویش نامەیەکی نووسی و دایە دەستم کە پیشانی موختار کوێخای ئەو دێیانەی بدەم بۆ یارمەتیدان بۆ دۆزینەوەی خانوو. دوای گەڕانێکی زۆر لە گونـدی بەردەزەرد خـانوویەکمـان پەیـا کرد. هەرچەنـد ئەم خانووە زۆر کۆن و پەرپووت بوو و هەر ئان مەترســـیی دارمـــانی هەبوو بەڵام لە دۆخێکی ئـاوادا بۆ ئێمە وەک

کۆشـــکێک وا بوو. کاک تاهیریش لە هەمان دێ قوژبنێکی دۆزیەوە.

چووینە مەنزڵی نوێوە. بە نایلۆن بن میچ و دیوارەکانمان داپۆشـــین. خانوو لەبەر کۆنیی خۆی لە کاتی ڕۆیشـــتن لە ژوورەکاندا دەلەرییەوە. عەرزی ژوورەکان لە نێوەڕاســـتەوە هێنـدێـک ڕۆچووبوون. گوێســـوانـەکـانی خراپ بوون. بە بارانێکی کەم لە دەیان شـــوێنی بن میچەوە دڵۆپە دەســـتی پێدەکرد. داوام لە کوێخای دێ کرد چەند کرێکارێکم بە کرێ بۆ پەیا بکات بۆ ئەوی گوێسوانەکانی چاک کەین و گڵەبانێکی بانەکەی بکەینەوە و دڵۆپە کەم بێتەوە. کوێخا داوای لە هەر کەســێک کردبوو گوتبوویان کار بۆ ئێرانیان ناکەین. کرێکار کە پەیـا نەبـوو تەنـانەت کەرەســـــتەی گـڵەبـان و پێداویستییەکانیشیان پێ نەدەفرۆشتین. دوای پاڕانەوەیەکی زۆر کابرایەکم بە پارەیەکی دوو سێ بەرامبەر ڕازی کرد لە گەلاجاڕی خۆی دوو باری وەلاخ گەلامان پێ بفرۆشـــێ. گەلامان بۆ هات، ناچار لەگەڵ مەجید و بەختیاری کوڕم هەر چەند ئەودەم لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بوون و زۆر توانای کـاریـان نـەبوو، بـەلام قۆڵمـان لێ هەڵمـاڵی و کەوتینە گوێســـوانان. ئەوان لە لاپاڵێکەوە بە گوێنی خۆڵیان دهێنا و منیش گوێســـوانانم بە گەلا و خۆڵ پینە دەکرد. لە گەرمەی کاری گوێســـوانان‌دا بووم دەســـتەیەک چەکدار بە پەناماندا هـاتن. ئـەم جـەمـاعـەتـە کـاک غەریـب کونجرینی ئـامر مەفرەزەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، لەگەڵ چە ند پێشمەرگەیەک. دڵم خۆش بوو کە مەفرەزەیەکی پێشمەرگە م لەم بێدەرەتانییەدا بینی، ئەویش دەســـەلاتداری ناوچە و

کۆنە ناسیاوێک کە دەستڕۆیشتوو بوو. خۆم ئامادە کرد بۆ ئەوەی بەپیریەوە بچم، بەڵام ڕووی وەرگێڕا و وەک ئەوەی کەسی نەدیبێ لێمان تێپەڕ بوو. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕادیۆی یەکێتیی خەڵکی ئەو دێهاتانەی هان ئەدا بۆ یارمەتیدانی ئەو خێزانە لێقەوماوانە کە لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕوویان لەو ناوچانە کردبوو. لە لایەکی دیکەیشەوە کاک غەریب منی باش ئەناسی و لە کاتی دەسەڵاتدارەتی ئێمە لەودیو زۆر جاران بۆتە میوانی بنکەکانمان و ڕێزی تایبەتیی لێ گیراوە.

دەی گوێ مەدەرێ، گرنگ ئەوەیە خانوومان هەیە و ئەم زستانەی تێدا بەهار ئەکەینەوە. دوای دەستپێهێنانێکی دیکە بەسەر خانوودا گەڕامەوە بنکەی خۆمان لە شاناخسێ. بەر بناری سوورکێو هێشتا بە دەست پێشمەرگەوە بوو. بنکەکانی هێز و کۆمیتەی شارستانیش لە شوێنەکانی خۆیان مابوون. ئیتر بە هیوای ئەوە کە بتوانین ئەو زستانە بە سەرما و سەختییەکانی و دنیایەک گیروگرفتەوە بەرێکەین.

## نزیکبوونەوە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب

پێش بەستنی کۆنفرانسی کۆمیتەی شارستان کۆمیتەی ناوچەکان کۆنفرانسی خۆیان پێکهێنا. دوای تەواو بوونی کۆنفرانسی کۆمیتە ناوچەکان کۆمیتەی شارستان کۆنفرانسی خۆی لە گوندی نیروان ڕێکخست. ڕۆژی کۆنفرانس لە کاتی خۆ ئامادە کردن بۆ کۆبوونەوە لە ناکاو کەوتینە بەر ڕەهێڵەی خومپارەبارانی مۆڵگەی ڕێژیم لە بەرزاییەکانی گوندی ئارمردەوە. ئەو کاتە ئارمردە گوندێکی سەد ماڵی بوو. ئەم مۆڵگەیە زیاتر لە ساڵێک بوو لەو شوێنە بوو و لەو

ماوەدا هیچ جۆرە چالاکییەکی سـەربازییان ئەنجام نەدابوو بۆیە ئێمە هیچ بیرمان لەوە نەکردبۆوە کە لەو ڕۆژەدا بە یارمەتی چاوساخانی نێوخۆیی، دوژمن دەستی خۆی ئاوا بوە شێنێ و ئاوا غافڵگیرمان ئەکات. ئەمە بەدوای ئەوەدا هات کە ڕێک ڕۆژی پێش کۆنفرانس پێشـمەرگەیەک کە ناوەکەیەم لە بیر نەماوە خۆی تەسـلیمی ڕێژیم کردبۆوە و هەواڵی ئەم کۆنفرانسـەشـی بە دیاری بۆ بردبوون. لەم خومپارەبارانەدا بەداخەوە چوار کـادر شـەهیـد بوون. عومەری ڕەحیمی ئەندامی کۆمیتەی شـارسـتان، عێزەت مەحمودزادە، ڕەحمان مەولودی و ئەنوەر (پاشـناوەکەیم لە بیر نەماوە) کە هەر سـێکیان ئەندامی کۆمیتەی مەیدانان بوون شـەهیدی ئەم هێرشەی دوژمن بوون. سڵاو لە گیانی ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە و ڕۆحیان شاد.

ڕۆژی دوایی جەنازەی شەهیدانمان لە گۆڕستانی گوند بە خاک سپارد. خۆیشمان لەبەر ئەوەی ئەو گوندە نەکەوێتە بەر هێرشـی دڕندانەی دوژمنەوە لە دێ هاتینە دەر و بنکەمان گواسـتەوە. لە شـوێنێکی نەدیو و دوورتر لە مۆڵگەی دوژمنەوە لە بن دارگوێزاندا لە بەربناری کێوی سـوورکێو درێژەمان بە کارەکانی کۆنفرانس لەژێر ناوی کۆنفرانسـی شـەهید عومەر ڕەحیمی دا. لە کاتێکدا ئەمە حاڵی شـۆڕش بوو، هەر ڕۆژەی شوێن و ناوچەیەکمان لێ دەسێندرایەوە و تەنانەت چواردیوارییەک نەبوو کۆبوونەوەی تێدا بکەین و لە بن داری گوێزاندا خۆمان حەشـار ئەدا، دیسـان دەسـتە و جیناحبازی لەم حاڵەتەشـدا هەر گاڵەی دەکرد. لەم کۆنفرانسـەدا بە ئاشکرا دەستەبازی و بیری چینایەتی بەدی

دەکرا. من بە گوێی خۆم گوێم لە کۆمەڵێک لە ئەندامانی بە شـــدار لە کونفراس بوو کە پێشـــتر فەقێ بوون دەیانگوت "قشـری ڕەئی بدەن" .ئەم فەقێیانە مەلا عەلی کیتابی کادری کۆمیتەی شـارسـتان، مەلا مەحمودی بەردەبووک سـەرپەل و کادری نیزامی، مەلا کەریم کادری نیزامی، لەگەڵ کۆمەڵێکی دیکە هاوکاری ئەو بیرەو ئەو جۆرە دەنگە بێ وەختانە بوون.

بەداخەوە ئەم هاوڕێیانە خەباتەکەیان بە گەزوڕبەی بە قە ولی خۆیان قشـری هەڵدەسـەنگاند و هیچ بیریان لە خەباتی نەتەوایەتی بە هەموو چینەکانییەوە نەدەکردەوە. لای ئەوان تەنیا چینی جوتیار شـایانی ئازادی و سـەربەخۆیی بوو، جگە لە چینی جوتیـار ئەوی دیکە هەمووی سـەرمـایەدار و دەرەبەگ بوو کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە مافی شـۆڕشـگێڕی و خۆفیداکردنیشـیان نەبوو. دەبێ دیانی پێدا بێنین ئەم شـێوە بیرتەسکییە هەردەم لە شۆڕشەکانماندا هەبووە و هەمیشەش خەساری گەورەی لێ داوین، بەڵام بە بڕوای من بۆ نەتەوەیەک کە داگیر کراوە باش وایە سەرجەم چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە بە ڕێز گرتن لە یەکتری بۆ ڕزگاریی و ئازادیی ئەو گەلە تێکڕا بەیەکەوە بەشداری ئەو خەباتە پیرۆز بن.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو جارە مەلا عەلی کیتابیم بەو چەشنە بینی، بەڵام ناوبراو لەسـەریەک مرۆڤێکی باشـتر بوو لە جە مـاعـەتی دیکـە. لە مـاوەی چەنـد سـاڵ خەبـاتیـدا پلەی بەرپرسـایەتیی گەیشـتە جێگری کۆمیتەی ناوەندی، بەڵام زۆری دەوام نەکرد لەو پۆسـتەدا دواتر بە هەر هۆیەک بوو وازی لە حیزب هێنـا و بەجێی هێشـت. وەک هەزاران لێقەوماوی دیکە پەنای بردە بەر ئۆردوگای ڕۆمادیە. دواتر

لە وەڵاتی دانمارک وەک پەنابەری سیاسی وەرگیرا. بەداخەوە لە ڕووداوی هاتوچوودا گیانی لەدەست دا. ڕۆحی شاد و یادی بەخێر.

بە پێچەوانەی مەلا عەلی دوو هاوڕێیەکەی دیکەیان مەلا مەحمود و ئەو مەلا کەریمەی کە پاڵەوانی جیناحبازی و ڕۆحیەی قشری بوو ئەزیەتی ڕۆژانی سەختیان وەبەرخۆ نە دا و لە دوای تاراوگەنشینیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوور، خۆیان خستەوە نێو باوەشی ڕێژیم و لە پیاوخراپی و خزمەت بە دوشمن گەیشتنە لووتکە.

شێوە بیری قشری و تودەیی و دروست بوونی دەستە و جیناح کە لە کۆمیتەدا کەم نەبوون وای کرد ئەم جارە بە دەنگێک کەمترم لە مەلا کەریم هێنایەوە و بوومە جێگری مەلا کەریم لە کۆمیتەی شارستاندا. ئێستا زۆرێک لەو هاوڕێیانە لە ژیاندا نەماون و باس لە کردەوە ناڵەبارەکانیان خۆش نییە بەڵام چی دەڵێی ئەم شتانە هەموو ڕوویان داوە و بوونەتە بەشێک لە مێژووی حیزبەکەمان کە دەبێ نەوەکانی داهاتوو بیزانن. بۆ نموونە دەکرێ بڵێم ڕەوانشاد کاک غەفوری هەمزەیی کرۆکی ئەم جیناحبازی و دەستەبەندییە بوو.

پێشتر باسی چلۆنایەتیی کۆنفرانسی دەورەی پێشوو و وەبیرهێنانەوەی چەند وتەیەکی کاک شێخ عوسمانی خالیدیم کرد. پێویست بە دوبارە نووسینەوەی قسەکانی کاکە شێخ ناکات بەڵام ڕێک ئەو چۆنی وت و چلۆن لەوی ڕووی دا ئێستا نۆرەی من بوو. ئەم بەڕێزانە لەم کۆنفرانسەدا بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزب هەڵبژێردران: غەفور هەمزەیی، ڕەحمان خدری، فەتاح ئەحمەدی، سەید برایم هاشمی، مەلا

عەلی کیتابی، عوسمان ڕەحیمی و کەمال کەریمی و هەروەها کاک هاشـم کەریمی کە ئەو بە هۆی ئەوە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوو بەبێ هەڵبژاردن مافی بەشـداری کردنی لە کۆنگرەدا هەبوو.

کۆبوونەوە بۆ دابەشـکردنی پۆسـتەکان پێکهێنرا. کاک هاشـم گوتی کاک ڕەشـید، هەرچەند ئەندامی کۆمیتەی شـارسـتان نەماوی بەڵام پێم باشـە وەک بەرپرسـی کۆمیتەی حەوتەوانە درێژە بە ئەرکی خۆت بدەی. گوتم سـپاس بۆ متمانەت کاک هاشـم بەڵام کاری من لێرەدا تەواو بوو. من وەک پێشـمەرگەیەک و ئەندامی حیزب ئەمێنمەوە بەڵام قەبوڵی هیچ بەرپرسـایەتییەک ناکەم. ئیتر نۆبەی مەلا کەریم و هـاوڕێیەکـانیەتی. ئیجـازە بـدە بۆ حەسانەوەیەکی چەند ڕۆژی بچمەوە ماڵێ.

دوای حەوتوویەک گەڕامەوە بنکەی کۆمیتەی شـارسـتان. ئەوەندەی پێ نەچوو هێرشـێکی بەربڵاو بۆ بناری سـوورکێو دەسـتی پێکرد و ئەو ناوچەیەش بەتەواوی کەوتەوە دەسـت هێزی ڕێژیم. بە گرتنەوەی ئەو ناوچەیەش ئیتر شـوێنێکی ئەوتۆ نەما کە مەترسـیی هێزی دوژمنی لەسـەر نەبێ بۆیە بنکەکانی هێز و کۆمیتەی شـارستان گوێزرانەوە بۆ ناوچەی سـیوەیل سـەر بە قەزای چوارتا لە باشـووری کوردسـتان. شوێنی بنکەکان لە خوار گوندی سیرێ وە بوو. ئەو ناوچەیە بە بواڵک ئەناسرا. بارودوخی سەخت وای کرد کە لە ماوەی کەمتر لە سـاڵێکدا بەرودوا کۆمەڵێک کادر و پێشـمەرگە چەکیـان دانـا و خۆیـان ڕادەسـتی ڕێژیم کردەوە. لەوانە

ڕەحمان خدری ئەندامی پێشووی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستان و دوایی ئەندامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی لە بنکەی دەفتەری سیاسی. مەلا ئەبوبەکری فەلسەفی ئەندامی کۆمیتەی شارستان. مەلا کەریمی کۆخی ئەندامی کۆمیتەی شارستان. مەلا مەحمودی بەردەبووک کادری نیزامی و سەرپەل. مەلا کەریم و مەلا مەحمود لە ڕۆیشتنەوەدا بوونە جاش و هاوکاریی ڕێژیمیان لە دژی شۆڕش دەکرد. چەند پێشمەرگەش لە بەشی نیزامی و بەشێکی بەرچاو لە بەشی تەشکیلاتی خۆیان ڕادەستی دوژمن کردەوە. یەک لەو پێشمەرگانە عومەر قایبەردی بوو. ناوبراو لە ڕۆیشتنەوەدا کەسێکی زۆر دژەکوردی لێ دەرچوو بۆیە شۆڕش بە سزای خۆی گەیاند. لە کۆمیتەی حەوتەوانە ناسرە چکۆل خۆی تەسلیم کردەوە و ئەویش بەو چارەنووسەی عومەر قایبەردی تووش بوو. ئەمانەی ناویان هات و دەیان و سەدانی دیکەش بەرگەی ڕۆژی تەنگانەیان نەگرت و تەسلیمی دوژمن بوونەوە. نابێت ئەوەش لەبیر بچێ ئەوانەی ڕۆیشتنەوە هەموویان نەبوونە پیاوی ڕێژیم و ملیان بۆ داواکانی ڕێژیم نەدا بەڵکو بە خۆشیەوە بەشێکی بەرچاو لەو جەماعەتە کە خۆیان تەحویل دایەوە ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێکردەوە و هیچ خراپەیەکیان لێ بەدی نەکرا. ئەوە نەبێ کە چوونەوە لەو کات و ساتەدا کارێکی نەشیاو بوو کە کاریگەری خراپی لەسەر ورەی باقی ئەندامان و پێشمەرگەکان دادەنا. چەند کەسێکیشیان کە بوونە داردەست و هاوکاریی ڕێژیمیان کرد لە لایەن پێشمەرگەوە بە سزای

خۆیان گەیشتن.

لەدەســـتدانی ناوچەکانی بناری ســـوورکێو و جێگیربوونی بنکەی هێز و کۆمیتەی شارستان لە شوێنێک بە ناوی بواڵک لە خوار گوندی سیریێ سـەر بە ناحیەی باسنێ و ڕادەست بوونەوەی ئەندامان سیمایەکی دیکەی لە خەبات و شـۆڕش دروست کرد. ئێستا ئیتر کاروبارەکان وەک جاران نەبوون کە بە ئاسانی پلان و بەرنامە دارێژین بۆ هێرش بردنە سەر دوژمن. ئێســـتا دەبوو زۆرتر لە بیری ئەوەدا بووینایە ئەو کەمە وزە و چالاکییەی پێمان ماوە لەدەستی نەدەین و لێمان نەسـێندرێ. ئێستا تەنانەت وەرزی زسـتانیش لێمان ببووە دوژمنێـک. ئـاخر بۆ ئێمەی لێقەومـاو دەســـتکەوتنی چواردیوارییەک و بن میچێک کارێکی ئەسـتەم بوو بۆیە لە چاوەڕوانیی بەهار و وەرزی گەرمادا زسـتانێکی سـەخت و ساردمان لە خێوەتدا دەگوزەراند.

لەگەڵ فەقێ مســـتەفای یاکوباوا کە هاوتەمەن بووین، چادرێکی بچوکمان لە ســـەر چواردیواریەک هەڵدا و بە پەڕۆوپاڵ کون و قوژبنمان ئاخنی بۆ ئەوەی لە ســـەرمای زسـتان لە ئاماندا بین بەڵام لێرەش و لەم دۆخە شـڕەشـدا تۆپ و خومپـارەی دوژمن دۆزینیەوە. بیرمـان کردەوە مانەوەمان لێرە جگە لە مەترسیی کوژران و بریندار بوون چ سوودێکی دیکەی نییە بۆیە ئێرەشمان بەجێهێشت و چووینە دەوروبەری گوندی شـاناخسێ لە ناوچەی ئالانی سەر بە قەزای چوارتا، بەڵام بە هۆی سەرما و سۆڵی زستانەوە نەکرا خانوو دروســـت بکەین بۆیە چووینەوە نێو چادران و بە سـەختی شـانمان بۆ سـەرمای ئەو زسـتانە شل کرد. لێرەش

لەگەڵ فەقێ مستەفا یەکمان گرتەوە و چادرمان بە خڕەبەرد و هەژگ و هەڵاژ نیوە داپۆش کرد.

### کۆنگرەی شەشەم و کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی لەسەرم

لەو کۆنگرەدا کاک هاشمی کەریمی کە پێشتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە بوو بۆ ئەندامەتیی دەفتەری سیاسی دەنگی هێنایەوە و بانەی بەرەو دەفتەری سیاسی بەجێ هێشت. کاک غەفور هەمزەیی کە پێشتر ئەندامی کۆمیتەی شارستان بوو بەرپرسایەتی گشتیی کۆمیتەی شارستانی پێسپێردرا. بوونی کاک غەفور بە بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی بانە بۆ من هەواڵێکی دڵخۆشکەر نەبوو، چونکە لەگەڵ یەک ناکۆک بووین و کارکردنم لە کۆمیتەی شارستاندا ئیتر بۆ زەحمەت بوو کە کاک غەفور بەرپرسی بێت. بێ سێ و دوو گەڕامەوە لای ماڵباتم لە بەردەزەرد و بڕیاریشم دا هەتا کاک غەفور بەرپرسی کۆمیتەی شارستان بێت نەگەڕێمەوە.

### ژیان لە بەردەزەرد لەو دانیشتنە کاتییەمدا

خێزانی ماڵە پێشمەرگە لە هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لەو گوندانەی نزیک ماوەت، قەڵاچوالان، چوارتا و کەناروێ بڵاو ببوونەوە. کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی کە پێشتر ماڵی لە گۆرانگە بوو هاتبووە واژە لە نزیک بەردەزەردەکەی ئێمە. ئەویش بە هەر هۆیەک بێ وازی لە حیزب هێنابوو. زۆر جاران یان ئەو ئەهاتە بەردەزەرد و شەو لامان ئەمایەوە و

به قسەی خۆش شەومان درەنگ ئەکرد یان ئێمە ئەچووین بۆ لای ئەوان. شوێنێک کە بە ڕۆژ ڕوومان تێدەکرد و یەک دوو کاتژمێر پشوویەکمان لێ ئەدا گۆڕستانەکەی پەنای ئاوایی بەردەزەرد بوو کە بە چەند داربەڕووی گەورە داپۆشرا بوو. بەکارهێنانی ئەو دارە وشکانە وەک سووتەمەنی بە گوێرەی نەریتی ئایینی ناوچە حەرام بوو. خواردنی بەڕوویەکانیش هەر زۆر بڤە بوو. هەر جارێک ئەچووینە ئەوێ ئەو نەریتەمان پشت گوێ ئەخست و بە ئاگری داری وشک و برژاندنی بەڕووی گەورە سەیرانی ئەو ڕۆژەمان ئەکرد و بەشی خێزانیشمان ئەبردەوە. ڕۆژێک هەواڵم زانی کاک فەتاحی ئەحمەدیش وازی لە فەرماندە هێزی بانە هێناوە. دوای ئەم وازهێنانە ئەگەڕێتەوە ماڵی خۆی لە (مجمعە)ی کەناروێ. لە دوای کاک فەتاح کاک سەید برایمی هاشمی دەکرێتە فەرماندەی هێز.

زۆری نەخایاند وتوویژ لە نێوان حکومەتی عێراق و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دا دەستی پێکرد. ئەم وتوویژە لە بەرژەوەندیی ئێمەی ماڵە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتدا بوو کە لەو ناوچانە بڵاو ببووینەوە. ئاخر کاتێک ئاگربەست ڕاگەیێندرا و نوێنەرانی هەر دوو لایەنی وتوویژ لە هاتوچۆی یەکتردا بوون ئیتر پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانی بە ئازادی هاتنە نێو شارۆچکەکانەوە. ئەمە کارئاسانی بۆ ئێمەش کرد بە ماڵەوە خۆمان بەو شارۆچکانەدا کرد و ئیتر ژیانی پڕچەرمەسەریی گوندمان بەجێهێشت. ماڵی ئێمە و کاک عەبدوڵڵا ئیقدامیش بە دوای ماڵی کاک فەتاح و کاک سەلیم ئەحمەدی و ماڵی مەحمود ئاغای تاژان کە کاک عەلی کوڕی،

یەکێک بوو لە سەرپەلەدانیشتووەکانی حیزب، هەموو لە ١٩٨٤دا هاتینە قەڵاچوالان. جگە لەم کەسانەی ناوم هێناون کۆمەڵێکی زۆری دیکەی کوردی ڕۆژهەڵات کە لە حیزب و ڕێکخراوەکانی خۆیاندا نەمابوون هاتنە قەڵاچوالان و هەر یەکە بە جۆرێک کەوتنە دۆزینەوەی کارێک بۆ بژیوی ژیانیان. لە شانسی ئەم ئاوارانەدا بازاڕێکی کڕین و فرۆشی لێ کرایەوە کە هەموو پێداویستییەکانی ماڵی تێدا دەست دەکەوت. کەلوپەلی ئەم بازاڕە لە ڕێگای قاچاخەوە لە ئێرانە وە ئەهاتە گوندی سەفرەو گەلاڵە. حکومەتی عێراق لەو کاتانە دا زۆر گوێی بەو جۆرە کاسپیانە نەدەدا و ڕێگریی نەدەکرد. ژیان و گوزەرانی خەڵکی (مجمعە)کانیش زۆرتر لەو بازاڕاوە دابین ئەکرا. بەشی زۆری مشتەرییەکانیش جاش و عەسکەری حکومەت بوون کە لە ڕۆژانی هەینیدا دەهاتنە ئەو بازاڕە و کەلوپەلێکی زۆریان ئەکڕی. هەروەها خەڵکی شارەکانی دیکەی عێراقیش بەشێکی دیکەی مشتەریی ئەم بازاڕە بوون. کوردە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتیش هەر یەکە بەپێی توانای خۆی دوکانێکی کردبۆوە. ئێمەش بەدوای دامەزرانمان لە قەڵاچوالان هەر یەکەو دوکانێکمان کردەوە.

زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی پێشتر ناوم هێنان، ئەوانیش هەم بۆ گوزەرانی کات و هاوکات بۆ وەچنگهێنانی بژیوی خۆیان سەرو دوکانیان کردەوە و کەوتنە فرۆشتنی کەلوپەل کە لە ڕێی قاچاخەوە لە بەری ئێرانەوە ئەمدیو ئەکرا. با ئەوەشمان لەبیر نەچێ، کردنەوەی ئەم دوکانانە و ئەم جۆرە کاسپییە بۆ کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان بێ مەترسی نەبوو. مەترسیی لەناوچوونی خۆیان و دوکانیشیان هەردەم نزیک بوو بۆیە

ئەم کاســـپییەش زۆری دەوام نەهێنا و لەگەڵ شـــکســـتی وتووێژی یەکێتی لەگەڵ میری کۆتایی بەم کاسپییەش هات و ڕۆژهەڵاتییەکان دیســـــان کەوتنەوە مشـــوری دابینکردنی ژیانێکی بێ مەترســـیتر. ئاخر ئەم شـــار و شـــارۆچکانە کە بچوک بوون ئاشـــکرابوون و دیاربوونی ئەم کەســـایەتییانە تێیدا بەرچاو بوو. بۆیە لەگەڵ نەمانی پێشـــمەرگەی یەکێتی لەم شـــارۆچکانەدا ئیتر بوونی ئەم کوردە ڕۆژهەڵاتییانە لەم شـــــوێنانە باش نەبوو، بۆیە وردە وردە دوکان داخران و ماڵیش بەرو شـــارە گەورەکان گوێزرانەوە. ســـلێمانی بووە مەنزڵی داهاتووی بەشێک لەم لێقەوماوانە.

لە ڕاســــــتیـــدا ئەم خـێـزانـــانە بـێ دەرەتـــان بـــوون و چـارەنووســـــیـان نـادیـار بوو. لە کـاتێکدا ئەم کەســــــانە ڕابردوویەکی ســـیاســـییان هەبوو و بەپێی هەر پرەنســـیپێک وەک ســــــیاســــــەتکارێک دەبوو پارێزگاری لە خۆیان و خێزانەکانیان بکرایە و گیانیان لە مەترســــــیی هەڕەشـــــەی دوژمندا نەبوایە، بەڵام بەداخەوە نەک خەبەرێک لەم قســـانە نەبوو بەڵکو کەوتبوونەتە بەر توانج و پلاری حیزبەکـــانی خۆیان و وەک ترســـەنۆک و هەڵاتوو و بەزیو ناویان دەهات. ئەمە وای کردبوو هەندێکیان تێکەڵ بە ڕێکخراوی ســـیاســـی دیکە دەبوون بێ ئەوە باوەڕیان بە ڕێباز و دروشـــمەکەی هە بێت، بەڵکو تەنیا بۆ پارێزگاریی گیانی خۆیان لە دوژمن. هەندێکی تریان لەوپەڕی بێ دەرەتانیدا خۆیان ڕادەســــــتی دوژمن دەکردەوە. هێنـــدێکی دیکـــەیـــان بەرەو ئۆردوگـــای ڕۆمادیە ملی ڕێی هات و نەهاتیان ئەگرت. مانەوەی ئەم ئاوارانە لەم شـــــار و شـــــارۆچکانە بە وتووێژی حکومەت و

یەکێتییەوە بەســـترابۆوە کە ئەوەش ڕوون نەبوو بە چ ئاقارێکدا دەڕوات.

وەکو شتێک بەپێی ئەزموون لە ڕابردوو و تەماشاکردن لە وتووێژەکانی پێشـــوو لە نێوان کوردان و حکومەتەیەک لە دوای یـەکـەکـانـدا هەموو ئەمـانزانی ئەم جـارەش هەر بە چارەنووسی ئەوانی ڕابردوو دەچێ، بەڵام چ بۆ پێشمەرگەی مـانـدووی یەکێتی و چ بۆ ئێمەی ئـاوارەی لە خـاکی خۆ دەرکراو و لە حیزب تۆراو پشـــوویەک بوو. چاوەڕوانی و دەنگۆی ئەوەش هەبوو کە ئەوانەی لە حیزبەکانی خۆیاندا نەماون بێ ویســـت و مەیلی خۆیان بۆ باشـــووری عێراق ڕادەگوێزرێن و لە ئۆردوگا زیندان ئاساکاندا کۆ بکرێنەوە.

ئەوەی لەو ڕۆژە بێ دەرەتانانەدا لە دەســـت خۆماندا بوو سێ ڕێگە بوون: بەجێهێشـتنی کوردسـتان و ناوچە بەگشـتی بەرەو ئۆردوگای ڕۆمادیە و لەوێشـــەوە بەروە وڵاتانی ڕۆژئاوا، گەڕانەوە بۆ ژێر سـێبەری ڕێژیم یان دیسـانەوە خۆهەڵواسین بە حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسیی دیکە. هەر سێ ڕێگە بەپێی سـاخبوونەوی فکری و دەسـتڕۆیشـتوویی ماڵی هەڵدەبێژدران. وەک زووتر باســـم کرد لە ســـەرەتاوە هەنـدێـک لەم ئـاوارانە بۆ بژیوی خۆیـان هەر یەکە گچکە دوکـانێکی پێکەوە نـا و لە چـاوەڕوانی گۆڕانێکـدا مـایەوە. هەرچەند ئەمەش بێ پلار و توانجی قەڵاچوالانییەکان نەبوو. ئاخر ئەوان پێیان وابوو لە کاسبییەکەی ئەوان کەم بۆتەوە و

بە قەولی ئەوان دراوەتە "ئەم ئێرانییە سەگبابانە".

## دابڕان لە ڕێکخراوە سیاسییەکان ـ هۆکار بۆ سەرهەڵدانێکی نوێ

کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییەکان هەر یەکە بە هۆکارێک لە حیزبەکان دابڕا بوون. زۆربەی ئەم دابڕاوانە تووڕەیی و بێزارییان پێوە دیار بوو. وێدەچوو هۆکاری ئەم تووڕەییە گوێپێنەدان و هەڵاواردنیان بووبێ کە دوور نییە ناڕەوا بووبێ. ئاخر کەم وا هەیە مرۆڤە بەهەستەکان شتی ناڕەوا قەبووڵ بکەن، ئەویش سیاسییەک. بەڵێ ئەم کۆمەڵە پێشمەرگە و کادرە دابڕاوە بەشخوراوانە لە دەوری یەک کۆبوونەوە و کەوتنە وتووێژ و مشتومڕی دروستکردنی جووڵانەوەیەکی نوێ بە ناوی ڕاپەڕین. زۆری نەبرد ڕاپەڕین بوو بە بەرە. بۆ باشتر ناساندنی بەرە لەم پەرتووکەدا داوام لە کاک فەتاح ئەحمەدی کە خۆی یەکێک لە ئەندامانی ئەم بە رەیە بوو، کرد کە لەم بارەیەوە بۆمان بدوێ. ئەمەی خوارەوە وەڵامی کاک فەتاحە.

## "سەرنجێک لەسەر دروستکردنی ڕێکخراوێک بە ناوی ڕاپەڕین

لە سەردەمی گەرم بوونی شەڕی نێوان کۆمەڵە و دێموکرات و پاشەکشەی سەرجەم سەرکردایەتیی هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو خاکی باشووری کوردستان و نەبوونی بەڕێوەبەرییەکی بەتوانا کە نەبێتە هۆی پەرتەوازەکردنی ئەو هەموو پێشمەرگە و کادرە بەرچاوانە، بەشێک بوون لەو هۆکارانە کە بووە

سەرهەڵدانێک بۆ دامەزراندنی هێزێکی نوێ.

لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا ئەو کاتەی زۆربەی نارازییەکان لە قەڵاچوالان، کاریزە و دەوروبەر نیشتەجێ بوون. ئەو کۆمەڵە کادر و پێشمەرگەیە لە مەترسیی گرتن و تەبعیدکردن لەلایەن رژێمی بەعسەوە بوون. بۆیە بیرمان لە دامەزراندنی هێزێکی نوێ کردەوە. ئەوانەی لە سەرەتاوە دامەزرێنەری ئەم حەرەکەتە بوون ئەم کەسانە بوون: عەبدوڵڵای ئیقدامی، رەسووڵ ئاریا، مەلا رەسووڵ پێشنماز، کەریم خاڵدار، سمکۆ عیسازادە، عیزەت پەیرەوان، فەتاح ئەحمەدی و سەلیم ئەحمەدی. هەوەها کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی دانیشتوو لە حیزبی دێموکرات وەک پشتیوان و لایەنگری ئەم حەرەکەتە.

دوای زنجیرەیەک دانیشتن و کۆبوونەوە لە سەرەتادا بە بڵاوکردنەوەی بەیانێک مەوجودیەتی خۆمان راگەیاند کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێ بۆوە. بەو هۆیە کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بووین بە ناچاری پێوەندیمان پێیانەوە گرت. هەرچەند پێش ئەوەی ئێمە بڕیاری ئەم پێوەندییە بدەین ئەوان لێیان راسپاردبووین و بەڵێنیان پێ دابووین یارمەتیمان لە دژی رژێمی ئێران بدەن. ئەوە بوو دانیشتنێکمان لەگەڵ کردن و بەڵێنمان لێساندن هیچ جۆرە فشار و ئازارێکی لایەنگرانی ئێمە نەدەن و لە کاتی نەخۆشی و چوونە لای دوکتۆر وەرەقەی ئیجازە بە لایەنگرانمان بدەن بۆ چوونە سلێمانی.

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شەڕی ئێران و عێراق ناوچەکانی قەڵاچوالان و کاریزەشی گرتبۆوە. بارودۆخەکە زۆر ناخۆش و ئاڵۆز بوو. بەشێکی زۆر لە هاورێیانمان دوکاندارییان بۆ

بژیوی خۆیان ئەکرد. ماوەیەکی پێ چوو بۆمان دەرکەوت دەســـتی لاوەکی دژایەتیی ئەم جووڵانەوەی ئێمەیان دەکرد هەتـا وای لێهـات ئیتر لەلایەن حکومەتەوە وەرەقەمـان بۆ هاتوچووی ســـلێمانی پێ نەئەدرا. هەر لەو کاتەدا بەهۆی هێرش و تۆپبارانی ئێرانەوە ناچار قەڵاچوالانمان بەجێهێشـت و چووینە کارێزە. دۆخەکە بە جۆرێک بوو ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی دەهـاتن و دەبوونە هۆی گۆڕانکـاری و لێکترازانی هاوڕێیانی ئەم جووڵانەوە نوێیە.

هەر لەو کاتەدا بوو بەهۆی پێوەندیی زووترمان لەگەڵ کاک ئەمیر قـازی لە ســـوێد، خۆی هـاتە لامـان و لە نزیکەوە سەردانی کردین. لەم سەردانەدا بەڵێنی هاوکاریمان بە یەکتر دا. شیاوی باسە کاک ئەمیر و کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی دیکە بڕیاری پێکهێنانی جووڵانەوەیەکیان لە وڵاتی ســـوێد دابوو بەڵام بە تەواوی ســـاخ نەببوونەوە. پاش گەڕانەوەی کاک ئەمیر بۆ ســـوێد، شـــەپۆلێک لە چوونە دەرەوەی ئەو کوردە ئاوارانە بەرەو ئەوروپا بەتایبەت سوێد دەستی پێکرد. ئەم پردە لە نێوان عێراق و سوێددا لە لایەن سەردار جاف و ئەمیر قازییەوە دروسـت بوو. بە دوای دۆزینەوەی ئەم ڕێگە ئاسانەدا بێ هیچ مەترسییەک لە بەغداوە بۆ سوێد و لەوێش زۆر بە ئاســـانی پێدانی مافی پەنابەریی، زۆربەی هاوڕێیان ڕۆیشتن و ئیتر ناوێک لە ڕاپەڕین نەمایەوە.

داوامان کرد کاک ئەمیر و هاوڕێیان پێوەندیمان لەگەڵ بگرنەوە. بە دوای ماوەیەکدا ئەوان لە سوێد شـتێکیان گەڵاڵە کردبوو و ناویان لێنابوو بەرە. ئێمەش ئەو ناوەمان قەبوڵ کرد و لە ڕاپەڕینەوە بووینە بەرە. هاوڕێیانی ئێســـتای ئەم

بەرەیە لە کوردستان سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، دوکتۆر موراد، ڕەسووڵی ئاریا، عەبدوڵڵای ئیقدامی، ڕەسووڵی پێشنماز و چەند هاوڕێی دیکە بوون و درێژەمان بەم جووڵانەوەیە دا. پاش ماوەیەک بەشێکی دیکەیش لەم هاوڕێیانە ڕێگەی دەرەوەی وڵاتیان گرت و ئێمەیان بەجێهێشت.

ئەوەیماینەوە درێژەمان بە کاری بەرە دا و کەوتینە دۆستایەتیی کۆمەڵە و دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی کە ئەو کات بنکەی لە گوندی گاپیلۆن بوو. جارێک چەند کەسێکمان چووینە سەردانی مام جەلال لە گوندی یاخسەمەر. باسی ئەم جووڵانەوەی خۆمان بۆ کرد و داوای یارمەتیمان لێ کرد. هەرچەند مام جەلال پێشتر بە پێکهێنانی ئەم بەرەیەی زانیبوو بەڵام کە ئێمە بۆمان باس کرد وای پیشان دا کە تازە بیستوویەتی و ڕاچڵەکەیەی کرد و گوتی باشە با بزانین بەیان و قسەتان چییە ئەودەم بڕیاری خۆمان ئەدەین. هەر لەو قسانەدا بووین مام جەلال هێرشێکی تووندی بردە سەر کۆمەڵە و گوتی من نازانم ئەمانە چییان ئەوێ!؟ ئێوە پێیان بڵێن واز لەم شەڕە لەگەڵ حیزبی دێموکرات بێنن. من دۆستایەتیی گەرمم لەگەڵ حیزبی دێموکرات و بەتایبەت دوکتۆر قاسملوودا هەیە و کەسێک دژی ئەوان بێت من لەگەڵیدا نیم.

مام جەلال وای دەزانی ئێمە دژی حیزبی دێموکراتین چونکە لەو سەردانەماندا بۆلایان بە ماشێنی کۆمەڵە چووبووین. لە ڕاستیدا وا نەبوو. ڕاستە ئێمە دۆستایەتی زۆر لایەن و کەسایەتیمان ئەکرد، یەک لەوان کۆمەڵە، بەڵام ئەم

دۆستایەتییەمان لەسەر دژایەتیی حیزب دیموکرات نەبوو. ئێمە لەو کەسانە بووین کە دژی ئەم شەڕەی کۆمەڵە و حیزب بووین و ئامادە نەبووین هاوکاریی هیچ لایەکیان بکەین. هەر چۆنێک بێ لە بیر و باوەڕەوە لە حیزب نزیکتر بووین. بەڵام ئەم دۆستایەتییەمان لەگەڵ کۆمەڵە بۆ ئەوە بوو فشار بخەینە سەر حیزب کە بە خۆیدا بچێتەوە و باری مودریەتی ئیسلاح بکات تا لەو پەرتەوازەییە ڕزگارمان بێت.

دۆخەکە بەهۆی ئەم شەڕەی کۆمەڵە و دیموکراتەوە وای لێهات کە لە ١٩٨٧ی زایینیدا بەرە بە تەواوی لە یەک هەڵوەشا و هەر یەکە بۆ لایەک پەرتەوازە بووین. زۆربەمان بەرەو تورکیە و لەوێشەوە بەرەو ئەورووپا ڕۆیشتین و هەر یەکەی لە وڵاتێکی ئەورووپی گیرساینەوە."

فەتاح ئەحمەدی – سوێد

## گواستنەوەی سەنگەری خەباتم

وەک سەدان هاوڕێی دیکەم کە هەر یەکە بە هۆکارێک لە حیزب هاتبوونە دەر و پەرتەوازەی ئێرە و ئەوێ ببوون، منیش بەر ئەو چارەنووسە کەوتبووم و لە قەڵاچوالان جێگیر ببووم. بەڵام بە پێچەوانەی هاوڕێیانی ڕاپەڕین و دواتر بەرە لە چاوەڕوانییدا مامەوە بەو هیوایە گۆڕانێک لە حیزب و سەرکردایەتییەکەیدا دروست بێت و پێداچوونەوەیەک بەسەر هەڵەکانیاندا بکەنەوە و بیکەنە دەرس و ئەزموونێک کە چی دیکە هاوڕێیانی خۆیان دڵ ئێش و پەرتەوازە و پەراوێز نەکەن. لەو ڕۆژە چاوەڕوان بووم کەلێنێک پەیا بێت و بە دڵی خۆش و ڕازی بگەڕێمەوە لای حیزبەکەم. بەڵام بەداخەوە

ئەو ڕۆژە هەر نەهــات، بەڵـکو بە هـۆی گـواســــتنەوەی ســـەرکردایەتیی حیزب بۆ نێو خاکی باشـووری کوردســتان هێندەی تر تووشــی شـڵەژان و لێکترازانی سـیاسـی بوون و چەند ئەوەندەی دیکەش کادر و ئەندامی لێ دوور کەوتەوە. دیارە ئەم نسـکۆیە تەنیا داوێنی حیزبی دێموکراتی نەگرتەوە بەڵکو تێکڕای جووڵانەوە ســـیاســـییەکـانی ڕۆژهەڵات و ئێرانیشی لە خۆ گرت.

هەر لەو ڕۆژانەدا لە قەڵاچولان لە ماڵی خۆم دانیشتبووم و بە خوێندنەوەی کتێب مەشـغوڵ بووم، مامۆسـتا مەلا خدری عەبباســی بووە میوانم. لەگەڵ مامۆســتا خدر ناســیاوەتیی پێشـــترمان هەبوو. ئەو کاتە مامۆســـتا ئەندامی دەفتەری سـیاسـیی و جێگری سـکرتێری سـازمانی خەباتی ئیسـلامی کوردستانی ئێران بوو کە مامۆستا شێخ جەلالەدینی حوسێنی ســکرتێری گشــتیی بوو. مامۆســتا خدر لە سـلێمانییەوە دەگەڕایەوە بۆ بنکەی خۆیان و لە قەڵاچوالان لایدابوو بە تایبەت ســـەردانێکی من بکات. بە گەرمی هەواڵی پرسـیم و گوتی ئێستا بنکەمان لە میراوێ لە داوێن چیای گمۆ بە دیوی گەرمێندایە. حەز دەکەم دیدەنییەکمان بکەی و چەند ڕۆژێک لامان بمێنیەوە.

گوتم بە خۆشـحاڵیەوە لە هەلێکدا دێمەخزمەتتان. هەسـتم کرد حەز ئەکەن تێکەڵ بە ســـازمانی خەبات بم و کاریان لەگەڵ بکەم. لە ڕاستیدا پێم خۆش بوو لە لایەنێکی سیاسـی نزیـک بم و بە جۆرێـک دڵنیـاییەک بۆ پـارێزگـاریی خۆم دروسـت بکەم. ئاخر بۆ کەسـێکی وەک من کە پێشـینەیەکی سـیاسی نیزامیم هەبووە و لە دەیان شـەڕ و چالاکیی نیزامی

و سیاسیدا کە بڕیاری گرنگی تێدا دراوە بەشداریم کردووە، دانیشــتن لە ماڵی خۆم بێ هیچ پشــتیوان و پارێزگارییەک ئەویش لە شـوێنێکی ئاوادا کە بە ڕۆژ و سـەعات گۆڕانکاری تێدا دروسـت دەبوو، کارێکی ژیرانە و شـیاو نەبوو. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەشـــەوە دانیشــتن لە ماڵێ بێ ئەوەی لەگەڵ لایەنێکی ســیاســی بی، ئەو مەترســییەی هەبوو بێ ویستی خۆت بە زۆرەملی ڕادەستی یەکێک لە ئۆردوگاکان لە جنوبی عێراق بکرێی و بە هەزاران کیلۆمەتر لە کوردستانەوە دوور بخرێیتەوە.

لەســەر ئەســاســی ئەو بیرکردنەوانە بڕیارم دا دیدەنییەکی برادەرانی سـازمانی خەبات بکەم، بەتایبەت دیداری مامۆسـتا شێخ جەلالەدینی حوسێنی کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە و بەتایبەت بۆ پێکهێنانی شـــورای شـــاری بانە هاوکارێکی نزیکی یەکتر بووین. دوای گیرانەوەی شاری بانە لە لایەن ڕێژیمەوە مامۆسـتا لەگەڵ کۆمەڵێک لە کەسـایەتییە کان ڕێکخراوێکی سیاسـیی نیزامی پێکهێنا و ناوی سـازمانی خەباتی نەتەوایەتی ئیسلامی کوردستانی ئێرانی لێنا. منیش دە ســـتم کردەوە بە کار و چالاکی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بنکەی ســـەرکردایەتییان لە بناری چیای گمۆ لە نزیک گوندی میراوێ بوو. ئۆتۆمبێلەکانیان ڕۆژانە بۆ ئیشـوکاری خۆیان هاتوچووی سـلێمانییان ئەکرد. بۆ ئەوەی بتوانم بێ کێشە لە بنکەی پشکنین تێپەڕ بم، بڕیارم دا بە ئۆتۆمبێلەکانی ئەوان بۆ ئەم ســـەفەرە بچم. ئەو کـات ئۆتۆمبێلی ئەم ڕێکخراوە سـیاسـییانە بە وەرەقەی ئیجازەی موخابەراتەوە

هـاتوچوویـان ئەکرد و هەر کەس و هەر کەلوپەلێـک لەم ماشێنانەدا پارێزراو بوون و پرسیاریان لێ نەدەکرا. چاوەڕان بووم هەتا بە قەڵاچوالاندا بێن و لەگەڵیان بڕۆم بۆ میراوێ.

سەفەری میراوێم کرد. دیتم هێشتا بە تەواوی دانەمەزراون. خەریکی دروستکردنی خانووی بنکە بوون. مامۆستایان شێخ جەلال و مەلا خدر هەردوکیان لە بنکە بوون. زۆر بە گەرمی وەریانگرتم. شـــەو باســـی ئەو بارودۆخە کرا کە هێزە سـیاسـییەکان بە تیکڕا تێی کەوتوون. لە درەنگی شـەو و کۆتایی قسـاندا پرسـیاری ئەوەم کرد ئاخۆ بۆیان دەگونجێ وەرەقەیەکی ئیجازەی هاتوچووم بۆ جۆر بکەن کە بتوانم بۆ عیلاجی مەعیدەم بچم بۆ ســلێمانی. وتیان بە دڵنیاییەوە. ڕۆژی دوایی گەڕامەوە قەڵاچوالان. زۆری نەبرد ڕۆژێـک کوێخا ڕەحمان پێشمەرگەی سازمانی خەبات هات بۆماڵمان. دوای ماوەیەک قسـە و باس وەرەقەی هاتوچوو بۆ سلێمانی لەگەڵ دەمانچەیەکی چواردەخۆر و کڵاشـــینکۆفێکی لەبەر دەمم دانا و گوتی ئەمانە مامۆسـتا شـێخ جەلال فەرموویەتی بۆ پارێزگاریی خۆت لەلات بن. دیارە من هێشـــتا تفەنگ و دەمانچەی حیزبم لا بوو و کەسیش لێیانی نەپرسیبۆوە. بەڵام ئەوانەی خەباتیشـم وەرگرتن و سـوپاسـی خۆم بە کوێخا ڕەحماندا بۆ مامۆســـتا شـێخ جەلال ناردەوە کە لە بیری ئەمنیەتی مندا بوون.

بەرەو سلێمانی بۆ عیلاجی نەخۆشی

ئەو ماوەیە بیرئاڵۆزی و ئاڵوگۆڕی هەوا کاریگەریی لەسەر تەندروسـتیم دانابوو و دیسـان ئێشـی نێو سـکم دەسـتی پێکردبۆوە. چوومە سلێمانی. دوای پرسـیار و گەڕان دوکتۆر

جەمال غەفوریان وەک دوکتۆرێکی باش پێ ناساندم. چوومە لای. دوای پشکنینێکی باش و گرتنی چەند وێنە لە نێو سکم، گوتی ڕیخۆڵە دوانزەگرێت برینی هەیە و پێویستە نەشتەرگەریی بۆ بکرێ. دوای دوو حەوتوو نۆبەم هات و ئامادەی نەشتەرگەری کرام. بە گوتەی دوکتۆر چەند سانتیمەتر لە ڕیخۆڵە دوانزەگرێم کورت کرایەوە. حەوتوویەک لە نەخۆشخانە ڕاگیرام. ئەو ماوەیە کاک نەوزاد کوڕی حاجی سلێمان ئاغای بارێ و ئایشە خانمی ئامۆزام، لە لام مایەوە و پێم ڕاگەیشت و خزمەتی ئەکردم. ئەو چەند ڕۆژە لە نەخۆشخانە جگە لە تێکڕای دۆستان و خزمانم لە ناوچەی سیوەیل و ئالان مامۆستایان شێخ جەلال و مەلا خدر عەبباسی و چەند کادرێکی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات هاتنە سەردانم و هەواڵیان پرسیم، ئەمە لە کاتێکدا نە خۆش و بریندارێ حیزب لەو نەخۆشخانەبوون و بەردەوام هاوڕێیانی حیزب سەردانیان ئەکردن، بەڵام هەواڵێک بۆ لێپرسینی منی کۆنە هاوڕێی حیزب نەبوو.

دوای نەشتەرگەرییەکە و هاتنەوە سەر پێی خۆم، گەڕامەوە ماڵی خۆم لە قەڵاچوالان. جێی خۆیەتی لێرەدا سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی کاک نەوزاد بنێرم. ئەو کوڕە گەنجە وەک زۆر گەنجی دیکەی ئەم نەتەوە بەشخوراوە لە تەمەنی لاویدا بە ناحەق و بێ هیچ تاوانێک دەکەوێتە بەر پەلاماری جەیشی عێراقی و گیانی لێ دەسێندرێت. هەزار سڵاو لە گیانی ئەو شەهیدە و یادی هەردەم زیندوو.

دوای پشوویەکی باش لە ماڵ، بۆ سوپاس و پێزانینم لە گەرموگوڕیی و هاوکاریی هاوڕێیانی خەبات چوومە

سـەردانیان لە بنکەی میراویێ. لەو سـەردانەدا شـێخ جەلال و مەلا خدر داوایـان لێکردم لەگەڵیـان کـار بکەم. گوتم دەبێ بیرێکی لێ بکەمەوە پاشان وەڵامتان بۆ دەنێرمەوە. ماوەیەکی باش بیرم لێ کردەوە و هەموو لایەنەکانی ئەم سـەنگەر و ڕێبازەم لێکدانەوە. ئایا دوور لە سیاسـەت و بێلایەن لە ماڵی خۆم دانیشـم و چاوەڕێی ئاڵوگۆڕێک لە دۆخەکە بم؟ یان چاوەڕێی گۆڕانکارییەک لە حیزبەکەم بم کە من لە خەت و ڕێبازەکەیدا زۆرتر خۆم ئەبینمەوە یان تێکەڵ بە سـازمانی خەبات ببم و لە سـەنگەرێکی دیکەی سیاسـەتەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشـان بدەم؟ دوای هەڵسـەنگاندنی ئەم دووڕیان یان سـێ ڕیانە بێلایەنی و دانیشـتن لە ماڵێ بەو ڕابردووە سـیاسـییەی کە هەمبوو گونجاو نەبوو. دیسـانەوە گەڕانەوە بۆلای حیزب بەدوای ئەو هەموو لێکترازانە نەک هەر گونجاو نەبوو بەڵکو وەک خۆ پێوە هەڵواسینێک وا بوو. چوونەوەشم بۆ ئێران پێشتر لە زەمانی شۆڕشی ئەیلول دا تاقیم کردبۆوە کە بۆ من زۆر قورس و تاڵ کەوت کە هەرگیز لە یادی ناکە م. هەر لەو بیرکردنەوانەدا بووم هەواڵی بە بنبەست گەیشتنی وتووێژی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان و حکومەتی عێراقیش بڵاو بۆوە و پێشـمەرگە چوونەوە شـاخ. ئیتر مانەوەی ئێمەی کوردانی ڕۆژهەڵات لەو موجەمەعانە بەبێ هیچ پێناسەیەکی سیاسی هەروا سانا نەبوو، بۆیە ساخ بوومە چی بکەم. بەرەو سـازمانی خەبات سـەنگەرم گواسـتەوە. بە وتەی کاک کەریم حیسـامی لە بیرەوەرییەکانیدا: ئەڵێت سازمانی خەبات تەنیا وشە ئیسلامییەکەی جیاوازە لە حیزبی دێموکرات دەنا پێڕەوەکەی دەقاودەق ئەوەی حیزبە و کۆپی

کراوە. وەڵامم بۆ هاوڕێیانی خەبات ناردەوە و ئامادەیی خۆم پێ ڕاگەیاندن. ماوەیەکی پێچوو بە نامە ئاگاداریان کردم کە هەر کات بمەوێ ئەتوانم بچمە بنکەی دەفتەری سیاسی بۆ ئەوەی لەسەر ئەرک و کاری داهاتووم قسە بکەین.

## سەردانی هاوڕێیانی حیزب بۆلام

بەداخەوە ئەوەی من چاوەڕوانی بووم درەنگ گەیشت. هەر لەو ڕۆژانەدا کە لە سازمانی خەبات نزیک ببوومەوە و بە لێنی هاوکاریم پێدابوون بەڕێزان کاک هاشمی کەریمی و کاک مەلا حەسەنی ڕستگار هاتنە سەردانم. ئەو کاتە کاک مەلا حەسەن بەرپرسی تەشکیلاتی گشتی بوو. داوایان لێکردم بگەڕێمەوە دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ ئەوەی دەست بە کار بکەمەوە و ئەرکی نوێم بۆ دیاری بکەن. گوتم زۆر خۆشحاڵم بەم سەردانەتان بەڵام بریا زووتر بایە. بەداخەوە ئەو کاتەی پێویستم بە یارمەتیی و پشگیریی حیزب بوو کەس لێی نەپرسیم و تەنانەت نەیشتاندەزانی کەوتوومەتە کوێی ئەم گەردوونە. من زستانی١٣٦٢ی هەتاوی لە کۆمیتەی شارستانی بانە گەڕامەوە ماڵی خۆم، ئێستا پاییزی ١٣٦٣یە ئێوە منتان بیر کەوتۆتەوە. بە ڕاستی هاوڕێیان، ئەمە کاتێکی زۆرە و لەم ماوە درێژەدا دەکرا زۆر شتم لێ بەسەر بێ. ئەو کات کێ بەرپرسیار بوو؟ داوای لێبووردنتان لێدەکەم بەڵام بەڕاستی هیچ هیوا و متمانەم پێتان نەماوە. بۆ ئاگاداریشتان من ئێستا تێکەڵ بە سازمانی خەبات بووم و لە سەنگەری خەباتدا خزمەت بە گەل و نیشتمان دەکەم. بەڵام هەمیشە لایەنگر و دۆستی حیزب بووم و دەبم چونکە بەشێک لە

ژیانی سیاسییم لەو حیزبەدا بووە. دوای قسەکانم کاک مەلا حەسەن بە پێکەنینەوە گوتی کاک ڕەشید، قەیدی ناکا بەڵام ئێمە هەر بە ئەندامی حیزبت ئەناسین و ئەیشزانم کە هەر دێیتەوە لای خۆمان. لە ڕاستیدا دوای ڕۆژگارێکی دوور هەر قسەکەی بەڕێزیان دەرچوو.

چەند ڕۆژ ڕابرد چووم بۆ بنکەی سازمانی خەبات. ئەو ماوەیە لە دەفتەر لای مامۆستا شێخ جەلال و مامۆستا مەلا خدر مامەوە. لێرەدا بە کورتی بۆچوونی خۆم لەسەر سازمانی خەبات و کار و تێکۆشانم لەم ڕێکخراوەیەدا باس دەکەم. ئەم بەشە لە باسەکەم زیاتر پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە بۆیە گێڕانەوەی بە پێویست ئەزانم. ئەو کاتە من تێکەڵ بە سازمانی خەبات بووم دوای ماوەیەک کارکردن لەو سازمانەدا بۆم دەرکەوت کە دەسەڵات بە گشتی لە دەست مامۆستا شێخ جەلالدا بوو. واتە هیچ جۆرە بڕیار یان گۆڕانێکی سیاسی نەدەکرا ئەگەر شێخ نەیویستایە. وەک هاوڕێیان دواتر بۆیان باس کردم کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی و ئایینیی بەتوانا و زانا ڕوویان لەم ڕێکخراوە کردبوو بەڵام بەو هۆیە کە شێخ ڕێگەی ڕا و بۆچوونی لێ بەرتەسک کردبوون، لەوێ نەمابوونەوە و ئەو ڕێکخراوەیان بەجێهێشت بوو. تەنیا کەسایەتییەکی بەتوانا کە توانیبووی بمێنێتەوە مامۆستا مەلا خدری عەبباسی بوو. بەڵام بەردەوام لە ململانێ و ناکۆکیدا بوون کە ئەنجامەکەی بوو بە دوو لەتبوونی ڕێکخراوەکە.

شتێکی دیکە کە جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە کە سازمانی خەبات هێشتا لە دروشم و داوای خۆیدا بە تەواوی ساخ

نەببۆوە. نە تەواو ئیسلامی بوو نە نەتەوەیی لە کاتێکدا ناوی ڕێکخراوەکە لەم دوو باوەڕە پێکهاتبوو. بەشێک لە کادرەکانی بە لای ئایینییەکەیدا ئەشـــکانەوە لە کاتێکدا لایەنی بیری نەتەوەییشــی تێدا بەهێز بوو. ئەم دروشــمە دوولایەنییە دوو گروپی بە لای خۆیدا ڕاکێشا بوو کە پێکەوە ناکۆک بوون.

دوای ماوەیەک مانەوە لە بنکەی ســەرکردایەتی و ناســینی هاوڕێیانی ئەویَ، وەک ئەندامی کۆمیتەی شــارســتانی بانە چوومە بنکەی مووســـەک لە بناری ســـوورکێو بە دیوی باشووردا. بەرپرسی کۆمیتەی شارستان مەلا عوسمان بوو. ئەندامانی دیکەی کۆمیتە کاک عەلی عەزیزی فەرماندەی هێز، کاک محەممەد مەحزونی بەرپرسی تەشکیلات، کاک عەبدوڵڵا بڵەســەنی بەرپرســی بەشــی ماڵی و منیش بوومە بەرپرســی بەشـــی کۆمەڵایەتی. ئەم کارەی من لە ســـەرەتاوە وەک تــاقیکــارییەک وا بوو. (لێرە بەدواوە بەهۆی کــارکردنم لە ســازمانی خەبات و نزیکیم لە مامۆســتا شــێخ جەلالەدینی حوسێنی و مامۆستا مەلا خدری عەبباسی ناوی ئەو بەڕێزانە لەنێو نووســینەکاندا زۆر دێن، بۆیە بۆئەوەی هەموو جارێک ناوەکەیان بە درێژی نەنووســمەوە تەنیا بە شــێخ جەلال و مەلا خــدر نــاویــان دەهێنم. هیوادارم کــە بــەبێڕێزی لێــک نەدرێتەوە).

زۆری پێ نەچوو مەلا عوســمان کرایە نوێنەری خەبات بۆ کــاروبــار و گرتنی پێوەنــدیی لە نێوان حکومەتی عێراق و ســازماندا. لە جێگەی ئەو شــەهید کاک عەبدولکەریم کوڕی شـــێخ جەلال کرایە بەرپرســـی کۆمیتە. هەر لەو ماوەدا ســازمانی موجاهەدینی خەڵقی ئێران بوونە دراوســێمان و بە

کەمێک لەولای ئێمەوە بنکە و بارەگایان دروســـت کرد. بە هۆی درەنگی وەرزەوە نەیانتوانی خانوو دروست بکەن بەڵام چادر و خێوەتەکانیان ئەوەندە باش بوون کە لە سـەرمایشـدا تێیدا دەحەوانەوە. زۆر دەستڕۆیشتوو بوون و هەموو جۆرە کەرەسـتەیەکی باشـیان بۆ ژیان هەبوو. ئۆتۆمبێلی زۆر باش و بەهێزیــان هەبوو کە لە هیچ بــا و بۆرانێکـدا پەکیــان نەدەکەوت و لە گەڕدا بوون. ڕاســتی دراوســێ بوونیان لە زۆر بارەوە لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بوو. بۆ نمونە کۆنترۆڵیان بەســەر جادەکەدا باشـتر لە ئێمە بوو. جگە لەم بنکەیەیان لە چەند شـوێنی دیکە بۆ پارێزگاریی لەم بنکە سـەرەکیەیان لە بەرزاییەکانی دەوروبەر بنکەی تریان دانابوو. ئەگەر هێرش بکرایەتە ســەر بنکەی ســەرەکی زووتر بنکەکانی دەوروبەر پێیاندەزانی و ئاگاداریان دەکردین. لە لایەکی دیکەشـــەوە ئەوان لە نێوخۆی وڵاتدا دەســـتیان زۆرتر دەڕۆیشـــت و نفوزیان زیاتر هەبوو، ئەگەر دوژمن خەیاڵی هێرشی هەبوایە ئەوان هەر زوو پێیاندەزانی.

ئەم زســتانەم لەم بنکەیە لە مووســەک گەیاندە بەهار. لەو ماوەدا چەند کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی وازیان لە کــار هێنــابوو. بۆ پڕکردنەوەی جێگــای ئەم کەســـــانە کۆنفرانسێکی بەرین لە سەرەتای هاوینی ١٣٦٤ی هەتاویدا لە بنکەی میراوێ لە بناری گمۆ پێکهات. هاوڕێیان داوایان لێم کرد خۆم بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی کاندید بکەم. خۆم کاندید کرد و وێڕای ئەم هاوڕێیانەی ناویان دێ بوومە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی: کاک خەلیل عەبباسی کوڕی مەلا خدر، کاک عەبدولکەریم کوڕی شـــێخ جەلال، کاک عەلی

عەزیزی، کاک کەمال حوسـێنی و جێگرەکان کاک بابەشـێخ کوڕی شێخ جەلال و کاک خالید سەقزی.

وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەرپرســایەتی بەشــی کۆمەڵایەتیی ســازمانی خەباتم پێسـپێردرا. مەلا محەممەدی تاژانی بووە جێگری من. دوای ئەم ئاڵوگۆڕە ئیتر نەچوومەوە بنکەی مووســەک. لە بنکەی دەفتەری ســیاســی شــوێنی تایبەتییم درایە و وەک بەشی کۆمەڵایەتی دەستم بە کار کرد. هەر لەو ســەروبەندەدا کۆمەڵێک لە ئەندامانی دانیشــتووی حیزبی دێموکرات ڕوویان لە سـازمانی خەبات کرد و بوونە ئەندام. کاک سـمایلی بایزیدی فەرماندەی پێشـوو و کادری نیزامی، دوکتۆر ڕزگار پزیشکی جەڕاح، کاک سمکۆ عیسازادە کادری تەشـکیلاتی، کاک عومری ئەمینی کادری ڕادیۆ، کاک محەممەدی مچەشـوان سـەرپەل و کادری نیزامی، کاک مەلا عەزیزی ئەحمەدی ئەندامی پێشـووی کۆمیتەی شـارسـتانی سـەردەشـت و چەند کەسـی دیکەش کە ناویانم لە بیرنەماوە تێکەڵ بە سازمانی خەبات بوون. تێکڕای ئەم هاوڕێیانە هەریە ک بە گوێرەی توانا کاریان بۆ دیاری کرا. هاوکات سـازمان توانی وێســـتگەیەکی ڕادیۆ دامەزرێنێ و دەنگی خۆی بە بەشـێکی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردسـتان بگەیێنێ. مەلا خدر بەرپرسـی گشـتیی ڕادیۆ بوو. نووسـین و بابەتەکان بە زۆری لە لایەن ئەوەوە دەنووســران. جاروباریش شــێخ بابەتێکی دەنووســی. منیش حەوتووی جارێک بابەتێکم بە

ناوی خەڵک و پێشمەرگە ئەنووسی.

## شاندێکی سازمانی خەبات بەرەو ئۆردوگای ڕۆمادیە

وەک پێشتر باسم کرد مەلا خدر بەرپرس و بەڕێوەبەری ڕادیۆ بوو و بۆ پڕ کردنەوەی بەرنامە و بابەتەکانی ڕادیۆ پێویستی بە هاوکارێکی بەتوانا بوو. بە مەبەستی هاوکارێک کە شارەزایی و ئەزموونی لە کاری نووسین و ڕادیۆدا هەبێ بە نیازی پێوەندیی گرتن و داوای هاوکاری لە کاک ئەمیر پاشاخانی سەفەرێکی ئۆردوگای ڕۆمادیە ڕێکخرا. کاک ئەمیر پێشتر کادری حیزبی دێموکرات بوو کە ئەویش وەک زۆرێک لە ئەندامانی دیکەی حیزب پەرتەوازەی ڕۆمادیە ببوو.

سەفەری ڕۆمادیە بە بەرپرسیاری مەلا خدر و کۆمەڵێک کادری دیکە، یەک لەوان خۆم، ڕێکخرا. دیارە ئەم سەفەرە تەنیا بۆ بینینی کاک ئەمیر نەبوو، بەڵکوو نیاز وا بوو بە مەبەستی گەڕانەوە و بانگهێشتن و قسە بۆ لاوانی دانیشتووی ئۆردوگا و ئەو پێشمەرگە و کادرەدانیشتوانەی هێزەسیاسیەکان بکرێ کە توانای کاری سیاسی و چەکدارییان هەبوو، بەڵام ئەو کاتە بێکار لەو ئۆردوگایە جێگیر کرابوون. سەرەتا چووینە لای کاک ئەمیر و ویست و داوای خۆمان پێ ڕاگەیاند و بەڵێنی هەر چەشنە یارمەتییەکیشمان پێدا بەڵام قەبوڵی نەکرد و ئامادەی گەڕانەوە نەبوو. دواتر چووینە یەکێک لە مزگەوتەکانی ئۆردوگا و بە بەشداری خەڵکێکی زۆر قسەمان بۆ کردن. ئەگەر باشم لەبیر مابێ کەس ئامادە نەبوو لەگەڵمان بگەڕێتەوە. هۆکارێک ئەوە بوو کە سازمانی خەبات بۆ

دانیشــتوانی ئەو ئۆردوگایە زۆر ناســراو نەبوو. زیاتر ناوی حیزبی دێموکرات و موجاهیدین بۆیان ئاشــنا بوو. بێ هیچ دەستکەوتێک گەڕاینەوە.

هــاوینی ١٣٦٤ی هــەتــاوی لە دۆڵی میراوێ مــاینەوە. لە پاییزی ئەو ساڵەدا حکومەتی ئێران بۆ چەند مەبەست هەوڵی کردنەوەی جەبهەیەکی لەو ناوچانە بەتایبەت نزیک سلێمانی دا. دیارە مەبەستی سەرەکیی ئەوە بوو هێز و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان هەرچی زیاتر ڕامالێ و لە ناوچەیان دوور بخاتەوە. مەبەستێکی دیکەی ئێران ئەوە بوو بەشێک لە هێزی سەربازیی عێراق کە لە سنوورەکانی باشووری نێوان عێراق ئێران تەنگیــان بە هێزەکــانی ئێران هەڵچنیبوو، بگەڕێنەوە بەشــە باکوورییەکانی عێراق بەشــکم وچانێک بەوانەی باشوور بدرێت. مەبەستێکی دیکەش ئەوە بوو کە بە هۆی هەڵایسانی شەڕ لەم ناوچانە لەژێر گوشاری تۆپخانەی هەر دوو لادا ئاوەدانی نەمێنێ و پێشمەرگە و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی نەتوانێ خۆی بۆ بەڕێوە بچێ. ئێران لەم بەرنامە و پلانەیدا تا ڕادەیەک سەرکەوتنێ بەدەست هێنا.

شاراوە نییە هێزەکانی باشووری کوردستان لەو هێرشانەدا یاریدەرێکی باشــی ئێران بوون. ســوودێکی کە ئەو هێزانەی باشــوور لەو هێرشــانە وەریانگرت ئەوە بوو کە پێشــتر بوونیان زۆر کەمڕەنگ بوو بەڵام ئێستا بەرچاوتر بوون دەنا لە ئاقار کوردستانەوە جگە لە کاولکردنی ماڵ و حاڵی خەڵکی ئاسایی شتێکی دیکەی بەدواوە نەبوو. ئێران لەم هێرشانەیدا سەرکەوتنی پەیتا پەیتای بەدەست دەهێنا و ئێستا ئێتر لە نێو خاکی عێراقەوە هێرشــی دەهێنایە ســەر ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

و ڕاوی دەنان. گوشـــاری ئەم جارەش پاڵێکی دیکەی پێوە
ناین و دیسان گواستمانەوە.

## گواستنەوە بۆ قووڵایی باشووری کوردستان

بەهۆی تۆپباران و هێرشـی ڕێژیم بنکەمان لە بناری گمۆوە گواستەوە بۆ گوندی کونەماسی لە نزیک شارۆچکەی کارێزە. بەشی کۆمەڵایەتی کە من بەرپرسی بووم وێڕای زیندانییەکان و کۆمەڵێک پێشمەرگە لە نزیک گوندی گاپیلۆن کەلاوەیەکمان ئاوەدان کردەوە و ناومان لێنا بنکە. خانووی بنکە و زیندان یەکجار وێران و ڕووخاو بوو. زۆربەمان بە پێشـــمەرگە و دیلەکانەوە بە هۆی تەڕی و شـێداری نەخۆش کەوتین. نزیک بە دوو مانگی ســـەرەتا لە دۆخێکی دژواردا بووین. بەهۆی هەوڵێکی زۆری سەرکردایەتی توانیمان دەوڵەتی عێراق ڕازی بکەین مۆڵەتمان بدا لە شـارۆچکەی ماوەت بنکە دانێین. کۆنە مەخفەرێکی پۆلیس چۆڵ بوو، کردمانە بنکەی ســـــەرەکیی سـازمان. بینایەکی زۆر گەورە بوو. بەشـێکی زۆر لە ئۆرگانە کـان و پێشـــمـەرگـە لـەوێ جێگیر کران. بـەنـدیخـانـەش گواسـترایەوە بۆ شـوێنێک بە ناوی کێڵێ لە چەند کیلۆمەتری پادگانی حکومەتی عێراق لە موجەمەعەی سوورەقەڵات. لەوێ بارودۆخ و پێڕاگەیشتن بە بەندییەکان باشتر بوو. خانووی بە ندیخانە مەدرەسەیەک بوو کە بەهۆی هەلومەرجی شەڕەوە لە و ناوچە چۆڵ کرابوو و چی دیکە بەکاریان نەدەهێنا.

باقی پێشمەرگە و کادر بە گشتی لە چەند خانوویەکی دیکە لەدەوری مەخفەرەی پۆلیس نیشـــتەجێ بووین. وردە وردە هاتینەوە ســـەرخۆ و دەســـتمان کردەوە بە چالاکی و گرتنی

کۆنفرانس و کۆبوونەوە. ئۆرگانەکان بە باشی ڕێکخرانەوە، بەتایبەت بەشی تەکنیکی ڕادیۆ کە ئەو ماوەیە لە کار کەوتبوو بە یارمەتیی کاک عومەری ئەمینی کەوتەوە گەڕ. ئەم جارە جگە لە مەلا خدر وەک ڕێکخەری بڵاوکراوەکان کۆمەڵێک کادری دیکەی پێ زیاد بوون و نێوەرۆکی بڵاوکراوەکان دەوڵەمەندتر و بەپێزتر بوو. لە لایەکی دیکەشەوە پێشمەرگە کەوتەوە جموجووڵ و ئەنجامدانی چالاکیی لە نێوخۆی وڵات کە ئەمەش دەسکەوتی باشی لێ کەوتەوە. هەروەها بە هاوکاریی دوکتۆر ڕزگار توانیمان نەخۆشخانەیەکی بچووک لە شاروچکەی ماوەت دامەزرێنین. لەم نەخۆشخانە بچووکەدا جگە لە نەخۆش و بریندارەکانی خۆمان خەڵکی ماوەت و ناوچەکەش ڕوویان تێکرد و بە گوێرەی توانا یارمەتی ئەدران.

ئاڵوگۆڕی ئەرک و کار

ئەو ماوەیە کە وەک بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی کارم ئەکرد چەند جارێک هەستم بە دەستتێوەوەردانی شێخ جەلال لە کارەکەی خۆمدا کرد. شێخ بێ ئەوەی من ئاگادار بکاتەوە خۆی بڕیاری کۆتایی لەسەر کەیسی چەند کەسی زیندانی گومان لێکراو ئەدا و دەستوری جێبەجێکردنیشی ئەدا بێ ئەوە ی پرسێک یان هاودەنگییەک لەگەڵ مندا بکات. یەک دوو جار لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا لەسەر ئەم دەستێوە ردانانە ڕەخنەم لێگرت و قەبووڵیشی کرد بەڵام دیسان دوپاتی ئەکردەوە، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە بۆ پشوو ئە چوومەوە بۆ سەردانی ماڵبات. لەو کاتانەدا چەند جار گوشاریان خستبووە سەر زیندانییەکان بۆ دیان پێداهێنانی

تاوانەکانیان. لە کاتێکدا ئەمە کار و ئەرکی شـــێخ وەک سـکرتێری ڕێکخراو نەبوو، ئەمە کاری بەشـی کۆمەڵایەتی بوو. ئێمە خۆمان بە گوێرەی پێڕەو و پرینسـیب لێکۆڵینەوە مان ئەکرد و بێ هیچ گوشـارێکی تایبەت گومانەکانمان سـاخ دەکردنەوە و بڕیارمان بۆ سزادان یان ئازاد کردن ئەدا. بەڵام شـێخ بەو شـێوە کارەی من ڕازی نەبوو بۆیە دەخاڵەتی ئە کرد. ئەو حاڵەتە منی ناچار کرد کە واز لەم پۆسـتە بهێنم. چونکە من بەو شـێوە دەخاڵەت و گوشـارە بۆ سـەر بەندییە کان ڕازی نەبووم بۆیە چوومە کۆمیسـیۆنی تەداروکات و دەسـتم بە کار کرد. کاک سـمکۆ عیسـازادە لەم کارەدا هاوکارم بوو. ئەو زستانە بە ڕێکوپێکی کارەکان چوونە پێش بەڵام جاروبار کێشـە و ناکۆکی لە نێو ئۆرگانەکاندا سـەری هەڵـدەدا کە هـۆکـارەکەی زۆربەی جـار دەگەڕایەوە بـۆ دەستتێوەوەردانی شێخ جەلال.

## داگیرکردنی بەرزاییەکانی ماوەت لەلایەن ئێرانەوە

دوای چەند مانگ مانەوەمان لە ماوەت هێرشـی ئێران بۆ سـەر بەرزاییەکی پشـتی ماوەت دەسـتی پێکرد. لە پێشـدا تۆپبارانێکی خەسـتوخۆڵی مەعەسـکەری ماوەتی کرد کە کوژراو و بریندارێکی زۆری لێ کەوتەوە. سـەربازی عێراقی توانای بەرگریکردنی نەبوو. ئەوەی نەکوژرا تەنیا توانی خۆی دەربـاز کـات و هەڵێـت. کـاتێ هێزی عێراقی بەو هەموو نەفەرات و هێزەوە خۆی نەگرت و هەڵات مەترسـی لەسـەر ئێمەش زیاد بوو. هەر خێرا کەوتینە خۆ و بەرەوە گوندی کێلێ کە بەندیخانەکەمانی لێ بوو گواسـتمانەوە. مانەوەمان

لێرە تەنیا چەند ڕۆژێکی خایاند کە دیسان لوولەی تۆپەکانمان تێکرا و بێوچان گوللەمان حەواڵە کرا. هیچمان بۆ نەکرا جگە لەوەی بەرەو قەڵاچوالان بگوێزینەوە. چەند خێوەتێکمان هەبوون بۆ بەندییەکانمان هەڵدان و خۆیشمان پێشمەرگە لە چەند خێوەتێکدا خۆمان بە دەوری بەندیەکاندا ڕێکخست. شوێنەکەمان ئاوی خواردنەوەی نەبوو. لە نزیک چەمی قەڵاچوالان لە کانییەک بە تانکی ئاومان ئەهێنا کە ئاوە کەی پاک نەبوو. بۆیە بە خواردنەوەی ئەم ئاوە زۆربەمان نەخۆش کەوتین. گواستمانەوە بۆ گوندی سیرەمێرگ. سەرەتای بەهار بوو. هەوا هێشتا سارد بوو و جاروباریش باران ئەباری. ناچار چووینە مزگەوتی ئاوایی. خەڵکی دێ ئەم داگیرکارییەی ئێمەیان لە مزگەوتەکەیان پێ ناخۆش بوو. گوتیان مزگەوتەکە چۆڵ بکەن و بچنە نێو قوتابخانەکەوە. چوونی هەر دوو لا بۆ ئێمە خۆش نەبوو. مزگەوت شوێنی نوێژکەران و قوتابخانە جێگەی منداڵانی فێرخواز، بەڵام مانەوەش لە ژێر باراندا نەدەکرا بۆیە ناچار چووینە نێو فێرگەکە. خەڵکی گوند ناچار بوون خانوویەکی دیکە بکەنە قوتابخانەی منداڵەکانیان.

**دانانی بنکەیەک لە ڕانیە**

دەفتەری سیاسی بڕیاری دانانی بنکەیەکی دیکەی لە شارۆچکەی ڕانیە دا. ئەو گۆڕانکارییە خێرا و پەیتا پەیتایانە لەو ناوچانە وای کردبوو هەردەم لە بیری کردنەوەی بنکەی نوێ و گواستنەوەدا بین. بۆ ڕاپەڕاندنی ئەم کارە و بەڕێوەبەریی بنکەی تازە کاک ئەبوبەکری کوڕی شێخ جەلال

دیاری کرا. شـــارۆچکەی ڕانیە لە ســـنووری قەڵادزێ بە سنووری سەردەشتەوە نزیکە و بۆ ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ ئەنجامدانی چالاکی شــوێنێکی گونجاو بوو. هاوکات بیرمان لەوە دەکردەوە ئەگەر ناچار بین لە ڕانیەش بگوێزینەوە، ئەوە قەندیل کە هەمیشــە پشــت و پەنای پێشــمەرگەی تێکڕای کوردستان بووە، لەوێوە نزیکە.

نوێنەری خەبات مۆڵەتی کردنەوەی بنکەی لە ڕانیە لەلایەن موخابەراتە کە دەزگایەک بوو بۆ پێوەندیی نێوان حکومەتی عێراق و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، وەرگرت. کاک ئەبوبەکر لەگەڵ چەند پێشمەرگەدا چوونە ڕانیە و خانوویەکیان بە کرێ گرت. منیش وەک بەشی تەداروکات بە کڕینی کەلوپەل و کەرەسە بنکەمان ئاوەدان کردەوە. هەر لەو ماوەدا حکومەتی عێراق مۆڵەتی پێداین بنکەی سەرکردایەتیشمان بگوێزێتەوە بۆ ڕانیە و بۆ ئەو مەبەســـتە خانوویەکی کە پێشـــتر دامودەزگای دەوڵەتی تێدا بوو و ئێســـتا چۆڵ کرابوو، پێمان درا. ئەم خانووە بۆ بنکە گەورە و گونجاو بوو. جێگەی زیاتر لە سەد کەســـی تێدا دەبۆوە. بۆ وەرگرتنی ئەم خانووە بەو مەرجە مۆڵەتمان پێدرا کە دوای چەند مانگێک بەرەو کێوی قەندیل بگوێزینەوە و ئەوێ چۆڵ کەین و بنکەکانمان بەرینە قەندیل.

کۆتایی بەهار بوو گواســتمانەوە بۆ ڕانیە. مانگێکی پێچوو هەتا بە تەواوی دامەزراینەوە. ئەم کۆچە یەک لە دوا یەکانە نە تەنیا پێویســتی بە دانانی کات و دارایی بوو، هاوکات لە کار و چالاکیی وەدوای دەخستین و لە کۆمەڵیش دادەبڕاین. ئەم دابڕان و دووربوونەوەیە زیـانی گەورەی بە چـالاکییـە کانمان دەگەیاند. بنکە و مەنزڵی ئەم جارەمان لەچاو ئەوانی

پێشـــوو یەکجار باش بوو. ئەم خانوە زۆر گەورە بوو، بە دەیان ژووری هەبوو. لە نێو شاری ڕانیەدا و دەستڕاگەیشتن بە هەر کەلوپەلێک پێویســـتمان بوایە. لە هەموو ئەمانەش باشـــتر دوور لە هێرش و گوللە تۆپی ئێرانەوە. تەنانەت بۆ پارێزگاریی و کێشکدان پێویست بە زیاتر لە پێشمەرگەیەک نەبوو. ئەم ئاسـانکارییانە وای کرد بتوانین پێشـمەرگەکان بە زۆری بنێرینەوە بۆ نێوخۆی وڵات و ئەنجامدانی چالاکی.

## گۆڕانێکی سەیر لە مامۆستا شێخ جەلال دا

دوای بووژانەوەمان لە ڕانیە، شـێخ لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵپێچا و کەوتە بیانووگرتن لێیان. دۆخەکە گەیشتە جێیەک کە لەگەڵ هەندێکیان دەنگی دابڕی و ئیتر قسـەیشـی لەگەڵ نەدەکردن، بەتایبەت یەک دوانێک لە خزمەکانی خۆی. من کە لەو ڕێکخراوەدا تازە بووم و ئاگام لە پێشینەی کاری ئەنـدامـان نەبوو هۆکـاری ئەم نـاکۆکییەم نەدەزانی. بە هەڵسەنگاندنی خۆم ئەوەی ڕۆژانە ڕووی دەدات و تێدەپەڕی هـاوســـەنگی ئەو نـاکۆکییە نەبوو. وای لێهـات هیـچ کۆبوونەوەیەکیش نەدەکرا لانیکەم بـاس و خـواســـی ناکۆکییەکانی تێدا بکرێت. تەنیا مەلا خدر جاروبار دەچوە لای شێخ، بەڵام هیچ شتێک لەم بارەیەوە نەدەدرکا.

دۆخەکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو خراپتربوون دەڕۆیشـت. بە ڕواڵەت دەفتەری سـیاسـی و کۆمیتەی ناوەندی هەبوون بەڵام وەک پێشـتریش ئاماژەم پێداوە شـێخ دەیویسـت خۆی بڕیاری کۆتایی لەســەر هەموو شـتێک بدات. تەنانەت لەگەڵ ئەوەی هەر ئۆرگانێک بەرپرسی خۆی هەبوو بەڵام زۆر جار

دەســـت تێوەردان لە کاری ئۆرگانەکاندا دەکرا بێ ئەوەی بەرپرســی ئۆرگان ئاگادار بێ. ئەمە وای کردبوو هەندێ لە بەرپرســی ئۆرگانەکان ناڕازی بوون و ملیان بۆ قســـە و بڕیاری شێخ نەئەدا. کار گەیشتە شوێنێک خزمەکانی خۆیشی لێی وەرگەڕانەوە و چیدی گوێڕایەڵی شـێخ نەبوون. شـێخ کە ئەمەی دەبینی لە جیـاتی هێورکردنەوەی دۆخەکە زیـاتر تووڕەیی لە خۆی پیشـــان ئەدا. لە بیرم دێ جـارێک لە کۆبوونەوەیەکدا لە میراوێ تەنانەت قســـەی ناشـــیاو و ناشـــیرینی بە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی گوت کە بووە هۆی تێکچوونی کۆبوونەوەکە و ڕۆیشـــتنەدەرەوەی ئـەو هاوڕێیە لە کۆبوونەوەکە. ئەمە کاریگەری خراپی لەســـەر زۆرمان دانا.

دۆخەکە وەها ئاڵۆز ببوو کە ئیتر هیچ جۆرە پێوەندییەک لە نێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و شـێخدا نەمابوو. شـێخ زۆر تووڕە بوو. جەماعەتێک پێشـــمەرگە و دارودەســـتەی خۆی فێر کردبوون بە شێوەی جۆراوجۆر ئەزیەتی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بدەن. بە ئاشکرا سووکایەتیی بە کادرەکان دەکرد. ئاخری وای لێهات بۆ ترساندنی تێکڕای پێشمەرگە و ئەندامان چەند کەسێکی لە ئەندامان کە خزمی خۆی بوون و گۆیا گومانیان لە سـەرە زیندانی کردن. لە هەمان کاتدا شـێخ ڕێزی تایبەتیی لە مەلا خدر و یەک دوانێکی دیکەمان دەگرت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا مەلا خدر بەم هەڵسـوکەوتانەی شـێخ نـاڕازی بوو. ئێمە چاوەڕان بووین شـــێخ وەک مرۆڤێکی ســـیاســـی و بە دیســـیپلین هەڵســـوکەوت لەگەڵ ئەندامان و

پێشمەرگەکاندا بکات.

## کۆبوونەوەیەکی نهێنی و بێ ئاگاداریی شێخ

به هاوبەشی بەشێکی زۆر له ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی به سەرپەرستی مەلا خدر کۆبوونەوەیەکمان پێکهێنا. بڕیار درا دوایین قسەی خۆمان وەک داوایەک له شێخ بکەین، ئەویش ئەوه بوو که شێخ به خۆیدا بچێتەوه و گۆڕانێک له خۆیدا پێک بهێنێت ئەگەر نا سازمان تووشی زیانی گەوره دەبێت. بۆ گەیاندنی ئەم پەیامه مەلا خدرمان کرده نوێنەر. شێخ به بیستنی ئەم هەواڵه و یەکدنگی ئەندامان ئیتر تووڕەیی و بێزارییەکەی چووه ئەوپەڕی خۆی. وەکو شتێک بەم یەکدەنگییەی تێکڕای ئەندامانی دەفتەر و کۆمیتەی ناوەندی مەترسییەکی لێ نیشت. بۆ ڕەوینەوەی هەر چەشنه مەترسییەک لەسەر خۆی و دەوروبەرەکەی که ئێستا ئیتر کردبوونیه دەسەڵاتدارێکی تەواو و بەردەوام تیرۆری کەسایەتیی ئێمەیان ئەکرد، هەمیشه له حاڵەتێکی ئامادەیی و دەستەویەخەبووندا بوون. هەڵسوکەوتی ئێستای جەماعەت ئەو خوێندنەوەی به ئێمه ئەدا که بەتەمای جۆره دەستبەسەرداگرتن یان گرتنی تێکڕای ئەندامان بن.

## کەوتینه بیری جیابوونەوه

دوایین هەنگاومان ئەو کۆبوونەوه و ناردنی داواکاریی بۆ پێکەوەسازان بوو. پێش دوایین کۆبوونەوه لانیکەم مەلا

خدرمان هەبوو وەک نوێنەرێک بینێرینە لای شـێخ و قسـە و داوای خۆمانی پێ بگەیێنین. ئێستا ئەوەشمان نەمابوو و مەلا خدر لە هەموان ناخۆشـەویسـتتر ببوو. کۆبوونەوەیەکی دیکەمان بە نهێنی پێکهێنا. ئەم کۆبوونەوەمان لە باغێکی پە نای شاری ڕانیە هێندێک لە دووری بنکە پێکهێنا و بڕیارمان دا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر تووشـی بێڕێزی و سـووکایەتی نەبین، وەک لایەنی زۆرینەی خەبات لە شێخ جیا ببینەوە.

## دوولەتبوونی سازمانی خەبات

لەو کۆبوونەوەدا کە بڕیاری جیابوونەوەمان لە شـێخ دا بە وردی لەسەر چۆنیەتی ڕۆیشتنمان لە بنکە و تەنانەت ناو بۆ ڕێکخراوەکە قسـەمان کرد. بە زیادکردنی وشـەیەک لە ناوی ڕێکخراو سـازمانی خەباتی شـۆڕشـگێڕی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران لەدایک بوو. پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ بە نهێنی و تێکڕای ئەندامانی سـەرکردایەتی و چەند کادرێک بە دوو ئۆتۆمبێلی سـازمان کە لەگەڵ خۆمان هێنابوومان بەرەو سـلێمانی کەوتینە ڕێ. باقی هاوڕێیان، پێشمەرگەو بەشێکی دیکە لە کادرەکان چوونە گاراجی ڕانیە (کە پێشتر ئامادەکاریی بۆ کرابوو) لەگەڵ ئەم دوو ماشێنەی خەباتدا بەیەکەوە بەروە سلێمانی کەوتینە ڕێ. دیارە ئەوانەی کە ماڵ و منداڵیان هەبوو ئەو کاتە بۆمان ئیمکان نەبوو کە تێکڕا پێکەوە بچینە سـلێمانی. ئەوان خۆیان و خێزانەکانیان لە ڕانیە مانەوە و دوای دامەزرانمان هاتن بۆ سلێمانی. کاتێک گەیشتینە سلێمانی یەکسەر خۆمان بە بنکەی سلێمانیدا کرد و دەستمان بەسـەر بنکەکەدا گرت. ئەم کارەمان بۆ ئەوە کرد

کە بتوانین هەتا بە تەواوی دەکەوینە سەر پێی خۆمان لەم بنکەیەدا قسە و کۆبوونەوەی خۆمان بکەین. ئەمە لە کاتێکدا ئێمە وەک زۆرینە خۆمان بە خاوەنی سازمانی خەبات ئەزانی.

## چیمان لەگەڵ خۆمان برد

توانیمان دوو لە ماشێنەکان لەگەڵ خۆمان بەرەو سلێمانی بەرین. هەروەها دوو دەزگای وەشانی ڕادیۆ، دوو دەزگا ماشێنی نووسین و بەشێک لە پارەی مانگانەی سازمان کە تازە لە حکومەتی عێراقەوە نێردرابوو لەگەڵ کۆمەڵێک چەک و تەقەمەنی کەوتە دەست ئێمە. لەم لێکترازانەی ئێمەدا تێکڕای ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی هاتبوون جگە لە کاک بابە شێخی کوڕی و کاک خالید سقزی کە ئەودەم هەر دوو جێگری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بوون. تێکڕای ئەندامانی دەفتەری سیاسی کە تێکەڵ بەم لەتبوونە ببوون بریتی بوون لەم بەڕێزانە: مەلا خدر عەبباسی ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر، بابیز ڕەسووڵی ئەندامی دەفتەری سیاسی، تەها مینایی ئەندامی دەفتەری سیاسی، شێخ ڕەئوف حوسێنی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، مەلا عوسمان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، مەلا حامید ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، عەلی عەزیزی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و خۆم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. ئەمانەی ناویان هات لەگەڵ کۆمەڵێک پێشمەرگە بە چەکەوە

هاتینە بنکەی سلێمانی.

## چەک کێشان لە یەکتر

عەبدولکەریمی کوڕی شـێخ بە هەر هۆیەکەوە بێ ئەو کاتە لە باوکی زیز بوو و وازی لە هەر چەشنە بەرپرسـایەتییەک لە خەبات هێنابوو. بەڵام لەو کاتەدا بەرژەوەندیی خەبات و شـێخ کەوتبووە مەترسـییەوە بۆیە دوای ماوەیەکی دوو سـە عاتی بە چەند پێشمەرگەوە گەیشتە بنکە و هەر لە دوورەوە بە دەنگێکی بەرز کردیە هەرا و هۆریـا و جنێودان پێمـان. ئێمەش دەسـتەیەکمـان لە سـەر بـانی بنکە بە چەکەوە وەسـتابووین و هەندێکیشـمان لە خوارێ لە ژوورەکاندا بووین. عەبدولکەریم هەوڵی دا بێتە ژوورێ بەڵام دەنگمان دا زیـاتر نزیـک نەبێتەوە. گوێی نەگرت و تووڕەیی زیـاتر لێ دەباری. ئەم جارە کردیە نەڕە نەڕ و دەرگای حەوشـەی بەر شـەقان دا و بەردەوام بە دەنگی بەرز جنێوی بە ئێمە ئەدات. خەڵکی گەڕەک لە پەنجەرە و سـەر بانەکانەوە سـەیری ئێمەیان ئەکرد. ئەم جارە کە زانیمان عەبدولکەریم واز ناهێنێ بۆ ترسـاندنی کەوتینە چەخماخ کێشـان و هەڕەشـەی تەقە لێکردن ئەگەر بێتە ژورەوە، بەڵام  وا پێدەچوو لەو باوەڕەدا نەبێ کە تەقەی لێدەکەین بۆیە زیاتر پەلامار و هاتوهاواری ئە کرد. ڕێک لەم کاتەدا دوو ماشـێنی موخابەرات بە کۆمەڵێک چەکدارەوە گەیشـتنە ئەوێ. دیار بوو شـێخ ئاگاداری کردبوون. بە هاتنی ئەوان دۆخەکە هێور بۆوە. داوایان لە ئێمە کرد واتە ئەندامانی ناوەندی و دەفتەری سـیاسـی لەگەڵیان بچین بۆ موخابەرات. لەگەڵ جەماعەتی عەبدولکەریم

بردیانین بۆ موخابەرات. باقی ئەو پێشـــمەرگەکانەی کە لەگە ڵمان هاتن بۆ ســـلێمانی هەموویان ئیجازەدران بە چەکەوە بڕۆن بۆ ماڵی هاوڕێیان و بنکەکە چۆل کەن. دەرگای بنکەش قفڵ درا. بە گەیشـتنمان بە موخابەرات ئێمەیان چەک کرد، بە ڵام جەماعەتی عەبدولکەریم یان چەک نەکرد و ئازادیان کردن. دوای قسـه و باسـێکی زۆر لە موخابەرات داوایان لە ئێمە کرد بگەڕێینەوە لای شـێخ. داوای ئەو پارە و کۆمەڵە کە لوپەلانەشـیان لێ کردین کە لەگەڵ خۆمان هینابوومان. دیار بوو شێخ لیستی ئەو کەلوپەلانەی کە ئێمە هینابوومان دابوو بە موخابەرات کە لێمان بسێننەوە. بەڵام ئێمە گوتمان تەنیا چە کی دەستی خۆمان هێناوە و ئەویش بەهی خۆمانی ئەزانین و لەوەش زیاتر لەو سازمانەدا مافمان هەیە. موخابەراتیش لەو بابەتەوە زۆری لێ نەگوت و بێدەنگەی لێکرد.

موخابەرات بە ڕواڵەت ڕۆڵێکی ناوبژیوانیی لە نێوان ئێمە و شـــێخدا ئەگێڕا بەڵام هەر لە یەکەم هەنگاویاندا دەرکەوت لایەنی شـــێخ ئەگرن. هەر ئەو ڕۆژە کە جەماعەتی ئێمە و عەبدولکەریم و ئەو چەند پێشـــمەرگەی لەگەڵی هاتبوون چووینە موخـابەرات ئێمەیـان چەک کرد بەڵام جەمـاعەتی شـێخیان چەک نەکرد و بە چەکەوە هاتن بۆ موخابەرات و دوای ماوەیەک ئیجازەیان پێدان کە بڕۆنەوە ماڵی خۆیان. وا پێدەچوو ئەوان جێی باوەڕ و متمانە بن.

دوای کۆمەڵیک پرســـیار زۆریان هەوڵدا ڕازیمان کەن بگە ڕێینەوە لای شـێخ. کاتێک زانیان بە هیچ جۆرێک ڕازی نین بگەڕێینەوە ئیتر دوای ماوەیەک ئێمەشیان ئیجازە دا بچینەوە

ماڵی خۆمان. لەگەڵ هەوڵ و داوایەکی زۆریشـــدا چەکەکانی ئێمەیان نەداوە. گوتیان ئەو چەکانە کاتی خۆی بە شـــێخ دراون و ڕادەستی شـێخیان ئەکەینەوە. ناچار ئێمە بێ چەک گەڕاینەوە ماڵەکانی خۆمان. دیار بوو ئەوەش جۆرێک گوشار و ســـووکایەتی بوو کە موخابەرات پێی کردین. هەموو هەوڵێکیان ئەدا بۆ گەڕانەوەمان بە ملکەچی بۆ لای شـێخ. لە ڕاستیدا سازمانی خەباتیان بە شێخ جەلالەوە قەبوڵ بوو.

دوای پرســیار و وەڵامێکی زۆر لێمان وەک تاوانبارێک لە لایەن موخابەراتەوە چاو لێدەکراین. ئەو ڕۆژە ئیجازەیان داین بچینەوە ماڵەکانی خۆمان بەو مەرجەی ڕۆژی دوایی بچینەوە موخابەرات. بۆ ئەو شەوە هەر چەندە مامۆستا مەلا خدر ماڵی لە سلێمانی بوو بەڵام پێمان باش بوو کە نەچێتەوە ماڵی خۆی. لەگەڵ چەند هاوڕێی لە کادرەکان هاتنە ماڵی ئێمە و بەشێکیشیان چوونە ماڵی کاک شێخ ڕەئوف و باقی پێشمە رگەکان چوونە ماڵی کاک تەهای مینایی و کاک بابیز ڕە سوڵی و کاک عومەر ئەمینی.

بۆ بەیانییەکی لەســەر داوای ڕۆژی پێشــووی موخابەرات مەلا خدر و ئەو هاوڕێیانەی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دە فتەری سیاسی بووین چووین بۆ موخابەرات. دیسان دوای قســە و باسـێکی زۆر بە ڕاشـکاوی پێیان گوتین موخابەرات ســازمانی خەبات بە شـێخ جەلالەوە ئەناسـێت و قەبوڵە و ئامادەی هیچ چەشـــنە هاوکارییەک لەگەڵ ئێمە نین. وتمان ئێمە وەک ئۆپۆزیســـیۆنێکی کوردی ئێرانی داوامــان لە حکومەتی عێراق هـەیـە کـە یارمـەتیمـان بدەن، ئەگەر ئێوە

یارمەتیمان نادەن ئەوە کەیفی خۆتانە، بەڵام لە ئێستادا داوامان لێتانە کە ئیجازە بدەن تا ڕاستی و دروستی هەر دوولامان ساخ دەبێتەوە وەرەقەمان بۆ بکەن کە بتوانین لێرە بژین. دەنا دڵنیا بن ئێمە واز لە خەباتی خۆمان ناهێنین و دەستی یارمەتی بۆ ڕێکخراوە سیاسییەکانی تر درێژ ئەکەین هەتا دەکەوینە سەر پێی خۆمان. ئەو کات ئەڕۆینەوە نێو وڵاتی خۆمان و بێگومان خەڵکی کوردستان یارمەتیمان ئەدات. وتیان باشە با بزانین چەندە ڕاست ئەکەن کە خەڵکی خۆتان و هێزە سیاسیەکانی دیکە یارمەتیتان ئەدەن و توانای ئەوەتان هەیە کە لەسەر پێی خۆتان ڕاوەستن.

موخابەرات باوەڕی تەواویان بە شێخ جەلال هەبوو. ئەو هەر چی لەسەر ئێمە بگوتایە لێیان وەردەگرت. شێخ وای لە حکومەتی عێراق گەیاندبوو کە ئێمە بەم جیابوونەوەیە دەمانەوێ سازمانی خەبات هەڵوەشێ و پاشان خۆمان ڕادەستی ئێران بکەینەوە. ئەمە وای کردبوو کە موخابەرات ئێمەی خستبووە ژێر چاودێرییەکی زۆرەوە.

## دانانی یەکەم بنکەمان

بە هەموو لایەک کەوتینە گەڕان بۆ دۆزینەوەی خانوویەکی گونجاو بۆ بنکە. ڕێک بەرامبەر ماڵی ئێمە لە گەڕەکی زەرگەتە لە سلێمانی خانوویەکمان بە کرێ گرت و ناومان نا بنکەی سازمان. جەماعەتی شێخ لەو ماوەدا بە ورياييەکی تە واوەوە لەجموجوڵی ئێمەیان ئەڕوانی. کاتێک هەواڵی کردنەوەی ئەم بنکەیەیان بیست، بەردەوام ڕۆژانە بە دوو سێ ئۆتۆمبێلەوە پڕ لە چەکدار بە پەنای بنکەکەماندا لە

هاتوچوودا بوون و مانۆریان ئەدا. دیارە ئێمە مەترسیمان لە پەلاماری جەماعەتی شـــێخ هەبوو بۆیە بۆ پارێزگاریی لە خۆمان توانیمان لە دۆسـتان و چەند کەسـێکی کوردپەروەر هێندێ چەک قەرز کەین و ئەو پێشـمەرگانەش کە لەگەڵمان هاتبوون چەکیان پێ بوو. ئیتر بەم شـێوەیە توانیمان خۆمان لە جەماعەتی شـێخ بپارێزین. لە هەمان کاتیشـدا بە هەموو جۆرێک هەوڵمان ئەدا نەکەوینە تەقە و تێکهەڵچوون لەگەڵ بەرەی شـــێخـدا بەڵام ئەم مـانۆرانەی ئەوان بە دەوری بنکەکەماندا بۆنی شەڕیان لێدەهات.

هەروەک پێشـتر باسـم کرد جەماعەتێکی بەرچاو لە پێشـمە رگەکانلەگەڵ ئێمە بوون بەڵام ویسـتمان تا لە سـلێمانی یان شوێنێکی دیکە دائەمەزرێین هەر لای شێخ بمێننەوە و خۆیان ئاشـکرا نەکەن و هەر کات داوامان لێکردن بێن بۆلامان. ئیتر بە دوای دامەزرانمان لە سلێمانی تێکڕای ژن و منداڵ و باقی لایەنگرامان لە نێو بەشی نیزامی و سیاسیدا کە مابوونەوە بە گوێرەی بەرنامە بەرودوا هاتنە لای خۆمان.

## یەکەم کۆبوونەوەی دوای جیابوونەوە

کۆبوونەوەیەکی گشـتیمان پێک هێنا. لەسـەر کۆمەڵێک خاڵی گرنگ قسـە و باس کرا. لەم کۆبوونەوەدا تێکڕای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی لەگەڵ باقی کادرەکان بەشـدار بوون. بە شـێوەی کاتی تا کۆنگرە چەند بریارێکی کاتیمان پەسـەند کرد. ناوی ڕێکخراو و بەرپرسـی گشـتی یە کێک لەو خاڵانە بوون. ناوی سـازمان، (سـازمانی خەباتی شـۆڕشـگێڕی ئیسـلامی و نەتەوایەتی کوردسـتانی ئێران) بە

ڕەسمی بوونی خۆی بەو ناوە ڕاگەیاند. سکرتێر ماموستا مەلا خدر عەباســـی. هەروەها کاک عەلی عەزیزی و من کە پێشــتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووین لەم کۆبونەوەدا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی دیاری کراین.

## سەردانێک بۆ لای ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵقی ئێران

لەسـەر داوای مەلا خدر کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسـی کرا. مەلا خدر باسی دۆستایەتی سازمانی موجاهدینی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا کرد. بە باوەڕی خۆی پێی وا بوو ئەگەر موجاهدین دوو قسەی خێرمان لای حکومەتی عێراق بۆ بکات خراپ نـابێ و لەم قەیرانی دەســـتکورتی و گوشـــاری موخابەراتەوە دێینە دەرێ. من و کاک تاهیر دیاری کراین سـەردانێکی موجاهدین بکەین. ڕۆژی دوایی شـاندەکە چووە لای موجاهدین. بنکەیەکی گەورەیان لە گەڕەکی سـەرچنار لە سلێمانی هەبوو. هەرچەند پێشتر لە دانیشتنی خۆماندا موخابەرات بەڵێنی وەرەقەیان پێدابین کە لە سلێمانی نیشتەجێ بین، بەڵام ئەوە تەواو نەبوو. ئێمە بۆ چالاکیی ســـیاســـی بۆ ناوچەکانی دیکە پێویســـتیمان بە هاتوچوویش هەبوو. بۆیە داوامان لێکردن کە موخابەرات ڕازی بکەن ڕێگر نەبن لەسەر مـانەوە و جێگیربوونمـان لە خـاکی عێراقـدا و مۆڵەتی هاتوچوومان بە وەرەقەی خۆیانەوە پێ بدەن بۆ ئەوەی بێ گیروگرفت بتوانین لە نێوان شـار و ناوچەکاندا هاتوچوو بکەین. موجاهدین جگە لەوەی بەڵێنیان پێدابن لای موخابەرات قســەی باشــمان بۆ بکەن خۆیشــیان لە ســەرەتاوە یارمەتی ئابوورییان داین کە بکەوینە ســـەر پێی خۆمان. دیارە هیچ

جۆرە یارمەتییەک لە دنیای ســیاســەتدا بێ بەرامبەر نییە. یارمەتیی و پشــتیوانیی موجاهدینیش بۆ ئێمە بە خۆڕایی نەبوو. دەبوو ئێمەش شــتێک بەوان بدەین. مانگمان لەگەڵ دۆســتایەتیی موجاهدین تەواو نەکردبوو داوایان لێکردین ببینە ئەندامی شورای میللی موقاوەمەت. گوتمان مۆڵەتمان بدەن وەڵامتان ئەدەینەوە. کۆبوونەوەیکمان بۆ ئەم مەبەســتە پێکهێنا. تێکڕا هاودەنگ بووین کە نەبینە ئەندامی شــوڕای میللی موقاوەمەت. وەڵاممان ناردەوە ئەم پرســە تەنیا لە کۆنگرەدا پەسند دەکرێ بۆیە هەتا دوو سێ مانگی دیکە و بەستنی کۆنگرە ناتوانین هیچ بڕیارێک بدەین. ئەم وەڵامەیان بە دڵ نەبوو و پشــتیان تێکردین و لەوەدوا هیچ جۆرە یارمەتییەکیان نەدایین. ئێمەش ڕازی بووین بەوەی کە دەست لە خێری موجاهدین هەڵگرین تاکو نەبینە کۆیلەیان.

**بانگکردنمان لە لایەن دەزگای موخابەراتی بەغداوە**

مل نەدانمان بۆ داوای تێکەڵبوونەوە لە لایەن موخابەراتی سلێمانییەوە و چارەسەر نەبوونی ناکۆکیی نێوان هەر دوو باڵی خەبات وای لێهات بانگهێشتی موخابەراتی بەغدا بکرێین. شاندێک لەم هاوڕێیانە بە سەرپەرستی مەلا خدر چووینە بەغدا: شێخ ڕەئوف حوسێنی، کاک باییز ڕەسووڵی، کاک تەها مینایی، مەلا عوسمان، کاک عەلی عەزیزی و خۆم. لەسەر خەرجی خۆمان هوتێلمان بۆ گیرابوو. ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ ماینەوە جگە لە دوایین ڕۆژ کە میوانداریی نیوەڕۆخوانێکیان بۆ کردین تێکڕای خەرجی ئەو ماوە لەسەر

خۆمان بوو.
شـەوی یەکەم کەسـێک لە موخابەراتەوە هاتە هوتێل و پێی ڕاگەیاندین خۆمان ئامادە بکەین ڕۆژی دوایی ئەمانبەن بۆ شوێنێک. ئەو شەوەمان بە خەیاڵاتی ناخۆشەوە ڕۆژ کردەوە. چارەنووسـمان نادیار بوو. ئەگەری هەر چەشـنە پلانێکمان لەسـەر بوو. تەنانەت چوونە نێو بەندیخانەش. ڕۆژی دوایی هاتن و بردیانین بۆ شـوێنێک کە بەشـێک بوو سـەر بە موخابەرات. جێگری سەرۆکی گشتیی موخابەرات لەگەڵ دوو کەسـی دیکەلەگەڵمـان دانیشـتنێکی کرد. وەرگێڕی فارسیزمانیان هێنابوو و ئێمەش بە فارسی کەوتینە قسان. لە وە دەچوو وەرگێڕەکە ئەندامی موجاهدین بێت.

لە سـەرەتاوە لە قسـە و ئاخافتنیاندا تووڕەیی لێ دیار بوو. هەوڵی ئەمانیش هەر ئەوە بوو کە موخابەراتی سـلێمانی دابووی بۆ گەڕانەوەمـان بۆلای شـێخ، بەڵام بێ نەتیجە مابۆوە. ئەوان زۆریان گوت و ئێمە کەممان بیسـت. ئەوان ئەیانگوت شـێخ، ئێمە ئەمانگوت نەخێر. کە زانیان بێ سـوودە و ئێمە لەسـەر قسـەی خۆمان سـوورین گوتیان باشـە بۆتان هەیە درێژە بە چالاکی خۆتان بدەن بەڵام بە یەک مەرج، تەنیا لە قەندیل مافی بنکەتان هەیە و بەس. هیچ یارمەتییەکیش لە ئێمەوە وەرناگرن جگە لە وەرەقەیەک بۆ یەک کەس کە وەک نوێنەری خۆتان جاروبار بتوانێ بێتە موخابەراتی قەڵادزێ یان سـلێمانی بۆ ئیش و کارێک کە لەگەڵ موخابەرات هەتانبێ. هەروەها زۆریان لێ کردین کە دەبێت ئەو کەمە پارەیە کە وەک مانگانە درابووە بە سازمان و کەوتبووە لای

ئێمە، لەگەڵ ئەو یەک دوو دەزگا ڕادیۆ و چاپە ڕادەستی موخابەراتی سلێمانی بکەینەوە. بەڵام ئێمە هەروەک پێشتر حاشامان لێ کردبوو گوتمان تەنیا ئەو چەکانەی شانمان هێناوە، ئەوەش مافی خۆمانە. موخابەراتی بەغداش هەروەک سلێمانی قبوڵیان کرد و وازیان لێ هێناین.

له کاتی گەڕانەوەماندا لە بەغدا بەرەو سلێمانی داوامان لە موخابەرات کرد کە بە موخابەراتی سلێمانی بڵێن چەکەکانمان بدەنەوە کە چەندین ساڵە لە شانماندایە .دیارە موخابەراتی بە غدا بەڵێنی پێداین کە موخابەراتی کەرکوک ئاگادار بکات کە بە لقی سلیمانی دەستور بدەن چەکەکانمان بدەنەوە. بەپێی بەڵێنێک کە موخابەراتی بەغدا پێی دابووین دەبوو لە کەرکوک لادەین و ئەو چەکانەی شانی خۆمان کە لە یەکەم ڕۆژدا لێمانسێندرابوو وەرگرینەوە. گەڕاینەوە کەرکوک بەڵام هیچ بەرهەمێکی نەبوو. بەرپرسەکەی بە ناوی ئە بومێزەر، کەسێکی نزیکی شێخ بوو. هەوڵی ئەدا تا بۆی بکرێت پشتی شێخ بگرێت. لە ترسی موخابەراتی بەغدا نەبوایە لەبەر دڵی شێخ ئێمەی دەخستە بەندیخانە. بە دەسەلاتی خۆی توانی چەکەکانمان نەدەنەوە. گوتی ئەوە چەکی شێخ جەلالە و هەر باسیشی مەکەن.

ئەبومێزەر بە خاتری شێخ جەلال بڕیاری موخابەراتی بەغدای پشت گوێ خست. ئیتر ڕوون نەبوو ئەو کارەی بە دە سەلاتی خۆی کردووە یان قسەو باسێک لە نێوان بەغدا و کە رکوکدا هەبووە بۆ ئەم جۆرە بڕیارانە. بەڵام لە بڕیارەکانی تردا نەیتوانی لاڕێ بێ. بۆ نمونە یەکێک لە خاڵەکان ئەوە بوو

ماڵ و منداڵ بەگشتی بۆیان هەبێ لە شارەکان بژین بەڵام پێشمەرگە و سەرکردایەتی بگوێزنەوە بۆ قەندیل. نوێنەرێکیشمان بۆ پێوەندیی نێوان ڕێکخراوەکەمان و موخابەرات هەبێ. مەلا عوسمان کە پێشتریش پێش جیابوونەوەمان نوێنەری خەبات بوو بۆ پێوەندیی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دوبارە کرایەوە بە نوێنەر.

## تێکەڵبوونی کۆمەڵێک پێشمەرگەی نوێ بە سازمانی خەبات

بە دوای دوولەتبوونی سازمانی خەبات کۆمەڵێک پێشمەرگەی خەڵکی بێورانی سەردەشت کە پێشتر پێشمەرگە ی حیزبی دێموکرات بوون و ئێستا لای ئەوان نەمابوون و نیشتەجێی دەوروبەری قەڵادزێ بوون لەسەر بانگهێشتنی سازمانی خەبات تێکەڵ بە ئێمە بوون. بۆ ئەم بانگهێشتنە بە فەرمی من و کاک تاهیر مینایی چووینە قەڵادزێ و سەردانی کاک برایم بێورانیمان کرد. ناوبراو برا گەورە و بەرپرسیاری ئەو کۆمەڵە پێشمەرگە بوو کە نزیک بە پانزە کەسێک ئەبوون و هەموو خزم و کەسوکاری یەکتر بوون. هاتنی ئەم پێشمەرگانە لەو کات و ساتەدا بۆ ئێمە کە لاواز بووین هێز و توانایەکی زۆرتری پێداین.

## گواستنەوەی بنکەی سەرکردایەتی بۆ قەندیل

دوای ئەوە کە لە بەغداد گەڕاینەوە بنکەی سەرەکی و سەکردایەتیمان بردە چیای قەندیل. لە شوێنێک بە ناوی بایەوان چەند خێوەتمان هەڵدان. تەواوی ڕۆژانە جەماعەتمان

هەر یەک بە گوێرەی توانای خۆی بە دروست کردنی خانوو و جێگە و پێگەوە سەرقاڵ بووین. شەوانەش بۆ ئیسراحەت خێوەتمان هەبوو. هەوا هێشتا زۆر ساردی نەکردبوو و لە دەرەوەش ئیمکانی حەوانەوەمان هەبوو. لە ماوەیەکی کورتدا دوو خانوومان دروست کردن. وەستاکاری خانوەکان کاک عه لی عەزیزی بوو. یەکێک لە خانوەکان کە گەورەتر بوو بۆ پێشمەرگەکان بوو. ئەوی دیکە بۆ پاسەوانی سەر ڕێگای هاتنەژوورەوە بۆ نێو بنکە و بارەگاکانمان بوو. جەماعەتی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی قۆڵمان لێ هەڵماڵی و ئێمەش بۆ ژیان و حەوانەوەی زستانەمان دوو ژوور و داڵانێکمان بە قوڕ و بەرد دروست کرد. من و مامۆستا مەلا خدر سیواقی ئەو دوو چواردیوار و داڵانەمان کرد. ئیتر بەهۆی دەستکورتی و دارابیەوە نەمانتوانی زیاتر بچینە پێشە وەو بیکەینە خانوویەکی تەواو، بۆیە بێ دەرگا و پەنجەرە مایەوە. بۆ بانەکەی کەڵکمان لە خێوەت وەرگرت و زۆریش باش بوو و ئەو زستانەمان بەو شێوەیە بردە سەر. ئەوەشم لە بیر نەچێت بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە ئێمەوە نزیک بوون و لە باری پاراستنەوە دڵنیایی زۆرتری بە ئێمە ئەدا.

## "پووچەڵ" کردنەوەی پیلانێک بۆ هاتنە سەرمان لە قەندیل

نامەیەک لە دۆستێکەوە بۆ مەلا خدر هات. تێیدا نووسرابوو سەرۆک جاشێکی سەر بە حکومەتی بەعس، ئەگەر هەڵەم نەکردبێ هەباسی بابیزی باڵوڵ ئاغا بوو، قەرارە هێرش بکاتە سەر بنکەکانی ئێمە لە قەندیل. پیلانەکە وا ڕێکخرابوو کە هێرشەکە بە ناوی ئێرانەوە تەواو بێ. بە دوای ئەم دەنگۆیەدا

مەلا خدر کۆی کردینەوە. چەک و تەقەمەنییەکی ئەوتۆمان نەبوو. بڕیارمان دا دەســـتی یارمەتی بۆ حیزبی دێموکرات ڕاکێشـــین. بۆ ئەم مەبەســـتە من و کاک تاهیر چووینە دە بیرخانەی حیزب. داوای دیداری ئەندامێکی ســەرکردایەتیمان کرد. کاک مەلا حەسەنی ڕستگار هاتە پێشوازیمان. داواکەمان خســتە بەر دەســت. گوتی دەبێ لەگەڵ هاوڕێیان قســە بکەم. ڕۆیشــت و دوای دوو کاتژمێر گەڕایەوە. وتی ئێوە تازەن و باری ئابووریشـــتان لاوازە. بڕێک پارەی لەگەڵ پێنج چەکی ســـووک و تیربارقەناســـێک بۆ هێناین و گوتی ئەمە دیاری حیزبە بۆ ئێوە. ســوپاس و ماڵاواییمان کرد و گەڕاینەوە. بە دوای ئەم خۆشـــخوڵقییەی حیزبدا پێوەندیی و هاتوچوو لە نێوان ئێمە و حیزبـدا گەرمتر بوو و دوای ئـەو دیـدارەی پێشــوو مەلا خدر بە مەبەســتی پێوەندیی نزیکتر بە فەرمی سەردانێکی حیزبی کرد.

## سەردان و دیداری هەباسی بایزی باڵوڵ ئاغا

بۆ دڵنیـابوون و ڕوونکردنەوە و پووچەڵکردنـەوەی ئـەو پیلانە به باشمان زانی پێوەندی لەگەڵ هەباسی بایزی باڵوڵ ئاغا بگرین. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی شـاندێک لە من و کاک بایز و کاک تاهیر پێک هات. چووینە ماڵی هەباس ئاغا لە ســەنگەســەر. دەنگۆی ئەو پیلانەمان بۆ گێڕایەوە و داوامان لێ کرد ڕوونکردنەوەیەکمان پێ بدات. هەباس ئاغا زۆر بە ڕێز و حورمەتەوە گوتی من شــتی وام نەبیستووە و هیچ بە نیازیش نیم دەست بۆ کردەوەیەکی ئاوا بەرم، من وەک میوانێکی بەڕێز حیساب بۆ ئێوە و جەماعەتی

شـێخ ئەکەم، بەتایبەت کە ئێسـتا ئێوە لە ناوچەی ژێر دەسـە ڵاتی مندان هەر دوو لاتان بۆ ئێمە میوانن و ڕێزی تایبەتی خۆتان هەیە و دڵنیاتان ئەکەم شـتێکی وەها لە ئێمەوە ڕوو نادات.

ئایا هەباس ئاغا بە ڕاستی بوو یان نا بۆمان ڕوون نەبوو، بەڵام ئێمە بەم سـەردان و داوای ڕوونکردنەوە ویسـتمان لە ئەگەری هەبوونی شتێکی وادا ئاگاداری بکەین کە ئاگامان لە هەموو شتێک هەیە. بە خۆشییەوە هیچ شتێک ڕووی نەدا. ئە و کاتە ماڵی هەباس ئاغا لە سـەنگەسـەر بوو، بەڵام لە سـەر جادەی سـەنگەسـەر بەرەو ناوچەی زاخۆ لە نزیک ئێمە بۆ پارێزگاریی جادەکە پێگەی جەماعەتی هەباس ئاغا بە هاوبە شی هێزی عێراقی لێ بوو. دیارە تا زاخۆ چەندین پێگەی دیکە ی میری و جاش بە هاوبەشی پارێزگاریان لەو جادە ئەکرد.

**بانگهێشتنمان بۆ موخابەراتی کەرکوک**

ماوەیەک بەوپەڕی دەسـتکورتی و لاوازیی ئابوورییەوە هێنامان. هەر چۆنێک بێ بە یارمەتیی دۆستان و لایەنگرانمان لە نێوخۆی وڵاتەوە ژیانێکی پێشـمەرگانەمان دەگوزەراند. ڕۆژێک نوێنەری موخابەرات لە قەڵادزێ بە نوێنەری خەبات ئەڵێ لە موخابەراتی کەرکوکەوە داوا کراوە مەلا خدر بچێ بۆ کەرکوک و لە نزیکەوە قسەیان لەگەڵ بکات. بێ ڕاوەستان مەلا خدر بە شـاندێکەوە کە پێکهاتبوو لە شـێخ ڕەئوف حوسێنی، کاک تاهیر مینایی و من ڕەوانەی کەرکوک بووین. لەم دیـدارەدا پێمـان گوترا ئەو مـاوەیە لەژێر چـاودێریی موخابەراتدا بووین و بەو شێوەیەی لەسـەرمان قسە کرابوو

وەهــا نەبووە، بۆیە بڕیــاریــان داوە یــارمەتیمــان بــدەن. یارمەتییەکەش هەر ئەو بڕە پارەیەی جارانە بەڵام ئێســتا کە خەبات دوو لەت بووە یارمەتییەکەش دابەش ئەکرێ بەســەر هەر دوو خەبــاتەکــانــدا، واتە نیوەی بۆ ئێمە و نیوەی بۆ خەباتی شێخ.

بە دوای یارمەتیی موخابەراتدا چالاکییە ســـــیاســـــی و ســـەربازییەکانمان زیاتر بوون. لە بوارەکانی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و ڕادیۆشـــــدا کەوتینە گەڕ و دەنگمان لە ڕێگەی ڕادیۆوە بە گوێی کورداندا لە ماڵەکانی خۆیان ئەگەیاند. من بەش بە حاڵی خۆم بەم بووژانەوەیە زۆر دڵگەرم بووم و هیوایەکم بۆ هەرچی زیاتر گەشەکردن پەیا بوو.

**بڕیارێکی دیکەی موخابەرات بەسەرماندا**

کۆتایی هاوینی ١٩٨٧ دەنگۆ بڵاو بۆوە کە حکومەتی عێراق بە نیشــتەجێ بوونی خێزانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە شــارە گەورەکانی عێراقدا ڕازی نییە. ئەم بڕیارە تێکڕای خێزانی ئۆپۆزســـــیۆنی ئێرانی ئەگرتەوە. بیســـــتنی ئەم هەواڵە نیگەرانییەکی گەورەی لە نێو خێزانەکاندا دروســت کرد. ئاخر لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەی دواییدا خێزانەکان هەر یەکە بە جۆرێــک ســـــەقــامگیر ببوون و بەرەو ژیــانێکی ئــارام هەنگاویان ئەنا. منداڵەکان کەوتبوونەوە سەر خوێندن. ئێســتا دیســـــانەوە هەڵوەشـــــاندنەوەی ژیان و پێکەوەنانەوەی لە شـــــوێنێکی دیکە کە تەنانەت دیاریش نەبوو لە کوێ دەبێ، کارێکی ئاسان نەبوو.

شــەوێک لە ماڵی خۆمان لە سلێمانی منداڵەکان هاتنە لام و

هەموو لە دەوری یەکتر دانیشتین. لەوە دەچوو قسەیەکیان بۆ من پێ بێ. گوتیان بابە، هەتا ئێستا منداڵ بووین و بەردەوام بە دوای ویست و بڕیارەکانی تۆدا هاتووین و لە قسەت دەرنەچووین. ئێستا کە هەندێکمان کەوتووینەتەوە سەر خوێندن و ژیانێکی ئاسایی، ئیتر نامانەوێ چی دیکە ژیانمان لە ژێر کەپر و نێو ئەشکەوتاندا بەسەر بەرین. ئێستا کە دەوڵەتی عێراق ڕێگەمان پێ نادا لێرە بژین، نامانەوێ بێینەوە شاخ و لە قەندیل بژین. بۆیە لە نێو خۆماندا بە وردی بیرمان لێ کردۆتەوە و دوو ڕێگەی شیاومان هەڵبژاردووە. گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وەڵات یان کۆچ بەرەو هەندەران و وەڵاتانی ئەوروپا. ئێستا داوات لێ دەکەین ئەم جارە بە قسەی ئێمە بکە. منداڵەکان لە درێژەی قسەکانیاندا وتیان ئەزانین گەڕانەوە بۆ ئێران بۆ تۆ خۆش نییە و ئێمەش نامانەوێ شتێک بکەین بۆ تۆ زەرەری سیاسی و زیان بە کەسایەتیت بگەیێنێ، بۆیە کۆچ بۆ هەندەران باشترین ڕێگەچارەیە لەم ئەملاولا کردنەی ئێستامان.

به وردی گوێم لە قسەی منداڵەکانم گرتبوو. هاوکات کە گوێم لە قسە و داواکانیان گرتبوو ژیانی شاخ و نێو خێوەتم دەهاتە بەرچاو و کەوتبوومە بیرێکی قووڵەوە و لە دووڕێیانی نائومێدی و بێ دەرەتانیدا وەستابووم. ئەمزانی هەموو ئەو قسانەی ئەوان ئەیکەن ڕاستن. ئەوەشم ئەزانی کە هەتا ئێستا هەموو شت هەر بە ویست و بڕیاری من بووە. ئەوەشم باش ئەزانی ژیانی شەش منداڵم فیدای ویست و ئارەزووەکانی خۆم کردووە. لە لایەکەوە کزەم لە جەرگەوە ئەهات کە ژیانی شەش منداڵم هەتا ئێستا بەم شێوەیە هێناوە

و ڕێگەم نەداوە بەردێکی قاییم بۆ بناغەی ژیانێکی پتەو دانێن. بەڵام لەولایشەوە ویژدانم ڕاحەت بوو لەوەی ئەگەرچی تووشی ئەم گشت نەهامەتییە بووم بەڵام لە پێناو ئاواتێکدا بووە کە ئاواتی نەتەوەکەم بووە، واتە ڕزگاریی نەتەوەیەک لە زوڵم و ستەم و کوردستانێکی سەربەخۆ کە هەمووومان بە سەربەرزی تێیدا بژین.

شتێکی دیکەش کە کەم و زۆر کارتێکەری لەسەر منداڵەکان دانابوو، ئەو یەک دوو ساڵەی دوایی خەڵکێکی زۆر لەو کوردە ئاوارانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێگەی هەندەرانیان گرتبووە بەر و بەرەو وەڵاتانی ئەورووپا کۆچیان ئەکرد. لە لایەکی دیکەشەوە کاک ئەحمەد جەهانگیری خەڵکی شاری سە ردەشت، خۆی و هاوسەرەکەی، واتە پەخشانی کچم، لەگەڵ کۆرپەکەیان سارا کە ئەودەم چەندمانگە بوو، هاتنە لای ئێمە لە سلێمانی. ئەمانیش لە ڕاستیدا بەو نیازە هاتبوون لێرەوە بە شێوەیەک بەرەو هەندەران بچن. ئەم ویست و بڕیارەی ئەوانیش کارتێکەریی لەسەر منداڵەکانم دانابوو. بۆیە داواکاریی ئەوانیش زیاتر بۆ ئەم ڕێگەیە بوو. دیارە ڕۆیشتن بەرەو هەندەران بەتەواوی جێی گرتبوو. ئاخر دۆخی سیاسی لە ئاستێکدا بوو کە هیچ تروسکاییەکی باشی لێ بەدی نەدەکرا، بەڵکو بەرەو خراپتر و خراپتر ئەڕۆیشت. ئێستا ئیتر دەبوو بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵی ئەوەدا بووینایە تەنانەت لە ماڵەکەی خۆیشماندا تیرۆر نەکرێین. جاران کە پێشمەرگە لە سەنگەر و جەبهەی شەڕدا ئەگەری کوژرانی هەبوو، ئێستا بێ ئەوەی بزانی کێ دۆست و کێ دوژمنە لە

ماڵی خۆی و کوچە و کۆڵاندا بەر گوللە ئەدرا.
هەر لەو حەوتوو و مانگەدا چەند خزم و هاوڕێی نزیکم ڕێگەی هەندەرانیان گرت و لە ڕێگەی تورکیەوە بەرەو وەڵاتانی ئەوروپا کەوتنە ڕێ. شاڵاوی کۆچی کوردان و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتیی منداڵەکان و لە لایەکی دیکەشەوە هەڵکشانی تەمەن و نەبوونی ئەو وزە و توانایییەی جاران لە ژیانی پێشمەرگایەتی و شاخ ناچاریان کردم مل بۆ ئەم کۆچە بدەم.

## دوا قسەم لەسەر مامۆستا شێخ جەلال

هەتا ئێرە کەم و زۆر ناوی مامۆستا شێخ جەلالی حوسێنی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەتا دوایین ڕۆژانم لە کوردستان لە بیرەوەرییەکانمدا هاتووە. ئەگەر بەگشتی لە مێژووی کار و کردەوەکانی سەرکردەکان بڕوانین ئەبینین هیچ یەک لەو کەسایەتییانە بێ کوموکووڕی و هەڵە و توندڕەوی نین. بە باوەڕی من ناکرێ وەباڵی هەموو هەڵەکانیان یان بڕیارە توندەکانیان بخەینە ئەستۆی ئەوان. دوور نییە هەر ئەو کاتە کە سەرکردەیەک بڕیارێک ئەدا و زۆرینەی خەڵک بە دڵی نییە بەو واتایە لێک بدرێتەوە کە سەرکردە تێناگات و دژی گەل وەستاوە، کێ دەزانێ چی دیکە لە پشت ئەم بڕیارەوەیە کە ئێمە نایبینین.
مامۆستا شێخ جەلال کەسایەتییەک بوو لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تێکەڵ بە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد بوو و بوو بە پێشڕەوێکی هەڵسووڕ و بەتوانا. ئەو تەنیا بەوەوە نەدەوەستا خەبات و تێکۆشانەکەی

تەنیا لە شـارەکەی خۆیدا ڕاگرێ بەڵکو وەک سـەرکردەیەکی بەتوانا هەوڵی ڕێکخسـتنی ڕێپێوان و گەشـەپێدانی ڕاپەڕینی جەماوەریی لە شارەکانی دەوروبەری بانەیش ئەدا.

ماموسـتا هەر زوو دوای نەمانی دەسـەڵاتی شـا و دارودەسـتەکەی بۆ ئەوەی بـانە نەبێتە شـاریکی بێ دەروپەیکەر، شـورای شـاری لە کۆمەڵێک کەسـایەتیی بەتوانا پێکهێنا و کاروباری پێوەندیدار بە خەڵک و دامودەزگاکانی شـار توانیان درێژە بە کار و ئەرکی خۆیان بدەن. تا ئەو کاتەی حکومەتی تازەپیاکەوتووی ئیسلامی دەسەڵاتی شار و شارۆچکەکانی کوردستانی کەوتەوە دەست، ئەم شورایە بە پشـتگیری و پێشـڕەوی مامۆسـتا شـێخ جەلال خزمەتی خۆی بە شاری بانە و دێهاتەکانی دەوروبەر گەیاند. ئیتر ئەوە بوو کاتێک ڕێژیمی ئاخوندی دەسـەڵاتی خۆی بەسـەر شـارەکانی کوردستاندا سەپاندەوە مامۆستا شێخ جەلال بۆ درێژەدان بە خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادیی کوردستاندا ڕێکخراوێکی سیاسی چەکداری پێکەوە نا و هەتا دوایین ڕۆژانی ژیانی لەم ڕێکخراوەدا تێکۆشـا و ئێسـتاش ئەم ڕێکخراوەیە لەلایەن ڕێبوارانی ڕێگەی مامۆستا شێخ جەلالەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشـان ئەدات. هەزاران سـڵاو لە گیانی ئەو تێکەشـەرە و ڕۆحی شاد و یادی هەردەم بەخێر.

## کۆچ بەرەو هەندەران

دوور بوونەوە لە شـۆڕش و خەبات کارێکی یەکجار دژوار بوو. بەتایبەت بەجێهێشـتنی هاوڕێیانی سـازمانی خەبات لەو هەلومەرجەدا کە تازە جیا بووینەتەوە و هێشـتا بە باشـی

نەکەوتبووینەتە ســەر پێی خۆمان، بڕیارێکی زۆر قورس و زەحمەت بوو. ئێســتا لە دووڕێیانی ئەوەدا گیرم کردبوو ئایا لای هاوڕێکانم دەنگ بکەم یان نا؟ بیرم دەکردەوە ئەگەر بڵێم بەجێتان دەهێڵم، دڵنیا بووم کە ڕازی نەدەبوون، ئەگەریش بێدەنگ ڕۆیشــتبام ویژدانم لە عەزابدا بوو. شــەو و ڕۆژ لە بیری ئەوەدا بووم چی بکەم. لەگەڵ یەک دوو هاوڕێی نزیکی خۆم ڕاوێژم کرد. ئەوان پێیــان وا بوو مــادام منداڵــەکــان چیدیکە ئامادەی ئەو ژیانە نین و بەجێت ئەهێڵن و خۆیشت تە منت هاتۆتێ و تا ئێســـتاش ئەوەی توانیوتە لە خەبات و چالاکی ئەنجامت داوە ئیتر کاتی ئەوەهاتووە پشوویەک بدەی و لە ئاقار منداڵەکانیشت فکرت ئاسودە بێت. کەوابوو گوتن و ئاشــکرا کردنەکەی پێویســـت ناکات. چون تۆ تازە بڕیاری خۆت داوە، ئەوانیش ناڕازی بن هەر ئەڕۆی. ئیتر هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە باشــتر وایە دەنگ نەکەم و  بە شــێوەیەکی ئارام بەرەو کۆچێکی دیکەی نادیار بڕۆم.

به کورتی، گوشــاری موخابەرات بۆســەر خێزانی ئەندامانی ســازمانی خەبات وای کرد جارێکی دیکە نەچینەوە شــاخ و کۆچی بەرەو هەندەرانمان هەڵبژارد. هەر چەندە وەک دوای ڕۆیشــتنمان زانیم گوشــارەکەی موخابەرات زۆر جیددی و کاریی نەبوو و هەر لە چوارچێوەی دەنگۆدا بوو. بەڵام هەر چۆنێک بێت بە دوای ئێمەدا شــاڵاوی کۆچەکە لە زیادبووندا بوو. ئەویشی مایەوە بەشێک بەر ڕەشەکوژیی بەکرێگیراوانی ئێران کەوتن و بەداخەوە بە سەدان پێشمەرگەی دانیشتووی نیشــتەجێی سلێمانی و شــارۆچکەکانی دەوروبەر بە دەســتی تیرۆریســتانی کۆماری ئیســلامی ئێران تیرۆر کران. لەوەش

ناخۆشـــتر ئەوە بوو کە کەس نەبوو لێپرســـینەوەیەک لەم ناحەقیانە بکات. دیارە ئەم تیرۆرانە بەشـێکی لە سـەردەمی حکومەتی بەعســدا بوون، بەڵام بەشـــی هەرە زۆری کەوتە دوای ڕاپەڕین و ســـــەردەمی دەســـــەڵاتی ڕێکخراوەکـانی باشووری کوردستان.

## خۆئامادە کردن بۆ دەرەوەی وەڵات

پێش چوونەدەرەوەم لە سازمانی خەبات، کۆمەڵێک هاوڕێی دیکەی خەبـاتی ڕێی هەنـدەرانیـان گرتبووە بەر. ئەوان بـە خێزانەوە لە ڕێگەی قاچاخەوە بەرەو تورکیە ڕۆیشـــتبوون. بەدوای ئەواندا کۆمەڵێک لە خزمانم و هاوڕێی دیکە هەمان ڕێگەیان گرتە بەر. لەوانە فەتاح ئەحمەدی، سـەلیم ئەحمەدی، تەیمور ئەحمەدی و هەروەها مەلا ڕەحیم عەبباسی، عەبدوڵڵا ئیقدامی و ئەحمەد عەزیزی ناســـراو بە ئەحمەد بۆکانی. هۆکـاری نـاوهێنـانی ئەم بەڕێزانە ئەوەیە کە ئەو ڕۆژانە بەردەوام پێکەوە بووین و لە باس و خواســـی داهاتوو و چوون بەرەو هەندەران لە گفتوگۆدا بووین. ڕۆیشـــتنی ئەم خزم و هاوڕێ نزیک و ناســـیاوانەش زیاتر ڕێوشـــوێنی لەسەرم دانا کە منیش ئەو ڕێگەیە بگرم.

تێکڕای ئەم کۆچبەرانە لە لایەن ڕێکخراوی کۆمەڵەوە ئاسانکارییان بۆ ئەکرا و هەتا سەر سنووری تورکیە توانای هاوکاری هەبوو. کۆمەڵە جگە لە وەرەقەی موخابەرات تا موجەمەعەی دیانا و ســـەر ســـنوور هەروەها ڕێنوێنیی پێویســـتی بەو کۆچبەرانە ئەدا. ئەوان لە موجەمەعەی دیانا بنکەیەکیـان هەبوو و بەوپەڕی دڵئـاواڵەییەوە بە گەرمی

پێشـــوازییـــان لەم ئـاوارانە ئەکرد. لە بەرامبەردا حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدا بوو گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وەڵات و تەسـلیم بوونەوە باشـتر بوو لە چوون بۆ دەرەوەی وەڵات. هەر بۆیە حیزب لەم ڕووەوە هاوکاریی کەسی نەدەکرد.

هەر یەک لەم حیزبانە چۆنیان بیر دەکردەوە و بۆ یەکیان ئامادەی یارمەتیدان بوو و ئەوی دی نا، ئەکرێ هەر یەکەو لە بەرژەوەندیی خۆیان بەم باوەڕە گەیشـــتبن بەڵام لەو هەلومەرج و دۆخەی لەو سـەردەمەدا بۆ ئەو خەڵکە هاتبووە پێش، بە باوەڕی من یارمەتییەکە باشـــتر بوو لە دانانی ئاستەنگ لە سەر ڕێیان. ئاخر ئەمە دوایین ڕێگەچارە بوو کە ئەم لێقەوماوانە بۆیان مابۆوە. جا ئیتر بە هەموو باشـــی و خراپیەکانیەوە بڕیارێک بوو درابوو، و پاشگەزبوونەوەی تێدا نەبوو، بۆیە ئاسانکاریی و یارمەتی باشتر بوو لەوەی دڵی پڕ لە هیوای ئەم پێشـمەرگانە سـارد بکرێتەوە و هانی تەسـلیم بوونەوەی دوژمن بـدرێن. دواتریش دەرکەوت شـــێوازی کۆمەڵە دروسـت بوو، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەم کۆچبەرانە کە کەوتنە وەڵاتانی ئەوروپاوە دیسانەوە تێکەڵ بە حیزبەکانی خۆیان بوونەوە و بە دڵسۆزییەوە درێژەیان بە خەبات دایەوە.

من خۆم یەکێک بووم لەو کەسـانە کە پێوەندیم بە حیزبی دێموکراتەوە گرتەوە و هەتا ئێسـتا کە زیاتر لە سی ساڵە لە سوێد ئەژیم بەردەوام بەپێی توانام درێژە بەو ڕێبازە ئەدەم. لەم بەرگەی بیرەوەرییەکانمدا بە درێژی لەم بابەتەوە دواوم. بەڵام ئەوانەی هانی گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وەڵات دران و ئەم کارەیان کرد، لە خەبات دوور کەوتنەوە، هەستی نەتەوەیی و وەڵاتپارێزییان تێدا خنکێندرا و تەنانەت هەندێکیان بە خۆشـی

یان بە ناخۆشـــی لایەنی دوژمنیان گرت و لە دژی کورد کەڵکیان لێ وەرگیرا. ئەمە نە تەنیا ئەو کەسانەی لە خەبات و شـۆڕش دوور خســتەوە بەڵکو بووە هۆی دابەزاندنی ورەی لاوانی کورد کە ڕۆژانێک بە دڵێکی پڕ لە هیواوە چاو یان بڕیبووە ئەو خەبـاتە و هیوا و ئـاواتێکیـان بۆ داهـاتووی وەڵاتەکەیان هەبوو. بەڵام ئێســـتا ئەیانبینی پێشـــمەرگەی دوێنێی شـــاخ ئەمڕۆ ملی کز کردووە و ناتوانێ لە قســـە و داوای جاشـێک دەرچێ. ئێسـتا بۆ هەموان دەرکەوتووە ئەو بڕیارەی حیزب هەڵە بوو و تەنیا لە بەرژەوەندیی دوژمن بوو. دیارە حیزب بەم شێوە بیرکردنەوەیە پێی وا بوو خەڵک نەچنە هەندەران و لە شۆڕش دوور نەبنەوە.

## بەڵێنی هاوکاریی و یارمەتیی ڕاستەوخۆ بەرەو ئانکارا

لە دوایین دیدارمدا لەگەڵ کاک ســـەلیم و کاک فەتاحی ئامۆزام کە باســـی ئەو ســـەفەری تێدا کرا، هەواڵی بەڵێنی دڵخۆشـکەری شـێخ عوسـمانی سـیرێ هاتە گۆڕێ کە گوایە ناوبراو وەک موریدی شێخ عوسمانی نەقشبەندی کە ئەوکات نیشتەجێی ئەستانبوڵ بوو، یارمەتیمان بدەن بە ئاسانی بچینە تورکیە و لەوێشەوە بەرەو ئەورووپا. بەپێی ئەم بەڵێنە لەلایەن شێخ عوسمانی سیرێوە، شێخ عوسمانی نەقشبەندی بەهۆی دەسترۆیشتوویی لە تورکیە و لەسەر داوای شێخ عوسمانی سیرێ، لە سەر سنووری تورکیە-عێراقەوە دێنە پێشوازیمان و لەوێشـــەوە ڕاســـتەوخۆ بەرەو ئانکارا. ئیتر بەم شـــێوەیە پێویسـتیمان بە ڕێگەی قاچاخ و پڕمەترسـی نەبێ. ئەم بەڵێنە فرە دڵخۆشـکەر بوو و زیاتر هانی داین درێژە بەم سـەفەرە

بدەین. ئەم بەڵێنەی شێخ بەهۆی خزمایەتییەک بوو کە لەگەڵ ئێمەدا هەیبوو.

## دیسان هەڵوەشاندنەوەی ماڵ و حاڵ

کۆچی ئەم جارەمان وەک ئەوانی پێشوو نەبوو. جانتایەکی دەستی و دوو دەست جلوبەرگ و هەندێ کەلوپەلی پێویستی ڕۆژانە نەبێ ئیتر چی تر پێویستمان بە پێخەف و حاجەتی دیکە نەبوو. ناسیاوێکم لە مەزادخانەی سلێمانییەوە هێنا چی کەلەپەلی ماڵ هەبوو پێم فرۆشت و ماڵ چۆڵ کرا. دوو شەوی کۆتاییمان لە سلێمانی هەتا ئامادەی ڕۆیشتن بووین لە ماڵی خزمێک ماینەوە. بۆ دەربازبوونمان لەو هەموو بنکەی پشکنینی حکومەتی بەعس لە سلێمانییەوە هەتا سەر سنووری تورکیە پێویستیمان بە وەرەقەی موخابەرات هەبوو. ئەحمەدی زاوام هاوڕێی لە کۆمەڵەدا هەبوو و داوای یارمەتیی لێکردن. ئەوانیش بەوپەڕی دڵفراوانییەوە وەرەقەی هاتوچووی ڕێگەیان بەرەو دیانا بۆ هەمووومان جێبەجێ کرد.

دیارە ئەم خۆشخولقییەی کۆمەڵە بێ بەرامبەر نەبوو. ئەوان پێیان وابوو کە ئێمە ڕۆیشتنمان لە سنووری تورکیە وە بەرەو ئانکارا بە شێوەیەک ئاسانکاریی تێدا کراوە. بۆیە ئەوانیش داوایان کرد چەند هاوڕێی خۆیان تێکەڵ بە ئێمە بکەن و لەگەڵ خۆمان بەرەو تورکیە هاوڕێمان بن. ئەو هاوڕێیانە کاک ڕەسووڵ خزری خەڵکی سەردەشت و کاک ڕەسووڵ باڵووڵ خەڵکی بانە بە هاوسەر و دوو منداڵەوە

هاوڕێی ئەم سەفەرە هات و نەهاتەمان بوون.

## پاکانەحیساب لەگەڵ خەبات

دوای لەت بوونی خەبات بەرپرسایەتی بەشی تەداروکاتم بەدەستەوە بوو. حەوتووی جارێک بڕە پارەیەکم لە کاک تاهیر مینایی بابەتی خەرجی حەوتوو وەردەگرت و بە هاوکاریی کاک سمکۆ عیسازادە پێداویستیی حەوتوومان لێ دابین دەکرد. کاک سمکۆ ئەرکی چوونە بازاڕ و کڕینی لەسەر بوو بەڵام ناوبراویش کە پێش من ڕێگای هەندەرانی گرتبووە بەر ئیتر من لە جێگەی ئەو کارەکانم ئەکرد. ئەو ماوە کە خەرجی حەوتووم کردبوو و دەبوو حیسابی کەم و زیادی پارە و خەرجییەکە بکەم ڕێک کەوتبووە ئەو ڕۆژانەکە نزیک ڕۆیشتنمان بوو. بڕێک پارە لە لام مابۆوە و بەو هۆیە کە نەمدەویست ئەو کۆچەمان بەرەو هەندەران ئاشکرا بکەم، داوام لە برادەرێکی نزیکی خۆم کرد کە جێی متمانە بوو بۆ هەر دوو لامان، واتە سازمانی خەبات و خۆم، لەگەڵ کلاشینکۆفەکەی شانم و خەشاوەکانیم لای ئەو برادەرەم بەجێهێشت کە دوای ڕۆیشتنەکەمان بیباتەوە بۆ بنکەی خەبات. نامەیەکیشم بۆ مامۆستا مەلا خدر نارد و هۆکاری ئەو ڕۆیشتنە بێدەنگەم بۆ نووسی و هەروەها داوای لێبووردنیشم لێ کردبوون کە بەجێم هێشتبوون. دوای ماوەیەک مامۆستا مەلا خدر وەڵامی بۆ ناردبوومەوە، وێڕای هێندێک گلەیی داوای لێکردبووم کە دەبێ لە هەندەرانیشەوە

هاوڕێ و هاوکاریان بم.

**له سلێمانییه‌وه به‌ره‌و دیانا**

هه‌روه‌ک زووتر باسم کرد، خزمانم که به مانگێک پێش من ڕۆیشتن و له ڕێگه‌ی یارمه‌تیی شێخ عوسمانی سیرێ که موریدی شێخ عوسمانی بیاره‌یه ئاماده کاریان بۆ کرابوو. منیش هه‌ستام چووم بۆ لای شێخ عوسمانی سیرێ. ئه‌و کاته ماڵه‌که‌ی له تووی مه‌لیک بوو. منیش وه‌ک خزمانم داوای ئاسانکاری و یارمه‌تیم لێکرد بۆ گه‌یشتن به ئانکارا. ناوبراو دوای ڕێز لێکرتنێکی زۆر ته‌له‌فۆنی هه‌ڵگرت و له‌گه‌ڵ که سێکی خزمی شێخ عوسمانی بیاره له به‌غدا قسه‌ی کرد و داوای لێکرد که به شێخ بڵێت یارمه‌تی ئێمه‌ش بدا له کاتی گه یشتنمان به سنووری تورکیه. ئه‌و که‌سه‌ی خزمی شیخ له وه ڵامدا گوتبووی چ کاتێک ئه‌گه‌نه سنوور و ئه‌چنه چ گوندێک تاکو نوێنه‌ری شێخ بێت و هاوکاریان بکات. وامان لێکدایه‌وه دوای حه‌وتوویه‌ک بگه‌ینه سه‌ر سنوور و ماڵی ڕه‌شید به‌گ له بێگژنه.

ڕۆژی ڕۆیشتنمان من خۆم له‌گه‌ڵ سه‌ید ڕه‌سوڵی بابی گه وره دوو به‌دوو به ئۆتۆمبێله‌که‌ی ئه‌و هه‌تا بنکه‌ی کۆمه‌ڵه له دیانا چووین. بۆ باقی جه‌ماعه‌ت و خێزانیش که سه‌رجه‌م چوارده که‌س بوون ماشینێکی مینیبووسمان به کرێ گرت. به‌یانییه‌کی زوو به ڕێی نێوان سلێمانی هه‌ولێردا که‌وتبوونه ڕێ. به شۆفیره‌که‌یان گوتبوو له ڕێدا که‌سی دیکه سوار مه‌که و هه‌ر که‌س ده‌ستی به‌رز کرده‌وه بۆی مه‌وه‌سته. زۆر له سلێمانی دوور نه‌که‌وتبوونه‌وه چه‌کدارێک به جلوبه‌رگی

کوردییەوە لە سـەر جادە دەسـتی بۆ بەرز کردبوونەوە کە بوەسـتن، بەڵام نەوەسـتابوون. چەکدار کە ئەمەی بینیبوو چەخماخی کلاشینکۆفی کێشابوو و بەر دەسرێژی گوولەی دابوون. بەڵام بە خۆشـیەوە لەم قۆرتە ڕزگار بووبوون و تاقە فیشـەکێکیش بەر ئۆتۆمبێلەکە نەکەوتبوو. ئیتر بۆیان ڕوون نەبوو ئەم چەکدارە کێ بووە و بۆ چ مەبەسـتێک لەو سەر جادە وەستاوە.

لە نزیک هەولێر دیسـان بەرەوڕووی کۆمەڵێک چەکداری دیکە دەبنەوە. ئەم جارەیان کە ئەبینن چەکدارەکان زۆرن و دەوروبەری جادەیان گرتووە ناچار ئەبن ڕاوەسـتن. خۆیان ناساندبوو کە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانین و پرسیاریان لێ کردبوون کێن و بۆ کوێ ئەچن. ئەوانیش خۆیان پێ ئە ناسـێنن. لە بەرامبەردا زۆر ڕێزیان ئەگرن و ئیجازەی ڕۆیشتنیان ئەدەن. بەڵام داوایان لێکردبوون نەفەرێکیان هەتا هەولێر بۆ هەڵگرن. ئەوانیش نەفەرەکە هەڵئەگرن و ئەکەونە ڕێگا. کاتێک نەفەر سـەردەکەوێت بەردەوام لەبەر خۆیەوە جنێو بەو پێشـمەرگانە ئەدا و بۆڵەبۆل دەکات. گۆیا کابرا کاسـبکارێکی ئاسـایی بووە کە بە تەنکەرێکی بچووکەوە لە پشتی تراکتۆرێک نەوتی بۆ ئەو گوندانەی دەوروبەر بردووە. بەڵام جەماعەت بۆیان ڕوون نەبووە ئەو کابرایە چ گرفتێک یان تاوانێکی هەبووە کە پێشمەرگە تراکتۆر و تانکیەکەیان لێ سەندبوو، بۆیە بەردەوام قسەی ناخۆشی ئەکرد.

زۆر نەڕۆیشـتبوون گەیشـتیبوونە وێسـتگەی پشـکنینی حکومەت. ڕایاندەگرن و وەک پیشـەی خۆیان کابرایەکی تووڕە و گرژ و مۆن خۆی بە ئۆتۆمبێلدا ئەکات و لێیان ورد

ئەبێتەوە. دوای چەند پرسیار و وەڵام داوای پێناسەیان لێ ئە کات. ئەوانیش وەرەقەی موخابەرات پیشـان ئەدەن و ئیجازە ی ڕۆیشتنیان پێ ئەدرێت. ئیتر هەر لەوێ کابرا دائەبەزێنن و درێژە بە ڕێگە ئەدەن. ئێوارە درەنـگ ئـەگـەنـە دیـانـا و ڕاستەوخۆ دەچنە بنکەی کۆمەڵە.

کاتێ ئەوان هاتن من و کاک سـەید ڕەسـووڵ لە بنکە چاوە ڕوانیمان ئەکردن. بەیانیی ڕۆژی دوایی کاک سەید ڕەسووڵ بەرەو سلێمانی گەڕایەوە و ئێمەش کەوتینە خۆئامادە کردن. دوو شـــەو لـە بنکـەی کۆمـەڵـە میوان بووین. ئـەوپـەڕی میوانداریيان کردین. پڕ بە دڵ سـوپاسـی ئەو میوانداری و ڕێنوێنییە باشـەیان ئەکەم کە بۆ سـەفەرەکەمان پێیان داین. ئەوەندەی ئاگادار بم وێدەچوو ئەو بنکەیە تەنیا بە مەبەستی یارمەتیدانی ئەو ڕێبوارانەی وەک ئێمە لەو سـەر سـنوورە داندرابوو.

ئەوجار کەوتینە سـەر ڕێگەی قاچاخ. لە دەسـپێکی لادان لە جادەی ماشـین لە گوندێک چەند ئێسـترمان بۆ خانمەکان و منداڵەکان بە کرێ گرت. وەڵاغدارەکان شـارەزایی تەواویان لە و ڕێگەوبانە پڕمەترسـییە هەبوو. ئەو ناوچەیەش بەو هۆیە کە سنووری نێوان عێراق و تورکیە بوو، گوندەکانی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە زۆرەملی چۆڵ کرابوون و خەڵکەکەی ڕاگوێزرابوون و بە مـەنتەقە موحەرەمە دەنـاسـرا، بۆیە هـاتوچوو پێیدا قەدەغە و پڕمەترسـی بوو. لەم نـاوچە قاچاخانەش جگە لە ڕێگەی وەڵاغ و ڕێچکەی باریک و تەلان خەبەرێک لە جادە و ئۆتۆمبێل نەبوو. لە لایەکی دیکەشـەوە هەلیکۆپتەری حکومەتی بەعس و تورک و ئێران لەو سـەر

سـنوورانە بەردەوام لەسـووڕانەوەدا بوون و هەر یەکە بە دوای نێچیری خۆیدا ئـەگـەڕا. دوای بەجێهێشـــتنی بنکەی کۆمەڵە ئێوارە درەنگانێک گەیشـــتینە کۆنە گوندێکی ســـەر سنووری تورکیە و باشووری کوردستان کە ئەوێش زووتر چۆڵ کرابوو بەڵام ئێسـتا لەلایەن چەند سـەربازی ڕاکردوو (عەسکەری فیرار) ئاوەدان کرابۆوە.

ئەو سنوورانە ئەو کاتە دەسەڵاتی حکومەتی عێراقیان لەسەر نەبوو. پێشـمەرگەی پارتی لەو ناوچانەدا بنکە و بارەگایان هەبوو. شـەو لە لای ئەو ماڵانەماینەوە و بڕیارمان دا ڕۆژی دوایی بپەڕینەوە ئەوبەر چەم کە سـنووری نێوان تورکیەو عێراق بوو. ڕێک لە ئەو بەری چەمەکە گوندی بێگژنە بوو. بەگوێرەی بەڵێنی شـێخ عوسـمان دەبوو لەو گوندە نوێنەری شـێخی گەورە هاتبێت و چاوەڕوانی ئێمەبکات تاکو بمانبەن بۆ ئانکارا. لە کاتی نووسینەوەی ئەم دێڕانەدا هەواڵی کۆچی دوایی شێخ عوسمانم پێگەیشت. ڕۆحی شاد و یادی هەردەم بەخێر.

خانەخوێکەمان گوتی باش وایە پێش پەڕینەوەمان بۆ ئەو بەر چەم سەرێکی بنکەی پێشمەرگە بدەین کە نزیک گوندەکە بوو و ئـاگـاداریـان بکەین. بەیـانیی زوو چوومە بنکەی پێشـــمەرگەی پارتیی دیموکرات. خۆم پێ ناســاندن و بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردم. گوتیان "لێتان ناشـــارینەوە لەم شوێنە گیانتان لە مەترسیدایە، بۆیە هەرچی زووتر بپەڕنەوە ئەو بەر چەم، چونکە مەترســیی ئەوە هەیە کە جەماعەتی ئەدهەم بـارزانی لـەو ڕێگـاوبـانـەدا تووشـــتـان ببن و دەسبەسەرتان بکەن و ڕادەستی ئێرانتان بکەنەوە. بە ڕاستی

ئێمە دەسـەڵاتی ئەومان نییە." ئەدهەم بارزانی ئەو کاتە خۆی ڕاسـتەوخۆ حیزبێکی ئیسـلامی وەک لە بیرم مابێت بە ناوی حیزبوڵڵا دروسـت کردبوو و لە پارتی جیا بوو و هاوکاریی سوپای پاسدارنیشیان ئەکرد. شایانی باسە پارتیی دیموکرات دە سەڵاتی ئەدهەم بارزانیی نەبوو یان خۆیان لێ ئەبوارد. دە نا لە قســـەکانیاندا وا پێدەچوو کە جەماعەتی پارتی ئەو کردەوانەی ناوبراویان پێ باش نەبوو.

کاتێ ئەو قسانەم لە بەرپرسـی بنکەی پارتی بیسـت ترسـم لێ نیشـت و بە پەلە لە بنکەی پێشـمەرگان هاتمە دەرێ و خۆم گەیاندە لای جەماعەت. پێم خۆش نەبوو لەم هەواڵە ئاگاداریان بکەم بۆ ئەوەی نارەحەت نەبن، بەڵام گوتم با زوو لێرە بڕۆین. چەم کەمێک سارد و بەخووڕ بوو، وەڵاغدارەکان شـارەزای بواری چەمەکە بوون. ژن و منداڵ بە سـواری و پیاوگەلیش قولمان لێ هەڵکرد و پەڕینەوە.

هەرچەند مانەوەمان زۆرتر لەو قەراغ چەمە مەترسـی تێدا بوو، بەڵام پێم چاک نەبوو خۆمان ڕاسـتەوخۆ بچینە ئەوماڵەی کە بۆمان دیاری کرابوو. یەکێک لە وەڵاغدارەکانمان نارد بۆ ئاوایی بۆ ماڵی ڕەشید بەگ و پێمان گوت لە هاتنی ئێمە ئـاگـاداریـان بکە. دوای مـاوەیەک وڵاغـدارەکـە لەگەڵ پیاوێکدا گەڕایەوە. پیاوەکە خۆی ناســاند کە تۆفیق بەگی کوڕی ڕەشـیـد بەگ بوو. کوردانە بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و بەرەو مـاڵی خۆیـان خوڵقی کردین. لە ڕێگە لێم پرسـی ئاخۆ کەس هاتۆتە ماڵیان و پرسـیاری ئێمەی کردبێت و چـاوەڕوانی ئێمە بێ؟ گوتی نەخێر کەس نـەهـاتووە و کەسیش هەواڵی نەپرسیوە. هەروەها گوتی مانگێک لەمەوبەر

گرووپێکی دیکە هاتن بۆ ماڵی ئێمە و هەمان پرسیاریان کرد بەڵام دوای چەند ڕۆژ کە کەس بە دەنگیانەوە نەهات ناچار لە ڕێی قاچاخەوە بەرەو شارۆچکەی شەمزینان ڕۆیشتن. مەبەستی ماڵی کاک فەتاح ئەحمەدی و کاک سەلیم ئەحمەدی و هاوڕێکانیان بوو. ئاخر ئەوانیش هەمان بەڵێنیان لە لایەن شێخەکانەوە پێدرابوو.

نیوەڕۆ لە ماڵی ڕەشید بەگ ماینەوە. خۆی لە سەفەری ئانکارا بوو. بەڵام دیوەخانەکەی ئاوەدان و پڕ میوان بوو. لەگەڵ تۆفیق بەگ کەوتمە قسە و ڕاوێژ. گوتی بەو جەماعەتەی پێش ئێوەم گوت باشتر وایە لەم گوندە خۆتان بە قەرەقۆڵ بناسێنن، بەڵام بە قسەیان نەکردم بە پێیان ئەو ڕێگە دوور و درێژەیان هەڵبژارد. من خۆم موختاری ڕە سمیی ئەم گوندەم و لەگەڵتان دێم و ئەوەندەی بۆم کرا یارمە تیتان ئەدەم. جا یان وەرتاندەگرن و بە فەرمی دەتاننێرنە شەمزینان یان هەر لێرە وەرتانناگرن و ئەتانگێرنەوە ناو خاکی عێراق و هیچ مەترسی ڕادەستکردنی ئێرانیشتان لەسەر نییە. بیرێکم لێ کردەوە خۆناساندن لێرە بێ یان لە شەمزینان چ جیاوازییەکی نییە، بۆیە قەرەقۆڵی گوندم هەڵبژارد، واتە بنکەی قەرەقۆڵی سەر سنوور. ئەوەشم لە بیر نەچێت ئەو کات زۆر جار هەر لە سەر سنوور قەرەقۆڵ پە نابەری لە چەشنی ئێمەیان ڕادەستی ئێران کردبۆوە، بەڵام من لە سەر باوەڕ و هاوکاریی تۆفیق بەگ ئامادەیی خۆم دە ربڕی هەر لێرە خۆم بە بنکەی قەرەقۆڵ بناسێنم.

## ماڵی ڕەشید بەگ و میوانی هەمەڕەنگ

پێش ئەوەی بێمە سەر چۆنیەتی خۆناساندنمان بە قەرەقۆڵ

حەز دەکەم کەمێک باســـی ماڵی ڕەشــید بەگ بکەم. ماڵی ڕەشـــید بەگ بۆخۆی خانەقایەک بوو، بەو جیاوازییە لێرە تەنیا چینێک لە کۆمەڵ وەک دەروێشــی لێ نەبوو. لەم ماڵەدا لە کرێکار و جوتیار و ســەپانەوە بگرە هەتا دەگاتە قەرەقۆڵ و پێشـــمەرگەی پــارتی و گەریللای پەکەکە و تەنــانەت مامۆستای فێرگە و مامۆستای ئایینی و ئێمەی ڕێبواریشی بە باوەشـــێکی گەرم و ئاواڵەوە لە خۆ دەگرت. هەموو بەبێ جیاوازی میوانی خۆشـــەویســـت بوون و خزمەتی هەموان ئەکرا. ئەتەوێ دابی میواندۆســـتی کوردان بزانی؟ شـــەوێک میوانی ڕەشید بەگ بە، ئەو کات ئەبینی کورد نەک شەڕەنگێز نییە بەڵکو دۆســـت و دوژمن لە ماڵی کورددا تامی ئاشـــتی دەچێژێت.

دوای کەمێک ڕاوێژ لەگەڵ تۆفیق بەگی کوڕی ڕەشید بەگ، بڕیارم دا هەر لە بنکەی قەرەقۆڵی ســـەر ســـنوور خۆم و بنەماڵەم لەگەڵ کچ و زاواکەم وەک پەنابەرێکی هەڵاتوو لە شـــەڕی ئێران عێراق بناســـێنم. هاوڕێیانی دیکەم، کاک ڕەسووڵ باڵووڵ و کاک ڕەسووڵ خزری لەگەڵ ئەم بڕیارەی ئێمەدا نەبوون و لەو باوەڕەدا بوون خۆناساندن لە بنکەیەکی سەر سنوور کارێکی هەڵەیە. ئێمە لە بریاری خۆمان پاشگەز نەبووینەوە بۆ بەیانیی ڕۆژی دوایی لەگەڵ تۆفیق بەگ بەرەو قەرەقۆڵ کە لە ســـەر تەپۆڵکەیەکی ئەوبەر گوندەکەوە هەڵکە وتبوو کەوتینە ڕێ. لەوێ خۆمان کردە ئێرانییەکی فارسزمان. نە ئەوان لە فارســی ئێمە هیچ تێدەگەیشـتن و نە ئێمەش لە تورکی ئەوان. بەڵام لە بنکەی قەرەقۆڵ ئەفســەر وەزیفەیەکی لێ بوو کە هێندێک ئینگلیزی ئەزانی. لای ئێمەش کاک ئەحمەد

ئەیتوانی هێندێک بە ئینگلیزی قسـ‌ـــه بکات. بە خۆشـ‌ـــیەوە ئینگلیزییەکەی هەر دوو لا بەشـ‌ـی ئاخافتنی ئەو دانیشـ‌ـتنەی ئێمەی کرد و لێک حاڵی بووین. بە ڕوویەکی خۆشـ‌ـــەوە وەریانگرتین و گوتیان کات نەماوە بۆ ئەوەی بە درێژی قسـ‌ـان بکەین، بۆیە تەحویل تۆفیق بەگیان داین هەتا سـ‌ـبەی ڕۆژی دوایی.

کاتێک گەڕاینەوە ماڵی ڕەشید بەگ، هەر دوو کاک ڕەسووڵە کان دەسـ‌ـــتوبرد هاتن بەلامەوە و تامەزرۆی هەواڵ بوون. گوتم وەریانگرتین و بەیانی ئەچین بۆ دروست کردنی کەیس. لە جوابدا گوتیان مادام وایە بەیانی ئێمەش دێین. گوتم باش وایە لەگەڵ ئێمەدا نەیەن، لەبەر ئەوەی منداڵەکانتـان ئێمە ئەناسـ‌ـن، باش نابێ لەوێ بزانن ئێمە پێکەوە هاتووین، لەبەر ئەوەی لە ئێمەیان پرسـ‌ـــی ئایا خەڵکی دیکەشـ‌ـــمان لەگەڵە. گوتمان بەس خۆمانین.

دوای نـانی بەیـانی خۆمـان بەرەو قەرەقۆڵ پێچـایەوە. دەستیان کرد بە پرسیار و لێکۆڵینەوە. زۆری نەبرد هەردوو کاک ڕەسـ‌ـــووڵ پەیا بوون. ئەمە لە کاتێکدا بەڵێنیان دا هەتا ئێمە نەڕۆین ئەوان نەیەن چونکە ترسـ‌ـــی ئەوەمان بوو کە منداڵەکانیان بە کوردی قسەبکەن. ئەو کاتە شەڕی پەکەکە و دەوڵەتی تورک گەرم بوو و کورد بوون بڤە و باسـ‌ـی سـ‌ـەر بوو. ئەوانیان لە گۆشەیەک دانا و دەستیان کرد بە پرسیار لە ئێمە. پرسـ‌ـــیار و وەڵامی ئێمە زۆری کات خایاند. هەموو ماندوو و برسـ‌ـی بووین. بە کورتی، پرسـ‌ـیاری قەرەقۆڵ ئەوە بوو کە بۆ چی هاتووین و چیمان لە وەڵاتی تورکیەئەوێت. وە ڵامی ئێمە ئەوەبوو کە لە شەڕی ئێران عێراقدا خانووەکانمان

بەبۆمباارانی فڕۆکەکانی عێراق وێران بووە و ژیان لەو وەڵاتەدا سەختە. هەروەها کوڕەکان کاتی سەربازییان هاتووە و ئێمە نامانەوێ بچنە ئەو شەڕەوە و بکوژرێن. بۆیە بڕیاری ئەم کۆچەمان داوە و داوامان لە تورکیە ئەوەیە کە بە پەنابەر وەرمانگرن. ئەفسەری قەرەقۆڵ پەروەندەی بۆ دروست کردین کە چۆن هاتووینەتە خاکی تورکیەوە و چلۆن لە چەم پەڕیوینەوە و چۆن یەکەم جار تۆفیق بەگمان بینیوە و لەو بابەتانە. دوای ئەم ئاخافتنە بارانێکی بەخوڕ دەستی پێکرد. لەم کاتەدا لۆرییەک کە لە شەمزینانەوە هاتبوو، بەرەو گەڕانەوە بوو. لە پشتی ئەم لۆرییە کە پڕ بوو لە پیسایی پاشماوەی مەڕ و ماڵات، جێمان پێدرا. ئەفسەری قەرەقۆڵ کە نیوەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئێمە چەنەی لێدابوو ماندوو و شەکەت وزەی دروستکردنی کەیسێکی دیکەی بۆ کاک ڕەسووڵەکان نەمابوو بۆیە ئەوانیشی بێ پرس و وەڵام تێکەڵ بە ئێمە کرد و هەموو لە پشتی لۆریەوە و لە ژێر بارانی بەخوڕدا بەرەو شەمزینان کەوتینە ڕێ.

## ڕێی بەرەو شەمزینان

وەک زووتر وتم، پشتی لۆرییەکە ڕۆژی پێش ئێمە مەڕ و ماڵاتی پێ گوێزرابۆوە و پڕ لە پشقل بوو، باری گەڕانەوەی بۆ شەمزینان ئێمە بووین. بەردەوامیش لە درێژەی ئەم ڕێگەدا کە نزیک بە پێنج سەعات بوو بارانمان لێ باری. شەکەت و ماندوو، برسی و بێ وزە، تەڕ و پیس بووین بە ڕیخی بزنان. شۆفیری لۆرییەکە ئێمەی بردە بەردەم بنکەی گەورەی قەرەقۆڵی شار. خاوەن ئۆتۆمبێل ئێمەی وەک

ڕاسپاردەی قەرەقۆڵی سەر سنوور بە نامە و کەیسەوە ڕادەستی ئەویّ کرد. تەنیا بنەماڵەی ئێمە کە کەیسمان هەبوو ناوەکانمان خوێندرانەوە و دانە دانە جیا کراینەوە. هەر دوو کاک ڕەسووڵەکان و خێزانەکەیان لەو لاوە مانەوە و چی دیکە ناو بۆ خوێندنەوە نەما.

کابرای قەرەقۆڵ نەڕاندی و کۆمەڵێک قسەی بە تورکی وت. هیچی لێ تێنەگەیشتین لە وشەی یاساخ نەبێ کە زوو زوو ئەیگوتەوە. کەوتنە بیانوو لە شۆفیری بێ ئاگا و بێ خەبەر. ئەوان پێیان وا بوو شۆفیر ئەمانیشی لە ڕێگە بە قاچاخی بۆ پارەسوار کردووە. بە کورتی لەوان نەڕە و گوڕە و لە ئێمە بێدەنگی، ناچار وازیان هێنا و لێمان گەڕان. شوفیرەکە بە زمانی تورکی قەناعەتی پێکردن کە ئەوانیش لە قەرەقۆڵی بێگژنە سوار بوون و ئەو هیچ گوناحی نییە. سەرەئەنجام بە هەر شێوەیەک بوو قەرەقۆڵی ڕازی کرد و لە ملمان بوونەوە.

ئێستا ئیتر کات لە دوانزەی شەو تێپەڕیبوو. برسی و شەکەت و وردە وردە خەویش برستی لە هەموان بڕیبوو. گوتمان تۆ بڵێی بەم شەوە لێرە و لەم شوێنە بەجێمان بهێڵن؟ تۆ بڵێی نانێکمان پێ بدەن؟ تازە پێوە بووین و لە چاوەڕوانی زیاتر هیچمان لە دەست نەئەهات. لەو بیرانەدا بووین هاتن و بە ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس بردیانین. دڵمان خۆش بوو لەبیریان نەکردووین. لە دڵی خۆماندا پێمان وابوو بەرەو هوتێل ئەمانبەن. دوای ماوەیەک گەڕان بە کۆڵان و شەقامی چۆڵی شاردا لە شوێنێک دابەزین. لە بەردەم باڵەخانەیەک پۆلیسێکی بە چەکەوە لێ وەستابوو. دیار بوو ئێرە ئیدارەی پۆلیسی شە مزینان بوو. بەرەو ژوورەوە ڕێنوێنی کراین. هۆڵێکی گەورە و

کۆمەڵێک کورسیی ئاسنی ڕەق و سارد. بە ئیشارە تێیانگەیاندین دانیشین. ئێمەش بە ئیشارە تێمانگەیاندن برسیمانە. دوای ماوەیەک کەسێک هاتە ژووری و هێندێک سە موون و چەند دەفرێک هێلکەوڕۆنی خستە بەر دەممان. زۆر برسی بووین، تێرمان پێ نەخوارد. بەڵام هەر باش بوو هێندێ هاتینەوە سەر حاڵ.

کاتی ئیداریی نەبوو تەنیا کۆمەڵێک پۆلیس وەک پاسەوانی پۆلیسخانە لەوێ مابوون، باقی کادری ئیداری چووبوونەوە ماڵەکانی خۆیان. لە شانسی هەندێکمان یەکێک لە پۆلیسەکان بەزەیی پێماندا هات و من و نوسرەتی هاوسەرم کە لە هەموان بەتەمەنتر بووین لەگەڵ پەخشان و کۆرپە یەکساڵەکەی و دوو کچی دیکەم بردینیەوە ماڵی خۆی. وێدەچوو کەسێکی بە بەزەیی و مرۆڤێکی باش بوو. ئەو لە پێشەوە و ئێمە بە دوایدا گەیشتینە ماڵێ. ماڵەکەی لە پۆلیسخانەوە دوور نەبوو. ژن و مێردێکی گەنج کە وا دیار بوو تازە هاوسەرگیرییان کردبێ، ماڵێکی خنجیلانە و پڕ لە خۆشەویستییان هەبوو. وەک بزانم ئەو شەوە خۆیان لە ئاشپەزخانەکە خەوتن و زۆر ڕێزیان بۆ ئێمە دانا و ژووری خەوی خۆیان بۆ ئێمە چۆڵ کرد و هەرچی پێخەف هەیانبوو بۆ ئێمەیان دانا. دڵمان خۆش بوو میوانداری و دڵفراوانی لە نێو تورکانیشدا هەیە، بەڵام بە کورد دەرچوون، چونکە لەگەڵ یەکتردا بە زاراوەی کرمانجی قسەیان دەکرد. لێ سەد مەخابن نەدەکرا بە کوردی لەگەڵیان بدوێین، چونکە هەر چی بێت ئەو کەسەش پۆلیس بوو و نەدەکرا خۆمان ئاشکرا کە ین، چونکە ئێمەخۆمان وەک فارس ناساندبوو. سوپاس و

پێزانینی خۆمانمان بە زمانی ئیشـــارە تێگەیاندن. ئەگەر لە ژیاندا ماون هەزاران سڵاو و سوپاس بۆ ئەو ژن و پیاوە کە ئیسـراحەت و شـەوی خۆیان لەبەر خاتری ئێمە تێکدا. ئەگەر لە ژیاندا نەماون هەزاران درود و ڕەحمەت لە گۆڕیان.

شەومان ڕۆژ کردەوە و لەگەڵ هەمان پۆلیسی خانەخوێمان گەڕاینەوە ئیـدارەی پۆلیس. کـاک ڕەسـوول بـاڵوول و خێزانەکەی بۆ خەو لە ئیدارەی پۆلیس ژوورێکیان دابوونێ بەڵام باقی کوڕەکان کەس ئاوڕی لێ نەدابوونەوە و لەسـەر کورسیی سارد و ڕەقی ئاسن هەتا بەیانی هەڵکوورمابوون و ماندوویی ڕۆژی پێشـوویان دەرکردبوو. کاتژمێر هەشـتی بەیانی لێپرسـینەوە دەسـتیپێکرد. تاوناتاوێک پۆلیسـێکمان لێ پەیا دەبوو و دەکەوتە پشـکنینی جانتاکان. لەم پشـکنینە پەیتاپەیتایانەدا بۆمان دەرکەوت لە شـڕە و تاڵان دەگەڕان. ئاخر هەر چی بە دڵیان بوو بە ناوی یاسـاخ بۆ خۆیان گل ئەدایەوە.

لە لێپرسـینەوەی سـەرەکیدا کە لە ژوورێکی تایبەتدا بوو، هەرچی پارەی ناو کیفەکانمان و وردە زێڕ و عەڵقە و تەنانەت سـەعاتە دەسـتییەکانیش ئەوانەی کە لە بەر چاو بوون لێمـان وەرگیران و خرانە نێو کیسـەیەکەوە و ڕاگوێزران، دەسـەڵات هەبوو بڵێین ئاخر بۆچی؟ دوای ئەوە کە گیرفان و جانتا بە تەواوی بەتاڵ کران دوایی بڕەپارەیەکیان داینێ و گوتیان ئەوە خەرجی ڕۆژانەی لێ بکەن. دوای پۆلیسـێکیان خسـتین و بەرەو دەرێ وەڕێ کەوتین. ورد و درشت بەدوای پۆلیسدا بێ ئەوە کەس بزانێ بۆ کوێ. زۆری نەبرد بردیانین بۆ هوتیلێکی نیوە وێرانە لە سـەر شـەقامی پڕ

جموجۆڵ و ئۆتۆمبێل. دوای کەمێک دەمەتەقێی پۆلیس و پیاوێک کە وێدەچوو میوانداری هوتێل بێ، بەرەو ژوورێک ڕێنوێنی کراین. نەخێر، بووینە میوانی هوتێل و خاوەنی ژوور. ژوورێکی چەند کەسی و چەند قەرەوێڵەمان پێ درا. لەو دیویشەوە دەرگامان لێ داخرا. خۆ ئەگەر کەسێک کاری سەراوی هەبوایە دەبوو ماوەیەک دەرگا بکوتین تا کەسێک گوێی لە بوایە و بیکردایەوە. لە ڕاستیدا ئەمە جۆرێک دەست بەسەردا گرتنمان بوو، دەنا بۆچی بەم شێوەیە هەڵسوکەوت؟ ئەکرا بە سەری خێزان ژوور و تەختی خەومان پێ بدەن، ئاخر نەک هەر میوانی گیرفانی خۆمان بووین بەڵکو بە زیادەوە پارەی ئەم بەناو هوتێل و نانخواردنانەشمان لێ وەرگیرا. بە کورتی، وەک دیل یان بەندییەک هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکرا. کاتی ژەمەکانیش کەسێکمان ڕەگەڵ دەکەوت بۆ چێشتخانەی خوار هوتێلەکە و دیسان گەڕانەوە بۆ ژوورەکە و دەرگا گاڵەدان.

دوو یان سێ شەو و ڕۆژان لەم هوتێلە میوان بووین و بەردەوام کەبابی توند و تیژمان بەسەردا دەکرد. خانمەکان و منداڵە وردەکان لە سەر دوو تەخت دەخەوتن. باقی جەماعەت چاکەت و پاڵتۆمان دەکردە ڕایەخ و پێخەف و لەسەر چیمەنتۆی سارد و ڕەقی ژورە کە درێژ ئەبووین و شامان بە سەپان ڕانەدەگرت. ئێستاش تێناگەم بۆچی هەموومان خراینە ژوورێکەوە؟ ئەمە لە کاتێکدا نەک تەواوی ئەم خەرج و حیسابانە

لەســەر خۆمان بوو بەڵكو بە دوو ســێ بەرابەر زیادەوە حیســابیان لەگەڵ ئەکردین. خۆ ئێمە تاوانبار نەبووین لە دەســـت پۆلیس ڕاکەین. ئەوە ئێمە بووین کە خۆمان بە پۆلیسەوە هەڵواسیبوو. ئیتر ئەم هەڵسوکەوتە لە بۆ چی؟ دواتر وردە وردە لە ماوەی نزیک بە ســاڵێک مانەوەمان لەو وەڵاتە پۆلیسی تورکیەمان باشتر ناسی. وەک نیلسۆن ماندێلا ئەڵێ: "گەرەکتە حکومەتی تورک بناســـــی؟ بۆ ڕۆژێک لە ژیانتدا کورد بە" .هەرچەند ئێمە وەک کوردیش خۆمان نەناساندبوو، بەڵام من قسەی ئەو کات ئەکەم کە ئەوە هەست و خوستی پۆلیس بوو لە وڵاتی تورکیە.

**ڕاگواستن بەرەو شوێنێکی دیکە**

لە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیســـــەوە بەدواماندا هاتن. کەلوپەل و وردەزێڕ و ســـــەعات و پارەکەیان پێداینەوە. لەگەڵ ئێمەدا کۆمەڵێک پەنابەری دیکەشی لێ بوون. ئێمە و ئەوان بە سواری دوو مینیبوس بەرەو شارۆچکەی هەکاری کە ناوەندی پارێزگایە، بەڕێ کراین. دوانیوەڕو گەیشتینە هەکاری. ڕاستەوخۆ بردیانینە بەڕێوەبەرایەتیی پارێزگا. لە هۆڵی چاوەڕوانیدا جگە لە ئێمە خەڵکێکی زۆری دیکە کە زووتر لە ئێمە گەیشـــتبوونە ئەوێ، هەروا بێدەنگ دانیشتبوون و ئێمەش تێکەڵ بەوان کراین. دوور لە چاوەڕوانی، چاوم چووە سەر کەسێک وەک ئاشنا هاتە بەر چاوم. کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی بە ڕواڵەتێکی کەمێ گۆڕاوەوە هاتە پێشــەوە و بە فارســی و زۆر هێور کەوتە قســان. بە خێرایی

کەمێک زانیاریی پێدام و دواتر بێدەنگ چووە دەرەوە. گوتیماڵی ئێمە و کاک فەتاح و کاک سـەلیم و باقی جەماعەت لە کۆنە مەدرەسەیەکدا دەژین. ئەگەر شانستان بیگرێ هەروا ماشەڕایی بژارتان نەکەن بۆ ناردنەوە بۆ سەر سنوور، ئێوەش داوای ئەم شوێنە بکەن و وەرنە لای ئێمە. وتەکانی کاک عەبدوڵڵا لە کاتێکدا تووشـی دڵەڕاوکێی کردم، لە هەمان کاتدا ورەیشـی بەردام کە ئێمەش وەک ئەوان وەردەگیرێین و سنووردراش ناکرێینەوە.

کاتی ئیداری نەمابوو. ڕەوانەی هوتێلێکی نێو شـار کراین. مـاڵی پەنـابەر و لێقەومـاوان ئـاوەدان بێ بۆ هیچ هوتێلێکی هەرزان بـایی هەبوو ژووری بەتـاڵیـان مـابێ؟ بۆیـە نـاچـار چووینە هوتێلێکی گران بەها. ئەوەی هەبوو لە جیاوازی لە هوتێلەکەی شـەمزینان لێرە هەر دوو کەسـەو ژوورێکی دوو تەختییان بە حەمامەوە پێداین. بۆ گیرفانی ئێمە زۆر قورس بوو. ئەو شـەوە چڵکی ئەو ماوە و ڕێگەوبانمان لە خۆمان کردەوە. شـەو درەنگ تەقولبابی ژوورەکەم کرا. نوسـرەتی هاوسـەرم کردیەوە. مەجیدی کوڕم خۆی بە ژووردا کرد. پەشـۆکاوم هاتە بەر چاو. گوتم ئەوە خەونی ناخۆشـت بینیوە؟ گوتی بریا خەون بوایە.

دە بڵێ چی بووە!

هاتە پەنامەوە و بە دەنگێکی زۆر نزم گوتی بابە، لەبیرت دێ پێش هاتنمان لە سلێمانی پاکەتێک فیشەکی چواردەخۆرت دامێ و گوتت بیاندە بە کەسێک یان بیانفرۆشە.

ئا لەبیرمە، بەڵام لێرە و بەو شـەوە ئەمە چییە هاتۆتە بیرت!؟

ئاخر بابە ئەو ماوە هەر لە جانتاکمدا بووە. ئەمشـەو کاتێک

حەمامم کرد و خاولیم دەرهێنا خۆم وشک بکەمەوە لە بنی جانتاکە فیشەک هەڵڕژانە خوارێ.

ئەوە ئەڵێی چی مەجی، ئێرە شوێنی ئەو قسە و باسانە نییە. برۆ بخەوە.

مەجید بێدەنگ لە ژوورەکە چووە دەرێ. ڕووم کردە نوسرەت، ئەرێ ئەم قسانەی مەجید چی بوون؟ ئاخۆ ئێستا فیشەکەکانی چی لێکردبێت؟ تۆ بڵێی بە ڕاستی بێ؟ ئاخر تۆ ئاگات لێیە لە شەمزینان چەند جار ئەم جانتایانەیان هەڵپشکنین!؟ خۆم پێ نەگیرا و چووم بۆ ژووری کوڕەکان. بەختیار و مەجید هەردووکیان دیار بوو شێواو بوون. چوومە پەنای مەجیدەوە و بە هێواشی لێم دووپات کردەوە. ئەم چیرۆکەت لە چی بوو کوڕم؟

بابە، چیرۆک نییە. لەو پەنجەرەوە هەر بیست دانەکەم تووڕ دانە خوارێ... بۆ ناو ئەو دارستانە.

چوومە لای پەنجەرەکە و سەیرێکی دەرەوەم کرد. باخێکی پڕ لە دار و درەخت بوو. هێندێکیش بەفر زەوی داپۆشیبوو. لە یەک ئاندا دنیایەک خەیاڵات بە مێشکمدا هاتن. ئاخر ئەگەر قەڵەمێک یاساخ بێ، دەبێ فیشەکی دەمانچە چ پێوەرێکی پێ بدرێ و بەهای یاساخبوونەکەی چەندە بێ.

کوا جانتاکەت؟

ئەوەتا...

کەوتمە پشکنین و ئەمدیو و ئەودیو کردنی.

دڵنیای بیست دانە بوون؟ باشت پشکنی؟ هیچی تێدا نە ماوە؟ گوتی بڵێ دڵنیام کە هیچی تیدا نەماوەو هەموویم بە

پاکەتەکەیەوە فڕێداوتە ئەو ناو باغ و دارستانە.
باشە شەوتان خۆش.

ئەو شــەوە دوای حەمامێکی گەرم و جێگەوبانێکی باش، بەدەم خەیاڵاتی فیشـەک و مەترسییەکانییەوە خەوم لێکەوت. بەیـانی چووینەوە نـاوەنـدی پـارێزگـا. لێرەیش هەمـان پرسـیاریان لێکردینەوە کە پێشـتر لە بنکەی سـەر سـنوور و دواتر لە شـــەمزینان لێیان کردبووین. وەڵامەکانیش هەمان بوون بێ ئاڵوگۆڕ. لە شــانســی خۆمان لێرەش وەرگیراین. پێیان وتین مانەوە و حەوانەوەتان لەســـەر خۆتانە. هەتا وەڵامی ئانکاراتان بۆ دێتەوە خۆتان شـــوێنێک بۆ ژیانتان دابین بکەن. ماوەی مانەوەتان هەتا وەڵامی ئانکارا لەوانەیە دوو ســێ مانگ بخایەنێ. ئەگەر باری ئابووریتان ڕێگەتان پێدەدا لە هوتێل بژین، دەنا مەدرەسەیەکی چۆڵ هەیە دەتوانن لەوێ ژوورێک ئاوەدان بکەنەوە.

ئەم مەدرەســە هەمان شــوێن بوو کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی ڕۆژی پێشــوو پێی وتم. لە ناوەندی پارێزگا هاتینە دەرێ و بە پرســیار کردن مەدرەســەکەمان دۆزیەوە. لە دوورەوە چـاومـان بە ئەحمەد عەزیزی، ناســراو بە ئەحمەد بۆکانی، کەوت. دوای چاک و چۆنی بردینیە خانووی مەدرەسەکە و کەمێک زانیاری پێـدایـن. کەلاوەیەک بـوو بـۆخـۆی. دیـار بـوو لەبەر پەڕپووتی چۆڵ کرابوو و چی دیک کەڵکی بەکارهێنانی

بۆ فێرگەیەک پێوە نەمابوو. بەڵام بۆ ئێمە کە گیرفانمان لاواز بوو و زۆر جاریش لە وڵات لەوە خراپترمان بینیبوو، جێی قەسرێکی گرتبۆوە. لانیکەم سەقف و میچیکی هەبوو کە باران و بەفرمان لەسەر نەبارێ و لەوەش باشتر کرێمان نەدەدا. کێشەی گەورە هاتنی زستان و سەرمای بێ ئامانی کوێستانەکانی هەکاری بوو کە لە زستاندا هەتا دوو مەتر بەفری تێدەکرد.

## بەیەک شادبوونەوە لە دیداری خزمان و هاوڕێیان

ئەم خانووی فێرگەیە زۆر گەورە بوو. چوار پێنج قات بەرز بوو. هەر قاتەی نزیک بە دەیان ژووری تێدابوو. لە ڕاستیدا دەرگایەکی ڕەحمەت بوو کرابۆوە بۆ ئەو گشت پەنابەر و لێقەوماوانە. ئەو ڕۆژە وەک ماڵێکی کە تازە دەگوێزێتەوە بۆ گەڕەکێک و دراوسێ و جیرانان میوانداریێتیی دەکەن، ئێمەش بووینە میوانی ماڵی کاک فەتاح و کاک سەلیمی ئامۆزام. ئەوان بە ماوەیەک زووتر لە ئێمە گەیشتبوونە ئێرە و چاوەڕێی وەڵامی پڕ لە دڵەڕاوکێی ئانکارا بوون. ئاخر بڕیاری وەرگیران لەسەر هیچ بنەمایەک نەبوو، ماشەڕایی بە مەزاجی ئەو ڕۆژەی کاکی کارمەندەوە بەسترابۆوە.

ئەو شەوەمان لە ماڵی ئەو خزمانە ڕۆژ کردەوە. خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا رەحیم عەباسی و ئەحمەد بۆکانی پێشمەرگەی حیزب و کاک تەیمور ئەحمەدی و حەنیفە خانمی دایکی، هەموو پێکەوە لەگەڵ کاک فەتاح و کاک

سەلیم ئەژیان. ئەو ماوەیەش لە درێژەی ئەو ڕێگەیەدا بەیەکە وە هاوسەفەر بوون. ڕۆژی دوایی کەوتینە نێو بازاڕ و ئەوەی بۆ ماڵێکی کاتیی و سەرەتایی پێویست بوو کڕیمان. بە سەری خێزان پەتوو، گلیمێکی پلاستیکی بۆ ڕایەخ، تەباخێکی دووچاو بۆ چێشت لێنان، حاجەت و کەلوپەلی ژیانی ڕۆژانە و بە ئەندازەی پێویست و چەند مەتر نایلۆن بۆ داپۆشینی پەنجەرەکانم کڕین. لە ڕاستیدا تەنیا چواردیوارییەک بە میچەوە مابوو دەنا هەرچی دەرگا و پەنجەرە بوو دەرهێنرابوون. نایلۆنیش تەنیا بەری بە با دەگرت دەنا سەرمای نەدەگێڕایەوە. یەکەم شەو لەبەر سەرمای زۆر تەباخە گازییەکەمان نەکوژاندەوە، شەو درەنگانێک بە سەرگێژە و تەنگە نەفەسی خەبەرمان بۆوە. ژوورەکەمان پڕ بوو لە گازی چراکە، ناچار ئەویشمان کوژاندەوە، هەرچەند کەڵکێکی ئەوتۆشی نەبوو. لە ژورەکەدا بە ڕیز لەمسەر بۆ ئەوسەر لە تەنیشت یەکترەوە ڕادەکشاین تا جێگامان ببێتەوە. ژوور زۆر بوون بەڵام ئیمکانی ئەوەمان نەبوو لە ژوورێک زیاتر ئاوەدان بکەینەوە. تا چەند ڕۆژێک ماڵمان گەرم کرد بە سەختی ژیان چووە پێش.

### سەرەتای پرسیار و ڕێکخستنی کەیسی پەنابەری

دوای چەند ڕۆژ لە گەیشتنمان بۆ هەکاری ڕۆژێک کەسێک هاتە لامان و خۆی بە ناوی یەگانی ناساند. ئەم پیاوە خەڵکی میانداو و ئێستا ئەویش وەک پەنابەر بەتەمای ئەوروپا ڕووی لە تورکیە کردبوو. فارسی و تورکی باش ئەزانی و هەر ئەمە ببوە هۆی ئەوە ماوەیەکی درێژ لە هەکاری مابۆوە و وەک

وەرگێڕێک کاری بۆ پۆلیسی ئەو شارە ئەکرد. ناوبراو دوای خۆناساندنی بە ئێمە گوتی منیش وەک ئێوە پەنابەرم بەڵام بە هۆی زانینی فارسـی و تورکی بوومە ئاڵقەیەکی پێوەندی لە نێوان پۆلیس و پەنابەدرا. لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێک زانیاریی و ئاگاداریی لەمەڕ چۆنیەتی وەرگیران لە لایەن ئانکاراوە و هەروەها ئاگادارکردنمان لەلایەن پۆلیسـەوە بۆ ڕێکخستنی کە یسـی پەنابەری پێداین. هەروەها گوتی ئەوەی کە من ئاگام لێیە سـبەینێ بانگتان ئەکەن و ئەو شـوێنە نوێنەری دەزگای میت، پۆلیس و پارێزگای لێیە و پرسـیارتان لە هەموو بارێکە وە لێ ئەکەن. ئێوەش ئەگەر بتانەوەێ بێ گرفت و موشـکیلە کەیسەکەتان بۆ ڕێکخەن پێویستە وەک دیاری پارەیەکیان بدە نێ. گوتم پێت وایە ئەم کارە لەسـەر ئێمە مەترسـی دروسـت ناکات؟ گوتی نا ئەمە کاری پۆلیسی ئێرەیە و خۆیان ئەمەیان بە من گوتوە. تۆ ئەتوانی سبەینێ لەگەڵ خێزان بەگشتی بێن بۆ ئیدارە و سێ پاکەت سیگاری وینستۆن لەگەڵ سی هەزار لیرە کە بۆ هەر یەک پاکەتێک سیگار و دە هەزار لیرە ئەبێت بهێنە و کاتێ چووینە ژوورەکەیان من ئیشارەت پێ ئەکەم و تۆ هەسـتە سیگارەکەو پارەکە ببە هەر کام لە نوێنەرەکان کە شاوی مێزەکەی کردەوە بیخەناویەوە.

بۆ بەیانییەکەی ڕۆیشـــتین بۆ پارێزگا. دیتمان ناوبراو بە چاوەڕوانی ئێمەوە لەوێ دانیشتووە. هەرچەند ئەم سیناریۆیە پێشـــتر ئامادە و ڕێکخرابوو بەڵام دڵەڕاوکێیەکی ســـەیرم هەبوو. ئاخر ئەم کارە فەرمی نەبوو، بەڵکو ڕێکەوتنێکی نێوان کارمەندانی پۆلیس و پەنابەران بوو. ئاغای یەگانی گوتی باش وایە سەرەتا هەر من و تۆ بچینە ژوورێ. ڕۆژی پێشوو

پێی وتبووم چۆن بکەم. دوای ڕۆژباش کردن بە فارسـی گوتم ئەوە هاتووم دیارییەکم بۆ هێناون. قسـەکانم هێشـتا تەواو نەکردبوون وەرگێڕ کەوتە قسـان و کارمەندیش خێرا کەشاوی مێزەکەی ڕاکێشا و ئێشارەی کرد لەوێ داینێم. هەر بۆ خۆیان کۆمەڵێک پرسیار و وەڵامیان ڕێکخست و کەیسی داوای پەنابەریان بۆ ڕێکخستم. گوتیان پێویستی پرسیار لە بنەماڵەتان ناکات چونکە بنەماڵەکەتان پەیوەستن بە کەیسی تۆوە. شـانۆیەکی کورت بوو. خۆمان هەم شـانۆگەر بووین هەم بینەر. ئەم چەشـنە شـانۆیە کاری هەموو ڕۆژێکی ئەو کارمەندانە بوو. ئەو وەرگێڕەش هەرچەند خۆی کەسێک بوو وەک هەزاران پەنابەری دیکە و بەتەمای دەرەوەی وەڵات بوو بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەکتەرێکی بـاش بوو و ئەرکی سەرەکی ئەو شانۆیانەی ئەگێڕا، دەستبەرداری نەدەبوون. هە روەها پەخشـانی کچم و هاوسـەرەکەی کە خۆیان سـەربەخۆ بوون دوای ئێمە بانگ کران و بە جیا کەیسیان بۆ کرا.

## گوزەران و ڕۆژانەمان لە هەکاری

بەرەو کۆتایی پاییز و بە چاوەڕوانی سـەرەتای زسـتانی سـەخت و بەفری هەکاری ئەڕۆیشـتین. شـەوانە لە دەوری یەکتر کۆدەبووینەوە و شـەومان بە کایەی "تهران بازی" کە کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی دروستی کردبوو، تێپەڕ دەکرد. ڕۆژانە لە دەوروبەری مەدرەسـەکە پیاسـەمان دەکرد و جاروباریش دەچووینە قەراغ شـار بۆ چنینی گوێیژ کە وەرزی بوو. دیارە نەمـانـدەوێرا زۆر دوور بکەوینەوە لەبەر مەترسـیی جۆراوجۆر. ئاخر وڵات لە جەنگەی شەڕی پ ک ک و حکومە

تدا بوو. شەو نەبوو بە دەنگی هاوەنی پ ک ک ڕانەپەڕین کە دەهاوێژرانە بنکە حکومییەکانی نێو شار و مۆڵگەی سەربازی لـە کێوەکـانی دەوروبـەر. جـاروبـاریش ســـەرێکی بنکەی پۆلیسمان دەدا بۆ دەنگوباسی ئانکارا و پرسیارمان ئەکرد.

## خەبەرێکی خۆشمان بۆ هات

هەواڵی وەرگیرانی مامۆستا مەلا رەحیمی عەباسی و ئەحمەد بۆکانی و کاک تەیمور و حەنیفە خانمی دایکی و کاک عەبدوڵڵا و کاک فەتاح و کاک ســەلیم و خێزانەکانیان هات. خەبەرێکی خۆش و هیوابەخش بوو بۆ ئێمەش بەڵام کە دوبارە تەنیا دەبووینەوە خۆش نەبوو. ئەوان ڕۆیشـــتن و بەفریش بێوچان دەســتی بە بارین کرد. بە شــەو ڕێگاوبانەکانی پڕ دەکرد و بە ڕۆژیش بەماڵینیەوە خۆمان خەریک دەکرد و ڕێچکەمان بۆ سەر کانی دروست دەکرد. ئەو خانوە ئاوی نەبوو، لولەکانی هەموو دەرهاتبوون و خراپ کرابوون بۆیە ناچار ئەچووینە کانییەک کە لەنزیکمانەوە بوو. وای لێ هات ڕێگە وەک داڵانێکی قووڵ یەکپارچە بەفر ئەم لاولای گرت. حەفتە دوای حەفتە دەڕۆیشـــــت و هیچ هەواڵێ لە ئانکاراوە نەبوو. بێ هیوایی و ســـەرما و بەفر و جاروبار دەنگی خومپارەی شەڕی کورد و تورک لە زیادبووندا بوو.

## کەوتینە خۆسازکردن بەرەو شوێنێکی دیکە

دوای ماوەیەک چاوەڕوانی ڕۆژێک کەسـێک بە جلوبەرگی پۆلیســـی و بە دەرەجەی ئەفســـەریەوە هاتەماڵەوە. بە

پێچەوانەی شوێنی کاریان کە نە جوابی سڵاویان ئەدایەوە و هەمیشـــە توورە و تۆســـن بوون، ئەو ڕۆژە بە زەردەخەنەو سـڵاوێکی گەرمەوە خۆی بە ماڵدا کرد. ئەو بە زمانی تورکی زۆری وت و ئێمەش کەم تێگەیشـــــتین، بەڵام لە کرۆکی باســـەکە حاڵی بووین. مژدەی وەرگیران و ڕۆیشـــتنمانی بۆ هێنابووین. منیش زانیم کە هاتنەکەی بۆ وەرگرتنی پارەیەک بوو دەستم برد پێنج هەزار لیرەم دایە و ڕۆیشت.

دوای ئەوە بۆ بەیانییەکەی بانگ کراین بۆ بنکەی پۆلیس‌و دیتمان هەمان ئەفسەر کە هاتە ماڵمان بەرپرسی ئەو شوێنە بوو. ڕۆژی ڕۆیشـــــتنەکەمـــان دیـــاری کرا و کەوتینە خۆ ئامادەکردن. پێیان وتین ڕێگە دوورە و پێویســـتە خواردن و خواردنەوەتان بۆ ڕێگە پێ بێ. نزیک بە چەند کیلۆ قیمەمان کــردە شـــــفتە و مەنجەڵـمـــان لـێ پـڕ کـردن. هەرچەنـد ئۆتوبووســـەکە لە ڕێگەدا جاروبار ئەوەســـتا و لای ئەدایە ڕێســـتورانی ســـەر ڕێگاکان، بەڵام بابۆڵەی شــفتە لەم ڕێگە درێژەدا کە نزیکەی شـــەوڕۆژێکی دەوام بوو جێگەی خۆی گرت و بە هەرزان تەواو بوو. کاتێ ڕێکەوتین پۆلیسەکەنازانم بە چ بڕیارێک ئێمەی لە ســـەرەتاوە بردە شـــاری نیدە بەڵام پۆلیسی نیدە ئێمەی وەرنەگرت چونکە دەبوو نامەی پۆلیسی ئانکارامان پێ بوایە. گوتیان دەبێت لە پێشدا بچنە ئانکارا نامە ی نیشتەجێ بوونتان لە لایەن ئەوانەوە پێی بێت بۆ ئێمە ئەو کات وەرتان ئەگرین. ئەمە ڕێگای ئێمەی زۆر دوور خستەوە و ناچار بووین بۆ جاری دووەم ئۆتوبوسـمان بە کرێ گرتە وە بەرەو ئانکارا و کەوتینەڕێ. دەمەو بەیانی گەیشـــتینە ئانکارا و بەردەم ئیدارەی پۆلیس. نزیک پشـووی سـەرساڵ

بوو و کەســـــی تایبەت بەو کارەی ئێمە نەبوو. بەڵام ئەو پۆلیســەی لەگەڵمان بوو بە تەلەفۆن زۆری هەوڵ دا تا توانی نامەی پۆلیس وەدەست بێنێ و ئەم جارە بە نامەی پۆلیسەوە گەڕاینەوە نیدە.

شاری نیدە بە ڕێگەی ئۆتۆمبێل پێنج کاتژمێر لە باشووری ئانکاراوە دوورە. شـــەو درەنگ گەیشـــتینە شـــارەکە و لە بەڕێوەبەریی پۆلیس دابەزین. پۆلیس ئێمەیان بردە هوتێلێک و گوتیان بەیانی وەرنەوە بۆ ئێرە تا ڕێنوێنی پێویســتتان بکەین. لە هوتێلەکە ئەوان بە تورکی و ئێمە بە فارســـــی و ســــەرلەقاندن بەڵێ وایە بێ ئەوە لە یەکتر تێبگەین. هەر چۆنێک بێ ئەو شـــەوەمان ڕۆژ کردەوە بزانین بەیانی چی دەبێ. بەیانی کاک ئەحمەدی زاوام چوو هێندێک ســـەمونی تازە لە نانەواخانەی ئەوبەر هوتێلەکەوە کە لە پەنجەرەی ژوورەکەوە دیار بوو، بکڕێ. لە گەڕانەوەدا بە باوەشـــێک ســـەمونی گەرم و کوڕێکی گەنجەوە خۆی بە ژووردا کرد. بووینەوە بە فـــارس. بە پێکەنینەوە گوتی بە کوردی، بە کوردی، ئەمە کاک عەبدوڵڵای کوڕی مەلا سەلامی حەدیسییە و خەڵکی ســەردەشــتە و لە ناســیاوانی خۆمانە. دۆزینەوەی کەسێکی خۆماڵی لە بارودۆخێکی ئاوادا گەورەترین دڵخۆشی بوو بۆمان. ئاخر تورکی نەزانین لەگەڵ ئەو ســـیســـتەمە ئیدارییەی تورکیە و کار کەوتنە دەست ئەو پۆلیسانە، مرۆڤ لە هەموو شتێک بێزار ئەبێت.

لەبیرم نەچێ من حەوتوویەک پێش ڕۆیشـــتنمان نەخۆش کەوتم و مـــاوەیەک بۆی کەوتم. بەرەو چـــاکبوونەوە بووم بەختیاری کوڕم زۆر سەخت گرتی. حاڵی زۆر خراپ بوو. لە

درێژەی ئەم سەفەرەدا دەمی لە هیچ نەدا. کاتێ گەیشتینە نیدە، ئەو شارەی بۆمان دیاری کرابوو، لە ڕێوە بردمانە نەخۆشخانە. وتیان تووشی ئینفلوانزایەکی خراپ بووە و دەبێ لە قەرەنتینە بیخەوێنین. بەردەوام تای هەبوو. دەوا و دەرمان چاری نەدەکرد بە سەهۆڵ تاکەیان دادەبەزاند. نزیک بە دوو حەوتوو مایەوە هەتا وردە وردە هاتەوە سەر خۆ. کێشی زۆر دابەزیبوو.

بەڵێ، بەدەم خواردنی نانی گەرم و پەنیر و چایی شیرینەوە کاک عەبدوڵڵا حەدیسی بە کورتی کۆمەڵێک زانیاریی باشی لەمەڕ دۆخی پەنابەر لە شارەکە و چۆنیەتی ژیان و گوزەرانیان پێداین. وتی خەمتان نەبێ ئێستا ئەگەڕێمەوە بۆ لای باوکم و ئاگاداری ئەکەم کە بێت بۆ لاتان. سەرەتا دەبێت بچنەوە پۆلیس ئەو کات باوکم ئەتوانێ زۆر زوو خانووتان بۆ پەیدا بکات و هەر کارێکی نێو بازاریشتان بوو هەتا خۆتان شارەزا ئەبن یارمەتیتان ئەدەین. دوای ڕۆیشتی کاک عەبدوڵڵا سەعاتێکی نەبرد مەلا سەلامی باوکی هات. بە چەند ساڵێک لە من بەتەمەنتر بوو، مرۆڤێکی ڕۆحسووک و زۆریش وریا و شارەزا بوو لە کاروبار و ژیان لە تورکیە. بە قسە هیوابەخشەکانی دڵی هەمووومانی خۆش کرد. هەر ئەو ڕۆژە بە یارمەتیی مەلا سەلام کە تورکییەکی باشی ئەزانی چووینە ئیدارەی پۆلیس. پۆلیسەکان هەموویان ئەیاناسی چونکە سێ ساڵ بوو لە چاوەڕوانی ڕۆیشتن بۆ وڵاتی سێیەم لەو شارە مابۆوە. پۆلیس گوتی خۆتان دەبێت حیسابی ژیانی خۆتان بکەن تا لە یوئێن وەردەگیرێن ئەودەم یوئێن بڕە پارەیەکتان ئەداتێ بۆ ژیان و گوزەراندتان. هەروەها

گوتیان دەبێت حەوتووی دوو جار بێنە پۆلیس و ئیمزا دانێن. ئەمە بۆ ئەوە بوو کە لەو شارە دوور نەبینەوە.

دوای ئەم گفوتگۆیە گەڕاینەوە هوتێل. دوای چەند ڕۆژ مەلا سەلام حەدیسی خانویێکی لە قاتی دوو لە ئاپارتمانێکدا بۆ پەیدا کردین کە بریتی بوو لە سێ ژوور و ئاشپەزخانە و حەمام. لێرەش بەپێی پێویست کەلوپەلمان بۆ مەنزڵی تازە پێکەوە نایەوە. بە هۆی چوونمان بۆ ئیدارەی پۆلیس و دانانی ئیمزا حەوتووی دوو جار وردە وردە لەگەڵ کۆمەڵێک پەنابەری دیکەدا ئاشنا بووین. بەشێکیش لەو برادەرانە هاوڕێ و ئاشنای پێشوو بوون کە پێش ئێمە هاتبوونە ئەم شارە و هەر یەکە ماوەیەک لە چاوەڕوانیی چوونە وەلاتێکی پەنادەردا مابوونەوە. لەوانە کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی و کاک زاهیر خەڵکی بانە بە ماوەیەک پێش ئێمە هاتبوونە ئێرە. زۆری نەبرد لەگەڵ کاک ئەحمەد کاکەمەمی خەڵکی شاری مەهاباد، کاک ئەفشار عەلیخانی و کاک فەرەیدون عەلیخانی، کاک میهران ئیبراهیمی و کاک کەرەم خەڵکی ناوچەی شیمال و چەند هەواڵی دیکەش بووینە برادەر و هاوڕێی نزیک.

## هەواڵی هاتنی نوێنەری یوئێن بۆ شارەکەمان

دوو مانگ گوزەرا. ڕۆژێک هەواڵ هات لقی کاروباری پەنابەریی یوئێن (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) دێتە شارەکەمان و چاوپێکەوتن لەگەڵ پەنابەران دەکات. ڕۆژێک وەفدی یوئێن پێکهاتوو لە دوو کەس، ئاڵمانییەک و فەرانسییەک، هاتنە شارەکەمان و لە ماڵی یەکێک لە پەنابەرەکان دوو ژووریان بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ پەنابەرەکان تەرخان کرد.

ئەو کەسەی ماڵەکەی بۆ ئەم وەفدەی یوئێن تەرخان کردبوو خۆی پەنابەر بوو و بەو هۆیە کە شارەزایی تەواوی بەسەر زمانی ئینگلیزیدا هەبوو یارمەتیی ئەو کەسانەشی ئەدا کە زمانی ئینگلیزییان نەدەزانی و بە سەداقەتەوە قسەی هەر دوو لای وەردەگێڕا. ئەوەی لەبیرم بێ کەسێکی کۆنە موجاهیدی سەر بە سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران بوو.

لە نۆبەی ئێمەدا بە گشتی خێزان چووینە ژووریێ. ئەو کەسەی کە نوێنەری ئێمە بوو لە یوئێن پیاوێکی فەرانسی بوو بە ناوی کۆشۆتۆ. لە پێشدا قسەی لەگەڵ من کرد، بەڵام من بۆ ئەوەی کات زۆر نەگرێت بیۆگرافیی خۆم کە پێشتر ئامادە کردبوو لەگەڵ کۆمەڵێک بەڵگەنامە وەک وێنەی پێشمەرگایەتی و حوکمی فەرماندەهێزیی حیزب و کۆمەڵێک بەڵگەنامەی ئەو سەردەمەی سازمانی خەباتم لەگەڵ بیوگرافییەکەدا خستە بەر دەستی. کاتێ وەرگێڕ نامەکەی بۆ خوێندەوە، نوێنەری یوئێن هەستا چووە ژوورەکەی تر بۆلای هاوڕێکەی. پێدەچوو لەسەر قسە و ئەو شتانەی من خستبوومە بەردەمی ڕاوێژی لەگەڵ هاوڕێکەی کرد بۆیە لە گەڕانەوەدا بە زەردەخەنەوە وتی پیرۆزباییتان لێدەکەم، ئێستا تۆ لەگەڵ خێزانەکەت بە گشتی وەک پەنابەری سیاسی بە یەک کەیس لەلایەن یوئێنەوە وەرگیراون. هەروەها گوتی ڕەشید، تۆ لای پۆلیسی تورکیە کەسێکی فارسی و لای ئێمەش کورد، پێشمەرگەو سیاسی، بۆیە ئەم کارتی پێناسەی پێشمەرگایەتی و بەڵگەنامانە لای خۆت نەبن باشە، چونکە پۆلیسی ئێرە هەندێ جار بۆ پشکنین دەچنە ماڵە پەنابەران. بۆیە پێم باشە ئەگەر خۆت ڕێگە بدەی با لای ئێمە بن هەتا

کاتی ڕۆیشـــتنتان بۆ وەڵاتێکی پەنادەر. کاتی ڕۆیشـــتنتان پۆلیس ئەتانهێنێ بۆ لای ئێمەو نامەی ڕۆیشـتنتان ئەدرێتێ ئە و کات ئەمانەتییەکانت ڕادەست ئەکەمەوە. پێشنیارەکەیم زۆر بە دڵ بوو. ئەو ماوەیە هەتا گەیشتبووینە ئەوێ بەردەوام لە دڵەخورپێی ئاشـکرا بوون و دۆزینەوەیان لەلایەن پۆلیســەوە بووین کە هەمیشـــە خێزانم ئەو کاغەز و بەڵگەنامانەی لە پشـتی خۆی ئەبەسـت. بە سـوپاسـەوە پێشـنیارەکەیم قەبوڵ کرد و کارتی پێشـمەرگایەتی و بەڵگەنامە و بابەتی سیاسییم ئەوەی پێمبوو هەموویم دایە کۆشـــۆتۆ. هەر ئەو ئێوارەیە پەخشانی کچم و کاک ئەحمەدی هاوسەری و سارای کچیان بە جیا کەیسی خۆیان بۆ کرایەوە و قەبوڵ کران.

دوو حەفتە تێپەڕ بوو نامەیەکمان لە یوئێنەوە پێگەیشت کە تێیـدا بە فەرمی مـافی پەنـابەریمـان پێـدرابوو. دوای ئەم ناونووســـینەمان لای یوئێن مانگانەیەکمان بۆ بڕایەوە. بۆ شـەش سـەر خێزانی ئێمە وەک گەورەسـاڵ مانگی سـەد و شـەسـت هەزار لیری تورکیمان پێدەدرا. ئەو بڕە پارەیە بۆ شـەش کەس زۆر کەم بوو و پێمان ڕانەدەگەیی. نامەیەکم بۆ یوئێن نارد و تێیدا باسـم لە کەمیی مانگانەکەم بۆ کردبوون. هەر زوو گۆڕانیان بەسـەردا هێنا و بۆ مانگی دوو سـەد و پەنجا هەزار بەرزیان کردەوە. بەڵام ئەم بڕە پارەیەش بە ژیانی شەش کەسی گەورەساڵ و کرێی خانوو ڕانەدەگەیشت بۆیە هەموو مـانگێـک بە پشـــتیوانیی کەمێـک لە پـارەی پاشـــەکەوت و دوایین ســـەرمایەم لە بانە کە خانوێک بوو

فروشتبووم، ئەمانتوانی ژیانێکی سادەی پێ بەڕێ بکەین.

## ژیان لە تورکیە و شاری نیدە

نیدە شارێکی بچوک بوو. شەقامێک بە ناوەندی شارەکەدا دەڕۆیشت کە بەشێک لە ترافیکی شارەکانی ڕۆژهەلاتی تورکیەی بە ئانکاراوە گرێ ئەدا. تێرمینالێکی گەورەی ئۆتوبوسی هەبوو کە بۆ هاتوچووی نێوان شارەکان کەڵکی لێوەردەگیرا. وێستگەی قەتاریشی لێ بوو بەڵام زیاتر بۆ قەتاری بارهەڵگر بەکار دەهێندرا. جگە لەم شەقامە سەرەکییە چەند شەقامێکی دیکەی بچوکیش بە گەڕەکەکانی شاردا تێپەڕ دەبوون. هەوای نیدە خۆش نەبوو. زستانی پڕ بەفر و وشکەسەرما و ڕەشەبای سارد، هاوینی گەرم و تەپوتۆز و خۆڵاوی. بەڵام بەهاری پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و پاییزی بەپیت و بەرەکەت و باخە سێوەکانی شارەکەیان تا ڕادەیەک جوان و دەوڵەمەند کردبوو.

ئەو زستانەمان بە کوورەی خەڵوزی بەرد گەیاندە بەهار. زۆربەی شەوانی زستان لەگەڵ هاوڕێیانی تازەدا شەومان بە قسەی خۆش و خەیاڵ بە ژیانێکی دیکەی باشتر لە وڵاتانی ئەورووپاوە درەنگ دەکرد. بەهار هات و زۆری نەبرد بەفر هەمووی توایەوە جگە لە چەند پەڵەیەکی سەر بەرزایی کێوەکەی ئەوبەر شارەوە کە بەسەر شارەکەدا ئەیڕوانی. هەرچەند هەوا تا ڕادەیەک گەرم بووبوو، بەڵام ئەم پەڵە بەفرانە هێشتا نەتوابوونەوە. هەتا هەوا گەرمتر ئەبوو زیاتر تامەزرۆ ئەبووم بۆ سەیرانێکی لای بەفرەکان و سەر ئەو بەرزاییە. بۆیە ڕۆژێک لەگەڵ کاک ئەحمەد کاکەمەمی و کاک

کەرەم و مەجیدی کوڕم بە تێروتەســـەلی بە کەرەســـتەی ســـەیرانەوە ملی هەورازمان گرت و دوای ســـەعات و نیوێک ڕێگەی هەوراز گەیشتینە سەر بەرزایی چیا و بەندەن و لای بەفری دانار داناری پاکی کوێستان بارگەمان لێ خست. ئەو ڕۆژەمان هەتا ئێوارە بە خۆشـــیی تێپەڕاند و لەگەڵ پەیا بوونی بریســـکەی گڵۆپەکانی شـــار وردە وردە بەرەو ماڵ بووینەوە.

## حەفتەبازاڕ

یەکێک لە نەریتە دێرینەکانی تورکیە حەفتەبازاڕێکە کە لە تێکڕای شـــارەکانی ئەو وەڵاتە بەڕێوەدەچێ. لە یەکێک لە ڕۆژەکانی حەفتەدا کە لە نیدە دەکەوتە ڕۆژانی پێنجشـــەممە، بازاڕێک دەکرایەوە و تێکڕای ئەو کەســـانەی بەرهەمێکی خۆماڵییان هەبوو ئەو ڕۆژە لەو بازاڕەدا ئەیانفرۆشـــت. پەلەوەری ماڵی، ماسیی تازە، گۆشـتی مەڕ و ماڵات، هەموو جۆرە سەوزە و میوەیەکی وەرزی و شیر و ماست و دۆ لەم بازاڕەدا ئەفرۆشـــران. شـــایانی باســـە تێکڕای ئەم بەرهەمە خۆماڵییانە بەرهاتوو و دروســـتکراوی ڕۆژی پێشـــوو یان هەمان بەیانی بوون کە لەو ڕۆژەدا دەدرانە مشـــتەری. ئێمە ئەو ڕۆژە پێداویســـتیی حەفتەیەکمان دابین ئەکرد. ڕۆژانی پێنجشەممەمان بەم بازاڕەوە دەگوزەراند کە لە ڕاستیدا جگە لە بازاڕی کردن سەیرانێکی خۆشیش بوو.

کەمێک لەولای ماڵەکەمانەوە مەیدانێکی بچووک هەبوو. دە وراودەوری ئەم مەیندانەپڕ بوو لە داری شۆڕەبی کە هەر بە تەماشاکردنیان هەستت بە فێنکی دەکرد. لەنێو مەیدانەکەدا چە

ند کورسی بۆ ڕێبواران لێبوو. لە کاتی هەوا گەرمیدا جێگایەکی خۆش بوو بۆ پشوودان و فێنک بوونەوە. هەروەها قەڵایەکی زۆر کەون لە ناوەندی شاردا هەبوو. بە دەوری ئەم قەڵایەدا چەند خانووی کۆن هەبوون کە کەونارا خەڵکی تێدا ژیابوو. سەر بەرزایی قەڵاکەش کۆمەڵێک دارە بی و شوێنی پشوودانی لێبوو. ئەم قەڵایە بە سەر هەموو شاردا ئەیڕوانی. هێند شوێنێکی دڵڕفێن بوو مرۆڤ لە دانیشتن لێی بێزار نەدەبوو. بەشی هەرە زۆری ڕۆژانەکەم لەم قەڵایە ئەبردە سەر.

## هەواڵێکمان لە کوردستانەوە پێگەیشت

بەم شێوەیە ڕۆژەکانی حەفتەمان هەر یەکە بە جۆرێک پڕ دەکردەوە و شەوانیش بە خەیاڵی هەوارگەی داهاتوومان شەومان ڕۆژ دەکردەوە. دەنگۆ بڵاوبۆوە کە بەشێک لە هاوڕێیانی حیزبی دیمۆکرات لە حیزب جیابوونەتەوە. ئەگەر هەڵە نەکەم ئەم هاوڕێیانە لە ٢١ی مارسی ١٩٨٨دا لەژێر ناوی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ خۆیان ناساند. ئێمە لە ناوچە دوور بووین و بە وردی ئاگاداری ئەم ئاڵوگۆڕەی نێو حیزب نەبووین بەڵام کە پێکەوە کۆدەبووینەوە و دەکەوتینە باسوخواسی حیزب، دۆخەکەمان بە باش نەدەبینی. بەتایبەت لەگەڵ کاک ئەحمەد کاکەمەمی کە زیاتر لە حیزبەوە نزیک بووین لەو گۆڕانکارییە بەپەرۆش بووین و جگە لە زەرەر و زیان بۆ دۆزی کورد شتێکی دیکەمان بەدی نەدەکرد. ئێمە هەرچەند ئەو ماوەیە لە حیزب دابڕا بووین بەڵام بە دڵ هەر لەگەڵ حیزب بووین بۆیە بیرمان لێکردەوە نامەیەکی دووقۆڵی بۆ سەرکردایەتیی

حیزب بنێرین و تێیدا دڵگرانیی خۆمان لەو لێکدابڕانە دەربڕین و لە هەمان کاتیشدا پشتیوانیی خۆمان لە سەقامگیری حیزبی دیمۆکراتی کودستانی ئێران بە سەرکردایەتیی د. قاسملو پیشان بدەین. ڕێک لەو کاتەدا کاک ئەحمەد کاکەمەمی لە لایەن وەڵاتی سویدەوە وەرگیرا. بەڵێن درا کاک ئەحمەد بە گەیشتنی بە سوێد نامەکە لە ڕێگەی کۆمیتەی حیزب لە سوێد ڕەوانەی سەرکردایەتی بکات. دوای ڕۆیشتنی کاک ئەحمەد ماوەیەک لە یەک بێدەنگ بووین ئیتر نازانم کاک ئەحمەد توانی نامەکە بینێرێ یان نا.

زۆربەی هاوڕێیانی نزیکم بەرودوا هەر یەکە بەرەو هەوارگەی نوێیان ڕۆیشتن. کاک عەبدوڵڵا ئیقدامی بەرەو هولەند و کاک ئەحمەد کاکەمەمی بەرەو سوێد ئۆغریان کرد. بەم هۆیەوە شەونشینییەکان کەم بوونەوە. وردە بێتاقەتیش بەرۆکی گرتم بەتایبەت کە هێشتا نادیار بوو بەرەو کوێ بار دەکەین و کامە وەڵات وەرماندەگرێ.

## سەردانی هاوڕێیان و خزمان

بیرم کردەوە ئەم ڕۆژگارەپڕ لە دڵەڕاوکێیە هەر چۆنێک بێت دەبێت پاڵی پێوە نێین. بۆ ئەوەی هێندێ کاتەکە بەرینە پێش و دیداری خزمانیش تازە بکەینەوە کەوتمە بیری دێنی و سەفەر بۆلایان. کاک سمکۆ عیسازادە کەوتبووە شاری کوتاییە لە بەری باشووری ڕۆژئاوا. ڕۆژێک خۆمان پێچایەوە بەرەو کاک سمکۆ و زێنەب خانمی هاوسەری. چووینە تێرمیناڵ و بە سواری ئوتوبوس ڕێکەوتین. دوای چەند سەعات گەیشتینە کوتاییە و ماڵی کاک سمکۆ. شەو بە قسەی

خۆش و بیرەوەریی ڕابردوو تا درەنگانێک دانیشتین. بۆ بەیانییەکی کە هەوا زۆر گەرمیش بوو کاک سمکۆ گوتی ئەچین بۆ شوێنێک کە کانی و ئاوێکی مەعدەنی لێیە و جێگای گەشت و گوزارە و رێستورانی زۆر باشیشی لێیە کە هەموو جۆرە خواردن و خواردنەوەیەکیان هەیە. ئەم شوێنە لە لایەن بەلەدیەوە (شارەداریەوە) سەرپرستی دەکرا. بە ئوتوبوسی ناو شار بەرەو ئەم شوێنە ڕۆیشتین. کاتێ گەیشتین هەوا لە وپەڕی گەرمیدا بوو. یەکسەر خۆمان بە حەوزی ئاوە مەعدەنییەکەدا کرد. گەرمای ڕێگە و نێو ئۆتۆمبێلمان لەم ئاوەدا کە گوایە بۆ پێست و تەندروستیی مرۆڤیش باش بوو، لە خۆ کردەوە. بەڵام نێو ئەم حەوزە نازانم بەهۆی گەرماوە بوو یان خاسیی ئاوەکەی هێندە قەرەباڵغ بوو کە شان لە شان ئەخشان. دوای کەمێ شڵپوهوڕ هاتینەدەرێ و خۆمان لە حەمامەکاندا شۆرد و بەرەو ماڵ بووینەوە. ئەو شەوەش لایان ماینەوە و ڕۆژی دوایی بەرەو شاری خۆمان ماڵاواییمان کرد.

## سەفەر بەرەو شاری ئاماسیا

دوای سەفەرەکەی کوتاییە حەوتوویەک دواتر بەرەو شاری ئاماسیا بۆ لای کاک فەتاح و کاک سەلیمی ئامۆزام ڕێکەوتین. شاری ئاماسیا لە بەری باکووری وەڵات هەڵکەتووە. ئاو و هەوایەکی یەکجگار خۆشی بوو. زستانی سارد نەبوو، هاوینیشی فینەک. مامۆستا مەلا ڕەحیم عەبباسی ڕۆحی شاد و یادی بە خێر، کاک ئەحمەد عەزیزی ناسراو بە ئەحمەد بۆکانی و کاک تەیمور ئەحمەدی و حەنیفە خانمی دایکیشی

ڕۆحی شاد هەر لەو شارە بوون. توانیمان لە ماوەی دوو شە و و سێ ڕۆژدا سەردانی هەموو لایەکیان بکەین. لەو ماوەدا کە سەفەر و سەردانی هاوڕێیان و خزمانمان کرد لەم شارانە هەلێکی باش بوو کە هەم دیداری خزمان و هاوڕێیانم تازە کردەوە و هاوکاتیش شـوێنەوارە کۆن و مێژووییەکانی ئەو شـــارانەمانمان لە نزیکەوە ئەبینی. جگە لە شـــوێنەوارە کۆنەکـانی نێوخۆی شـــارەکـان بە درێژایی ڕێگەی نێوان شارەکانیش ئاسەواری کۆمەڵگە و شارستانییەتی کۆن بەدی دەکرا کە ئێســـتا بۆتە شـــوێنی گەشـــتوگوزار. زۆرێک لە توریستی نێوخۆ و دەرەوەی تورکیە بە مەبەستی دیتنی ئاسە وار و شۆینە مێژووییەکان سەردانی ئەم شوێنانەن ئەکەن و هەروەها بۆ لێکۆڵینەوە لەســـەر مێژووی ناوچەکە کەڵکی لێوەردەرگرن. بەتایبەت ئەشکەوتە داتاشراوەکان و قەڵا بەرزە کەی ئەوبەر شـاری ئاماسـیا یەکجگار سـەرنجڕاکێش بوو. بە دوای ئەم ســەفەرانەی ئێمەدا خزمانیش هاتن و ســەردانیان کردین. شــیاوی باســە ئەم ســەردان و ســەفەرانە مۆڵەتی پۆلیسی دەویست.

## دەنگۆیەکی تازە بڵاو بۆوە

پۆلیسی تورکیە وەک خووی خۆیان یەکتوپڕ دەچوونە ماڵی پەنابەرێک و دەسـتیان بە پشـکنین دەکرد. ئێوارەیەک دەنگۆ بڵاو بۆوە کە ئەمشــەو ماڵی پەنابەران لە لایەن پۆلیســەوە ئە پشــکندرێت. هەروەک پێشـــتر باســـم کرد جگە لەو هێندە بەڵگەنامانەی کە لە لای موشاویرەکەم کۆشۆتۆ دانابوو کۆمە ڵێک وێنەی پێشـمەرگایەتی و هەندێک نامەی مەئموریەتەکانم

که له لایەن حیزبەوە پێدرابوو لەگەڵ چەند نامەی د. قاسملۆ لەماڵێدا هەبوون کە نوسرەتی هاوسەرم هەمیشە بەرپرسیار بوو لە هەڵگرتنیان. کاتێ ئەو هەواڵەمان پێگەشت و پۆلیسمان لەو دەوروبەرانە ئەبینی ئەسووڕانەوە ئیتر بە تەواوی ترسمان لێنیشت. بیرمان کردەوە چۆن ئەو شتانە بشارینەوە کە دەست پۆلیس نەکەون کە بۆ ئێمە زۆر بە گران تەواو ئە بوو. کەوتمە پەلە. حەمامەکەمان کوورەی داری تێدا بوو، شتە کانم پێچایەوە و بردمن لە لێواری قۆڵە کوورەکەوە بە بن دیوارەکەدا بردمنە پێشەوە و تا بنەوەی کونەکە. تا ڕادەیەک فکرم ئاسودە بوو. بە هەرحاڵ ئەو شەوە پۆلیس بە هەر مەبە ستێک گەڕابن ماڵی کەسیان نەپشکنی. ڕۆژی دوایی چووم شتەکان دەرهێنمەوە بەڵام هەرچیم کرد بۆم لە کونە دیوار نەهاتنە دەرەوە. لە ترسی ئەوەی پۆلیس نەیدۆزێتەوە هێندەم پاڵ پێوەنابوون کە ئیتر دەستم بۆ ڕاکێشانەوە لێیان گیر نەدەبوو. وێدەچوو هێندەم پاڵ پێوەنابن کە بە لوولە دووکەڵدا ڕۆچووبێتنە خوارێ و لە نهۆمیی یەکەم گیرسابێتنەوە. بە ترسەوە داوام لە خاوەن خانوو کرد ئەگەر بکرێ لە خوارێ بۆیان بگەڕێم. گوتی کونەکە بە جۆرێکە کە دەست ناگاتە بنەوەی و نایشکرێ دیواری بۆ هەڵوەشێنین. ملم دا و لێم نەگوتەوە ئەم وێنە و بەڵگەنامانەش فەوتان.

## هەواڵی وەرگرتنمان لە وەڵاتی سوێد

دوای چاوپێکەوتنی یوئێن و وەرگرتنمان وەک پەنابەری سیاسی، چاوەڕوانی هاتنی شاندی تایبەت لە سوێدەوە بووین کە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا

بکەن و بەپێی مەرجەکانی خۆیان وەک پەنابەر وەرمانگرن. بەڵام ئێمە هەواڵمان بۆ هات کە خۆمان ئامادە بکەین بەو زووانە دەچینە سوێد و لەوێ وەک پەنابەری سیاسی وەرگیراوین. ئەم هەواڵە زۆری خۆشحاڵی کردین. ئاخر بەپێی قسەی ئەو پەنابەرانەی پێش ئێمە هاتبوونە ئەوێ و هەر یەکەی ساڵ و دوو ساڵ و هەندێکیشیان زیاتر لە سێ ساڵ مابوونەوە، دەبوو دوای ئەوە یوئێن وەرتدەگرێ کەیسەکەت بدرێ بە وەڵاتێکی پەنادەر. ئەو وەڵاتەش بەپێی ئەو مەرجانەی بۆ پەنابەریان داناوە گوڵبژێرێکی کەیسەکان ئەکەن و پێش ئەوەی شاندی خۆیان بنێرنە ئەو وڵاتە هەر لەوێ بەشێک لە کەیسەکان ڕەت دەکەنەوە. ئەوجار ئەوانەش کە پەسند ئەکرێن دەبێ لە نزیکەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێ. لەم بەشەش هەندێکیان لێ بژار ئەکەن. بەڵام کەیسی وایش هەیە کە پێویستی بە چاوپێکەوتنی دیکە نییە. ئەمە وەک سەهمیەی یوئین ساڵیانە هەر وڵاتێک کۆمەڵێک پەنابەر دەبێت لە یوئین وەرگرێت. ئێمە لەو کەسانە بووین کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەک پەنابەرێکی سیاسی وەریگرتین و دراین بە سوێد.

## ڕۆیشتنمان بۆ وڵاتی سوێد

چەند ڕۆژێک لە ئاگادارییەکەی یوئێن تێپەڕ ببوو، ڕۆژێک لە ئیدارەی پۆلیسەوە ئاگادار کراین خۆمان ئامادە بکەین کە دوو ڕۆژی دیکە ڕەوانەی سوێدمان دەکەن. پۆلیسی تورکیە وەک پیشەی خۆیان فێر بوون کەڵک لە هەموو هەلێک بۆ شڕەخۆری وەربگرن. بەتایبەت ئەو کاتانەی پەنابەر قۆرتێکی

دەبڕی و هەنگاوێک لە ئامانج نزیک دەبۆوە، هەلێکی باش بوو بۆ پۆلیس شتێکی لێ هەڵکڕێنێ. ئەو کەسانەی بە هەر هۆیەک دیاری و دەستخۆشانەیان بە پۆلیس نەئەدا بە دڵنیاییەوە تووشی گرفت و قسەی ناخۆش ئەبوونەوە. منیش بۆ ئەوەی خۆم لە کێشە و بێحورمەتیی پۆلیس بپارێزم چەند پاکەت شیرینی و چەند گڵۆز جگەرەم برد بۆ ئیدارەی پۆلیس. ئەمە دوایین دیداری پۆلیسی نیدە بوو کە بە ڕاستی هەستێکی خۆشی پێدام کە چی دیکە ئەو دەموچاوە دێزانە نابینمەوە. ئاخر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پەنابەردا زۆر نالەبار و پڕ لە سووکایەتی بوو. سڵاومان ئەکرد وەڵامیان نەدەدایەوە. سڵاومان نەدەکرد توورە دەبوون کە بۆ سڵاو ناکەین. بە کورتی، دەبوو سڵاو بکەین بەڵام چاوەڕوانی وەڵام نەبین. ئەمە تەنیا نمونەیەکە لە دەیان شێوە هەڵسوکەوتیان.

## دوایین شەوی نیدەمان

لە نێو پەنابەرەکاندا بووە باو هەر کەسێک بەرەو وەڵاتی پەنادەر دەڕۆیشت دوایین شەو لەلایەن پەنابەرانی ناسیاو و هاوڕێکانیەوە لە یەکێک لە ماڵەکان میواندارییەکی گەورەی بۆ ڕێک دەخرا. ئێمەش لەو نەریتە بێ بەش نەکراین و بە دەسپێشخەری هاوڕێیان کاک ئەفشار عەلیخانی، کاک فەرەیدون عەلیخانی و کاک میهران ئیبراهیمی میوانداریییەکی گەورە بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە پەنابەرەکانی ئەو شارە کراین. ئەو شەوە هەتا درەنگانێک بە قسەی خۆش ڕامانبوارد. زۆر سوپاسی برایەتیی و ڕێزگرتنی ئەو

خۆشەویستانە ئەکەم.

ڕۆژی دوایی لەگەڵ پۆلیسی تایبەت کە ئەرکی ڕەوانەکردنی ئێمەی پێدرابوو بەرەو ئانکارا و فرۆکەخانە کەوتینە ڕێ. پێش گەیشـــتنمان بە تێرمینالّ هاوڕێیانمان بۆ بەڕێکردن و ماڵاوایی لەوێ چاوەڕوانمان بوون. لێرەدا جیابوونەوەمان لە پەخشـانی کچم و کاک ئەحمەدی هاوسـەری و سـارای دوو ساڵە زۆر ناخۆش بوو. ئاخر ئێمە هەموو ئەو ڕێگەیە پێکەوە هاوڕێ و یەکماڵ بووین، ئێســـتا لەیەک دوور دەبینەوە و هێشتا چارەنووسی ئەوان دیار نییە بە کامە وەڵات ئەدرێن و کەی لە تورکیە ڕزگاریان ئەبێ، هەستێکی ناخۆش و دڵتەنگی پێداین.

دوایین ماڵاواییمان بە دەســـت ڕاوەشـــاندن لە پەنجەرەی ئۆتوبوســـەوە کرد. ڕۆیشـــتین بەرەو ئانکارا. ڕاســـتەوخۆ چووینە بەڕێوەبەریی یوئێن. بە هەلم زانی دەنگم بگەیەنمە کۆشـــۆتۆ و ئەمانەتییەکانم وەرگرمەوە. بەڵام پۆلیســـی هاوڕێمان ڕێگەی نەدا بچینە ژووری. گوتی پێویستیی بە ئێوە نییە، تەنیـا نـامەیەکە کـە پێوەنـدی بـە ئێوەوەهـەیـە من وەریدەگرم و دیمەوە. خۆ نەدەگرا بڵێم ئاخر منیش هێندێک نامەم لەوێ هەیە، بۆیە بێدەنگەم لێکرد. بیرم کردەوە بێدەنگی باشـــترە لەوەی لەو دوایین ڕۆژانەدا تووشـــی گێچەڵ ببین. بیریشـم کردەوە لە سـوێد سـۆراغی کۆشـۆتۆ ئەکەم. دواتر بۆم دەرکەوت کۆشـــۆتۆ شـــوێنی کاری گواســـتبۆوە بۆ وەڵاتێکی دیکە. زۆریشـم هەوڵ دا بە داخەوە هیچم بۆ نەکرا دەنگی خۆمی بگەیەنمێ و ئەمانەتیەکانم وەرگرمەوە.

ئەو شـەوە چووینە هوتێل. پۆلیسـی هاوڕێشـمان چوو بۆ

ماڵی هاوڕڕێیەکی خۆی. بەیانی هاتەوە لامان و گوتی دەبێ ئێوە پارەی خواردنی شــەو و مانەوەی هوتێلی من بدەن کە من خەرجم کردووە. ئەمە لە کاتێکدا لە هوتێل نەخەوتبوو و چووبووە ماڵی هاوڕێکەی. لە لایەکی دیکەشەوە خەرجی ئەو لەســـەر بەڕێوەبەریی پۆلیســـی نیدە بوو. دیســـان لێرەش بێدەنگی باشــتر بوو لە دەنگهاتن. ئەو باجەشــمان دا. ســوار تاکسی بووین بەرەو فڕۆکەخانە. شۆفێر داوای حەقی خۆی کرد و منیش دامێ. پۆلیس هــاتە دەنـگ و گوتی ئەو بڕە پارەیە کەمە، دەبێ زۆرتر بدەنە شـــۆفێرەکە لەبەر ئەوەی جانتای قورستان پێیە. شۆفێر گوتی پێویست ناکا و خێسەیەکی لە پۆلیسەکە کرد و بێدەنگ بوو و گوتی بەزیاد بێت من مافی خۆم وەرگرتووە، ئیتر ئەو پۆلیســە بێ ئابڕووە وازی هێنا.

هەر چۆنێک بێ دیانمان بە جەرگی خۆماندا گرت و لەو سەعاتانەی ئاخردا ملمان بۆ هەموو جۆرە باج و ملهوڕییەکی پۆلیســـی تورکیە دا و بێدەنگیمـان هەڵبژارد. گەیشـــتینە فڕۆکەخانەی ئانکارا و لە ١٩٨٨/١١/١٠دا تورکیەمان بەرەو سوێد بەجێهێشت. هەموومان زۆر خۆشحاڵ بووین کە لەو ژیانە پڕ لە مەترســی و ســووکایەتییەی پۆلیســی تورکیە ڕزگارمان بووە. یەکەم دابەزینمان لە شـــاری کۆپنهاک پێتەختی دانمارک بوو. دوای چەند سەعات بەرەو سوێد بە فڕۆکەی دووەم ڕێکەوتین و شــەو درەنگ گەیشتینە فڕۆکەخانەی شاری ڤێستروس. ئوتوبوسێک بە وەرگێڕێکی کوردزمانەوە چاوەڕێمان بوو. بردیانین بۆ کەمپێک لە شـــارۆچکەی هاڵستەهامار لە نزیک شاری ڤێستروس. کاک فەتاحی ئەحمە

دی کە نزیک مانگێک پێش ئێمە هاتبووە سوێد لەگەڵ کاک سە
ید برایم حوسێنی کە ئەویش ئەگەر هەڵە نەکەم ساڵێک ئەبوو
هاتبوە ئەو کەمپە، هەواڵی هاتنی ئێمەیان زانیبوو و هاتبوونە
ئەویٚ بەپیرمانەوە. زۆر سوپاس بۆ ئەو ڕێزگرتن و زەحەمەتە
یان.

## یەکەم شەومان لە سوێد و چاوەڕوانییەکانمان

بەپێی ڕابردوویەک کە تێپەڕمان کردبوو، بەتایبەت ئەو یەک ساڵەی دوایی لە تورکیە، واماندەزانی وا دەستوبرد ناچینە خانووی خۆمانەوە، بۆیە خۆمان دانابوو بچینە ماڵی کاک فەتاح و کاک سەید برایم بەڵام کاکی وەرگێڕ پێشمان کەوت و بردینیە ماڵی خۆمان. هەوا سارد بوو، بەڵام هەر لە دەرگای یەکەمەوە کە خۆمان بە ژووردا کرد ئیتر سەرما نەما. تێکڕای ماڵ بە هەموو ژوور و داڵان و ئەنبارەوە هەوای گەرم و خۆش بوو. بۆ ئەو شەش کەسەمان خانوویەکی چوارژوورەمان پێدرابوو. بۆ هەر یەکەیشمان پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، وک لێفە و سەرین و تەختی خەو و بەرگی پێخەف، فلچە و دەرمانی دیان، هەروەها خواردنی سیٚ ڕۆژ بۆ شەش کەس لە نێو یەخچاڵ و فریزەردا ئامادە کرابوو. شەوێکی چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ ئێمە. ئەو شەوەمان لە ژیانی تازە ڕۆژ کردەوە. یەکەم میوانمان ڕۆژی دوایی کاک فەتاحی ئامۆزام بوو. ئەو کە زووتر لە ئێمە هاتبووە ئەویٚ، زانیاریی لەمەڕ دوکان و بازاڕ و چۆنیەتیی تەلەفۆنی کیۆسک و ئەو شتە سەرەتاییانەی

پێداین.

ئەم شوێنەی ئێمە لێی دەژیان یەکێک لە کەمپە گەورەکانی سوێد بوو کە بۆ پەنابەران کرابۆوە. مانەوە لێرە کاتیی بوو. پەنابەر دوای ماوەیەک بەجێی دەهێشت و بەرەو شوێنی هەمیشەیی خۆی بەڕێ دەکرا، بەڵام لە تێکڕای پێداویستییەکانی ژیان بەشدار بووین. بۆ نمونە لە حەفتەی دووەمدا خراینە کلاسی خوێندنی زمانی سوێدییەوە. هەروەها تێکڕای ئەو خزمەتگوزارییانەی یەک هاوڵاتیی سوێدی هەیەتی ئێمەی پەنابەریشی هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە دەگرتەوە؛ وەک نەخۆشخانە و بیمەی دەرمانی و پێڕاگە یشتنی دیان و عەینەک و ئەو شتانەی بۆ مرۆڤ پێویستن.

## دیسان چارەسەریی نەخۆشی

پێشتر لە چەند شوێنێکی دیکەی بیرەوەرییەکانمدا باسم لە نەخۆشیی مەعیدەم کردووە کە دوایین جار نەشتەرگەرییەکم لە سلێمانی بۆ کرا. کاتێ هاتمە سوێد خۆشحاڵ بووم کە لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بەتایبەت لە بوارەکانی پزیشکیدا ئەتوانم بۆ هەمیشە ئێش و ئازاری گەدەم بنبڕ بکەم. دوای ماوەیەک سەردانی نەخۆشخانە و دوکتۆرەکانم کرد بۆ پشکنینی نێو سک و بەکارهێنانی ئامێری مۆدێرنی پێشکەوتوو. دوکتۆرەکان هیچ جۆرە هەڵەیەک یان نەخۆشییەکیان لە مندا نەدۆزییەوە. بۆیە لە ئاکامی پشکنینەکان و پشت بەستن بە نەتیجەی ئامێرەکان، لەو باوەڕەدا بوون کە نەشتەرگەرییەکەی سلێمانی نەکرایە باشتر بوو. بەڵام قسەی دوکتۆرەکانی ئێرە ئەوە بوو کە نەخۆشییەکی زەق یان

برینێکی دیار لە نێو سکمدا نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە جۆرە ناتەباییەک یان نەسازانێک لەنێو ئۆرگانەکانی لەشمدا هەیە کە دەبێتە سەرهەڵدانی ئێش، کە ئەمەش ئەکرێ بەهۆی شتی جۆراوجۆرەوە بێت، وەک خواردن و زۆر شتی دیکە.

هەروەها گوتیان چارەسەریی ئەم گرفتەش تەنیا لە دەست خۆمدایە. لەم بارەیەوە هەندێ ڕێنوێنییان پێدام لەمەر خواردن و خواردنەوە و هەڵسوکەوتی ژیانی ڕۆژانە کە سودی باشی هەبوو. بە کورتی، پەنابەر کە لە ژیانێکی ئاڵۆز و ناخۆشدایە گرفتی تەندورستی زۆرە بۆیە بە گەیشتنی بۆ ئەم وەڵاتە و نیشتەجێ بوونی هەرچی کەموکووڕی لە لەش و جەستەیدا هەیە لە کەلوکونی دیانەوە بگرە هەتا گوێی قورس و چاوی کز و هتد چارەسەر دەکرێ و بەشێکی زۆری نەخۆشی و کەموکووڕیەکانی لەشی چارەسەر دەبن.

## گواستنەوەمان بەرەو شوێنی خۆمان

سەرجەم مانەوەمان لە کەمپی هاڵستەهامار نزیک بە چوار مانگی خایاند. لەم ماوەدا زۆربەی هاوڕێ و برادەرانی کوردستان کە زووتر هاتبوونە سوێد هاتنە سەردانمان. کاک ئەمیری قازی هەر زوو سەردانی کردین. لە دانیشتن و قساندا باسی وەڵاتی سوێد و شوێنی ژیان دەهاتە گۆڕێ. ئەو کاتە دەزگای پەنابەران هەوڵی ئەدا پەنابەر بنێرێتە شارە باکوورییەکانی وەڵات و زۆر لە شارە ناوەندییەکان نیشتەجێ نەبن. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ ڕاوێژکارەکەمان کە کاری ئێمەی لا بوو قسەمان کرد و ناوی چەند شارێکمان پێشنیار کرد. پێمان خۆش بوو زووتر بچینە شوێنی خۆمان و لەوە

زیاتر لە کەمپ نەمێنینەوە. سەرئەنجام دراین بە شاری یەڤلە.

### گرتنەوەی پێوەندی بە حیزبەوە

هەروەک پێشـــتر باســـم کرد ماوەیەک بوو لە حیزب دابڕابووم. هۆی دابڕانەکەم لە لاپەڕەکانی پێشـوودا بە وردی نووسـیوە و دووپاتکردنەوەی پێویسـت نییە. کاتێ گەیشـتمە وڵاتی ســـوێد بیرم لە گرتنەوەی پێوەندی بەو حیزبەوە کردەوە کە ســاڵیانێکی دوور و درێژ خەباتم تێدا کردبوو و لام ڕێبازێکی پیرۆز و نیشـتمانی و نەتەوەیی هەبوو. لەسـەر چالاکی و باوەڕ هەبوون بەو ڕێبازە بەندیخانەکانی سـنە، زەنجان و بەغدام بەسـەر کردبۆوە و دوایی چەکی سـەبەرزی پێشمەرگایەتیم چەندین ساڵ کردە شان و ڕۆژانێکی سەختی خەباتم بەرخۆ دا و توانیم لە پلەی فەرماندەهێزی و ئەندامی کۆمیتەی شـارسـتان و بەرپرسـایەتیی لە چەندین ئۆرگانی جۆراوجۆری ئەو حیزبە لە ئەسـتۆ بگرم، بۆیە بە پێویسـتم زانی جارێکی دیکە تێکەڵ بەو ڕێبازە ببمەوە کە باوەڕم پێیەتی.

بە فەرمی بە نامەیەک لە ڕێگەی کۆمیتەی گشـتی حیزب لە سـوێد داوای تێکەڵبوونەوەم کرد. دوای ماوەیەک کۆمیتەی سـوێد وەڵامی دایەوە کەتەشـکیلاتی ناوەندی لە وەڵامی داواکەمدا بڕیاری داوە بە ناسینێک کە لە خەبات و ڕابردووم هەیانە ئەتوانم لە ڕیزەکانی حیزبدا دەست بە کار ببمەوە. بەو هۆیە کە ئەو کات لەو شـارەی من لێی دەژیام هیچ کۆمیتە یان شـانەیەکی حیزبی لێ نەبوو لەگەڵ کۆمیتەی گشـتیی حیزب تێکەڵ بە کار و چالاکی بوومەوە. هەتا ئێسـتاش کە

خەریکی نووسینەوەی ئەم دێڕانەم بەردەوام بووم و بەپێی توانا و تەمەن لەم ڕێبازەدا ماومەوە و ئەرکی حیزبیی خۆم ڕاپەڕاندووە.

## کۆمونی یەڤلە

ئێمە لەو پەنابەرە کوردە تازانە بووین کە هاتینە کۆمونی یە ڤلە. ئەکرێت بڵێم ئەو کاتە کوردی پەنابەری کە هێشتا سەر بە ئیدارەی پەنابەران بێ لێ نەبوو، لەبەر ئەو هۆیە وەرگێڕی زمانی کوردی نەبوو. زۆرتر پەنابەری فارس و وڵاتانی دیکە ی لێ بوون. ئەو کوردانەی کە پەنابەر بووون و هاتبوونە ئە و شارە کەسانێک بوون کە زووتر هاتبوونە وڵاتی سوێد و لە ڕێگای ئیدارەی کارەوە لە شارەکانی دیکەوە هاتبوونە یەڤلە و کاریان دەکرد.

سەرەتا خانوویەکیان بۆ ماوەی حەوتوویەک پێ داین. لەم ماوەدا بە یارمەتی وەرگێڕەکەمان لە دەزگای پەنابەرانەوە، کەوتینە بازاڕ و کەلوپەلە سەرەتاییەکانی ژیانمان کڕی. شیاوی باسە ئەو سەردەمە، واتە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان ڕووی دامودەزگای پەنابەران لەگەڵ پەنابەر خۆشتر بوو و تا ئێستا کە بە هۆی پەنابەری خراپە وە هێندێ لێمان وەڕەز بوون و ئەو حیسابەیان بۆ ناکرێت کە لە نەودەکاندا ئەکرا. بە کورتی، پێشتر بە هەموو جۆرێک هەوڵیان ئەدا دڵی پەنابەر ڕاگرن. لەمەڕ یارمەتی ئابووری و ماڵییەوە دڵیان یەکجار ئاواڵە بوو. جگە لە کڕینی تێکڕای کەلوپەلی ماڵ یارمەتیی تایبەتیشیان ئەدا بۆ کڕینی جلوبەرگی هاوینە و زستانە. تەنانەت لە هەندێ لە کۆمونەکان پارەی

کەلوپەلی وەرزشـی و ڕابواردنیشـیان ئەدا، وەک دووچەرخە و کەرەسەی یاری سەر بەفر و زستانە. ئێستا لەو یارمەتیانە نەماون یان زۆر بە کەمی هەیە.

هۆی ئەم بێ موبالاتی و گوێ نەدان بە پەنابەر بە باوەڕی من دوو شتە. هۆکاری سەرەکیی، پێشتر سوید پێویستی بە هێزی کار هەبوو چونکە کار لە سـوێد زۆر بوو ئیتر پەنابەر هـەر کـەس بوایـە وەردەگیرا و تـەنـانـەت زۆربـەیـان پێش خوێندن و فیربوونی زمانی سوێدی دەست بە کار ئەبوون. تە نانەت لە نێو کومپانیاکاندا کێبڕکێ هەبوو بۆ مانگانەی زیاتر تاکو هێزی کاری دەسکەوێت. دووەم، بەشـێکی کەم لە پەنابە ر هەڵســـوکەوتی ڕۆژانەی باش نییە و بە پێوەرەی وڵاتی خۆی بە توندوتیژی بەرخورد ئەکات کەئەمەش بەشـی خۆی کاریگەری خراپی هەم بۆ خۆی و هەم بۆ باقی پەنابەران هەیە.

دوای کڕینی کەلوپەل و دامەزرانـدنی مـاڵ، خـانووە کاتییەکەمان بەجێ هێشـت و هاتینە ماڵێکەوە کە ئیتر بە ماڵی یەکجارەکیی خۆمان ئەزانی. ماڵێک کە کاتیی نەبوو، ماڵێک کە ئیتر ئەمانزانی تێیدا دەمێنینەوە و تێیدا گەورە و پیر دەبین، تێیدا گەشـــە دەکەین، دەخوێنین، کاردەکەین، منداڵ تێیدا پەڕەوازە دەبن و تەنانەت ڕۆژانی دوایی ژیانمانی تێدا بەسەر ئەبەین. ئەمە جگە لەو هەستە خۆشەی کە تێیدا هەستمان بە ترس و دڵەڕاوکێ نەدەکرد. ئاخر ئێرە وەڵاتێک بوو کە نرخی مرۆڤ و ژیانی لا هەبوو. لێرە من مرۆڤێک بووم کە مافی ســـەرەتاییم وەک هەر مرۆڤێکی دیکە هەبوو. لێرە من ئیتر تورکی کێوی نەبووم. زمانەکەشـم یاسـاغ نەبوو. بێ ترس و

دڵەڕاوکێ ئەمتوانی گوێ لە گۆرانیی زمـانی خۆم بگرم و تەنانەت لە هۆڵە گەورە ڕازاوەکاندا نەورۆزم بە شـانازییەوە پیرۆز ئەکرد.

لێرەدا ئەگەڕێمەوە بۆ ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا. کاتێک شـــۆڕشـــی کوردان بووژایەوە و کەوتەوە تێکۆشان، منیش دیسان ئەو ڕێگەیەم گرتەوە بەر و تێکەڵ بە شـۆڕش بوومەوە. هەرچی سـامان و داراییەک لە ملک و زەویوزاری فرۆشـــراوی کیوەرۆ و چاخی ئاغایەتی بۆم مابۆوە لەگەڵ بەرهەمی کاری ئەو چەند سـاڵ کارەی ماشـێنداری لە دروسـتکردنی خانوویەکی باش و گەورەی بە دڵی خـۆم خەرجـم کـرد. بەڵام زۆر لە خـانـووی تـازەدا نەماینەوە کە بە هۆی شۆڕشی کوردانەوە کەوتمەوە شاخ و خانووم فرۆشـــت. لە درێژایی ئەو چەند سـاڵەی لە ژیانی پێشمەرگایەتی و ئەمبەر و ئەوبەری گوند بە گوند و شار بە شاردا ئەم پارەیە ژیانی ماڵ و منداڵمی بەڕێ دەکرد. ئاخر نە یارمەتی و مووچەی پێشـــمەرگایەتی ئەوە بوو منداڵی پێ بەخێو کەی نە یارمەتی یوئێن و هیچ جۆرە داهاتێکی دیکەشم نەبوو. ئەوە بوو لەم برە پاشـەکەوتە کەمایەسی لە مانگانەی پێشـمەرگایەتی و ژیان لە تورکیەو شـوێنەکانی دیکەمان پێ پڕ دەکردەوە. مەبەسـت لە گێڕانەوەی ئەم چەند دێڕە ئەوەیە بڵێم کاتێ هاتمە سوێد و ئیتر گەیشتبوومە دوایین وێستگەی ئەم سـەفەرە، چی لە گیرفانی مندا مابوو. بەڵێ، سـەرمایەی دەرەبەگایەتیی و خاوەندارییی گوندی کیوەرۆ و کۆخەکانی کە سەرجەم بریتی بوو لە هەشت گوندی چەند ماڵی و کار و کاسـبیی چەند سـاڵە و پارەی خانووی فرۆشـراو، من و

هاوسەر و چوار منداڵی گەیاندە سوێد. کاتێ گەیشتمە سوێد سێ سەد دۆلار لە گیرفانماندا بوو. بەڵام ئیتر لێرە نیگەرانی دەستکورتی و کەموکووڕیی دارایی نەبووم. لێرە ژیان لەمێژ بوو کەوتبووە سەر ڕێڕەوی دروست. لێرە دەکرا هەموو کەس شوێنێکی هەبێ بۆ ژیان و سەر سفرەکەشی بێ پێخۆر نەبێ.

هەر وەک وتم، سەرمایەم ئەو خانووە بوو کە لەم ڕێگە دوور و درێژ و پڕ چەرمەسەرییەدا نەیهێشت چاو لە دەستی ئەم و ئەو بم. لێرە لە دوایین وێستگەی ڕێبواریدا پاشەکەوتیش هاتبووە کۆتایی، بەڵام لەوەی کە گەیشتووینەتە وڵاتێکی ئازاد کە نرخی مرۆڤایەتی لەمێژە تێیدا ناسراوە، چی دیکە بە دڵەڕاوکێ و پەرۆشەوە سەر ناخەمە سەر سەرین. لەمەش خۆشتر ئەوەیە هیچ کە لە خەبات و تێکۆشان بۆ بیر و باوەڕەکەم دوور نەبوومەوە بگرە لێرە زیاتر دەستم ئاوالایە داوای ڕەوای گەلەکەم بە دنیا ڕابگەیەنم.

ئاشنابوون و ڕاهاتن بە ژیانی نوێ

وەک هەر پەنابەرێکی دیکە لەم وەڵاتە ژیانێکی ئاساییمان هەبوو. ڕۆژانە ئەچووینە کلاسی فێربوونی زمانی سوێدی. ڕۆژانی پشوو سەرمان بە شوێنە ناسراوەکانی نێو شار و دەوروبەری شاردا دەکرد و لەگەڵ ئەم جیهانە نوێیەدا ئاشنا دەبووین. ئەو کاتە جگە لە خوێندن و فێربوونی زمانی سوێدی، لە فێرگەوە دەیانبردین بۆ موزەخانە و فابریکات و شوێنەوارە کۆن و مێژووییەکانی شار و دەوروبەر. جارێک بە دوو ئۆتوبوس نزیک بە هەشتا قوتابییەک (خەڵکی وەڵاتانی جۆراوجۆر) بردیانین بۆ گەشتی ناوچەیەک کە لە ڕابردوودا

کەســـێک لە شـــێوەی ژیانی خێڵایەتی و نیمچە ئاغاواتی و دەســـەڵاتدار خاوەنداری کردووە. ئەم شـــوێنە ئێســـتا وەک شوێنەوارێکی بەنرخ ڕاگیراوە کە ساڵانە هەزاران گەشتیار لە دوورەوە بۆی دێن و ســەردانی ئەکەن. وەڵاتی ســوێدیش بە شـانازییەوە وەک بەشـێک لە مێژوو و ڕابردووی وەڵاتەکەی پارێزگاری لێدەکات و پیشان گەشیارانی ئەدات. ئێمەش وەک قوتابی و پەنابەر بردیانین بۆ سەردانی ئەو شوێنە و تەنانەت وەرگێڕیشـیان هێنابوو کە بە باشـی لە مێژووی ئەم شـوێنە تێبگەین.

کاتێ گەیشتینە ئەم شوێنە، لە ئوتوبوسان دابەزین و بە پێ بە نێو گونددا گەڕاین. بەپێی ئەو ئاســـەوارەی بەدی دەکرا ئەکرێ بڵێم لەم گوندەدا نزیک بە سەد خێزانێک لە ڕابردوودا لێی ژیاوە. لە نێو گونددا بازاڕێکی تێدا بوو کە کاتی خۆی پێداویسـتیی خەڵکی گوندی دابین کردووە، وەک ئاسـنگەری، نانەوایی، فرۆشـتنی مەڕ و ماڵات و پەلەوەڕ و هتد. دەرگای دوکانەکان لە دار و تەختەی پان و قاییم دروسـت کرابوون. بە بینینی ئەم دەرگایانە دوکانەکانی بانەی نزیک بە شـەست ساڵ لەمەوبەرم کەوتەوە بیر کە لەم چەشنە بوون. لە گۆشە یەکی گوندەکە خانوێکی دوو قاتی لێ بوو کە وێدەچوو نۆژەن کرابێتەوە. ئەم خانووە جێگای ژیانی گەورەپیاوێک بووە کە دەســـەڵاتداری ئەو گوندە بووە. خانووەکە لە چەند ژوور بۆ میوان، بنەماڵە، مۆسـیقا و ڕابواردن، پاســـەوان و دەستوپێوەند و هتد پێکهاتبوو. کارمەندێک بە زمانی سوێدی دەربارەی مێژووی ئەم گوند و بەتایبەت خاوەنی ئەم خانووە و گەورەی گوند بۆمان دەدوا و وەرگێڕەکانیش هەر یەکە بە

زمـانی خۆیـان بۆ خەڵکی خۆیـان وەردەگێڕایەوە. لەو سـەردەمەدا دەسـەڵاتێکی گشـتگیر لە چەشـنی ئێسـتا وەک دەوڵەت و حکومەت نەبووە. بۆیە هەر ناوچەیەک بەم شێوەیە نیمچە بەڕێوەبەرایەتییەکی بۆ خۆی پێکهێناوە و ژیانی خۆی بەسـەر بردووە. ئاغای ئەم گوندەش یەکێک لەو سـەدان ئاغایانە بووە کە ناوچە و کۆمەڵگەی خۆی بەڕێوە بردووە. ئەم گەورەپیـاوە بۆ بەڕێوەبەری و پێـداویسـتییەکـانی کۆمەڵگەکەی خۆی ساڵانە باجێکی وەک زەکات یانماڵیات لە خەڵکی گوند وەرگرتووە و لە بەڕێوەبردنی گونددا بەکاری هێناوەتەوە.

ئەوەی دەمبیسـت و دەمبینی ڕێک کوردسـتانی خۆمانی دەخسـتەوە بەر چـاوم کە لە کـۆنـدا هەر نـاوچەیەی دەسـەڵاتدارەتییەکی خۆجێیی هەبووە و کەسـێک وەک ئاغا بەڕێوەبەریی کردووە. ئەوەی بۆ من جێی تێڕامان و سـەرنج بوو ئەوە بوو کە لە سوێدێکی پێشکەوتووی ئەمڕۆدا خەڵکی ئێرە چۆن دەڕوانێتە ئەم ڕابردوویەی خۆی و چلۆن بە خەڵکی بیانیی دەناسـێنێ. ئەوان ئاسـەواری ئەم ژیان و ڕابردوویەی خۆیان لە چەشـنی موزەخانەیەک پاراسـتبوو و بە شـانازییەوە بە ئێمەی بیانییان دەناسـاند. ئەم مێژووە بۆ ئێمەی بیـانی هەر یەک بەپێی ئەو کەلتورەی تێیـدا گەورە بووین بە شـێوەیەک لێکدەدرایەوە، بەڵام بۆ ئەوان وەک شـانازییەکی بەرچاو وا بوو کە لە ڕابردوودا چۆن ژیاون و چلۆن گوزەرانیان کردووە. ئێمەی کورد بە کەلتوری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتەوە ئەمە چۆن لێک ئەدەینەوە و دەیخەینە چ چوارچێوەیەکەوە. یەکێک لە بەشـدارانی ئەم گەشـتەمان

خانمێکی کورد بوو کە پێشــتر پێشــمەرگەی کۆمەڵە بووە. ناوبراو گوتی ئەم پیاوە کە خاوەنی ئەم شــوێنە بووە، لای ئێمە ئەم جۆرە کەســانە لە نێو خەڵکدا خۆشــەویســت نین، ئەمانە دەرەبەگن و خەڵکی دەچەوسێننەوە. وەرگێڕ قسەکانی وەرگێڕایەوە. ئەو کەســەی قســەکانی بۆ دەکردین گوتی بە پێچەوانە ئەم کەســایەتییانە لە کۆمەڵگەی ســوێددا زۆریش خۆشەویستن، لەبەر ئەوەی ئەمانە بەشێکن لە مێژووی وڵاتی ئێمە و ئەم کەسانە لەو سەردەمانەدا کە هێشتا حکومەتداری بە شــێوەی ئێســتا نەبووە ئەوان توانیویانە کۆمەڵگەیەکی بچووکی دەوروبەری خۆیان بەڕێوەبەریی بکەن. راســتییەکەش ئەوەیە کە دەبێت لێکدانەوە لە سیستەمی سەردەمەکان بە گوێرەی ســـــەردەمی خۆی لێک بدرێتەوە نەک بە پێوانەی ئێستا.

## بیستنی هەواڵێکی دڵتەزێن

ژیانمان کەوتبووە ســەر ڕەواڵی ئاســایی خۆی. ســەرقاڵی فێربوونی زمان و هاتوچووی لای دۆستان و بەگشتی ڕاهاتن لەگەڵ کەلتور و خەڵک و کەشــوهەوای ئەم وەڵاتەدا بووین. شــەوێک لە گەرمەی خەودا بە زەنگی تەلەفۆن ڕاپەڕیم. کاک حوسێن سەعیدی ئەگەر هەڵە نەکەم پێشتر خەلکی بۆکان و ئێستا نیشتەجیی شاری ئوپسالای سوێدە. گوتی بە داخێکی گرانەوە د. قاسملو شەهید بوو. بۆ ماوەیەک تاسام و هیچم پێ نەگوترا. درێژەی بە قســەکانی دا و گوتی ئەمڕۆ لە ڤیەن بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی شەهید کراوە، تۆ هیچت لەم بارەیەوە بیســـتووە؟ گوتم هیچم نەبیســـتووە،

ئێستاش بەم شەوە درەنگە هیچمان بۆ ڕوون نابێتەوە هەتا بەیانی. تەلەفۆنمان دانا و دیسان زەنگ لێدرایەوە. کاک ئەحمەد کاکەمەمی بوو. ئەویش هەواڵەکەی بیستبوو. ئیتر ئەو شەوە بە بیرکردنەوە لەم خەبەرە دڵتەزێنە ئەمدیو و ئەودیوم کرد هەتا ڕۆژ بۆوە. هەر بەیانی زوو کەوتمە تەلەفون کردن و هەواڵ پرسین.

بەڵێ جارێکی دیکە تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەکانی کوردستان سوور کردبوو و ئەم جارە نەمر د. قاسملو و عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و د. فازڵ ڕەسووڵ کوردێکی باشووری کوردستانیان تیرۆر کردبوو. پێویست بە گێڕانەوەی چۆنیەتی ئەم ڕووداوە ناکات، چونکە هەموو ئاگادارن لە چلۆنەتی ڕووداوەکە.

من کە تازە هاتبوومە ئەم وەڵاتە هێشتا هیچ پاسپۆرت و پێناسەیەکی وام نەبوو بۆ سەفەری دەرەوەی سوێد بۆیە نەمتوانی لە بەخاکسپاردن و دوایین ماڵئاوایی لە سەر گۆڕی ئەم شەهیدانە لە پاریس بەشداریی بکەم. مێژووی ئەم ڕووداوە لە کتێبی نیو سەدە تێکۆشان لە نووسینی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئاوا نووسراوە: "لە ٢٣ی پووشپەڕی ١٣٦٨هەتاویدا بەرامبەر ١٤ی ژوئییەی ١٩٨٩ی زایینی کە دروست ڕۆژی جەژنی قوربان، جەژنی گەورەی موسڵمانان، خەبەرێکی دڵتەزێن دڵی تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران و بەگشتی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی داخورپاند".

دوای ئەم خەسارە یەکجار گەورەیە ماوەیەکی درێژ

ماتەمینی و پەشـــۆکاویی لە نێو بەشـــێکی زۆر لە خەڵکی کوردستاندا بەگشتی و ئەندامانی حیزب بەتایبەتی بەدیدەکرا. بەڵام کەسـایەتیی بەتوانا د. سـەعید شـەرەفکەندی هەر خێرا ئەم بۆشـــاییەگەورەی پڕ کردەوە و نەیهێشـــت جێگەی د. قاسملوو بەتاڵ بێ. لە ڕاستیدا د. سەعید بە دوژمنی سەلماند کە کورد بە لەدەسـتدانی سـەرکردەکانی چۆک دانادا و ئەم خەباتە ڕەوایە هەر درێژەی دەبێ.

## پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی کەلتوری لە ساڵی ١٩٩١ی زاینی بۆ کوردانی یەڤلە

ڕۆژێک وەرگێڕە فارســـەکەمان بانگهێشـــتنی کردم بۆ هـاوکاریی و ئەنـدامەتی لە ئەنجومەنی ئێرانییەکان. وەڵامم دایەوە کە بیرێکی لێدەکەمەوە پاشـــان ئاگادارتان ئەکەمەوە. دوای ئەم بانگهێشـتنەی ئەنجومەنی ئێرانییەکان لەگەڵ چەند هاوڕێییەکم کە زووتر هاتبوونە سـوێد و لە من زیاتر شـارە زای بارودۆخەکە بوون لەم بارەیەوە پرســـیارم کرد. بۆم ڕوون بۆوە کە لە زۆرێک لەو شـارانە کە کوردی زۆر لێیە لەم جۆرە ئەنجومەنـانە لەژێر نـاوی کۆمەڵەی کوردیـدا کراونەتەوە و چـالاکیی کەلتوری، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ئەنجام ئەدەن. کاتێ لەم بارەیەوە زانیاریی تەواوم وەرگرت و زانیم کە ئێمەش ئەتوانین بۆخۆمان کۆمەڵە لە شـارەکەمان پێک بهێنین، کەوتمە بیری ڕێکخستنی کۆمەڵەیەک. دیارە وەک پێشـتریش باسـم کرد ئەم کۆمونە کوردی کەم لێ بوو بەڵام لەم ماوەدا کە ئێمە هاتبووین بەرودوا کوردی دیکەیشـــیان وەرگـرتـبـوو. کەوتـمە دوای ئەم کـارە و گەڕان لەدووی

کوردان. به خۆشییەوە چەند ماڵباتم دۆزینەوە و ئەم باسەم لەگەڵیاندا هێنایە گۆڕێ. بۆ ئەم مەبەستە ڕێکەوتێکمان بۆ بەستنی کۆبوونەوە دیاری کرد و کۆبوونەوەمان پێکهێنا. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا کۆمەڵەی کوردی پێکبهێنین و هاوڕێیان داوایان لێکردم پێڕەو و پرۆگرامێکی پێشنیاری بنووسمەوە و پاشان لە کۆبوونەوەیەکی گەورەتردا لە شێوەی کۆنگرە قسە و باسی لەسەر بکەین و ئەو کات بە فەرمی لەدایکبوونی کۆمەڵەکەمان ڕابگەیەنین.

به مەبەستی نووسینەوەی پێڕەو لەگەڵ چەند کۆمەڵەیەکی کوردی تەلەفۆنی قسەم کرد و ڕێنوێنی و ئەزموونیانم پرسی. هاوکات لە هەر کۆمەڵەیەک نمونەیەک لە پێڕەو و دەستورەکەیانم وەرگرت. بە تێبینی و لێکۆڵینەوە لەم پێڕەوانە دانەیەکی پێشنیارییم بۆ کۆمەڵەکەی خۆمان گەڵاڵە کرد. بە دوای ئەمەدا ئێوارەیەکی هاوینی ١٩٩١ لۆکاڵێمان بە کرێ گرت و یەکەم کۆنگرەی کۆمەڵەی کوردمان لە شاری یەڤلە پێکهێنا. بەشدارانی کۆنگرە نزیک بە بیست کەسێک ئەبووین، کە وەک یاسای سوێد پازدەکەس بۆی هەبوو کۆمەڵە پێکبهێنێ و داوای یارمەتیی ئابووری لە کۆمون بکات. خاڵ بە خاڵی پێڕەوە پێشنیارییەکە خوێندرایەوە و دوای لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن دەنگی لەسەر درا و بەپێی دەنگی زۆرینە پەسند کرا. دوای پەسندکردنی تێکڕای پێڕەو کۆمیتەیەک بۆ بەڕێوەبەریی کار و ئەرکەکانی کۆمەڵە لەلایەن بەشدارانی کۆنگرەوە هەڵبژێردرا. ئەم کۆمیتەیە لەم پێنج کەسە پێک هات: د. محەممەد ساڵح، د. کەمال ڕەشید، کاک نادر خۆشناو، کاک فەرهاد حاجۆ و خۆم. کاک فەرهاد حاجۆ کە

سـێک بوو کە لەمێژ بوو لە وڵاتی سـوێد ئەژیا و لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و زمانی سوێدی شارەزاییەکی باشی هەبوو، ئەو وەک بەرپرســی گشــتی و من بە جێگری ئەو دیاری کراین.

کۆمەڵەی کوردی لە شــاری یەڤلە پێک هات و بە فەرمی خۆمان بە کۆمون و دەزگاکانی پێوەندیدار ناسـاند. کۆمەڵەی ئێرانییەکان بە بیســـتنی ئەم هەواڵە زۆر ناڕەحەت بوون. لەبیرم دێ کاتێک لە کۆڕ و کۆمەڵدا یان لە کلاســی زمان خۆمان وەک کوردستانییەک دەناساند، ئێرانییە فارسزمانەکان بەم کوردستانی بوونەی ئێمە تێک دەچوون و بێ سێ و دوو هەڵیان ئەدایە "کامە کوردســـتان؟ خۆ وەڵاتێک بە ناوی کوردسـتان نییە" .ڕۆژێک نامەیەکم بۆ خرایە ئەمدیو دەرگای ماڵەوە. بە زمانی سـوێدی هەڕەشـەم لێ کرابوو کە کۆمەڵەی کوردییم پێکهێناوە و دەبێ هەڵیوەشـێنمەوە دەنا خراپم پێ دەکرێ. گومــانم لەوە نەبوو کە ئەنجومەنی ئێرانییەکــان ناردبوویان. بەتایبەت وەرگێڕەکەم بە ئاشــکرا لەژێر ناوی گاڵتەکردنا پێی گوتم باشـــتر وایە خۆم تێکەڵ بەو کارانە نەکەم چون زەحمەتی زۆرە. لەگەڵ کــاک فەرهــاد حــاجۆ نامەمان برد بۆ ئیدارەی پۆلیس. پرســیان شــکمان بۆ کێ دەچێ. گوتم هیچ بەڵگەیەکم نییە لەســەر کەسـێکی تایبەت، بەڵام لە کۆمەڵەی ئێرانییەکان زیاتر بەولاوە شـــکمان لە کەســی دیکە نییە. بە دوای نامەی هەڕەشــەدا زۆر چالاک دەستمان دایە کاری کۆمەڵە و هیچ ڕووداوێکیش ڕووی نەدا.

دوابەدوای دروســـتبوونی کۆمەڵەی کورد کۆمونی یەڤلە پەنابەری کوردی زیاتر لە ڕابردوو وەردەگرت. بەم هۆیەوە

کۆمەڵەکەشمان ئەندامی زۆرتری هاتە نێو. زۆربوونی ڕێژەی ئەندامان لە کۆمەڵەدا وای کرد یارمەتیی ئابووریمان لە لایەن کۆمون و دەزگا کەلتورییەکانەوە زۆرتر پێ بدرێ کە ئەمەش لە خۆیدا چالاکییە کەلتوریی و کۆمەڵایەتییەکانمانی زیاتر کرد. بۆ نمونە لە نێو خۆی کۆمەڵەدا کۆمەڵەی دیکەی ئەندام وەک یەکێتیی ژنان و یەکێتیی لاوان کرانەوە. ئەم یەکێتییانەش جگە لە بەشدارییان لە چالاکییە سەرەکییەکانی کۆمەڵەدا خۆیشیان چالاکیی دیکەی تایبەت بە خۆیان هەبوو. بۆ نمونە یەکێتیی لاوان لە نێو لاوەکاندا کە لە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان پێکهاتبوو گروپی وەرزشی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێی کوردییان دروست کرد. ئەم گروپانە دواتر دوای ڕاهێنانێکی زۆر توانیان لە بۆنە تایبەتەکاندا هونەری خۆیان بە شێوەیەکی جوان بە هەڵپەڕکێ و جلوبەرگی جوانی کوردییەوە پێشکەش بکەن.

کۆمەڵەی کورد بەگشتی و یەکێتی ژنان و لاوان بەتایبەتی زۆر دڵخۆش بە ئەرک و چالاکییەکانیان بە هەستێکی بەرپرسیارانەوە هەر یەکە لە ئاستی خۆی گەشەی بە ڕێکخراوەکەی خۆی ئەدا. ئەمە وای کرد ساڵ بە ساڵ باشتر جێگەی خۆیان لە چالاکییە نێونەتەوەییەکاندا بکەنەوە و هەرچی زۆرتریش یارمەتیی ئابووریمان پێ بدرێ. هۆکاری ئەم گەشەسەندنە ئەگەڕێنمەوە بۆ ئەو دەستبەسەرداگیراویەی کورد لە زێد و خاکی خۆیدا کە تەنانەت لە ماڵەکەی خۆیدا بە ترسەوە گوێی لە گۆرانییەکی شوان پەروەر گرتووە. بەڵام کاتێک دێتە سوێد و نەک هەر بەری پێ ناگیرێ بەڵکو زیاتر یارمەتیی و هان ئەدرێ، ئیتر

بە دڵێکی خۆشەوە دەچێتە پێش.

## چالاکییەکانی کوردەکان لە یەڤلە

کاتێک کۆمەڵەی کورد بەرەو گەشـەکردن و گەورەتر بوون دەڕۆیشـــت چالاکییەکانیشـــی زیاتر بوون. لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

ئاهەنگی نەورۆز. هەموو ســاڵێک بۆ پیرۆزکردنی ئاهەنگی نەورۆز ســـــاڵۆنێکی گەورەمـان بە کرێ دەگرت و چەنـد هونەرمەندی گۆرانیبێژمان بانگهێشــت دەکردن و شــەوێکی خۆشمان بە گۆرانیی و هەڵپەڕکێی کوردی بەڕێ دەکرد. جگە لە شــەوی ئاهەنگەکە ئێوارەیەکیشــمان بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز دادەنـا و لە نێو چەقی بەفری یەڤلە دا بە دەوری ئاگری نەورۆزدا گەڕی هەڵپەڕکێمان گەرم دەکرد. شــایانی باسە بۆ شەوئاهەنگی نەورۆز هەموو جارێک دوو بلیتمان بۆ کۆمەڵەی ئێرانییەکــان ئەنــارد. ئیتر بە دڵخواز یــان بە مەجبوری دوو کەســیان ئەهاتن و تەنانەت بانگهێشـــی یان بـاشـــترە بڵێم پەلکێشـــی هەڵپەڕکێشـــمان ئەکردن. لەم شـــەوئاهەنگانەدا جگە لە یارمەتیی ئابووری لە کۆمونەوە بلیتیش ئەفرۆشـــرا کە دوای حەقدەســـتی مۆســـیقاژەن و گۆرانیبێژ و کرێی ساڵۆن و هەموو خەرجییەکان پارەیەکیش بۆ کۆمەڵە ئەمایەوە.

## یادی هەڵەبجە و ئەنفال و هتد

بۆ یادە شـــوومەکانیش هەموو ســـاڵێک بە شـــێوەی

جۆراوجۆر چـالاكی ئەنجـام ئەدران. پیشـــانگـای وێنە، مانیفێســتاسـیۆن لە گۆڕەپانی شـاردا و جاروبار گێڕانی سـیمینار و دیبات لە لایەن کەسـایەتییە ناودارە کوردەکانەوە، نموونەی عومەر شـێخ مووس، بە زمانی سـوێدی و گوێگری سوێدی، بەشێک لەو چالاکییانە بوون. یەکێک لە چالاکییەکان کە سـەرنجی خەڵکی شـارەکەی زۆر ڕاکێشـا بەرنامەی هەڵگرتنەوە و پووچەڵ کردنەوەی مین بوو. بۆ ئەم مەبەسـتە کۆمەڵێـک پلاکـات بە وێنەی برینـدار و قـاچ بڕاو بە هۆی تەقینەوەی مینەوە لە گۆڕەپانی شاردا داندران. لە مەودایەکی دە مەتری دووجادا کۆمەڵێک قتوی تایبەت لە شـکڵی مین داندران. کاتێک خەڵک بەو ناوەدا تێپەڕ ئەبوو بە پرسیارە لەم قتویانەیان ئەڕوانی. بەڕێوەبەرانی ئەم چالاکییەش بۆیان باس دەکردن کە هەر ئێسـتا نزیک بە پێنج ملیۆن مین لە ڕۆژهەلات و باشـووری کوردسـتان لە لایەن حکومەتی ئاخوندی و بەعسـەوە چێندراون و ڕۆژانە بە دەیان خەڵکی بێ تاوان بە هۆی ئەم مینـانەوە دەکوژرێن و برینـدار ئەبن. بۆیە کورد پێویستیی بە یارمەتیی هەموو لایەک هەیە بۆ پاک کردنەوەی ئەم خاکە لەو ملیۆنان مینە. جا ئەگەر هەر ڕێبوارێک بەم ناوەدا دەڕوا و یەکێک لەم قتویانە هەڵگرێ و یارمەتییەکی مـاڵی بخـاتە نێو قتووەکە ئەوە بەم یـارمەتییە مینێـک لە کوردستان پووچەڵ ئەکرێتەوە.

هاوکات هەمان ڕۆژ لە کتێبخانەی شار سیمینارێک لەسەر مین لە کوردسـتان ڕێکخرا. کاک محەممەد عەبباسـی کە بە هۆی تەقینەوەی مینەوە قاچێکی لەدەسـت داوە لەم بارەیەوە قسەی بۆ خەڵک کرد و چۆنیەتیی ڕووداوەکەی باس کرد کە

فرمێسـکی لە چاوی زۆرێک لە گوێگرەکان هێنایە خوارێ. ناوبراو لەگەڵ کۆمەڵێ پێشمەرگەی هاورێی بە ڕێگەدا دەڕۆن کە مین لە ژێر پێیدا ئەتەقێتەوە. ئیتر هاوڕێکانی بە نۆبە بە کۆڵ هەڵیدەگرن بۆ ئەوەی بە زوویی بیگەیەننە ئاوەدانییەک. لەم کاتەدا کە ئەو بە کۆڵی یەکێک لە هاوڕێیەکانییەوەیە مینێکی گەورەتر لەوی پێشوو لە ژێر پێی هاوڕێکەیدا ئەتەقێتەوە کە لە جێدا ئەو هاوڕێیەی گیانی لەدەست ئەدا. ئەمە داستانی یەکێک لە هەزاران بریندارى ئەو دوژمنە نادیارەیە کە هەمیشە لە کەمیندایە بێتاوانێکی دیکە لە ژیان بکات.

## وێستگەی ڕادیۆ

کۆمەڵەی کەلتوریی ئینتەرناسیۆناڵ کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵەی نەتەوەکانی دانیشتووی یەڤلە، توانیبووی وێستگەیەکی ڕادیۆیی لە کۆمون وەرگرێ. ئەم کۆمەڵە ئەندامانەش بەپێی توانایی خۆیان بۆیان هەبوو چەند کاتژمێرێک بەرنامەی خۆیان لە حەفتەدا بوەشێنن. کۆمەڵەی کوردیش توانی بە هیممەتی چەند کەسێکی دڵسۆز و هەڵسوڕ لەم بەڕێزانە: کاک عەلی قادری، کاک نەبەز، کاک کاوە ئەمین، کاک سەردار و خوشکە گوڵچین ئۆنێن و کاک کەمال عەبباسی و چەند لاوی تر کە ناویانم لەبیر نەماوە، چەند کاتژمێرێک بەرنامەی حەفتانە کە بریتی بوو لە هەواڵ، چاوپێکەوتن و بەرنامەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی، لەژێر ناوی ڕادیۆ هەتاودا بوەشێنێ. لە دەستپێک و سەرەتاوە من بەشی دەنگوباسم لە سایتەهەواڵدەریەکان و ڕادیۆکان وەردەگرت و

بە ئامادەیی و گونجاو بۆ ڕادیۆیەکی لۆکاڵ بۆ فاکس دەکردن، هەتا وردەوردە خۆیان بە باشی کەوتنە سەر پێی خۆیان.

## بارەگا و بنکەی کۆمەڵە

کۆمەڵەکەمان دوای چەند ساڵێک توانی لۆکاڵێک بکاتەوە و مانگانە کرێی لۆکاڵەکەش بدات. هەرچەند کرێی لۆکاڵێکی لەو جۆرە کە بۆ کاری کەلتوری و کۆبوونەوەی گەورە بگونجێ کەم نییە بەڵام ئێستا ئیتر کۆمەڵە هێندە گەورە و لە باری ماڵییەوە دەسترۆیشتوو بوو کە بە ئاسانی ئەیتوانی خەرج و کرێی لۆکاڵەکە بدات. لەم لۆکاڵەدا کە بەردەوام ڕۆژانە کراوە بوو و ئەندامان و کوردەکان سەردانیان ئەکرد و یەکتریان ئەبینی، ئێوارانیش بۆ دەورەی جۆراوجۆر، وەک زمانی کوردی بە هەردوو زاراوەی سۆرانی و کرمانجی، نەقاشی و نیگارکێشان، زانیاری لەمەڕ یاسا و ڕێسای سوێد لە بوارە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا، خەیاتی و هتد بەکار ئەهات. هەر لەم لۆکاڵەدا پێشبڕکێی یاریی شەترەنج و تاوڵەیشی لەگەڵ کۆمەڵەی ئێرانییەکان تێدا کرا و خەڵاتیش بەخشرایە براوەکان کە لە هەردوو یارییەکاندا براوەکان کوردەکان بوون.

## یەکێتیی لاوان و یەکێتیی ژنان

وەک زووتر گوتم، کۆمەڵەی کوردی جگە لەم بەرنامە و چالاکییانە دوو ڕێکخراوی چالاکیشی بە ناوی یەکێتیی لاوان

و یەکێتیی ژنـــان هەبوو کە ئەم یەکێتییـــانەش هەر یەکە کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆریـان بەڕێوە دەبرد. بۆ نمونە لاوەکان گروپێکی هەڵپەڕکێیان لە لاوانی هەموو بەشـــەکانی کوردســـــتان بە ناوی کاروان پێکهێنا. ئەندامانی ئەم گروپە نزیک بە دە کەسـێک ئەبوون و گۆرانیبێژ و مۆسـیقاژەنیش هەر لە خۆیـان بوون. گروپی کـاروان زۆر بەلەز ئەچووە پێشـــێ کە ناوبانگێکی ناوچەییان پەیا کردبوو و بۆ بۆنە و ئاهەنگە نێونەتەوەییەکانیش بانگهێشتن ئەکران.

کۆمونی یەڤلە و پەنابەری کوردی تازەهاتوو

بەدوای دەنگدانەوەی کۆمەڵەی کوردان و ڕاپەڕاندن و بەشـــــداریمان لە دەیان چالاکیی جۆراوجۆردا کۆمۆنی شـــارەکەمان بڕیاری دا ڕێژەی وەرگرتنی پەنابەری کورد زیاد بکات. دوابەدوای ئەم بڕیارە کوردی دانیشـــــتووی یەڤلە ڕێژەکەی بە ئاسـتێکی زۆر بەرچاو هەڵکشـــا. ئەم شـــەپۆلە گەورەی کورد لە شـــارەکەمان وای کرد ڕێژەی ئەندامانی کۆمەڵە زۆر بچێتەسەرەوە.

لە ســـوێـد لە دروســـــتبوونی چەنـد کۆمەڵەیەک ڕێکخراوێکی گەورەتر بە ناوی فیدراســـیۆن پێکدێ کە کوردەکانیش توانیبوویان بە هەبوونی دەیان کۆمەڵەی کوردی فیدراســـیۆنێک بە ناوی فیدراســـیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان پێک بهێنن.

## هاتنی د. سەعید شەرەفکەندی بۆ وڵاتی سوێد و هەواڵێکی جەرگبڕ

بە بۆنەی هاتنی د. سـەعید کۆمیتەی سـوێد سیمینارێکی لە کۆمونی نینێسـهامن بۆ ئەندامانی حیزب پێکهێنا. سـمینارێکی

زۆر دەوڵەمەند بوو و قسە و باسی بەکەڵک و بەسودی تێدا کرا. جگە لەم سیمینارەگشتییە بۆ ئەندامانی دانیشتووی سوێد سەفەری تایبەتیشی هەبوو بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیستدا لە ئەوروپا. کۆبوونەوەی ئەو جارەی ئەم ڕێکخراوەیە لە وڵاتی ئەڵمان پێکهات.

من بەش بە حاڵی خۆم خۆشحاڵ بووم کە دوای د. قاسملوو گەورەکەسایەتییەکی وەک د. سەعیدمان هەیە کە توانیویەتی جێگەی پڕ بکاتەوە. ئەوەش مایەی خۆشحاڵیم بوو کە لە کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیسدا بەشداریی ئەکات و دەرد و ئازارەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بێنێتە بەر باس.

ئەوە بوو دوای بەشداری لە کۆبوونەوەی ناوبراودا و کۆتایی کۆبوونەوە دەیویست بۆ کۆدەنگیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لەگەڵ جەمعێک لە هێزە ئێرانییەکان دانیشتن بکات، چونکە بۆی مەبەست بوو ئەو کۆدەنگییە حیزبی دێموکرات دەستپێشخەر بێت، بەڵام بە داخەوە ئێوارەی پێنج شەممە ١٧ی سێپتەمبەری ١٩٩٢ لە یەکێک لە ڕێستۆرانەکانی بەرلین بە ناوی میکۆنۆس لە کاتی وتووێژ لەگەڵ جەماعەتی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا چەند تیرۆریستێکی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران خۆ بە ژووردا ئەکەن و بە چەکی ئۆتۆمات دەسڕێژی گوللەیان ئەکەن. لەم کردەوە تیرۆستییەدا نوێنەرانی حیزب، د سەعید سکرتێری حیزب، فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئەوروپا، هومایون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئەڵمان، هەروەها دۆستێکی حیزب بە ناوی نوری دێهکوردی دەکە

ونه بەر دەسـرێژی گولله و شـەهید ئەبن. هەزاران سـڵاو و درود بۆ ڕۆحی پاکی ئەو شـەهیدە سـەربەرزانە کە گیانی خۆیان فیدای ئازادیی گەل و نیشـتمان کرد. ڕۆحیان شـاد. جێگای پرسـیار و سـەرنجە لەو هیرشـەدا تەنیا نوێنەرانی حیزب بوونە ئامانج و باقی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانی دڵوپێک خوێنیان لێ نەهات.

ئەوانەی بەشـداری کۆبوونەوە بوون حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سازمانی فیداییانی گەلی ئێران، جمهوری خوازانی میللی ئێران، حیزبی دێموکراتی خەڵکی ئێران و چەند کەسایەتی بەرچاوی سەربەخۆی ئێرانی.

بڵاوبۆونەوەی ئەم هەواڵە غەم و پەژارەی خستە دڵی گەلی کورد بەگشـتی و ئەندامان و لایەنگران و دۆسـتانی حیزب بەتایبەت. لە ڕاسـتیدا من خۆم وەک ئەندامێکی حیزب و تاکێکی کورد بە حەیف و خەسـارێکی زۆر گەورەم زانی بۆ گەلی کورد بە تێکڕایی و بەتایبەت بۆ حیزبی دێموکرات. پڕکردنەوەی جێگەی ئەو کەسایەتییانە کات و زەمانی زۆری دەوێ. لەو کات و ڕۆژانەدا ئەوەی کە ئەکرا تەنیا بەشـداری لە بەخاکسپاری و ماڵئاوایی لە سەرکردەی زانا و بەتوانامان بوو. بۆ بەخاکسـپێریی شـەهیدانی ئەم جارەمان، لە وڵاتی سـوێد چەند هاوڕێیەک ڕاسـپێردران کە تەرتیباتی ئەو سـەفەرە دوور لە چاوەڕوانییە بکەن. نزیک بە چل تا پەنجا کەس لە هاوڕێیانی سـوێد بۆ بەشـداری لەو ڕێوڕەسـمەدا ئامادە بووین. جەماعەتمان بەیەکەوە لە فڕۆکەیەکدا بەرەو پاریس هەڵفڕین و لەوێشەوە سەرجەم بە ئۆتوبوس چووینە هوتێلێک کە پێشتر بۆمان گیرابوو. بەیانیی ڕۆژی دوایی ڕۆیشتین بۆ

بنکەی ئەنستیتوی کورد کە تەرمی شەهیدان لەوێ دانرابوون. بۆ هەر یەک چەپکە گوڵی ڕێز و وەفاداریمان لە سەر تەرمەکان دانا و لەوێوە بەرەو گۆڕستانی پیرلاشێز ڕێکە وتین. کاتێ گەیشتینە گۆڕستان مامۆستا عەبدوڵلا حەسە نزادە وەک نوێنەری حیزب لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی حیزبی و غەیرە حیزبی دانیشتووی پاریس حازر بوون. هە روەها نوێنەری چەند ڕێکخراوی سیاسی لە هەر چوار پارچە ی کوردستان و ئێرانی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی لە دۆستانی حیزب و بەرپرسانی حکومی و حیزبی فرانسە بە بەشداری مادام میتران وەک دۆستی بەوەفای گەلی کورد ئامادەی ڕێورەسمەکە بوون.

دوای وتاری مامۆستا حەسەنزادە، مادام میتران و بێرنارد کۆشنێر لە کاتی بەخاکسپێریدا زۆربەی هاوڕێیان فرمێسکی بیری دوارۆژی گەلێکی بەشخوراو لە چاوەکانیان ئەتکا.

## بەشداریم لە فیدراسیۆندا

دوای ئەو ماوەیە مانەوەم لە کۆمەڵەی کوردی یەڤلە و دڵگەرم بە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان کە ناڕاستەوخۆ ئاوێتەی سیاسەت بوون، لە لایەن هاوڕێ حیزبییەکانمەوە داوام لێکرا خۆم بۆ کۆمیتەی گشتیی فیدراسیۆن بەربژێر بکەم. منیش لەسەر داوای هاوڕێیان و تامەزرۆیی خۆیشم، لە کۆنگرەی ١٣ی فیدراسیۆندا کە لە ڕۆژانی٢٧ و ٢٨ی فێبریەی ١٩٩٣دا بەڕێوە چوو، بەشداریم کرد. من و کاک ئەحمەد عەزیزی هەردوو لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی حیزب لە سوێد، خۆمان بۆ کۆمیتەی کارگێڕ و کۆمیتەی گشتیی فیدراسیۆن کاندید

کرد. کۆمیتەی کارگێڕ هەموو حەوتوویەک کۆبوونەوەی هە بوو. کاک ئەحمەد کە ماڵی لە ســتۆکهۆڵمەوە نزیک بوو بۆ ئەندامەتیی کۆمیتەی کارگێڕ دیاری کرا. کۆمیتەی گشــتی بە دوو مانگ جارێک کۆبوونەوەی دەکرد و بۆ من کە دوورتر بووم گونجاوتر بوو. ئەرکی کۆمیتەی گشــتی دانانی پلان و کار بوو بۆ دوو مانگی داهاتوو، هەروەها هەریەک لەو ئە ندامانە بەرپرســی یەکێک لە مەڵبەندەکان بوون و هەر مەڵبە ندێک خاوەنی چەندین کۆمەڵە بوو. کۆمیتەی کارگێڕ ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئەو بەرنامە و پلانانە بوو کە کۆمیتەی گشتی بۆ دوو مانگ دیاری ئەکرد و ئەشــیتوانی لەو ماوەدا لەســەر ڕووداوەکان بڕیاری پێویســـت بدا و کاری بۆ بکات. لە ڕاســـتیدا بەهۆی بەشــداریی زۆری ئەندامانی حیزب وەک ئەندام لە کۆمەڵە کوردییەکاندا ئێمە توانیمان دەنگی تەواو بە دەســـت بهێنین چ بۆ کۆمیتەی کارگێر و هەروەها کۆمیتەی گشتی.

## فیدراسیۆن چۆن ڕێکخراوێک بوو و کێ بۆی هەبوو بەشداری کۆنگرە بێ

فیدراســیۆن لە ئەندامانی کۆمەڵە کوردییەکان لە کوردی هە ر چوار بەشەکەی کوردستان پێکهاتبوو. بە تێکرا ئەو کەسانە لە کۆنگرەی فیدراســیۆندا ئەیانتوانی بەشـــدار بن کە لە کۆنفرانســـی کۆمەڵەکاندا خۆیان بەربژێر ئەکرد و دەنگیان پێــدەدرا. هەر کۆمەڵەیەک بەپێــی ژمــارەی ئەنــدامــانی کۆمەڵەکەی نوێنەری بۆ بەشداری لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا دەنارد. بۆ نمونە من یەکێک بووم وەک ئەندامی کۆمەڵەی کورد لە کۆمونی یەڤلە بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەکەم بەشداریی

کۆنگرەی فیدراسـیۆنم دەکرد. ئەوجا من کە ئەندام یان لایەنگری حیزبێکی کوردستانی بووم، هاوڕێ حیزبییەکانیشم کە لە شـارەکانی دیکەی سـوێدەوە وەک ئەندام و نوێنەری کۆمەڵەکانی خۆیان لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا بەشدار ئەبوون، لە کاتی خۆکاندید کردنمدا لە پێشـدا دەنگیان بە منی هاوڕێ حیزبی ئەدا. ئەم نەریتە لە تێکڕای حیزبە کوردستانییەکاندا بە ئـاشـکرا دیـار بوو و هەر حیزبە هەوڵی ئەدا زیـاتر لە بەرژەوەندیی خۆی لە فیدراسـیۆندا ڕەنگدانەوەی هەبێ. زۆر جاریش هەبوو کە دوو حیزب بەیەکەوە هاوپەیمانیان بۆ دە نگدان بۆ بەربژێرەکانی یەکیتر ئەکرد. جا ئیتر کام حیزب لە کوردسـتان زیاتر لایەنگر و ئەندامی هەبوو بەم پێیە لە فیدراسیۆنیشدا زیاتر شوێنپەنجەی دیار بوو.

دیارە کار و چالاکییەکانی فیدراسـیۆن لە بەرژەوەندیی تێکڕای کوردستاندا بوون. واتە ئەگەر لە بەشێکی کوردستاندا شتێک ڕووی دایە کە پێویستی بە پشتیوانی و لەقاودان بوایە ئەوە فیـدراسـیۆن ئەو ڕۆڵەی دەگێڕا و کـاردانەوەیەکی کوردسـتانیی لە خۆ پیشـان ئەدا. هەرچەند وەک پرەنسـیپ ئەرک و کاری فیدراسـیۆن لە بواری کۆمەڵایەتیدا بوو، بەڵام ئەوەندەی ئەم ڕێکخراوەیە کارەسـات و ڕووداوە سیاسـی و دڵتەزێنەکانی کوردستانی وەک هەڵەبجە و ئەنفال و هتد زەق دەکردەوە، هیچ یەک لە حیزبە هەرە گەورەکانی کوردستانیش ئەو کاتە توانابیان نەبوو بەو شـێوەیەی بکەن. دەکرێ بڵێم فیدراسـیۆن بەرەیەکی بەهێز و یەکگرتووی کورد بوو کە کوردی هەموو بەشـەکانی کوردسـتانی لەخۆ گرتبوو. بەڵام لەو لایشـەوە هەر یەک لەم حیزبە کوردسـتانییانە بە ناردنی

ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان بۆ نێو فیدراسیۆن هەوڵیان دەدا ڕەنگدانەوەیان لە بەرژەوەندیی حیزبەکەی خۆیان هەبێ.
لە فیدراسیۆندا کار و چالاکیی زۆر ئەنجام ئەدرا. ئەم ڕێکخراوەیە جگە لەوەی یارمەتیی پەنابەرە کوردە تازەهاتووەکانی ئەدا، تەنانەت بەتەنگ ئەو لێقەوماوانەوەش بوو کە لە کەمپە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆی کوردستاندا گیریان کردبوو و لە هەوڵی گەیشتن بە وەڵاتێکی پەنادەردا بوون.

## کۆنفرانسێکی حیزبی لە کۆمۆنی نینێسهامن

وەک پێشتر باسم کرد، کاتێک گەیشتمە سوێد پێوەندییم بە حیزبەوە کردەوە و وەک ئەندامێک دەستم کرد بە ڕاپەڕاندنی ئەرک و کار و چالاکیی حیزبی. لەم کۆنفرانسەی حیزب کە لە کۆمونی نینێسهامن لە ١٨ی دیسەمبەری ١٩٩٣دا بەڕێوە چوو، کونفرانس ڕاپۆرتی ساڵیانەی خۆی پێکەش بە بە شداران کرد و ڕەخنەو پێشنیار هاتە گۆڕێ. دوای کۆنفرانس کۆمەڵێک پروژەبۆ داهاتوو خرانە بەردەم بەشداران و بڕیاری ئەنجامدانیان لەسەر درا. شایانی باسە بەشداریم لەم کۆنفرانسەدا جگە لە دەستبەکار بوونەوەم وەک ئەندامێک، بە دەیان هاوڕێ و برادەری کۆن کە لە کوردستانەوە لێک دابڕابووین بینینەوە و دیدارمان تازە کردەوە. لەم کۆنفرانسەدا کۆمەڵێک کەسایەتیی بەتوانا بۆ بەڕێوەبەریی کاری کۆمیتە هەڵبژێردران کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە. کاک حەسەن قارەمانی، د. ئەحمەد حەیدەری، کاک سمایل قادری، کاک ئەبوبەکر هیدایەتی و کاک ڕەئوف نەقشبەندی. دواتر

لەنێو خۆیاندا کاک حەســەن قارەمانییان بۆ بەرپرســایەتی کۆمیتەی کارگێڕ دەسنیشان کرد.

## هەوڵێکی ناخۆشی دیکە بۆ تیرۆری هاوڕێیەکی حیزبی

کاک ئەبوبەکری هیدایەتی کە پێشـــتر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بوو، ئەویش بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی خۆیەوە پەڕیوەی هەندەران ببوو و لە سوێد وەک پەنابەری سیاسی وەرگیرابوو. وەک پێشتر باسم کرد، کاک ئەبوبەکر لە کۆمیتەی حیزب لە ســوێد وەک ئەندامی بەڕێوەبەری دەستی بە چالاکی و تێکۆشانی سیاسی کردەوە. کاک ئەبوبەکر لە ١٦ی ژانوییەی ١٩٩٤دا ئەچێت نامەی پۆســتی لە سندوقی بەردەم درگاکەیان دەردەهێنێ و دەیباتەوە ماڵێ. لە کاتی کردنەوەی یەکێک لە پۆستەکان تەقینەوەیەک ڕوودەدات و برینداری ئەبێ. بۆ چارەســەریی برینەکانی ماوەیەک لە نەخۆشخانە ئەمێنێتەوە. بەڵام کاریگەری تەقینەوەکە لەسەر دەموچاوی دەبێتە هۆی لەدەستدانی بینایی. لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی پۆلیسدا دەرکەوت کۆماری ئیسلامی ئێران لە پشت ئەم کردەوە تیرۆریستییەوە بووە. شایانی باسە لە دەیەی نەوەدەکاندا کۆماری ئیسلامی ئێران جگە لەو ڕەشەکوژیەی لە باشووری کوردستان، بەتایبەت شاری سلێمانی و دەوروبەری، لە وەڵاتانی ئەورووپا و ڕۆژاوایشدا بە دەیان کردەوەی تیرۆریستی بەرامبەر ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کوردی ئەنجام ئەدا. کاریگەری ئەو تەقینەوەیە لەسەر جەستەی کاک ئەبوبەکر تەنیا نەبووە هۆی لەدەستدانی بینایی بەڵکو کاری لە ئۆرگانەکانی لەشیشی کرد

بوو کە  وردە وردە وای لێکرد بەرەو لاوازتر بوون بڕوات هەتا لە ١٩٩٦/٧/٦ دا بەداخەوە کۆچی دوایی کرد. ڕۆحی شاد و یادی هەمیشە زیندوو.

کۆنفرانس بۆ هەڵبژاردنی ئەنــدامــانی کۆمیتەی حیزب لە سوێد

کۆنفرانس لە ســەعات ١١ی بەیانی بە بەشـداری ٦٩ ئەندام لە ســاڵۆنی یەکێک لە فێرگەکانی کۆمۆنی نینێسـهامن لە ٣١ی دیســەمبەری ١٩٩٤دا دەسـتی بە کارەکانی خۆی کرد . وەک هەر کۆنفرانسـێک کۆمەڵێ ڕەخنە و دەسـتخۆشـانە لە کار و چالاکییەکانی کۆمیتە هاتنە ئاراوە. وەڵامی گشـــت ڕەخنە و پرسیارەکان لەلایەن بەرپرسی کۆمیتە درانەوە.  پاشان دوای دەمەتەقێیەکی زۆر بەرهەمی کارەکانی ســــاڵی ڕابردووی کۆمیتە پەســـند کرا. شــایانی باســە بەشـێک لە دەمەتەقێی کۆنفرانس لەسەر گۆڕانکاری لە پێڕەوی حیزبدا بوو.

من و کاک سـەلیم بابانزادە بەپێی ئاڵوگۆڕە سـیاسـییەکانی جیهان و ناوچە لەو باوەڕەدا بووین حیزب دروشــمی خۆی لە دێموکراســـی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردســـتان بگۆڕێ بۆ فیــدرالیزم بۆ ئێران و نەتەوەکــانی ئێران و بەشـکردنی دەسـەڵات لە ناوەند. بەڵام ئەو کاتە باسـکردنی وەها دروشـمێک و پەسندکردنی هەر زۆر ئەستەم بوو بۆیە بڕیاری لەسـەر نەدرا. لە کۆتایی کۆنفرانسـدا ئەم بەڕێزانە بۆ کۆمیتەی کــارگێڕ هەڵبژێردران: ئەحمەد کــاکەمەمی، عەلی فەتحی، کاکەبرا ئەلیاســی، ســاڵح نەلۆســی، حامید تەیموری، شــیرین نەســـیرپور، ڕەســـووڵ قادری ئازەر و عومەر فەرخەپور. دوو کەســی دوایی بوونە جێگر. کۆمیتە لە یەکەم

کۆبوونەوەی خۆیدا کاک عەلی فەتحی بە بەرپرسی کۆمیتە و کاک ساڵح نەڵۆسی بە بەرپرسی بەشی دارایی دیاری کرد. ئەم کەسانەش بۆ بەشداریی لە کۆنفرانسی ئەوروپا و ناردنەوەیان وەک نوێنەر بۆ کۆنگرەی گشتی حیزب هەڵبژێردران: ئەحمەد کاکەمەمی، ئەحمەد عەزیزی، عەلی فەتحی، هەڵاڵە قازی و خۆم.

## سەفەرێک بۆ کوردستان

لە پاییزی ١٩٨٧وە کە باشووری کوردستانمان بەجێهێشت و ڕێی هەندەرانمان گرتە بەر، بەهۆی بارودۆخی نالەباری کوردستان و ناوچەکە نەگەڕابوومەوە. بەڵام بە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستان و کەم کەم بووژانەوەی کورد لەسەر پێی خۆی هیوا و هومێد کەوتە دڵی هەموو کوردێکەوە و زۆربەی ئەو کوردانەی ساڵانێک بوو پەڕیوەی دووره وەڵات بوون، بە دڵێکی پڕ لە هیواوە بۆ دواڕۆژی وەڵاتەکەیان، کەوتنە سەفەر بۆ باشووری کوردستان. منیش وەک یەکێک لەو هەزاران کوردە بە دڵی خۆش و هیوای بەرزەوە لە هاوین ١٩٩٣دا سەفەرێکی کوردستانم کرد.

لەم سەفەرەدا جگە لە سەردان و دیداری خزم و هاوڕێیان توانیم سەردانی هاوڕێ حیزبییەکانیش لە چیای قەندیل بکەم. گەڕانەوەم بۆ قەندیل لە دوای ئەو چەند ساڵە هەستێکی زۆر خۆشی پێدام. وەستان لە سەر بەرزاییەکانی چیای هەمیشە سەربەرزی قەندیل و هەڵمژینی هەوای پاکی ئەو کوێستانە و ڕوانین بەسەر ئەو دیمەنەدا، هەستێکی شاعیرانەی دەوێ بۆ وەسفکردنی کە لە توانای مندا نییە. هاوکات لەم سەفەرەدا

لەسـەر پێشـنیاری کۆمیتەی پەنابەرانی فیدراسـیۆنی کۆمەڵە کوردسـتانییەکان کە ئەو کات منیش یەکێک لە ئەندامی بەڕێوەبەریی بووم، سـەردانێکی کەمپی ئەلتاش لە ڕۆمادیە بکەم و لە نزیکەوە ژیان و گوزەرانی ئەو پەنابەرانە ببینم و ڕیپۆرتاژێک لەسـەر ژیانیان دروسـت بکەم کە لە گۆڤاری بە ربانـگ دا بڵاو بکرێتـەوە. گۆڤـاری بـەربـانـگ زمـانحـاڵی فیدراسـیۆن بوو کە مانگی جارێک بڵاو ئەکرایەوە. بۆ ئەم مەبەسـتە کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسـیۆن نامەیەکیان بۆ دەفتەری سیاسیی حیزب نووسی و داوایان کرد کار ئاسانیم بۆ بکەن.

## چۆن و بە چ ڕێگەیەکدا گەڕامەوە کوردستان

بۆ گەڕانەوەم بۆ کوردسـتان دەبوو بچمە تورکیە و لەوێوە بە ئۆتۆمبێـل بەرەو سـنوور بڕۆم. ڕێکەوت وا بوو لە فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵەوە لەگەڵ خاتوو هەڵاڵە قازیدا بووینە هاوسـەفەر. لەوێوە بە فڕۆکەی نێوخۆیی چووینە دیاربەکر. تاکسـییەکمان دەربەسـت گرت هەتا سـەر سـنوور و یەکەم گومرگی برایم خەلیل.

دوای سـاڵانێک دابڕان لە کوردسـتان کە چاوم بە تابلۆی پرسگەکە کەوت بە کوردی لە سەری نووسرابوو بەخێر بێن بۆ کوردسـتان، تەزوویەکی شـادی بە لەشـمدا هات. بەڵام شادی زۆری نەخایاند بوو بە جۆرێک لە خەفەت. ئەوەی من چـاوەڕوانیم ئەکرد وا دەرنەچوو. ئیـدارەی گومرگ کە بە ڕۆژانە دراوێکی زۆریـان لە ڕێگەی گومرگەوە دەسـت دەکەوت، خانوویەکی کۆنی پەڕپووتی دوو سێ ژووری بوو

که له ئیداره و دامودەزگای دەوڵەتی نەدەچوو. له دەوروبەری ئەم خانووە کۆمەڵێک شۆفێرتاکسی لێ بوون هەر کە چاویان بە ئێمە کەوت هەر یەکەو ئەیانویست دەست بدەنە جانتاکانمان بەرەو تاکسییەکانی خۆیان. ئێمە لەو حاڵەتە یان نارەزایەتیمان نیشان دا کە لە بەرامبەردا یەکێک لە شوفێرِ تاکسییەکان هەرەشەی لێکردین و گوتی ئەگەر لەگەڵ من نەیەن تووشی زیان ئەبن. لەو کاتەدا نەفەراتی گومرگ هاتن لەبەر چاوی شۆفێرِ تاکسیەکاندا جانتایان کردەوە و دوای پشکنین بە هەڵرژاوی جانتاکانیان بۆ بەجێ هێشتین و گوتیان بچین بۆ ئەو بینایە کە ئیدارەی گومرگە. هەڵسوکەوتی ئەو کارمەندانەی گومرگیش لە کاری شوفێرِ تاکسییەکان خراپتر بوو کە لەو سەر جادەیە لە بەر چاوی ئەو شوفێرانە جانتایان بە ئێمە کردەوە. وێدەچوو یان جێگایان بۆ پشکنین نەبوو یان ئەو حاڵەتەیان بۆ ئاسایی بوو. دوایی چووین بۆ ژووری ئیدارەی گومرگ. سڵاومان لێ کردن. سێ ئەفسەر بە جلوبەرگی نیزامیەوە دانیشتبوون. زۆر بە ساردی و بێمەبالاتی وەڵامیان داینەوە. یەکێ لە ئەفسەرەکان گوتی بچنە ئەو بینایەی تەنشت ئێرە کە شوعبەی بانکی لێیە، هەر یەک پەنجا دۆلار بسپێرن و رەسید وەرگرن پاشان وەرنەوە بۆ ئێرە رەسیدەکەمان بدەنێ هەتا ئیجازەی رۆیشتنتان پێ بدرێت.

چووینە بانک هەر یەک پەنجا دۆلارمان تەسلیم کرد. هەڵاڵە خانم گوتی لێرە راوەستە هێندێ کارم هەیە ئەچمەئەو گۆشەیەو ئێستا ئێمەوە. منیش بە چاوەروانی راوەستام. دوای ماوەیەکی کورت هاتەوە. دیتم دەستێک جلی پێشمەرگایەتی لەبەر

کردبوو و جامانەیەکیشـــی لە ملی ئاڵاندبوو. بە پێکەنینەوە گوتی با ئەمجا بچین بۆ ئیدارەی گومرگو پەنجا دۆلاریان پێ بدەین و هەرچی زووتر لێرە بڕۆین، ئاخر وا دیار بوو زۆر لە من زیاتر لەو دۆخ و هەڵسوکەوتەی هاوزمانەکانەمان تووڕە بوو. کاتێ چووینەوە بۆ پێدانی پارەی گومرگ، خاتو هەلاڵە زۆر بە ورەوە گوتی کاکە، هەر ئێوە پێشـمەرگە نین، گەلی کورد هەمووی پێشـمەرگەیە و دڵسـۆزی کوردسـتانن، منیش ڕۆژانێک وەک ئێوە پێشـــمەرگە بووم و ئەمە جلی ڕابردووی پێشـمەرگایەتیمە کە ئێستا لە بەرمدایە، ئیتر بڕیار نییە کـاتێ دەســـەلاتمـان دەســـت کەوت بەو شـــێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکدا بکەین و هەست بە بەرپرسیارەتی نەکەین.

کارمەندەکانی گومرگ بەم قسـانەی خاتو هەلاڵە ڕاچڵەکین و پرسیاریان کرد ئێوە کێن؟ خاتو هەلاڵە خۆی وەک بنەماڵی پێشـەوا قازی و پێشـمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران و منیش وەک فەرمـاندەی هێزێکی ڕابردووی حیزب ناساند. هەروەها گوتی ئەمانەوێ بچین بۆلای هاوڕێیانمان لە قەندیل. ئەوەشـی گوت کە ئەم شـۆفێرِ تاکسـییانەی ئێوە بۆ پـارە هەڕەشـــەمـان لـێـدەکەن بـۆیە ئەم جـلـوبەرگە پێشمەرگایەتییەم لەبەر کردووە بە نیازم لێرەوە بە پێیان بچم بۆ قەندیل و سوار ئۆتۆمبێلی ئەوان نەبم، بزانم شۆفێرەکانی ئێوە چییان پێ ئەکرێت. بە دوای ئەم هەڵوێسـتـەی هەلاڵە خانمدا کارمەندەکانی گومرگ بە خۆیاندا چوونەوە و داوای لێبوردنیان کرد. بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەموکوڕییەی خۆیان یەکێک لە کارمەندەکان بە ئۆتۆمبێلی خۆی گەیاندینیە

گاراج. لەوێش بە بەرپرسی گاراجی گوت ئەم دوو کەسە بگەیەننە بنکەی حیزبی دێموکرات لە قەندیل و ڕەسیدیشم بۆ بهێنەوە کە بە سەلامەت گەیشتوونەتە ئەوێ دەنا بێ ڕەسید بێنەوە بەدواچونوەوەی لەسەر ئەکەین. ئەوجا ماڵاوایی لە ئێمە کرد و جارێکی دیکەش داوای لێبوردنی لێکردین.

دیارە ئەوە سەرەتای کەوتنە سەر پێی کورد بوو لە باشووری کوردستان. کاروباری دامودەزگاکان هێشتا بە تەواوی جێی نەگرتبوو. خەڵکی کورد لە خۆبەڕێوەبەریی و سەربەخۆییدا زۆر بێ ئەزمون بوو. کورد تازە بەسەر دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەریدا کەوتبوو و ئەمە تەنانەت لە سەرەتاوە وای کرد هەر حیزب و ڕێکخراوەیەک زیاتر بە لای خۆیدا ڕایکێشێ بۆیە شەڕی نێوخۆییشی لێ کەوتەوە. دامودەزگاکانیش لەبەر نەبوونی بەڕێوەبەریی تەواو و ئاڵۆزیی نێو خۆیان بەو شێوە بێسەروبەرەییە کاریان ئەکرد. ئەوجار لێپرسینەوە لە چاک و خراپ نەبوو و هەر کەس بە شێوی حەزی خۆی کاری ئەکرد.

بگەڕێمەوە سەر درێژەی سەفەرەکەمان. لەسەر ڕاسپاردەی کارمەندی گومرگ ئۆتۆمبێلێکمان پێدرا. بۆ ئێوارە گەیشتینە شەقڵاوا. بۆ بەیانییەکی بەرەو ڕانیە و بنکەی حیزبی کەوتینە ڕێ. کۆمەڵێک هاوڕێی سەردەمی شۆڕشی شاخم لەوێ بینینەوە. زۆر بە دیداری یەک شاد بووین. ویستمان درێژە بە ڕێگە بدەین و بۆ شەو بچینە قەندیل بەڵام هاوڕێیان زۆریان داوا کرد کە ئەو شەوە لای ئەوان بمێنمەوە. من مامەوە بەڵام خوشکە هەلاڵە هەر ئەو ئێوارەیە بە ئۆتۆمبێلی حیزب چوو بۆ قەندیل. ڕۆژی دوایی منیش گەیشتمە قەندیل.

له پرسگه داوای پێناسەیان لێم کرد و هۆی چوونمیان بۆ ئەویێ پرسی. گوتم هاتووم بۆ سەردان و دیداری هاوڕێیانم. دیارە ئەو پێشمەرگەی پرسگە منی نەدەناسی. کاتێک داواکەمی گەیاندە سکرتاریا هاوڕێیان بەپیرمەوە هاتن و بردیانمە یەکێک لە ژوورەکانی سکرتاریا کە تایبەت بۆ میوان بوو. شوێنێکی باش و ڕێکوپێک بوو بە هەموو پێداویستییەکەوە. ژوورێکی دراوسێشم درابوو بە دوو هەواڵنێری بیانی کە هاتبوون ریپۆرتاژێک لەسەر حیزبی دێموکرات و چالاکیی پێشمەرگە دروست بکەن.

دوای دانانی جانتا و کەلوپەلەکانم چوومە لای بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە. ئەو کاتە کاک مستەفا هیجری کە لە زەمانی د. سەعیددا جێگر بوو دوای شەهید بوونی د. سەعید جێی ئەوی گرتەوە. بەڵام لەو کاتەدا لە سەفەر بوو و نەمتوانی ببیبنم. مامۆستا حەسەنزادە بە گەرمی پێشوازی لێ کردم. هەدەف لە سەفەرەکەم بۆ باس کرد. گوتم مامۆستا، چەند ساڵێکە لە کوردستان دابڕاوم و زۆر تامەزرۆی سەفەرێکی وەڵات و دیداری هاوڕێیانم بووم. دەمەوێ بە یارمەتی حیزب کورتە سەفەرێکی بەغدایش بکەم. نامەکانی فیدراسیۆن و کۆمیتەی حیزب لە سوێدم خستە بەر دەستیان. نامەکانی خوێندنەوە و گوتی چۆنت پێ خۆشە ئاوا ئاسانکاریت بۆ تەواوی ئەو ماوەیەی سەفەرەکەت بۆ ئەکەین. چەندەت پێ خۆشە لێرە بمێنەوە پاشان بۆ هەر کوێیەک درێژە بە سەفەرەکەت ئەدەی ئێمە هەموو پێداویستییەکت ئەخەینە بەر دەست. زۆر سوپاسی مامۆستام کرد بۆ ئەو

پێشوازی و میواندارییە گەرمەی.

چەند ڕۆژێک لە بنکەی حیزب مامەوە و تێکڕای هاوڕێیانی کۆن و تازەم بینین. دیسـیپلین و ڕێکوپێکییەکی بەرچاوم لە تێکڕای ئۆرگـانەکـاندا بینی. هەنـدێ جـار بۆ نـان خواردن ئەچوومە سـالۆنی گشـتی. پاکی و خاوێنی لە شـوێنی نان خواردن و تێکڕای بنکەکاندا بە باشـی بەرچاو بوو. هۆکاری ئەم نەزم و ڕێکوپێکییەم لە یەکێک لە هاوڕێیان پرسی. گوتی ئەمە هەموو شـوێنپەنجەی لێهاتوویی و دیسـیپلینی شـەهید د. سـەعیدە کە ئێسـتاش لەسـەری بەردەوامین. دوانیوەڕۆیان ئەچوومە لای شـادڕەوان قادر خانی سـوڵتانپەنا لە ژوورە تایبەتییەکەی خۆی. ئەو کاتە لە بەشـی کۆمەڵایەتی کاری ئەکرد. چەنـد جـارێکیش پێکەوە سـەردانی بەشـی کۆمەڵایەتیمان کرد. بەڕێز د. حوسـێن خەلیقی ئەو کاتە بەرپرسی ئەو بەشە بوو. هەر لەوێ چاوم بە بەڕێز عومەری قـازی، بـاوکی خۆشـکە هەلاڵە کەوت. چـاوەڕێی وەڵامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکـان بوو کـە بینێرنە دەرەوەی وەڵات. ڕێـک لەو کـاتەدا من لەوێ بووم ئێران تۆپبـارانی نـاوچەکەی ئەکرد. هەموو ڕۆژێـک چەنـد جـاران ڕێژنەیەک گوللە تۆپ بەو ناوەدا دەبارین. هەر کە لوورە و گرمەیان پەیا ئەبوو خۆمان بەو شـوێنانەدا ئەکرد کە حیزب بۆ ئەو ڕۆژانەی دروست کردبوون.

مامۆسـتا عەبدوڵڵا حەسـەنزادە هەموو ڕۆژێک جارێک دەهاتە دەفتەر. منیش هەموو جارێک ئەچوومە خزمەتیان. ڕۆژێک لە ماڵی خۆیان لە گوندی ئێنزێ میوانداریی کردم. ئەم گوندە یەکێک لەو گوندانە بوو کە بە دەسـتی ڕێژیمی

ســـەددام وێران کرابوو. حیزب ئاوەدانی کردبۆوە و ماڵی پێشـمەرگە و ئاوارەکانی لێ بوون. چەند هاوڕێیەکی بانەیی یەک لەوان مامە قالەی سـوتوو لەو گوندە ئەژیان. ڕۆژێک لە مـاڵی مـامە قـالە پێکەوە لەگەڵ هەموو هـاوڕێیـانی بـانـەیی دانیشـتین و ڕۆژێکی خۆشـمان بە قسـەی خۆش و یاد و بیرەوەرییەکانی ڕابردوو تێپەڕاند. ئێستا لە نووسینەوەی ئەم دێڕانەدا بیری مامە قالەم کردەوە کە کۆچی دوایی کردووە. ڕۆحی شاد و یادی هەردەم زیندوو.

کاک قاسـم قارەمانی و کاک سـیاوەش قەوییپەنجە ئەرک و کاری سکرتاریایان لە ئەستۆ بوو. شەوێک کاک حەسەنی شە رەفی ئەودەم ئەندامی دەفتەری سیاسـی بوو میوانداریی ئەو دوو هەواڵنێرەیان کرد کە پێشـتر باسـم کرد. منیش یەکێک بووم لە میوانەکانی ئەو شـەوە. کاک قاسـم و کاک سـیاوەش وەرگێڕی قسەی نێوان هەواڵنێرەکان و هاوڕێیان بوون. قسە و باس و پرسیاری زۆر لە گشت بابەتێکەوە کرا.

وەک ئاماژەم پێدا، هێزەکانی کۆماری ئیسـلامی ئێران لەو سـەر سـنوورانەوە ڕۆژ نەبوو تۆپبارانی ناوچە و بنکەکانی حیزب نەکەن. بە تەواوی ژیان و گوزەرانیان لە خەڵک و دانیشـتووی ئەو دەڤەرە تاڵ کردبوو. زۆربەی کات خەڵک لە ژێر زەویـدا بوون. ئەمە وای کردبوو خەڵکی نـاوچەکە کە خاوەنی ئەو زەویوزارانە بوون ڕووی گلەیی و گازەندەیان دەکردە حیزب کە ئەوان هۆکارن بۆ ئەم دەسـتدرێژیانەی ئێران. داوایـان ئەوە بوو کە هێزە دژبەرەکـانی ئێران ئەو ناوچانە بەجێ بهێڵن بۆ ئەوەی ئەوان بێ مەترسیی تۆپباران

به کشتوکاڵی خۆیان ڕابگەن.
لەمەڕ ئەم داوایەی ئەو خەڵکە و گلە و گازەندەیان لەگەڵ هاوڕێیان قســەم کرد. گوتیان کاتێک هاتووینەتە ئێرە لەگەڵ خـاوەنی ئەم زەویوزارانە قســـەمـان کردووە و لەســـەر ڕەزامەندیی خۆیان لێرە بنکەمان داناوە. تەنانەت بە زیادەوە قەرەبووی ئەو داهاتەیان بۆ دەکەینەوە کە لە ساڵدا دەستیان دەکەوێ. ئەمە لە کـاتێکـدا کە ئەگەر حیزبیش لەو نـاوچە نەبوایە ئەو خەڵکە هەر بەتەمای کاری کشـــتوکاڵ نەبوون، تەنیا بیانوو بوو بە حیزبیان دەگرت کە دیار بوو دەســتێکی لە پشتەوە بوو.
مامۆســـتا حەســـەنزادە خۆی بۆی گێڕامەوە کە جارێک کۆمەڵێک لە خەڵکی ئەو گوندانە هاتوون و قســەی ناحەزیان پێ گوتون. پێشــمەرگەکانیش بە مامۆســتا ئەڵێن ئێمە نابێ لەوە زیاتر لێیان قەبوڵ بکەین. بەڵام مامۆســتا پێی گوتون دەبێ ئێمە بە پشـوو بین چونکە ئەوان لە بیانوو ئەگەڕێن و چاوەڕێی وەڵامێکی توندن لە ئێمە کە گەورەتری بکەنەوە. دیــارە حیزب ئەوەی ئەزانی کە بڕوبیــانووی ئەو خەڵکە دەستێکی لە پشتەوەیە دەنا بە دەیان شوێن و ناوچەی دیکە هەبوو کە خاوەنەکانیان ئاوەدانیان نەکردبوونە لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندییان نەبوو. هێشتا ئەو خەڵکە هەر لە شـارۆچکە کـان ئـەژیـان و ئـەو گونـدانـە ئـاوەدان نەکرابوونـەوە. ئەم بەرزاییـانەی چیـای قەنـدیلیش بە هەمـان شـــێوە کەڵکێکی ئەوتۆی بۆ خاوەنەکانیان نەبوو. خەڵکەکەش لەمێژ بوو لە شــاردا دەژیان و بە ژیانی شــار ڕاهاتبوون. دیارە دوژمن تەنیا بەم گوشــارخســتنە ســەر حیزب نەدەوەســتا، وەک

زووتریش باسم کرد، تۆپبارانی ئەو ناوچانە ببووە ژیانی ڕۆژانەی ئەو پێشمەرگە و خێزانانە. بەڵام لە ئەنجامدا گوشاری خەڵک و گوللەی تۆپ ئاخریەکەی حیزبی ناچار کرد قۆناغ بە قۆناغ بنکە و ماڵەکانیان بەرەو شاری کۆیە بگوێزنەوە.

## درێژەی سەفەر بەرەو سلێمانی

دوای چەند ڕۆژ مانەوەم لای هاوڕێیان لە قەندیل بەرەو سلێمانی کەوتمە ڕێ. مامۆستا حەسەنزادە لە کاتی ڕۆیشتندا دەمانچەیەکی چواردەخۆری پێدام و گوتی با ئەم ماوەیە کە لێرەی ئەم دەمانچەت بۆ پارێزگاری پێ بێت. هەروەها گوتی پێشمەرگەیەکت هەتا سلێمانی لەگەڵدا ئەنێرم با لە ڕێگەدا تە نیا نەبیت.

ڕادیۆی حیزب ماوەیەک بوو بەهۆی تۆپبارانەکانی ئێرانەوە گواستبوویانەوە بۆ شارۆچکەی دوکان. هەمان ڕۆژ کە من بەتەمای چوونی سلێمانی بووم کاک قاسم قارەمانی بۆ سەردانی رادیۆ ئەچووە دوکان. منیش لەگەڵ ئەوان چوومە دوکان و هاوڕێیانی بنکەی ڕادیۆم بینین. لەوێ زانیم کە سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕ بنکەیان لەوێیە. مامۆستا خدری عەبباسی سکرتێری گشتیی سازمان بوو. چوومە لایان. زۆر بە گەرمی پێشوازییان لێم کرد. بە دیداری ئەو هاوڕێیانە کە چەند ساڵێک ئەبوو نەمبینیبوون زۆر خۆشحاڵ بووم. هەوا گەرم بوو. لەگەڵ مامۆستا و چەند هاوڕێیەکی تر چووینە دەریاچەی دوکان و مەلەیەکمان کرد. ئەو شەوە لە ماڵی مامۆستا خدر مامەوە و شەومان بە قسەی خۆش درەنگ

کرد. ڕۆژی دوای ڕێی سلێمانیم گرتە بەر و بۆ شەو چوومە ماڵی تەلا خانمی ئامۆزام. پێش گەیشتنی من دایکم و مەهابادی کچم لە بانەوە زووتر هاتبوون و چاوەڕوانی من بوون. لە بینینی یەکتر یەکجار خۆشحاڵ بووین. دیارە زووتر لە سوێدەوە لەم سەفەرەی خۆم ئاگادارم کردبوونەوە. ئیتر ئێرە بنکەی من بوو تا گەڕامەوە سوێد.

بنکەی کۆمیتەی شارستان و هێزی بانە لە تانجەرۆ چەند کیلۆمەتری شاری سلێمانی بوو. بەرپرسی کۆمیتەی شارستان ئەو کات کاک سەید برایمی هاشمی و فەرماندەی هێزی پێشمەرگە کاک عەلی عەزیزی بوو. لەو ماوەدا کە من هاتبوومە سوێد کاک عەلی عەزیزیش سەنگەری خەباتی لە سازمانی خەباتەوە گواستبۆوە بۆ حیزبی دێموکرات. دیداری هاوڕێیانی بانە کە سەردەمانێک پێکەوە لە سەنگەری شۆڕشدا بووین بەڵام ماوەیەک بوو بە هۆی لێکدابرانەوە نە مدیبوون زۆر بۆم خۆش بوو. لەو ماوەدا کە لەوێ بووم چەند جارێک سەردانی بنکەی کۆمیتەی حیزبم لە سلێمانی کرد. بەرپرسەکەی کاک حەمە نەزیف بوو. کەسێکی بەڕێز و خۆشخوڵق و ڕێکوپێک بوو. لە بەڕێوەبەریی کۆمیتە و بنکەش بەتوانا و کارامە بوو. دایکم و مەهاباد نزیک بە حەوتوویەک لام مانەوە. لە ڕۆیشتنەوەی ئەواندا منیش گەڕامەوە لای هاوڕێیان.

## سەفەر بەرەو بەغدا

لە گەڕانەوەمدا بۆ بنکەی حیزب چوومە لای مامۆستا حەسەنزادە و سەفەری بەغدام بیرهێنایەوە. سەفەرم لە

ماشـێنی حیزبدا کە هەر دوو ڕۆژ جارێک ئەچووە بەغدا بۆ جۆر کرا. ئەو ڕۆژە بە ماشێنێک ڕۆیشتم کە لێخورەکەی کاک مسـتەفا میهرپەر بوو. بە هاوسـەفەریی چەند پێشـمەرگەی بریندار ڕێگای بەغدامان گرتە بەر. شـیاوی باسـە شـۆفیری ئۆتۆمبێلەکە نـامەیەکی مۆرکراوی دەزگـای موخـابەراتی عێراقی بۆ هاتوچووی بەغدا پێ بوو. لە کاتی لێپرسـینەوەلە خاڵی پشکنینی سەر ڕێگاکان ئەم نامەیەی پیشان ئەدا.

چوونی بەغدام بۆ دوو مەبەست بوو. یەکەم بۆ سـەردانی ئۆردوگای ڕۆمادییە و بینینی ژیانی ئەو پەنابەرانە کە بەڵێن وا بوو ریپۆرتاژێکیان لەسـەر دروسـت بکەم کە دواتر لە گۆڤاری بەربانگدا بڵاو بکرێتەوە. دووەم بڕە پارەیەکم لە لایەن هاوڕێیانی حیزبی کە کەسوکاریان لە کەمپی رومادیە ئە ژیان بۆ هێنابوون کە پێویست بوو پێیان بدەم.

ئێستا کە بەتەمای سـەفەری بەغدا بووم زۆرم حەز ئەکرد کاک غەفوری هەمزەییش ببینم. کاتی سـەرەتای شـۆڕش ئەو لە کۆمیتەی شارستان و من لە بەشی نیزامی هاوسەنگەر و هاوڕێ بووین. دیارە زۆر جاران ناکۆکیی بێ واتامان لە نێواندا هەبووە بەڵام لەو ماوە دوور و درێژەدا بە دڵنیاییەوە گۆڕان لە هەر دوو لاماندا دروسـت ببوو. لانیکەم من لە خۆمدا ئەو گۆڕانکارییە فکریی و هزرییەم دەبینی.

ئێوارە گەیشـتینە بەغدا. ڕاسـتەوخۆ چووینە بنکەی حیزب. بەرپرسـی کـاروبـاری نێو بنکە کـاک سـەعید ئـاب و هاوسـەرەکەی خاتوو ڕیحان بوون. کاک سـەعید هاتوچووی بازاڕ و شـت کڕین و سـەردانی نەخۆش و بریندارانی لە نەخۆشـخانە ئەکرد. خوشـکە ڕیحانیش بە کاری نێو بنکە و

ڕاگەیشتن بە میوانیەکانی لە ئەستۆ بوو. شایانی باسە ئەو ماوەیە لە بەغدا بووم ئەم دوو دڵسۆز و زەحمەتکێشە لەو ماوەدا زۆر باش میوانداربیان کردم کە جێگەی سوپاس و پێزانینمە. کاک غەفور هەواڵی منی زانیبوو ئێوارە درەنگانێک هات بۆ بنکە. هەر لە دوورەوە منی بینی گوتی بە ڕاستی ئەوە تۆی کاک ڕەشید!؟ بە پێکەنینەوە گوتم بە ڕاست خۆمم کاک غەفور. یەکترمان بە گەرمی لە ئامێز گرت. بانگی کرد دوو کورسییان بۆ هێنایین لە سووچێکی حەوشەکەدا دانیشتین. باغێکی خۆش و ڕازاوە بوو بە گوڵ و گوڵزار. دیار بوو کاک غەفور زۆر تامەزرۆی قسان بوو. پرسیاری زۆری لەمەڕ ژیانی هەندەران لێکردم. وێدەچوو لە ژیان و گوزەرانی ئەوێ بێزار و ماندوو بووبێ. درکاندی بەتەمایە بێتە فەرانسە و لەوێ درێژە بە ئەرکی حیزبایەتی بدات. دوای هەندێ قسەوباس گوتی خۆت وەپێچە ئەمشەو بەغدات پیشان ئەدەم. گوتم ئەوە من و ئەوە تۆ و بەغدا.

دوای ماوەیەک گەڕان لە نێو شەقامەکانی بەغدادا چووینە ریستۆرانێکی گەورە. میوانێکی زۆری لێ بوو. گوتی ئێرە زۆرتر چینی نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیرە کوردەکان ڕووی تێدەکەن. لە باخچەی ڕیستۆرانەکەدا دانیشتین. بە دیواری باخچەکەوە بە پرۆژێکتۆر فیلمیان نیشان ئەدا. پێش نان خواردن داوای خواردنەوەی کرد. دوای هێندێ خواردنە وە گوتی کاک ڕەشید، من لە ڕابردوودا بەرامبەر بە تۆ لە هە ڵەدا بووم. من زۆر شتم لە زەرەری تۆ کرد کە زیانی بە تۆ گەیاند و خۆیشم هیچ قازانجم تێدا نەکرد. ئەو کەسانەی ئەو کات من وەک هاوڕێ هەڵمبژاردبوون کە دژایەتی تۆیان پێ ئە

کردم، ئێستا یان تەسلیمی ڕێژیم بوونەتەوە یان دژایەتیم ئەکە ن. بەڵام تۆ نە تەسلیمی ڕێژیم بوویتەوە و قەتیش نەمبیستە وە لە پشتەسەرم قسەیەکی نارەوات کردبێت. هیوادارم لێم ببووری و ئارەزوو ئەکەم لێرە بەدواوە هاوڕێیەکی باش بین بۆ یەکتر. گوتم کاک غەفور، زۆر خۆشحاڵم کە تۆ ئێستا ئاوا بیر ئەکەیتەوە. منیش هیوادارم بە کەڵک وەرگرتن لە ئە زمونی ڕابردوومان بناخەی هاوڕێیەتییەکی سادقانە و پتەو بۆ ئێستا و داهاتوو داڕێژین. بەم قسانە و زۆر بابەتی دیکە شەومان لە هاوینی گەرمی بەغدایە گەیاندە نیوەی شەو. منی گەیاندەوە بنکە و خۆیشی گەڕایەوە ماڵی خۆی.

داخی گرانم دوای گەڕانەوەم بۆ سوید زۆری پێ نەچوو هە واڵی تیرۆری کاک غەفورم بیست. بەیانییەک کە لە ماڵ دێتە دەرێ تەقەی لێدەکەن و شەهیدی ئەکەن. ڕۆحی شاد و یادی هەمیشە بەخێر.

## سەردانێکی ئۆردوگای ڕۆمادیە

هەمان شەو لەگەڵ کاک غەفور باسی ئەم سەردانەی ئۆردوگای ڕۆمادیەم کرد. گوتی ڕاستییەکەی مامۆستا لە نامەیکدا بۆی نووسیوم کە منیش لەگەڵت بێم بۆ ئەوەی تەنیا نەچی بەڵام بە داوای لێبووردنەوە من بەیانی کارێکی زۆر گرنگم هەیە کە بەداخەوە ناتوانم هاوڕێت بم. بەڵام بە کاک سەعید ئاب ئەڵێم بە ماشێنی خۆمان لەگەڵدا بێ و هەموو کاتەکەش پێکەوە بن. وایشی بە باش ئەزانم شەو لەوێ نەمێنیتەوە و بگەڕێیتەوە ئێرە.

ڕۆژی دواتر لەگەڵ کاک سەعید بەرەو ڕۆمادیە کەوتینە

ڕێ و بۆ نیوەڕۆ گەیشـــتینە ئەوێ. کاک ســـەعید گوتی بە بەردەم بنکەی پۆلیســـــەوە نـــاچینە ژووری، لە ڕێگەیەکی دیکەوە ئەچینە نێو ئۆردوگاکە. لەم قۆرتەیش ڕزگارمان بوو و یەکڕاســت چووینە بەردەم ماڵی کاک مەلا مەجید پالانی. وە ک بزانم ناوبراو ئەوکات بەرپرســی کۆمیتەی حیزب بوو لە ڕۆمادیە. لە ماڵی ئەم هاوڕێیە و بە هۆی ئەوانەوە توانیم تێکڕای ئەو کەســـــانە ببینم کە یارمەتی ماڵییان لە لایەن کەسوکارەوە لە سوید بۆ نێردرابوو.

شـایانی باسـە نەهاتنی کاک غەفور بۆ ڕۆمادیە و داواکەی بۆ زوو گەڕانەوەم و لادانی کاک سەعید لە ڕێگەی سەرەکی، مەترسـییەکی خسـتە دڵمەوە کە دەبێ هۆکارێک هەبێ، بۆیە هەر ئەو شـەوە گەڕامەوە بەغدا و ئەو ریپۆرتاژەی بەتەمای بووم وەک پێویســـــت بۆم دروســـــت نەبوو. ناچار هەندێ زانیاریی سـەرەتاییم لەسـەر ژیان و گوزەرانی ئەو پەنابەرانە لە مەلا مەجید پرسیار کرد و ئەویش کۆمەڵێک زانیاریی پێدام کە لە گەڕانەوەدا ناردم بۆ گۆڤاری بەربانگ. مەلا مەجید بە نیوەڕۆخوانێکی باش میوانداری کردین. بۆ شـــەو گەڕاینەوە بەغدا و چووینەوە بنکەی حیزب.

زۆری پێ نەچوو کاک غەفور هات. گوتی کاک ڕەشید، لێت ناشـارمەوە بە ڕاسـتی نەموێرا لەگەڵت بێم. مەترسـیی ئەوە هەبوو تۆ بگرن. تۆیان بگرتایە منیشـــیان بە تۆوە ئەبرد و ماوەیەک پرسیارپێچیان ئەکردم. بەڵام تەنیا تۆ بگیرایتایە من لە دەرەوە ئەمتوانی هەوڵ بۆ ئازادبوونت بدەم. بەو هۆیە کە تۆ ئێســتا لە ســوید ئەژی و بێ ئیجازەی حکومەتی عێراق هاتوویتە نێو خاکی عێراقەوە ئەمە بە نایاســـایی لەقەڵەم

ئەدرێ، با ڕەزامەندی حیزبیشـت لەسـەر بێت. هەروەها لەم کاتەدا حکومەتی عێراق گومانی لە هەموو شـتێک هەیە و لەسەر حیزبیش بە گران تەواو ئەبوو.

دوای قسـەکانی کاک غەفور گوتم، ئەگەر ئەم کارە هێندە پڕمەترسـی بوو چۆنە مامۆسـتا حەسـەنزادە بیری بۆی نەچووە؟ بۆچی تۆ دوێنێ هیچت نەگوت؟ من بمزانیبا ئاوایە پێویست نەبوو ئەم کارە بکەم. بڕە پارەیەکی هاوڕێیانم پێبوو بۆ خزم و کەسـوکاریان لە ڕۆمادیە ئەویش ئەکرا لە ڕێگای حیزبەوە ئەو ئەمانەتیانەم بگەیاندایە. ڕاسـتییەکەی من خۆم لەم نەهاتنەی تۆ و ئەو لە ڕێ لادانەی کاک سـەعید کەوتمە گومانەوە بۆیە زووتریش هاتمەوە. کاک غەفور گوتی نازانم بۆ مامۆسـتا بیری لێ نەکردۆتەوە بەڵام من لەبەر نامەکەی ئەو و دڵی تۆ هیچم نەگوت.

ئەو شـەوەش وەک شـەوی پێشـوو لە هەمان ریسـتۆران لەگەڵ کاک غەفور پێکەوە نانمان خوارد. بەڵام ئەم شـەوەیان وەک شـەوی پێشـوو بۆم خۆش نەبوو. دڵەڕاوکەی ڕێگەی گەڕانەوە و ئەو مەترسـییانەی لە دڵم نیشـتن وایان کرد کە هەرچی زووتر بگەڕێمەوە. بۆیە ڕۆژی دوایی بە ماشـێنی حیزب گەڕامەوە. بە ڕاستی هەتا لە سنووری ژێر دەسەڵاتی بەعس تیپەڕ بووین بیرم لە قسـەکانی کاک غەفور ئەکردەوە. کاتێ گەیشـتمە شـارۆچکەی چەمچەماڵ هەناسـەیەکی ئاسـوودەم هەڵکێشـا و لە دڵەڕاوکێ هاتمە دەرێ. لای دوانیوەڕۆ گەیشتمەوە لای هاوڕێیان و شەو لە بنکەی حیزب مامەوە. ڕۆژی دوایی بۆ ماڵاوایی چوومە لای مامۆسـتا و هاوڕێیانی دیکە. سوپاسـی هەموویانم کرد بۆ ئەو ماوەیە بۆ

تێکڕای هاوکاریی و یارمەتییەکانیان و گەڕامەوە سـلێمانی. لەوێش دوو ڕۆژی دیکە مامەوە و پاشان گەڕامەوە تورکیە.

## چەند ڕۆژێکیش مانەوە لە شاری دیاربەکر

لە سلێمانییەوە ڕاستەوخۆ بەرەو دهۆک و دوای مانەوەی شـەوێک لە هوتێل ڕۆژی دوایی گەیشـتمە سـەر سـنوور. لە گومرگی تورکیە بێنە و بەرەیەکی زۆریان بە تێکڕای خەڵک دەکرد. بیانوویان بە جۆری ویزا و پاسـپۆرتەکان ئەگرت. ئەمە لە کاتێکدا هیچ کێشـە و هەڵەیەک لەم شـتانەدا نەبوون تەنـیـا ئەوە نەبێ لە شـــڕەخۆری ئەگەڕان. ئەوەی بەم دیاردەیەی پۆلیســی تورکیە شـــارەزا بوو زوو پارەیەکی ئەخستە دەستیانەوە و خۆی ڕزگار ئەکرد. ئەویشـی یەکەم جاری بوو لە پەلەقاژەی خۆڕزگار کردندا دوو سێ سەعاتێک کاتی بە فیڕۆ ئەڕۆیشـت و لە کۆتاییشـدا پارەکەی هەر لێ دەسـێندرا. باجی خۆم زوو دا و بە تاکسـی بەرەو دیاربەکر کەوتمە ڕێ. دوو ڕۆژانیش لە شـاری دیاربەکری کوردان مامەوە. ژیان و گوزەران لەم وەڵاتەدا بۆ کەسـێک تورکی نەزانێ بێ کێشە و تەشقەڵە نییە. لە پۆلیسی سەر سنوور و گومرگەوە بگرە هەتا دەگاتە شـۆفیرتاکسـی و دوکاندار و هوتێلچی و پۆلیسی فڕۆکەخانە هەموو گیرفانبڕ و قۆڵبڕن. بۆ نمونە ژەمێک ئەچوومە ریستۆرانێک قیمەتێکیان لێ ئەساندم ژەمی دوایی ئەچوومە هەمان رستۆران هەر ئەو خواردنەی ژەمی پێشـوم داوا ئەکرد بەڵام نرخێکی دیکەیان داوا دەکرد. نرخی شتومەک بە گوێرەی سیمای کڕیار بوو. ئەگەر خەڵکی تورکیەنەبوویتایە وای بە حاڵت. هەر چۆنێک بێ دوو ڕۆژیش

له دیاربەکر مامەوە و پاشان گەڕامەوە سوێد.

## نامەیەکی بانگهێشتن لە فیدراسیۆنەوە بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی

بە داوی گەڕانەوەم لە کوردستان چەند ڕۆژێکی پێ چوو نامەیەکم لە فیدراسیۆنەوە پێگەیشت. بانگهێشت کرابووم بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی. هاوڕێیانی ئەندامی کۆمیتە زۆربەیان بەشدار بوون. دوای تەواو بوونی کۆبونەوەکە دیار بوو هاوڕێیان تامەزرۆ بوون بۆ بیستنی باسوخواسی سەفەرەکەم و ریپۆرتاژ لەسەر پەنابەرانی ڕۆمادیە. منیش سە فەرەکەم و ئەنجامەکەی بەو شێوەیەی هاتبووە پێش بۆ گێڕانەوە.

## کۆنفرانسی کۆمیتەکانی وەڵاتانی ئەوروپا

تێکڕای ئەندامانی هەڵبژێردراوی وەڵاتانی ئەوروپا ئەم جارە لە سوێد بە دوای کۆنفرانسی کۆمیتەی سوێد ڕۆژی دوایی لە کۆمۆنی نینسهامن کۆنفرانسی خۆیان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی ١٠ پێکهێنا. لەم کۆبوونەوەشدا قسەوباس لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکانی جیهان و ئێران و کوردستاندا کرا. هەروەها پێشنیار بۆ گۆڕانکاری لە دەستوری کار و پێڕەوی حیزبدا پێشکەش کرا. دیسان جارێکی دیکە پێشنیاری خۆم لەمەڕ گۆڕینی دروشمی حیزب لە خودموختارییەوە بۆ فیدرالی لەم کۆنفرانسەشدا پێشکەش کرد. بەڵام لێرەش دەنگی نا بۆ فیدرالیزم بردیەوە. لە کۆتاییدا بڕیاری کۆتایی بۆ ئەندامانی بەشدار وەک

نوێنەری وەڵاتانی ئەوروپا درا کە بریتی بوو لەم کەسانە: ئەحمەد جیهانگیری لە نۆرویژ، سادق زەرزا لە هۆڵەند، ئەبوبەکر کەریمی لە ئاڵمان، خوسرەو بارامی لە فەرانسە، میهران ئیبراهیمی لە دانمارک. شاهۆ حوسێنی وەک بەرپرسی دەرەوەی وەڵات و برایم جورابچی وەک بەرپرسی پێوەندییەکانی سوێد بێ هەڵبژاردن بە گوێرەی ئایینناموەی ئەو سەردەم بۆیان هەبوو بەشداری کۆنگرە بن.

بەو شێوەیەی لە ڕابردوودا و لە کوردستان دوارۆژ یان تەنانەت وەرزی داهاتوو نادیار و ناڕوونە لە کوێ ئەژیت و گوزەری ژیان بەرەو کوێ ئەتبا، لێرە لە سوێد وا نییە. بۆیە مانگ و ساڵ بەدوای یەکدا ژیان بە سەقامگیری خۆی ئەچووە پێش و منیش روتینێکم بە ژیانی تایبەتیی خۆم دابوو. جگە لە کاری بژیوی ڕۆژانەم کە نزیک بە نۆ کاژێری دەبرد، لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا بە تامەزرۆیی بەشدار بووم. لێرەدا باز بەسەر زۆر شتدا ئەدەم و زیاتر بەشی چالاکییە سیاسییەکان باس دەکەم.

## کۆنفرانس بۆ نوێبوونەوەی کۆمیتەی حیزب

هەر وەک ساڵانی ڕابردوو ئەم جارەش هاوڕێیانی کۆمونی نینسهامن میوانداریی گەرموگوڕی هاوڕێیانی بەشداری کۆنفرانسیان کرد. ئەم کۆنفرانسە بە بەشداری بەشێکی بەرچاوی ئەندامان لە هاوینی ١٩٩٧دا لە هۆڵی یەکێک لە فێرگەکانی نینسهامن پێکهات. وەک نەریتی هەمیشەیی ڕاپۆرتی چالاکییەکان پێشکەش کرا و بەدوای کۆمەڵێک ڕەخنە و پێشنیاردا ڕاپۆرتەکە پەسند کرا. لە کۆتاییدا

کۆمیتەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرا کە بریتی بوو لەم کەسانە: حەسەن قارەمانی، ئەحمەد کاکەمەمی، ڕەسووڵ قادری ئازر، کاوە ڕەحیمی، عەلی ئیبراهیمی، قەمبەر خوسرەوی، مستەفا زارعی و خۆم.

دوای تەواوبوونی کۆنفرانس لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەدا پۆستەکان دیاری کران. بەپێی هێنانەوەی زۆرترین دەنگ بەرپرسی گشتی دیاری دەکرا بەڵام ئەگەر زیاتر لە یەک کەس داواکاری ئەم پۆستە بوایە بۆ یەکلا کردنەوەو بڕیاری ئاخر دەبوو پرسی دەفتەری سیاسی بکرایە ئەودەم ئەوان هەر کەسێکیان بە شیاوتر بزانیایە دیارییان دەکرد. لە کۆنفرانسی ئەم جارەدا کاک عەلی ئیبراهیمی دەنگی هێنایەوە بۆ بەرپرسایەتی کۆمیتە. بەڵام چونکە کەسانی دیکەش داخوازی ئەو پۆستەبوون پرسەکە چووە دەفتەری سیاسی. کە دواتر بە بڕیاری ئەوان کاک حەسەن قارەمانی بوو بە بەرپرسی کۆمیتە. بە دوای ئەم بڕیارەی دەفتەری سیاسیدا کاک عەلی ئیبراهیمی ئامادە نەبوو لە کۆمیتەدا بمێنێتەوە. هۆکاری ئەم کشانەوەی ئەوە بوو کە بەو بڕیارەی دەفتەری ساسی ڕازی نەبوو. کاک کاوە ڕەحیمی بۆ بەرپرسایەتی بەشی دارایی دیاری کرا، بەڵام زۆری پێ نەچوو بە هۆی وەرگیرانی لە زانکۆ وازی لە بەرپرسایەتیی بەشی دارایی هێنا. بەرپرسایەتیی بەشی دارایی بە من سپێردرا.

کاتێ بوومە بەرپرسی بەشی دارایی پارەیەک لە سندوقی کۆمیتەدا نەبوو. هەروەها زانیارییەکی ئەوتۆ لەو بارەیەوە لە ئەرشیڤیشدا نەبوو. خەرج و حیسابات و مانگانەی ئەندامان بێ سەروبەر و ناڕوون بوو. هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ

ئەوەی ڕێژەی ئەندامان هێندە زۆر نەبوو. ئەمە لە کاتێکدا داهاتی کۆمیتە تەنیا لە مانگانەی ئەندامانەوە دابین دەبوو. دواتر بەهۆی هاتنی ئەندامانی حیزب لە کوردســـتانەوە بۆ سوێد و هەروەها وەرگرتنی ئەندامی نوێ لە نێوخۆی سوێد ئەم ڕێژەیە بەرز بۆوە کە لە خۆیدا بەشی دارایی کۆمیتەیشی دەوڵەمەندتر کرد. منیش بە هاوکاریی کەسانی شارەزا بەشی ئارشیڤم بە شێوەیەکی باشتر داڕشت کە بۆ هەموو کەسێک کە پرســـیاری لەســـەر هەبوو ڕوون و شـــەفاف بێت. بە مەبەستی باشتر بە ڕەسمیکردنی مانگانەی ئەندامان بەرگەی مانگانەم بۆ هەر دوانزە مانگی ســـاڵ بە چاپکردن دا و بۆ تێکڕای ئەندامانم لە ئاخری مانگی دوازدەدا پۆســت ئەکرد. لە و بەرگەدا دیاری ئەکرا ئەوانەی کە مانگانەکەیان بە تەواوی ناردبوو. لە بەرگەی ساڵی نوێدا سوپاسی لێ ئەکرا. ئەوانەش کە تەواو مانگانەکەیان نەناردبوو ئاگادار ئەکران کە ئەوەندە مـانگـە مـانگـانـەکەی نەهـاتووە. بەم شـــێوەیە توانیمـان کۆنترۆڵێکی باشـمان لەســەر مانگانەی ئەندامان هەبێ. و لە ئەگەری نەدان یان پشــتگوێخســتنی مانگانەکەدا بەپێی پێڕەو لێپرســینەوەمان ئەکرد. دیارە منیش لەســەر بناخەیەکی لاواز دەســـتم بەو کارە کرد و تەنانەت ئەزمونێکی ئەوتۆ لەوانی پێشوو بەجێ نەمابوو کە کەڵکی لێ وەرگرم.

### یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزب

لە کۆنگرەی هەشتەمەوە کە حیزب بوو بە دوو بەشەوە دە ساڵ و چوار مانگ و دە ڕۆژی خایاند کە ئەم دوو بەشـە لە دیســـەمبەری ١٩٩٧دا تێکەڵ بوونەوە .دوو باڵی حیزب لە

درێژایی ئەم دە ساڵەدا بە باشی هەستیان بە زەرەر و زیانی ماددی، مەعنەوی، سـیاسـی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت لێکترازانی بنەماڵەکانیش کردبوو. ئەم یەکگرتنەوەیە دڵی تێکڕای کوردی لە هەموو کوردستان خۆش کرد بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزب. هاوکات گورزێکی جەرگبڕ بوو بۆ دوژمنانی گەلی کورد. دوابەدوای ئەم یەکبوونەوەدا کۆمیتەکانی هەر دوو باڵی حیزب لە دەرەوەی وەڵات بە کورتە نامەیەک ئاگادار و ڕێنوێنیی کران لەسـەر کاری هاوبەش و بە شێوەی کاتیی هەتا بەستنی کۆنگرەی داهاتوو.

دوابەدوای ئەم ئاگادارییە کۆمیتەی حیزب پێوەندیی بە هاوڕێیانی ڕێبەرایەتییەوە گرت. هەر دوو لا لەسـەر گرتنی کۆبوونەوەیەک بە مەبەستی یەکبوونەوەی کۆمیتەی حیزب یەککەوتن. ئەوە بوو سالۆنێکی گەورە لە زانکۆی ستۆکهۆڵم بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دیاری کرا و ئەندامانی کۆمیتەی هەردوو باڵی حیزب بە دڵێکی شاد و پڕ لە هیواوە بەشداری کۆبوونەوەی ئاشتی و تەبایی یان کرد.

شایانی باسە کۆمیتەی ئێمە جگە لەو نامەی ئاگادارییە کە باسی لە یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزب دەکرد، هیچ جۆرە ڕێنوێنی و ڕێڕەوێکمان لەسـەر چۆنیەتیی یان مەرجەکانی یەکگرتنەوە پێ نەدرابوو، ئەمە لە کاتێکدا چەندین سـاڵ بوو وەک دوو دوژمنی قین لە دڵ لە هەمبەر یەکدا لە سەنگەردا بووین. ئاگادار نیم هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی لە لایەن سەرکردایەتیی خۆیانەوە چەندە کارئاسانی یان ڕێنوێنی بۆ ئەم مەبەستە کرابوون. بە باوەڕی من سەرکردایەتیی حیزب لەسەری بوو پێشەکی کاری لەسەر بیر و بۆچوونی ئەندامان

بکردایە و بە ناردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی بۆ دەرەوەی وەڵات و گێڕانی کۆڕ و سیمینار زیاتر زەمینەی لە ئەندامانا خۆش بکردایە.

لەم کۆبوونەوەی ئاشتییەدا لە ڕوخساری ئەندامانی هەردوو لادا هەم دڵخۆشی دەبیندرا هەم بێزاری. هەروا ئاسان نییە کتوپڕ بەبێ هیچ جۆرە زەمینەسازییەک دوو دژبەر بهێنیتە سەر مێزی یەکگرتنەوە و چاوەڕوان بی یەک دڵ و و یەک بیر پێکەوە بڕیار بدەن. ئەی وەڵامی ئەو دەیان پرسیارە کە لە مێشکی هەمووماندا بوو کێ ئەیدایەوە؟ بە داخەوە کەس. تەنیا ئەوە نەبێ کە لەپێناو یەکگرتنەوە و یەکبووندا کە ئینکاری لە باشبوونی ناکرێ، ئێمەش بێدەنگیمان هەڵبژاردبوو و لە ڕواڵەتدا ڕووی خۆشمان پیشان ئەدا؛ لانیکەم لە هێندێکماندا. دەنا هەبوون لە کۆبوونەوەی ئاشتیشدا توانای بینینی هاوڕێی باڵەکەی دیکەیان نەبوو. بۆ نمونە کاک برایم جورابچی لە کاتی هاتنەژوورەوەدا ڕووی لە هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی نەکرد و بەخێرهاتنی نەکردن، کە ئەمەش وای کرد لە لایەن هەندێک لە هاوڕێیانی ڕێبەرایەتییەوە قسەی سووکیان لە ژێر لێوەوە حەواڵە کرد.

کاتێک هاتمە سوێد کاک برایم زۆر چالاک بوو لە کۆمیتەی حیزبدا. ناوبرا لە کاری دیپلۆماسی و چۆنیەتی پێوەندیگرتن و هەڵسوکەوت لەگەڵ دامودەزگا سوێدییەکاندا زۆر شارەزا و زیرەک بوو. بەڵام دوای شەهید بوونی د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی سەرکردایەتیی حیزب ئەم پۆستەی لێوەرگرتەوە. ئیتر ئەوە بوو دوای ئەم بڕیارە ئەویش دووری لە حیزب کرد و هاتە دەر. ناوبراو لە ژیاندا نەماوە. ڕۆحی

شاد و یادی هەمیشە زیندوو.

بەڵێ خۆشبەختانە دوو باڵی لێکترازاوی حیزب یەکیان گرتەوە، بەڵام چ یەکگرتنەوەیەک؟ یەکگرتنەوەیەک کە ئەتوانم بڵێم هێشتا دوو لایەن بووین. ئەم دوو لایەنییە بە ئاشکرا لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەبیندرا. ئەکرێ بڵێم وەک دوو حیزب لە کۆبوونەوەکاندا بەرامبەر یەکتر هەڵسوکەوتمان ئەکرد. لەسەر شتێکی بچووک ئەبوو بە دەمەتەقێ و هیچ لایەک ئامادە نەبوو قسەی لایەنەکەی تر پەسند بکات. ئاخر برینێک کە ساڵیانێکی درێژ تەشەنەی سەندبوو و چووبووە قووڵاییەوە، هەروا بە زوویی سارێژ نەدەبوو. ئەم برینە ساڵانێک بوو لەجیاتی سارێژکردن زیاتر دەکولێندرایەوە و قووڵتر دەبوو. ئێستاکە هەروا بە سانایی نەدەکرا بێ ئاسەوار بکرێ. بە داخەوە هیچ کە بێ ئاسەوار نەکرا دیسان و بۆ جاری دووەم هەڵیدایەوە و دوبارە حیزب بوو بە دوو بەشەوە و لێکدابڕانێکی دیکە دروست بوو کە هەتا ئێستا ساڵی ٢٠٢٠ی زایینیی ئەم دێڕانە ئەنووسمەوە دوو حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر یەکتردا لە سەنگەردان.

تێبینی. کاتێ ئەو هاوڕێیانە لە حیزب جیا بوونەوە و لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـــــ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ درێژەیان بە خەبات دا، من لە سوێد نیشتەجێ بووم و ماوەی چەند ساڵێکیش بوو لە حیزب دابڕا بووم، بۆیە ئاگاداریی و زانیارییەکی ئەوتۆم لەسەر وردەکارییەکانی جیابوونەوە نەبوو بۆیە لێرەدا نەمتوانی بە ڕوونی باس لە هۆکاری لەت بوونی حیزب لە ڕوانگەی خۆمەوە بکەم.

دوای بڕیاری یەکبوونەوە، هەردوو لایەن لەسەر ئەوە یەک

کەوتبوون هەتا بەستنی کۆنگرەی داهاتوو بەرپرسانی کۆمیتەکانی لایەنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ وەک جێگری بەرپرسانی کۆمیتەکانی حیزب درێژە بە کار و ئەرکی حیزبایەتیی خۆیان بدەن. ئەم بڕیارە تێکڕای کۆمیتەکانی حیزبی ئەگرتەوە. ئێمە وەک کۆمیتەی حیزب لە سوێد بەم ڕێسایە هەتا کۆنفرانس کارمان کرد. ئەو کات کاک حەسەن قارەمانی بەرپرسی کۆمیتە بوو و منیش بەرپرسی بەشی دارایی بووم. لە لایەنی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کاک ڕەحیم محەممەدزادە بەرپرسی کۆمیتە بوو و کاک سلێمان سەعیدی بەرپرسی بەشی دارایی. ئەم دوو هاوڕێیە بەپێی ئەو ڕێسایە بوونە جێگری کاک حەسەن وەک بەرپرسی کۆمیتە و من وەک بەرپرسی بەشی دارایی.

## کۆنفرانسی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی یانزە

کۆنفرانسی خۆ ئامادەکردن بۆ کۆنگرەی یانزە بەهۆی تێکەڵبوونەوەی دوو باڵی حیزب زووتر لە کاتی خۆی پێک هات. هۆکارەکەش ئەوە بوو کە کۆنگرەی ١١ی حیزبیش بە هۆی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی حیزب زووتر لە کاتی خۆی پێکهات. بۆ ئەم مەبەستە لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩٧دا لە شاری ئیسکیلستونا بە بەشداری سەرجەم ئەندامانی هەر دوو باڵی حیزب کۆنفرانس پێک هات. لەم کۆنفرانسەدا بە هەر دوو لا ١٥٤ ئەندام بەشدار بوون. دیارە ژمارەی ئەندامان لەوە زیاتر بوو بەڵام هەریەک بە هۆیەکەوە نەیانتوانیبوو بەشدار بن. کۆنفرانس لە کاژێر دەی بەیانی هەتا حەوتی بەیانیی ڕۆژی دوایی درێژەی کێشا بەڵام بێ

ئاکام مایەوە. بەشــێکی بەرچاوی هاوڕێیانی کۆمیتە ئامادە نەبوون خۆیان بۆ کۆمیتەی داهاتوو کاندید بکەنەوە. هۆکاری درێژ بوونی کاتی کۆنفرانس و هاوکات بێ ئاکام مانەوەی بە بــاوەڕی من ئەگەڕایەوە بۆ ئەو یەکگرتنەوە کتوپڕە و نەبوونی کات بۆ خۆئامادە کردن و دارشــتنی بەرنامەیەکی باش و هەروەها نەبوونی باوەڕ و متمانە بە یەکتر. دیارە کۆمەڵێک لە هاوڕێیان خۆیان بۆ بەڕێوەبەریی کۆمیتە پاڵاوت بەڵام بە هۆی بێ باوەڕی بە یەکتر هیچ کە دەنگدان بەڕێوە نەچوو بەڵکو دەمەقــاڵێ و دەنــگ بەرزبوونەوەیشـــی لێ کەوتەوە.

لەو کۆنفرانسەدا کاک مەلا حەسەن ڕەستگار ئەندامی دەفتە ری سـیاسـی کە بە سـەفەر هاتبووە ئەوروپا، بەشـدار بوو. کاتێک کۆنفرانس و هەڵبژاردن بێ ئاکام مایەوە کاک مەلا حەســەن پێشــنیاری کرد هاوڕێیانی کۆمیتەی پێشــوو هەتا پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی دیکە و بارودۆخێکی باشتر درێژە بە کارەکانی کۆمیتە بدەن. ئەم پێشــنیارەش لایەنگر و دژی هەبوو بۆیە هاتە دەنگدانەوە و بە زۆربەی دەنگی ئەرێنی پەسند کرا.

بەداخەوە دوای ئەم تێکەڵ بوونەوەش دوورەپەرێزی و نامۆیی لە نێوان هاوڕێیانی هەردوو لایەندا بە ئاشـــکرا دەبیندرا. لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەردەوام هەر لایەنە لە دەوری یەکتر کۆدەبوونەوە و بە کەمی تێکەڵ یەکتر دەبوون. ببوو بە خوویەک کە لە کـاتی دەربڕینی بۆچوونێـک یـان پێشـنیارێک تەنیا لایەنی خۆی پەسـندی دەکرد و لایەنەکەی دیکە دژی دەوەستا. دەکرێ بڵێم هێشتا هەر دوو لایەن وەک

دوو حیزب بووین بەڵام بە ناوی یەک حیزب.

ئەگەڕێمەوە سەر کۆنفرانسی ئێسکیلستونا. هەڵبژاردن بۆ کۆمیتەی حیزب سەری نەگرت بەڵام توانیمان نوێنەر بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی گشتیی دەرەوەی وەڵات بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی حیزبدا دیاری بکەین. بۆ ئەم کۆنفراسە ئەم کەسانە لە دوایین کاری کۆنفراسدا هەڵبژێردران: سەلاح گادانی، ئەحمەد کاکەمەمی، سەکینە جەوانمەرد، ناسر فەیزوڵلابەگی و خۆم. بەپێی ڕێسای کاری حیزب و کۆمیتە ئەو کاتانە کۆمیتەی حیزب لە وەڵاتان بەپێی ژمارەی ئەندامان نوێنەریان دیاری دەکرد. دواتر لە کۆنفرانسی گشتی کە هەر جارە لە یەکێک لە وڵاتانی ئەو روپی پێکدەهات لە سەرجەمی ئەندامانی بەربژێری کۆمیتەکان بە هەڵبژاردنێکی گشتی نوێنەرانی خۆیان هەڵدە بژارد بۆ بەشداری بۆ کۆنگرەی حیزب.

لە بیرمە ئەندامان و بەدەنەی حیزب بەم چەشنە دوو کۆنفرانسییە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرە ڕازی نەبوون بەڵام سەرکردایەتی ئەمەی بەسەر بەدەنەدا سەپاندبوو. لەم بابەتەوە کۆمیتەکان داوایان لە سەرکردایەتی کرد کە کۆمیتەی هەر وڵاتێک کۆنفراسی خۆی پێکبهێنی و ڕاستەوخۆ نوێنەری خۆی ڕەوانەی کۆنگرە بکات. کاتێ سەرکردایەتی ئەم داوا بەکۆیەی لێ کرا، ناچار بڕیاری یەکلایەنەی خۆیان هەڵوەشاندەوە و بە قسەی ئەندامانیان کرد. ئیتر ئەوە بوو سالانی دواتر کۆمیتەی حیزب لە هەر وەڵاتیک ڕاستەوخۆ نوێنەری خۆیان بۆ کۆنگرە دەنارد. بەڵام دەرکەوت کە ئەم شێوازە بە دڵی سەرکردایەتی نییە و زۆری نەخایاند و

جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ هەمان شـێوەی سـاڵانی ڕابردوو. بە ڕواڵەت هۆکار یان بڵێم قسەی سەرکردایەتی ئەوە بوو کە ئەم شـــێوازە کە ئەوان بە باشـــیان ئەزانی زیاتر لە باری ئابوورییەوە لە بەرژەوەندیی بوو و پێویســـــت نەبوو هەر وڵاتێـک بۆ خۆی کۆنفراس بکـات بـەڵکو هـەموو تێکڕا لـە شـــوێنێک ئەو کۆنفرانســـە پێکبهێنن کە خەرجی کەمترە. لە کاتێکدا کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات بۆ خۆیان ئامادەی ئەو هە زینەیە بوون کە بۆیان ئەنجام ئەدرا و هیچ گرفتێکیان نەبوو لەو بارەوەو باشـتریش بوو کە هەر وڵاتێک بتوانێ ڕاســەتە وخۆ نوێنەری لە کۆنگرەدا بەشدار بێت.

بۆ بیر هێنانەوە، لە کۆنفرانســی هۆلەند بۆ کۆنگرەی یازدە لە کاتێکدا کۆمیتەی ســـوێد زۆرترین نوێنەریان بوو لەو کۆنفرانسـەدا و خۆیشـیان کاندید کرد، بەڵام دەنگیان نەهێنایە وە. ئەمە ئەگەڕایەوە بۆ ئەو شێوە کۆنفرانسانە کە سەرکردایە تی باشـتر کونترۆڵی بەسـەردا هەبوو کە کەسـانی سـەر بە خۆیان زیاتر بەشـدار بن تاکو بە ویسـتی خۆیان نوێنەر بۆ کۆنگرە هەڵبژێرن. بە باوەڕی من ئـەم شــــێوازە جگە لە پێشـێلکردنی دیموکراســی و بەکەمگرتنی مافی ئەندامان چی دیکە نەبوو.

باش بە بیرم نایە دوای کۆنگرەی یازدە کۆنگرەیەک یان دوان بەو بڕیارەی دەفتەری ســیاســـی بەڕێوە چوو، بەڵام دوایی بڕیار درا کە هەر وڵاتە بۆ خۆی کۆنفرانســـی خۆی بگرێت و نوینەر دیاری بکات بۆ کۆنگرە و تا ئێســتا ســاڵی

٢٠٢٠ گۆڕانکارییەک لەو بارەیەوە نەهاتووە.

## کۆنفرانسی تێکڕای کۆمیتەکانی حیزب لە هۆڵەند بۆ بەربژێر بۆ کۆنگرەی یازدە

دوابەدوای کۆنفرانسی ئیسکیلستونا زۆری پێ نەچوو کۆنفرانسی کۆمیتەکانی دەرەوەی وەڵات لە وڵاتی هۆڵەند پێکهات. بەشدارانی کۆنفرانس تێکڕا پانزە کەسێک ئەبووین. گشتمان میوانی کاک ساڵح زەرزا بووین. لە ماوەی دوو شەو و ڕۆژدا کوردانە و سەخاوەتمەندانە میوانداریی کردین. کۆنفرانسەکەش هەر نزیک ماڵی خۆی لە ساڵۆنێکدا بەڕێوە چوو. کۆنفرانسەکە لە سەعات هەشتی بەیانی تا ئێوارە درەنگ درێژەی کێشا و بەتێروتەسەلی قسەلەسەر خاڵە پێویستەکان کرا. دوای قسەو باسەکان هەڵبژاردنی نهێنی کرا. ئەم کەسانە بۆ بەشداری بۆ کۆنگرەی یازدە هەڵبژێران: ساڵح خان زەرزا، ئەبوبەکر کەریمی، خوسرەو عەبدوڵڵاهی، سادق خان زەرزا، شاهۆ حوسێنی و خوسرەو بەهرامی. دوای کۆتایی کۆنفرانس سەرجەم نوێنەرانی وڵاتەکان گەڕانەوە وەڵاتەکانی خۆیان.

با ئەوەش لە بیر نەکەین بۆ نمونە کۆمیتەی حیزب لە سوێد هیچ نوێنەرێکی بۆ بەشداری لە کۆنگرەدا هەڵنەبژێردرا کە ئەمە لە خۆیدا زیانێک بوو بۆ حیزب، چونکە کۆمیتەی سوێد گەورەترین و بەهێزترین کۆمیتەی حیزب بووە لە ئەوروپا و ئێستاشی لەگەڵ بێ بەهۆی هەبوونی ئەندامی زۆرەوە ساڵانە دەیان چالاکیی باش لە بەرژەوەندیی حیزب و گەل ئەنجام ئەدا بەڵام کۆمیتەیەک بەم هەموو ئەندامەوە نوێنەرێکی بۆ نە

چۆوە کۆنگرە، لە کاتێکدا خۆیشـــیان کاندید کرد، بەڵام دەنگیان نەهێنایەوە. (لە لاپەڕەکانی پێشـــوودا ڕوونتر لە هۆکاری ئەم کەمایەسییە دواوم).

## کۆنفرانسی کۆمونی برومما

دوای کۆنفرانسـی ئێسـکیلسـتونا و بەئاکام نەگەیشـتنی بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری، کۆمیتەی پێشـــوو بە شـێوەی کاتیی هەتا کۆنفرانسـێکی دیکە مایەوە. کۆنفرانسـی ئەم جارە لە بروممما لە سـتۆکهۆڵم لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٨دا بەڕێوە چوو. ڕێکەوت وا بوو لە کـاتی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسـدا کۆمەڵێک لە ئەندامانی سـەرکردایەتیی حیزب بە ناوەکانی کاک باباعەلی میهرپەروەر، کاک مستەفا مەولودی، کاک قادر وریا، کاک حوسێن نازدار و کاک لوقمان میهرفەر لە سـتۆکهۆڵم بوون. چەند کەسـێک لەم هاوڕێیانە و ٢٨٣ ئەندامی حیزب نیشـتەجێی سـوێد لەم کۆنفرانسـەدا بەشـدار بوون.

وەک هەموو کۆنفرانسـەکانی پێشـوو ئەم جارەش هەموو کارەکان بەڕێوە چوون هەتا گەیشـــتە ســـەر هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتە. لەو هاوڕێیانەی پێشوو کەس ئامادە نەبوو خۆی بۆ کۆمیتەی گشتی وڵاتی سوێد بپاڵێوێ. کاک باباعەلی زۆری هەوڵ دا لانیکەم یەک دوو کەس لەوانی پێشوو لەگەڵ بن، بەڵام بـە هۆی گرژیی نێوخۆ و دژایـەتی یـەکتر لـە هاوڕێیانی کۆمیتەی پێشـوو کەس ئامادە نەبوو خۆی کاندید بکاتەوە. کاتێک هاوڕێیانی حیزب خۆیان کاندید نەکردەوە هاوڕێیانی ڕێبەرایەتی و چەند کەسێک لە هاوڕێیانی حیزب لە

ئەندامانی غەیری کۆمیتەی پێشوو بە دوای ئەوەدا بە تێکەڵەیە
ک لە هاوڕێیانی هەردوو لا ئەم بەڕێزانە خۆیان بەربژێر کرد:
سەعید بێگزاد، مامۆستا عاشق، عەلی فەتحی، حامید درودی، کەمال ڕەســتگار، محەممەدئەمین ڕەشــیدی، مەلا ڕەحمان کاژەیی، ســەکینە جەوانمەرد، کەمال گروێســی و لوقمان ئەندیمە. لە یەکەم کۆبوونەوەیاندا کاک ســەعید بێگزاد بۆ بەرپرســایەتیی کۆمیتە دیاری کرا. کاک حامید درودی بووە بەرپرســی بەشــی دارایی. دوای ماوەیەک ئەندامانی کۆمیتەی پێشــوو بە مەبەســتی ڕادەســتکردنی کۆمیتە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کۆمیتەی نوێ پێکهێنا.

(خوێنەری ئــازیز، حەز ئەکەم ئەوە بزانی کە کێشــە و ئاڵۆزیی لە نێوانماندا هەبوو بەڵام لە دوو حیزبییەوە ببووین بە یەک بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەڵام لەوەی کە لە چەند جێگەدا نووســیومە لایەنی حیزب یان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە بزانی باسی کێ ئەکەم و ڕووی قسەم لە کێیە).

بە باوەڕی من باشتر ئەوەبوو کە لە سەرەتای تێکەڵبوونەوە دا کۆمیتەی گشــتی لە ئەندامانی بەرچاوی هەر دوو لا پێک بهاتایە. بە دڵنیاییەوە کارەکان باشــتر و بە یەکدەنگی ئە چوونە پێشــەوە. بەڵام بە داخەوە نەتوانرا ئەو ڕێگایە بگرینە پێش و هەر جارە دەســەڵاتی کۆمیتە لە دەست لایەک بوو و لایەکەی دیکە لە ئەرک و کاری حیزبی دوور دەکەوتەوە. لە ڕاســتیدا دوو باڵی لێکترازاوی حیزب کێشــەیان بۆ یەکتری دروســت ئەکرد و لە کردەوەدا دوولایەنی و دووبەرەکی بە

ئاشکرا دەبیندرا.

## هەڵبژاردنی کۆمیتەی نوێ و دیاریکردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی ١٢ی حیزب

له کۆنفرانسی پێشووەوە هەتا نزیکبوونەوەی کۆنگرەی ١٢ کۆمیتەی حیزب لە سوێد بەپێی نەریتێک کە بۆ بەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی کار و چالاکی و بۆنە تایبەتەکان هەیبوو، کەم و زۆر توانی بێتە پێشەوە. بەڵام لە دوای یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزب کە چاوەڕوانی ئەکرا هەر کەس وەک تاک لە بەر خۆیەوە هەروەها کۆمیتە و ئۆرگانەکان بەتایبەت کار بۆ هەرچی زیاتر لێک نزیکبوونەوە و نەهێشتنی نامۆیی و دووبەرەکی بکەین، مەخابن وا دەرنەچوو. ئەکرێ بڵێم لەم بوارەدا هیچ کە هەنگاو هەڵنەهێندرا بەڵکو کەڵکیش لەو بەرپرسایەتییانە وەرگیرا بۆ نانەوەی دووبەرەکی، جیناحسازی، ئاژاوە نانەوە و بە هەڵدێردا بردنێکی دیکەی حیزب. لەگەڵ گشت ئەم نەهامەتیانەدا بەرەو کۆنگرەی ١٢ی حیزب هەنگاومان دەنا. وەک هەمیشە کۆنفرانسیش بۆ نوێبوونەوەی کۆمیتەی گشتی و هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ کۆنگرەی حیزب پێویست بوو، بۆیە لە سێپتەمبەری ٢٠٠٠دا لە شاری ئۆرێبرو کۆنفرانس بەڕێوە چوو. لە کۆنفرانسی ئەم جارەشدا وەک هەمیشە ڕەخنە و دەمەتەقێ هەبوو بەڵام لە جیاوازیی لەگەڵ جارەکانی پێشوو زیاتر ڕەنگی دوولایەنی یان دووجیناحی بە خۆوە گرتبوو. بە ئاشکرا "ئێمە" و "ئێوە" دیار و بەرچاو بوو. ئەمەش وای کرد کە دیسان کۆمیتەیەک هەڵنەبژێردرێت کە لەم ئێمە و ئەوان پێکهاتبێ بەڵکو یان دەبوو ئێمە بین یان ئەوان. ئەوە بوو کۆمیتەی ئەم جارە

کەوتەوە دەسـت لایەنی ئێمە و لـە لایـەنی ئـەولا ئەو هـاوڕێیـانەی کە تـا ئەو ڕۆژە بەڕێوەبەری کۆمیتە بوون کەسـیان ئامادە نەبوون خۆیان بەربژێر بکەن بۆ کۆمیتەی نوێ. بۆ کۆمیتەی ئەم جارە کۆمەڵێک هاوڕێی کۆن و تازە هاتنە ژوورەوە. کاک حەسـەن قارەمانی لە لایەن ئەندامانی کۆمیتە بە تێکڕای دەنگ بۆ بەرپرسـیاری کۆمیتە هەڵبژێردا. دەفتەری سـیاسـییش پەسـندی کرد. مام وەهاب سـەروەزان بووە بەرپرسـی بەشـی دارایی. هەروەها کاک سـەعید بێگزاد، کاک خالید عەزیزی و کاک قاسـم قازی وەک نوێنەر بۆ بەشداری بۆ کۆنگرەی دوازدەیەم هەڵبژێردران.

ئـا بەم شـێوەیە یەکمـان گرتبۆوە و گوایە دوژمنمـان ڕاچڵەکاندبوو. بە باوەڕی من ئەمە ڕێک بە دڵی دوژمن بوو. ئاخر ئەو وزە و ئێنێرژییەی هەمانبوو لە جیاتی ئەوە بۆ کار و خەبات لە دژی دوژمنەکەمان بەکاری بهێنین، لە بەرامبەر یەکتردا بەکـارمـان دەهێنـا. بە کورتی، لەبیرمـان چووبۆوە خەبات بۆ چی ئەکەین و ئێمە کێین و لێرە چ دەکەین. ئەم ڕەوتی دژایەتیی و دژبەریە وەها پەرەی سەندبوو کە دوبارە لێکترازانەوەی دووەمی بەسـەردا هات. ئێسـتایشـی لەگەڵ بێ کە ئەم دێڕانە ئەنووسـمەوە دوو حیزبی دێموکرات بە دوو ڕابردووی هاوبەش و دوو ڕێبازی بێ جیاواز لە بەرامبەر یەکدیدا وەسـتاون و یەکدی تاوانبار دەکەن بە ناڕەسـەن و خۆیان بە ڕەسەن.

**بەشداریم لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا**

وەک پێشتر لەم بیرەوەرییانەدا ئاماژەم پێ داوە من لەسەر

داوای حیزب و ویستی خۆم ماوەیەک لە کۆمیتەی کاروباری پەنابەران سەر بە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید کارم کرد. بەڵام دوای ئەو دەورەیە بە هۆی ژیان و کاری شەخسیی وازم لە ئەندامەتی کۆمیتەی گشتی فیدراسیۆن هێنا. دوای چەند کۆنگرەلەسەر داوی حیزب نەک وەک حەزی خۆم بەڵکو وەک داوا و بڕیاری حیزب بۆ جاری دووەم تێکەڵ بە فیدراسیۆن بوومەوە و توانیم لە کۆنگرەی ١٩ی ئەو ڕێکخراوەدا جارێکی دیکە وەک ئەندامی کۆمیتەی گشتی دەنگ بهێنمەوە. ئەو کاتانە فیدراسیۆن ساڵی جارێک کۆنگرەی خۆی پێکدەهێنا. ئەم جارەیش لە کۆمیسیۆنی کاروباری پەنابەراندا دەست بە کار بوومەوە. هاوکات بەرپرسایەتیی هەرێمی شەشم پێ سپێردرا. هەرێمی شەش لە کۆی چەند کۆمەڵەیەکی ئەندام پێکهاتبوو و ئەرکی من وەک بەرپرسی ئەو بەشە ئەوە بوو چاودێری کار و چالاکییەکانیان بم و لە کاتی بەستنی کۆنگرەکانیاندا بەشدار بم و بەپێی پێویست ڕێنوێنی و یارمەتییان بدەم.

ماوەیەکیش بە کاری فیدراسیۆن و هەرێمی شەش و هاوکات ئەرکی حیزبایەتییەوە شانبەشانی هەشت سەعات کاری پێنج ڕۆژ لە حەوتوودا هێنام. ئەم هەموو کاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و بژێویە بڕستی لێ بڕیبووم. هاوکات تەمەنیش بەرەو هەڵکشان بوو. ئەمانە وای کرد باری تەندروستیشم بەرەو خراپی بڕوات بۆیە بە باشم زانی پێش ئەوەی لە هەموویان دابڕێم لە هەندێکیان کەم بکەمەوە. ئەوە بوو بڕیارم دا لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا تەنیا وەک ئەندامێک بمێنمەوە و چی دی ئەندامی کارگێڕ نەبم. بەم

شێوەیە وردە وردە لە فیدراسیۆن و کۆمیتەی حیزب هاتمە دەرێ. ئەمە دەقی نامەی دەست لە کار کێشانەوەی فیدراسیۆنە:

هاوڕێیانی بەڕێز کۆمیتەی کارگێڕ و کۆمیتەی گشتی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد

لەگەڵ سڵاو و حورمەت

هاوڕێیان، تەمەن چۆتە سەرێ و باری تەندروستیم باش نییە و پێویستیم بە حەسانەوە و پشووە. بۆیە بەو جۆرەی پێویستە لەوانەیە نەتوانم کار و ئەرکی خۆم بە باشی لە فیدراسیۆندا بەڕێوە بەرم. بۆیە دەست لە کار کێشانەوەی خۆم لە ئەندامەتی کۆمیتەی گشتی ڕادەگەیێنم. سەرکەوتنی هەمووتان لە فیدراسیۆندا لە خزمەت بە کورد و کوردستان ئارەزوو دەکەم.

لەگەڵ ڕێز و سپاسدا

ڕەشید ئەحمەدی ۲۰۰۱/۱۰/۰۹

وەڵامی فیدراسیۆن:

برای بەڕێزم کاک ڕەشید ئەحمەدی

لەگەڵ سڵاوی برایانە

ژمارە ۲۷

ڕێکەوت ۲۰۰۱/۱۰/۱٦

کۆمیتەی گشتیی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد لە چوارەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی لە ۲۰۰۱/۱۰/۱۳ دا نامەی ئێوەی خستە بەر باس، و داخوازیی خۆکێشاندنەوەی بەڕێزتانی لە ئەندامەتیی کۆمیتەی گشتی

قەبوڵ کرد. هەروەها سوپاسی کۆمیتەی گشتیتان پێ ڕادەگەیەنم و هیوادارم لەشت ساخ و لە بوارەکانی تری ژیان و خەباتدا پتر سەرکەوتن بەدەست بهێنی.
حامید گەوهەری سکرتێری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد.

## هاتنە دەرەوەم لە ئەندامی کومیتەی گشتی حیزب

هاوکات دوای دەست لە کار کێشانەوەم لە فیدراسیۆن داوای هاتنەدەرەوەم لە کۆمیتەی حیزبیش وەک ئەندامی کۆمیتەی گشتی کرد. هاوڕێیان ئەم داوایەی منیان قەبوڵ نەکرد و بۆ هەموو کۆبوونەوەیەک نامەی بانگهێشتنیان بۆ ئەناردم. بەڵام من نەدەچوومە کۆبوونەوەکان بۆیە ئیتر ئەوانیش ورده ورده کە زانیان ئامادەییم نییە وازیان هێنا.

## بەرەو کۆتایی نووسینەوەی بیرەوەری

تەمەن هەڵکشابوو، هێندەم نەمابوو بۆ خانەنشینی. ڕۆژانەکاری بەردەوام ماندووی کردبووم و پێویستیم بە حەسانەوە و پشووی زیاتر بوو. ئەوەش لە ڕۆژانی پشوودا دەکرا کە زیاتر بە کاری فیدراسیۆن و حیزبەوە دەڕۆیشت. بۆیە وەک ئەندامی کۆمیتە لە هەر دوکیان هاتمە دەرێ. دیارە ئەمە بەو واتایە نەبوو کە واز لە سیاسەت بهێنم و بێ هەڵوێست بم لە ئاقار ڕووداوەکان. ئاخر من کە تێکڕای ژیانم لە شۆڕشدا و بۆ ئازادیی نەتەوەکەم تەرخان کردبوو نەمدەتوانی هەروا ئاسان لێی دوور بکەومەوە. بۆیە لەو

کاتەوە هەتا ئێستا کە خەریکی نووسینەوەی ئەم دێڕانەم وەک ئەندامێک لە هەموو کۆبوونەوە و بۆنە حیزبییەکاندا بەپێی توانا بەشدارییم کردووە.

یەک دوو ساڵێک بەم شێوەیە بێ ئەوەی وەک ئەندامێکی کارگێڕی کۆمیتە بم دوور و نزیک وێڕای ژیانی تایبەتیی خۆم لە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی و کۆمەڵایەتیدا بەشدار بووم. بە دوای وازهێنانم وەک ئەندامێکی کارگێڕ لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئیدی ڕۆڵێکی ئەوتۆم لە ڕووداو و بڕیارەکاندا نەبووە بۆیە چیدی بە پێویستی نازانم درێژە بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم بدەم. تەنیا وەک پاشکۆی هەر دوو بەرگی یەکەم و دووەمی بیرەوەرییەکانم بە پێویستی ئەزانم چەند شتی تر باس بکەم، یەک لەوانە دوو نامەی فەرمین کە بۆ دوو کەسایەتیی سیاسیی خاوەن بڕیارم ناردوون، لێرەدا بیخەمە بەر چاوی خوێنەر.

هەروەها یادێک لە دوو هاوڕێی هاوسەنگەری خەبات و شۆڕش. هاوکات پێداچوونەوەیەک لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانم و نامە و وەڵامی خوێنەرە هێژاکان.

هەروەک ئاماژەم پێدا ناردنی دوو نامە؛ هەر یەک لەو نامانە لە یەک کاتدا و لە ساتێکی زۆر هەستیار و پڕمەترسیدا بۆ دوو کەسایەتیی بەڕێز و خاوەن بڕیار نێردراون. نووسین و ناردنی نامەیەکی لەو چەشنەم بە ئەرکی نەتەوەیی خۆم زانیوە و چاوەڕوانیی هەڵوێست و بەرپرسایەتییم کردووە لەو کەسانەی بۆم ناردوون. جا ئیتر چەندەم گوێ لێ گیرابێ یان بە هێند وەرگیرابێ ئەوەیان لە

دەســـەڵاتی مندا نەبووە. ئەوەی لە دەســـت من هاتووە ئەوە بووە کە هەڵوێســـتی خۆم وەک هاونیشـــتمانییەک لە ئاقار ڕووداوەکان گەیاندۆتە دوو کەسـایەتی خاوەن دەسـەڵات کە توانای گۆڕانکارییان هەبووە. ئەو دوو کەســـەش بەڕێزان مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و کاک مستەفا هیجری بوون.

دەقی نامەکە:

بەڕێزان مامۆســـتا عەبدوڵڵا حەســـەنزادە و کاک مســـتەفا هیجری

لەگەڵ ســـڵاو و ڕێزی بێ پایانم ســـەرکەوتنتان لە ڕێگەی خزمەت بە گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردســـــتانی ئێران ئاواتەخوازم.

بەڕێزان، من ڕەشـید ئەحمەدی تەمەن نزیک حەفتا سـاڵ و ئەندامی حیزب لە ســـاڵی ١٣٣٣ی هەتاوییەوە لە خزمەت حیزب و ئامانجەکانیدا بووم. دیارە جاروباریش بە هۆی هەڵەی هەردوو لاوە دوورەپەرێز کراوم یـان دوورەپەرێز بووم و لە کاری هەڵە و نادروسـتیش بێبەش نەبووم. بەڵام بە دڵنیاییەوە خزمەت و کاری باشم زۆرتر هەبووە. ئێستاش خۆم وا دەزانم کە هەست و سۆزی کوردایەتی و خزمەت بە نەتەوەکەم و هەروەهـا حیـزبەکەم، حیـزبی دێمـوکراتی کوردســـتان، زۆر لەلام پیرۆز و خۆشـەویسـت و بەهێزە لە دەروون و باوەڕمدا. ئا لەم کات و ســـاتەدا دەنگۆی زۆر بەئێش و ئازار لەسـەر حیزب هەیە. منیش وەکو ئەو هەسـت و سـۆزەی کە هەمە هەسـت بە مەسـئولیەت هانی دام کە بە زمانێکی سادە ئەوەی ئەیبیسـم و لە دڵمدایە عەرزتانی بکەم. بەڕێزان، چەندە حیســـاب بۆ قســـەکانم و چەندە گوێم لێ

دەگرن خاوەن بڕیارن بەڵام من ئەو مافم بە خۆم دا کە هەرچی بیستوومە و هەرچی لە دڵمدایە عەرزتانی بکەم.

مامۆستا حەسەنزادە، خەڵک ئەڵێن بۆ کورسی و دەسەڵات ئەم وەزعەت دروست کردووە و ئەتەوێ ببی بە سەرۆک، و سکرتێر بۆ حیزب دیاری بکەی. مامۆستا، خەڵک ئەڵێن جەنابت جەماعەتی ڕێبەرایەتیتان بۆ بەرژەوەندیی حیزب نەهێنایەوە بەڵکو بە مەبەستی پاڵپشتی و بەهێزبوونی خۆت هێناوتن. مامۆستا، کەسانێکیش ئەڵێن ئەگەر وا نییە بۆچی مامۆستا لە نێوان دوو کۆنگرەدا کارێکی وای نەکرد بە شێوەیەکی ئەوتۆ هەر دوو لایەنی وەها تەنزیم و ڕێکخستبایە کە جارێکی دیکە بیری جیابوونەوە و ئەو بارودۆخە نالەبارە نەهاتایەوە مەیدان، کە گەورەیی حیزبی دابەزاندووە و بۆتە قسەی سەر زمانی دۆست و دوژمن. مامۆستا، خەڵک ئەڵێن جەنابت گوتووتە "شەرت بێ نەهێڵم مستەفا هیجری سەرکەوتوو بێت لە کارەکانیدا". خەڵک ئەڵێن ئەو قسەیە واتای کێشەی تایبەتیی و شەخسییە لەگەڵ یەکتر هەتانە. ئەگەر وایە، بۆ دەبێ کێشەی شەخسی لە ناو حیزبدا تاقی بکرێتەوە؟ کوا ڕەوایە کێشەی دوو کەس ببێتە هۆی زیانی حیزب و گەل؟ مامۆستا، خەڵک ئەڵێن هێشتا یەکێتیی نیشتمانی پیرۆزبایی کۆنگرەی لە حیزب نەکردبوو کە جەنابتان لەگەڵ جەماعەتێک سەردانی مام جەلالتان کردووە بە مەبەستی پشتیوانی لەو جەماعەتە لە دژی کاک مستەفا و بەڕێوەبەرانی کۆنگرەی سێزدە و گوایە تا ئێستاش چەندین جاری دیکە ئەو جۆرە سەردانانەتان کردووە هەر بۆ ئەو مەبەستە. خەڵک ئەڵێن مامۆستا لە یەکەم سەفەری بۆ

دەرەوەی وەڵات دەستی کردووە بە سیمینار و کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامان و دژی بڕیاراتی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی و پلۆنۆمەکان قسەتان کردووە و ئەندامانت هان داوە لە دژی بڕیاراتی سەرکردایەتی و گوایە لە چەند کۆبوونەوەیشدا بە توندی وەڵامت دراوەتەوە کە بۆتە هۆی دڵ بریندار‌بوونت.

کاک مستەفا، خەڵک ئەڵێن کاک مستەفا هیجری دوژمنایەتیی ناوەندییەکان ئەکات و تەنها شیمال و جنوبی بۆ گرنگە لە دەسەڵاتدا. کاک مستەفا، خەڵک ئەڵێن بەڕێزتان لە کۆبوونەوەکاندا ئەندامانی حیزبت بۆ یەکڕیزی هان داوە و ناوچەگەریت مەحکوم کردووە بەڵام ئەڵێن لە کردەوەدا وات نەکردووە و دەسەڵاتت زۆرتر داوە بە شیمالی و جنوبییەکان و بڕیاراتی حیزبێت شکاندوە. خەڵک ئەڵێن لەپێناو دەسەڵاتی خۆتاندا لە هێزی ناوچەگەری سوود وەردەگریت و بڕوات بە ناوەندییەکان نییە بۆیە هیچ پۆستێکی بەرچاویان نادەیتێ. کاک مستەفا، خەڵک ئەڵێن لە وەڵامی نامەی عەلیڕەزا نەزمی ئەفشاردا لاواز وەڵامت داوەتەوە کە ناوبراو هێرشی کردۆتە سەر سەرکردەی کورد سماییل ئاغای شکاک. لەم بارەیەوە تێبینی و تەنانەت ڕەخنەیان لێ گرتووی بەڵام ئێوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکتان نەداوە. تەنیا لە وتووێژێکدا لەگەڵ کادرێکی کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژ بە ناوی کاک برایم لاجانی وەڵامێکت داوەتەوە کە بە تێبینیی خەڵک ئەو وەڵامەشت نەداباوە باشتر بوو، چونکە جەنابتان دوای وتووێژەکەت لەگەڵ برایم لاجانی گوتووتانە کە پێت باش نە بووە وتەکانت بە نەزمی ئەفشار بگاتەوە. کاک مستەفا، خەڵک

ئەڵێن دوای چوونی مامۆستا حەسەنزادە بۆلای مام جەلال جەنابیشت چووی بۆلای کاک مەسعود بارزانی بۆ پشتیوانی لە کۆنگرەی سێزدە و ڕازیکردنی بارزانی بۆ گوێنەدان بە جەماعەتی کەمینە. خەڵک ئەڵێن لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا کەسانێک قسەی ناشاییستەیان بە جەماعەتی کەمینە گوتووە کە خۆیان حوزوریان هەبووە، زۆرتریش قسەکان ڕوویان لە مامۆستا بووە بەڵام جەنابت بێدەنگ بوویت و هیچ هەڵوێستێکت نەبووە. کاک مستەفا، خەڵک ئەڵێن بە مەشوەرەتی کاک شاهۆ حوسێنی بەیانییەی دووقۆڵیتان لەگەڵ پانئێرانیستەکان ئیمزا کردووە کە دەفتەری سیاسی ئاگای لێ نەبووە. کاک مستەفا، خەڵک ئەڵێن کاتێک دێیتە دەروەی وەڵات کەمتر ئامادەی کۆبوونەوەی بەرین بۆ گشت ئەندامان ڕێک بخەیت کە قسە و باس و کێشە نێوخۆییەکانی تێدا بێتە ئاراوە.

بەڕێزان مامۆستا حەسەنزادە و کاک مستەفا، قسە زۆر ئەوترێت و من لێرەدا تەنیا چەند نمونەیەکم باس کردوون. دیارە ناکرێ تێکڕای ئەوەی ئەبیسرێت ڕاست بێ بەڵام بە قەولی شاعیری فارس کە ئەڵێ "تا نباشد چیزکی مردم نگویند چیزها" .بەڕێزان، هەتا ئێرە قسە و دەنگۆی نێو خەڵکم عەرز کردوون. خۆیشم چەند قسەیەکم هەیە بە ئیجازەی بەڕێزان دەمەوێ عەرزتان بکەم.

بە باوەڕی من حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران زۆر لەوە گەورەترە کە لایەنەکانی کوردستانی کوێخایەتیمان بەسەرەوە بکەن یان هەر لایەنێک لەم بارودۆخەی ئێوە خولقاندووتانە بە قازانجی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن و لە

ئاوی لێڵ ماسی بگرن. یان سایتەکان بکەنە مەیدانی قسە و بوختان لەسەر ئەندامانی سەروی حیزب تا دەگاتە خواریێ و کەس نەوێرێ قسەیەکی حەق بڵێت بە دەیان کەس هێرشی دەکەنە سەر. ڕاستە ئێستا حیزب بە هۆی ئەو هەلومەرجەی بۆی هاتۆتە پێش لاوازە بەڵام بەو مانایە نییە لە گەورەیی کەم بووبێتەوە کە ئاوا و بەم شێوەیە هاوار بۆ ئەم و ئەو ببات و لە هەموو لایەکەوە بکەوێتە بەر پلاری خەڵکی بێ ویژدان.

من پێموایە حیزب زۆر گەورەیە، و کاتێک حیزب گەورەیە نیشانەی ئەوەیە کە ئێوەش گەورەن. دەبا ئێوەش خۆتان بناسن و کەڵک لە گەورەیی و ئەزموون و خەساراتی ڕابردوو وەرگرن بۆ چارەسەریی گرفتەکان. ئاخر هەر خۆتانن کە ئەتوانن چارەی گرفتەکان بکەن. جگە لە کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی بەتایبەت ئێوە بەڕێزان بەرپرسیارن لە بەرامبەر ئەو دۆخەی پێکتان هێناوە و داهاتوو لێتان خۆش نابێ. مامۆستا حەسەنزادە، لە یەکەم سەفەرت بۆ سوێد کۆبوونەوەی بەرینت بۆ ئەندامان پێکهێنا. من بەشداری ئەو کۆبونەوەبووم و بەش بە حاڵی خۆم چاوەڕوانی ئەو قسانە نەبووم کە فەرمووتان. من پێم وا بوو پیرۆزبایی کۆنگرەی سێزدە لە هاوڕێیان دەکەی و ئەندامان هان ئەدەی بۆ یەکگرتوویی و یەکڕیزی و یەکدەنگی و کارێکی وا دەکەی کە متمانەی هەموو لایەک بۆ لای خۆت ڕاکێشی و بەو متمانەیەوە دوارۆژێکی بەهێزتر بۆ حیزب داڕێژی. ئەوە ئەرک و کاری بەڕێزتان بوو. نەک هەوڵ بدەی بۆ ڕاگرتنی دڵی کەمینەیەک کە ئەوانیش هەموویان متمانەیان

پێت نەبوو. باشتر وا بوو کە سەرجەم ئەندامانی حیزب وەک باوکی حیزب حیسابت بۆ بکەن و گوێت لێ بگرن. و وایشت بکردایە دەسەڵاتدارانی کۆنگرەی سێنزدە متمانەیان لەسەرت هەبوایە. بەڵام بەداخەوە لە سـەرەتای قسـەکانتەوە بە گلە و گازەندە دەسـتت پێکرد و باسـی حەزفی ئەم و ئەوت کرد. لە قسەکانتدا هەوڵی هاندانی جەماعەتی پێوە دیار بوو. ئەوە بوو کە هەندێ لە بەشـداران وەڵامی ناخۆش و توندیان دایتەوە. هەر لەو کۆبوونەوەدا کاریگەریی قســـەکانت وای کرد کە کەســـانێک پێچەوانە و توندوتیژ هەڵســـوکەوت بکەن. ئەمە سـەرەتای دەسـتپێکی ئەو بارودۆخەیە حیزبتان خستۆتە ژێر پرسـیارەوە. وا بزانم ئەم کۆبوونەوانە لە جەنابتەوە سـەری هەڵدا هەتا چەند هاوڕێیەکی دیکەش هەر بەو شـێوە بەدوای جەنابتدا لە وەڵاتانی ئەوروپا بەردەوام ئەو قســـانەیان بە شـێوەی جۆراوجۆر دووپات کردەوە کە بەداخەوە ئێسـتاش درێژەی هەیە.

پێم وابێ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی کەمینە پۆســـتیان پێدرا بەڵام وەک پێویست کاریان نەکرد و هەر یەکە بە شـێوەیەک خۆیان لە کار کێشـایەوە. بەردەوامیش لە سـایتەکاندا قسـە و باس و هەڵبەسـتی دوور لە ئینسـاف بە کەسـایەتیی سـەر بە زۆرینە ئەگوترێ. هەر ئەو قســـانە بوونەتە هۆی ئازاردانی هاوڕێیانی زۆرینە کە ئەوانیش ماوەیەک هەمان کاریان ئەکرد بەڵام ئێستا لێیان کەم کردۆتەوە. ئەمە لە کاتێکدا کەمینە هەر پێی زیاد دەکەن. ئەمانە هەمووی تاوانی ئێوە بەڕێزانە. من لە یەکەم کۆبوونەوەدا لە سوێد عەرزی هاوڕێیانی هەر دوو لام کرد هەر کەس قسە بە مامۆستا بڵێت وەک ئەوە وایە قسەی

به کاک مســـتەفا هیجری گوتبێ چونکە هەر کات لایەنگرانی کاک مســـتەفا قســـەی ناشــیاو بە مامۆســـتا بڵێن ئەمە هانی لایەنگرانی مامۆســـتا ئەدا ئەوانیش قســـەی ناشــیاو بە کاک مستەفا بڵێن. کەوابوو ئەم شــێوە هەڵسوکەوتە کە هاوڕێیان گرتوویـانەتە بەر جگە لە دابەزینـی گەورەیـی حـیزب و بچوککردنەوەی ئەو بەڕێزانە چی دیکەی تێدا نییە. بەداخەوە لە هیچ کۆبوونەوەیەکی گشــــتیـدا لە ئێوەم نەبیســــتووە ڕاســــتەوخۆ داوا لە ئەنـدامـان بکەن واز لەم شــــێوە هەڵســـوکەوتانە بهێنن. لە کۆمەڵگەی کوردەواریشـــدا ئەگەر خێزانێک گیروگرفتی نێو خۆی هەبوو لە پێشـدا هەوڵ ئەدەن لە نێو خۆیاندا چارەســـەری بکەن و حەز ناکەن خەڵکی دیکە لە دەرەوەی خێزان پێ بزانێ بەڵام بەداخەوە ئێوە بەڕێزان ئەم نەریتە کوردەوارییەشتان لەبەر چاو نەگرت.

بە ڕاســتی ئەگەر ئەو شــتانەی خەڵک لەســـەر ئێوە ئەیڵێن ڕاســت بێ و ئێوە خۆتانی تێدا وەبینن، دەکرێ بڵێم هۆکاری ســـەرەکی ئەم وەزعە ئێوە ســـەرکردەکانن، واتە ئێوە حیزبتان بەم ڕۆژە گەیـانـدووە کە بووینەتە گـاڵتەجـاڕی خەڵـک. مامۆســــتا، حیزب هەتا ئێســــتا لە کۆنگرەی دوو بەملاوە چەندین جار ئەم جۆرە قەیرانانەی تێکەوتووە، ئینشــعاب و جیابوونەوە و لێکترازانی تێدا بووە. جگە لە زەرەر و زیان و دوژمن شــــاد کردن چ کەڵک و ئاکامێکی بۆ حیزب بووە؟ گەلۆ، ناکرێ کۆتایی بەم شـێوە بیرکردنەوانە بهێنن و لە بیر بەرژەوەندیی حیزب و گەلدا بن پێش هەر شتێکی دیکە؟

کاک مستەفا، ئێستا زۆرتر بڕیار و دەسەڵات بە بەڕێزتانە. ئــارامی و خۆ دوور گرتن لە هەڵچوون و بیرکردنەوە لە

دواڕۆژی حیزب و گەل زیاتر لە دەســـت ئێوەدایە. ناکرێ دووبەدوو لەگەڵ مامۆســتا دانیشــن و ڕێگەچارەیەک بۆ ئەم گرفتە وەدۆزن؟ با کوێخا لە نێواندا نەبێ. با بۆ جارێکیش بێ ســـەرکردەکانمان خۆیان بتوان دوور لە هەر چەشـــنە دەمارگرژییەک گرفتی خۆیان چارەسەر بکەن.

دوور نییە بفەرموون ڕەشید چەند سادەیە ئاوا ساکار بیر لەم گرفتە قووڵانە ئەکاتەوە. بەڕێزان تاوەکو پێتان وابێ ئەم گۆمە زۆر قووڵە و بێ یــاریــدەری لاوەکی هیچی لەگەڵ ناکرێ، بە باوەڕی من هەر وا دەمێنێتەوە. من پێم وایە و لەو باوەڕەدام ئەگەر ئێوە خۆتان بە هیممەت و دڵێکی ئاواڵەوە هەنگاوی بۆ بنێن دڵنیام چارەسەر ئەکرێ. ئاخر ئێوە دنیایەک ئەزمونی کاری ســیاســیتان هەیە، لەوەی کە دڵســۆزن بە کوردستان و حیزبی دێموکراتیش هیچ دوودڵ نیم، بۆیە داوا و تەمەنناتان لێ دەکەم قۆڵی هیممەت و برایەتی لێ هەڵکەن و دڵی گشت خەڵکی کورد و کوردستان خۆش کەن.

کاک مســتەفا، هەر خۆت هەســتە بچۆ بۆ ماڵی مامۆســتا، مامۆســـتا برا گەرەیە، هاوڕێی ڕۆژانی ســـەختی خەبات و هاوســـەنگەری دووردوودرێژی ڕابردووتە. دانیشــن پێکەوە و هەڵچوون و دەمارگرژی بە دڵسۆزی و بەرژەوەندیی حیزب و گەل بگۆڕنەوە. باس لە گرفتەکان بکەن و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزنەوە. دەست بکەن بە دارشتنی پلانێک بۆ یەکدەنگی و یەکڕیزی. من لە ئەزمون و کــارامەیی ئێوە دڵنیــام کە لە ماوەیەکی کورتدا گرفتەکان چارەســـەر ئەکەن و گرێکان ئەکەنەوە. کاک مستەفا، تکا و داوات لێدەکەم بە قسەم بکە، لە گەورەیی و دڵســـۆزیتان کەم نابێتەوە بەڵکو زیاد دەکات.

ئەگەر تۆ کارێکی وا بکەی مامۆســـتا متمانەت پێ بکا، لە بەرژەوەندیی خۆت و حیزبدایە. ئێوە ئێستا هەردوو لاتان لە یەکتر بە گومــانن و متمــانەتــان بەیەک نەمــاوە بۆیە هەر یەکەتان کەســـانێکتان لە دەوری خۆتان کۆ کردۆتەوە کە خۆشتان ئەزانن ئەو کەسانە زۆریان شایانی ئەوە نین، کە ئەکرێ بڵێم بەشــێک لە گرفتەکان لەو کەســانەوە ســەر هەڵدەدەن. بەڵام بەداخەوە وازیان لێ ناهێنن و بۆ پشتگیری و دەستەبازی بەکاریان دەهێنن.

بەڕێزان، پێویستە پشت بە کەسانێک ببەستن کە لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی حیزبدا کار بکەن نەک دەستەبازی لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا. ئەبینین کەســانێک لە ڕابردوودا جێی پەسندی مامۆستا نەبوون، کەچی ئێستا زۆر جێی باوەڕ و متمانەن. هەمان دیاردە لای بەڕێزیشـــتان دەبیندرێ. کاک مســـتەفا، تکات لێ دەکەم، مامۆســـتا وەک کەســـایەتییەکی پسپۆڕ و زانا هەر وەک ڕاوێژکارێکیش لە نزیک جەنابت زۆر یــارمەتی دەدا بۆ ســـەرکەوتنی حیزب لە کــارەکــانــدا. ســـەرکەوتنی حیزبیش یانی ســـەرکەوتنی جەنابت وەک سەرکردەیەک. مامۆستا، هاودەنگیی و متمانەی کاک مستەفا بە جەنابت لە کارەکانی حیزبدا ســەرکەوتنی بەڕێزتانە وەک کەسایەتییەکی بەرچاوی حیزب و ناوداری کوردستان.

مــامۆســـتــا، بە توندوتیژی و خەڵک کۆکردنەوە هیچ ســـەرکەوتن و دەســـتکەوتێک لە حیزبدا بەدەســـت نایەت. لەبیرتانە دوایین جار کە هاوڕێیانی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ تێکەڵ بە نێو ماڵی گەورەی حیزب بوونەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردســـتان بە گشـــتی و ئەندامانی حیزب بە تایبەتی چەندە

خۆشـــحـــاڵ بوون و بۆ ئەو کــارە پیرۆزە هەموو لایەک جەژنیان گرت؟ مامۆســـتا، زۆرتر بەرهەمی ئەو یەکێتی و یەکرتنەوەیە لە بەڕێزتانەوە دەبیندرا. چۆنە ئێســـتا بۆ ئەو کارە پیرۆزە هەنگاوی جیددی هەڵناگری؟

لە کۆتاییدا داوای لێبووردنتان لێ دەکەم ئەگەر پێنووســـە کۆڵەکەم نەیتوانیبێ قســەکانم بە شـێوەیەکی دروسـت و بەو جۆرەی لە دڵمدایە بە بەڕێزتانی گەیاندبێ و هیوادارم بە گەورەیی خۆتان بمبوورن. من لە نووســـینی ئەم نامەیەدا مەبەسـتم سـەرکۆنەکردنی کەس نییە جگە لە دڵسـۆزی بۆ حیزب نەبێ. هەروەها من کەســێک نیم بتوانم ئامۆژگاریی ئێوە بکەم، ئێوە زۆر زیاتر لە من شـــارەزایی و ئەزموونتان هەیە. بەڵام ویستم وەک ئەندامێکی حیزب ویست و ئارەزوی خۆمتان پێ بڵێم کە یەکگرتنەوە و یەکڕیزیی حیزب ســەرکە وتنی دوارۆژمان مسـۆگەر ئەکات. ســوپاســتان دەکەم و خۆشــحاڵ دەبم ئەگەر نامەکەتان خوێندەوە لە گەیشـــتنی ئاگادارم بکەنەوە.

لەگەڵ ریزمدا ڕەشید ئەحمەدی

ئەمەش دەقی وەڵامی نامەکانی ڕێزداران مامۆستا عەبدوڵڵا

دەقی وەڵامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە
برای بەڕێز کاک ڕەشید خانی ئەحمەدی
لەگەڵ ڕێز و سڵاوی برایانە

نامەی پڕ لە سـۆز و پڕهەسـتی پەرۆش و دڵسـۆزیتانم خوێندەوە. بەش بە حاڵی خۆم ئەم قسانە و قسەی زۆر لەوە توندتر و ڕەقتریش نەک هەر لە براگەورەیەکی وەک جەنابت بەڵکو لە ئەندامێکی تازەی حیزبیش بە دڵەوە دەبیسـم و قەبوڵی دەکەم. ئەوە حەقی بێ ئەملا و ئەولای ئەندامی حیزبە و کۆنگرە بۆی بە ڕەسمی ناسیوە کە هەر نەزەرێکی هەیە لە نێو خۆی حیزبدا دەریبڕێ و خۆی سـانسـۆر نەکا. ئەو شـانازییەشـم هەیە کە بڕیارێکی وا لە کاتی بەرپرسـایەتیی مندا و بە پێشنیهادی من پەسند کراوە. بەڵام پێم وایە هەم بە پێی بڕیارەکەی حیزب حەقم هەیە و هەم جەنابیشـت حەقم پێ دەدەی کە بەرامبەر بەو تۆمەتـانەی دراونەتە پـاڵ من دیفاع لە خۆم بکەم. با ئەوەش بڵێم کە ئەو قسـانەی جەنابت نووسـیوتن هیچیان قسـەی خەڵکی بێ لایەن و ئاگادار لە وەزع نین بەڵکو بوختـانی موخـالیفـانن کە بەداخەوە کەمتر حازرن بەرەڕووو دەریانبڕن و جواب وەربگرنەوە. ئێسـتا دیفاعیاتەکەم بە هێندێک لەو تۆمەتانە.

یەک: ئەگەر نەشارەزایەک بڵێ پێم سەیر نابێ بەڵام جەنابت باش دەزانی کە سـەرانسـەری ژیانی من بێزاری و هەڵاتن لە بەر مقام بووە و هەمیشـە پۆسـتی حیزبیم بە ئیسـراری

هاوڕێیان وەرگرتووە و قەتیش خۆم پێوە ڕانەناوە و خۆم لە سەر خەڵکی بەسام نیشان نەداوە بەڵکو وەک (مەسئولیەت) سەیرم کردووە.

دوو: پێش ئەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ تێکەڵ بە حیزب بێتەوە ئەمن بوومە سکرتێر و بڕیاری تێکەڵبوونەوەش بێ ئەوەی ئەوان بەشدار بن، بە زۆربەی نزیک بە تەواوی دەنگەکانی کۆنگرە دراوە. ئەگەر پرسیاریش بکەی بۆت دەردەکەوێ. لەگەڵ ئەوەی بە توندی هەوڵی یەککەوتنەوەم دەدا چەندیش پێم لەسەر ئەوە دادەگرت کە چوکترین ئیمتیازی بێجێ نەدرێ بەو هاوڕێیانە. تەنانەت جارێکیان لە کۆمیتەی ناوەندیدا تۆمەتی ئەوەیان لێدام کە دەمەوێ تێکی دەمەوە. گوتم هەشت ساڵیش پێم بڵێن تێکدەر واز لە بیروبۆچوونی ئوسولیی خۆم ناهێنم.

سێ: لە نێوان کۆنگرەکاندا زۆرم هەوڵ دا کە لە جێدا کەمینە ئەوەندە ئیمتیازی پێ بدرێ کە هەست بە مەغدوری نەکا. پاشانیش ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی دەستەبەندی نەمێنێ. ئەوە بوو کە لە کۆنگرەی دوازدەدا بە تێکڕای دەنگ بڕیار درا هەر چەشنە دەستەبەندییەکی نهێنی تاوانە تا سنووری خیانەت. بەڵام چی بکەم ئەوانەی تینووی (دەسەڵات) بوون بە ئیستیفادە لە هەستی مەسئولیەتی ئەوانی دیکە دەستەبەندیی نهێنییان کرد و حیزبیان گەیاندە ئەم ڕۆژە.

چوار: ئەگەر ئەمن گوتبێتم (شەرتە نەهێڵم کاک مستەفا سەرکەوتوو بێ) بەشم لە هەر چی سیفەتی پیاوەتی و شۆڕشگێڕی و شەرافەتی ئیبسانیدا نەبێ. ئەگەر نەیشم گوتبێ (کە نەمگوتووە) بێ شەرەف ئەو کەسە بێ کە درۆی

وای هەڵبەستووە. ڕۆژی دووی خاکەلێوەی ئەمساڵ چوومە لای کاک مستەفای هیجری، پێم گوت لە زەمانی بەرپرسایەتیی مندا ئەتۆ زۆرت کارشکێنی لە من کردووە بۆ ئەوەی سەرنەکەوم. گوتی وایە. بەڵام من هەموو کارێک دەکەم بۆ ئەوەی سەرکەوی و پێش هەموو کەسیش چەپڵەت بۆ لێدەدەم. هەر ئەوەندەشم لێت دەوێ وا بکەی ئەو حیزبە ئی هەموان بێ. ئەم قسەیە و زۆری دیکەم جارێک بە حوزوری بابە عەلی و جارێک بە حوزوری هەموو ئەندامانی دەفتەری سیاسی بە چاودا دایەوە، یەک وشەی ئینکار نەکرد.

پێنج: ئەمن هیچ کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ کاک مستەفا نییە، بەڵام لە ڕەفتاری تەکڕەوانەی و لەو بەشکردنەی حیزب ناڕازیم.

شەش: ئەوە کە پاش کۆنگرە سەردانی یەکێتیم کردووە لە کۆبوونەوەی سوێدیش باس کرا و بە درێژی جوابم دایەوە. لێرە هەر ئەوەندە دەڵێم کە ئەمن پاش کۆنگرە سەردانی هەموو حیزبە کوردستانییەکانم کرد و وەک ئەرکێکی دیپلۆماسی و ئەخلاقی سوپاسم کردن کە لە ماوەی بەرپرسایەتیمدا هاوکارییان کردووم و لەگەڵ هەموانیش تەئکیدم کردەوە کە حیزب لەمەودوایش هەر دۆستی ئەوانە و داوا دەکەم هاوکارییان بەردەوام بێ.

حەوت: هەوەڵ سەفەرم بۆ دەرەوە و قسەکردنم بۆ خەڵک لە بەشێکیدا حازر بووی و ئەوی دیکەشت بیستووە. ئەمن قەت نەمویستووە بە نهێنی قسە بکەم. هەمیشە هەوڵم داوە بە ڕاشکاوی بدوێم و زیاتریش موخالیف بدوێم. بەڵام بۆخۆت دەزانی چەندەیان درۆ و دەلەسە بە دژی من بڵاو

کردبۆوە کە من هەوڵم دەدا ڕاســتییەکان بە خەڵک بڵێم. لە بیرمە لە ویســـــترۆس کە کۆبووینەوە یەکێک گوتی ئەدی بۆچی ســـــاڵان ئەو جۆرە کۆبوونەوانەت نەدەکردن؟ گوتم پیاوی باش، ئەمســاڵ کۆبوونەوەیەکم لێرە کردووە، پار هەر لەم ویســــترۆســــە دوو کۆبوونەوەم کردن کە خەڵکەکە شــاهیدییان بۆ دام وا بووە. پاشـــان ئەمن دژی بڕیارەکان قسەم نەکردووە. هەقێکی حیزبیم بەکار هێناوە (ئەویش وەک دیفاع) کە لە نێو حیزبدا و بە ئاشــکرا نەزەری خۆم لەســەر کەموکووڕییەکان دەربڕم. هیوادارم لانیکەم جەنابت لەوانە نەبی کە دەیانەوێ حیزب ببێتە گۆڕستانێکی کپ و بێدەنگ.

قســەم یەکجار زۆرە. خۆزگە ســەفەرێکت دەکرد و چەندین ســـەعات پێکەوە دەدواین. لەوەش زیاتر خۆزگە موخالیفانی من ئامادە دەبوون بەرامبەر بە سەدان ئەندامی حیزب لەگەڵم بکەونە (مناظرە)یەکی ســـالم و ڕاشـــکاوانە. وەک جارێکی

دیکەش گوتوومە: تا سیه روی شود هر که در او غش باشد.

برای بچوکت
عەبدوڵای حەسەن زادە
١٧/١٠/٢٠٠٦

دەقی وەڵامی کاک مستەفای هیجری
کاک ڕەشیدی بەڕێز سڵاو
نامەکەتان گەیشت، سوپاس بۆ دڵسۆزیتان بۆ حیزب
براتان مستەفا

بۆ ئاگاداری؛ من ئەم نامەیەم بە ئیمایلی هەر دوو بەڕێزان ناردوە و وەڵامی بەڕێزانیش بە ئیمایلی خۆم هاتۆتەوە. پێم خۆشە ئەو ڕوونکردنەوەش بدەم. چەند دێڕ لە سەرەوە تەماشا بکەن ئەبینن وەڵامی نامەی مامۆستا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/١٧دا بۆ من نووسراوە. ئێستا کە من ئەم دێرانە ئە نووسم ٢٠١٩/٩/٢٥ یە، بۆیە ئەکرێت بڵێم ئێستا ئەم ڕووداوە بۆتە مێژوو بۆیە من ئەو مافەم بە خۆم دا کە دەقی نامەی خۆم و ئەو دوو بەڕێزانە لە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانمدا بنووسم و بڵاو بکەمەوە کە خوێنەر لە چلۆنیەتی نامەکەی من و وەڵامی بەڕێزان مامۆستا و کاک مستەفا قەزاوەت بکەن.

بەڕێزان، هەروەک پێشتر ئاماژەم پێ داوە، ئەم دوو یادداشتەی خوارەوە پێوەندییان بە خۆم و ئەو دوو هاوڕێ

ئازیزە کۆچکردووانەوە هەیە، لێرەدا بڵاویان دەکەمەوە.
دەقی ئەو وتانەی لە پرســـەی قادرخان ســـوڵتانپەنا لە ڕێکەوتی ٢٥/١٠/٢٠٠٨ لە ساڵۆنی شیستا تریێف لە یەکێک لە کۆمونەکانی ستۆکهۆڵم پێشکەش بە بەشدارن کرد:
ناســاندنی کەســایەتیی قادرخان لە چەند دێڕێکدا بە هۆی کەمی کــاتەوە زۆر زەحمەتە، بۆیە لێرەدا هەوڵ ئەدەم بە کورتی بدوێم. قادرخان کوڕی ئاغا ســاڵح لە گوندی تاڵەجەر لە ســەرشــیوی ســەقز چاوی بە ژیان هەڵێناوە. ئەو هەر لە تەمەنی مێرمناڵییەوە هەســتی بە چەوســاوەیی نەتەوەکەی و داگیرکراوی وڵات و نیشتمانەکەی کرد. ئەمە وای کرد تێکەڵ بە خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد ببێ و لە ســـــاڵی ١٣٣٦ی هەتــاویــدا چووە نێو ڕیزەکــانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە.
ئەو ســەردەمە قادرخان تێکەڵ بە ســیاســەت بوو، حیزبی دێموکرات پێشـــڕەوی جووڵانەوەی ڕزگــاریخوازانەی ئەو بەشــەی کوردســتان بوو. ناوبراو خەباتی خۆی بە شــێوەی نهێنی دەســتپێکرد و زۆر خێرا توانی وەک کادرێکی بەتوانا جێگەی خۆی لە نێو حیزبدا بکاتەوە، بەڵام ڕێژیمی داگیرکەر بەم تێکەڵبوونەی قادرخان بە شــۆڕش دەزانێ و دەیگرن. دوای چەند ســاڵان ئەشــکەنجە و ئازارێکی جەســتەیی و دەروونیی زۆر لە بەندیخانەی ڕێژیمی شــادا، ئازاد ئەکرێت. بەڵام ئەمە کار لە ئازایەتیی و ورەی قادرخان ناکا بۆیە هەر زوو پێوەندیی لەگەڵ هاوڕێیانی دەگرێتەوە و جارێکی دیکە تێکەڵ بە شۆڕش دەبێتەوە.
لە ســاڵی ١٣٥٧دا کاتێ ســەرجەم گەلانی ئێران لە دژی

ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان ڕێکدەخست، قادرخان یەکێک لەو کەسایەتییە پێشڕەوانەی شاری سەقز بوو کە هەردەم ڕێکخەر و ئالاهەڵگری بەرخۆدان بوو و دڵی خەڵکی بۆ خەبات و تێکۆشان گەرم دەکرد. زۆری نەخایاند شا و داروودەستەکەی لە تەختی دەسەڵات هێنرانە خوارێ. کوردیش لەم گۆڕانکارییە گەورەدا شوێنپەنجەی دیار بوو و زۆری پێ نەچوو حیزبی دێموکرات کۆمیتەکانی خۆی لە تێکڕای کوردستاندا (ڕۆژهەڵات) ڕێکخستەوە. بەڵام ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو بە فەتوای خومەینی هێرشی بۆسەر کوردستان دەستپێکرد. لەم سات و کاتەدا قادرخانیش وێڕای هاوڕێیانی هاتەوە سەنگەری بەرگری و پارێزگاری لە خاک و وەڵاتی خۆی. ناوبراو بەهۆی لێهاتوویی و لێزانین لە کاری ڕێکخستن و بەڕێوەبەریدا، لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە ئەرکی فەرماندەیی هێزی سەقزی بە ناوی هێزی شەهید عەزیز یوسفی، پێ سپێردرا.

ئەو کاتە حیزبی دێموکرات لە باری هێز و پێداویستیی چەکدارییەوە لە چاو هێزی پۆشتە و پەرداخی داگیرکەری ڕێژیم دەستڕۆیشتوو نەبوو بەڵام ئەم کەمایەسییە بە هۆی لێهاتوویی و لێزانی قادرخانەوە لەو بەشەی کە کاری تێدا ئە کرد پڕ ببۆوە و ناوبراو توانیبووی یەکێک لە هێزە بەتوانا و شەڕکەرەکانی ناوچە ڕێک بخات. هاوکات کە قادرخان بەرپرسی هێزی پێشمەرگەی سەقز بوو، منیش لە بانە ئەرکی بەڕێوەبەریی بەشی نیزامی حیزبی دێموکراتم لە ئەستۆ بوو و بە حوکمی دەفتەری سیاسی حیزب کرامە فەرماندەی

هێزی پێشمەرگە کە لەو سەردەمەدا ناوی هێزی شەهیدانی وردی بوو، بەڵام دواتر گۆڕا بۆ هێزی ئاربەبا.

قادرخان لە سەقز و من لە بانە وەک دوو دراوسێشار، لەسەر داوای ئەو بڕیاری دیداریێکمان دا. لەگەڵ چەند پێشمەرگە چوومە سەقز. بنکەی هێز و کۆمیتەی شارستانیان هەر دوو لە یەک خانوودا بوون. کاتێ گەیشتینە بنکە، ڕۆحیان شاد و یادیان بەخێر مامە قالەی دەباغی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و قادرخان، فەرماندەی هێز، بەیەکەوە بە گەرمی بەپیرمانەوە هاتن. لەسەر دوو تەوەر کەوتینە قسەوباس. یەکەم ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوون و باسوخواس لەسەر ئەزمونی کار و چالاکیی ئەو ماوەیەمان و پلان و بەرنامە بۆ داهاتوو. دووەم هێندێ مژاری نێوخۆیی کە بە وردی تاوتوێ کران. بە گشتی سەفەر و دیداریێکی بەسوود و بەکەڵک بوو.

قادرخان توانی لە ناوچەی سەقز ئەرکەکانی خۆی وەک فەرماندەیەکی بەرپرسیار و دڵسۆز بەڕێوە بەرێت. ئەو دواتر بۆ ماوەیەک بوو بە فەرماندەی هێزی دیواندەرە و پاشان وەک بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی سەقز درێژەی بە کاری سیاسی دا هەتا ئەو کاتەی دەفتەری سیاسیی حیزب گواستیەوە بۆ قەندیل ئیتر لەوێ وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی سیاسی دەستبەکار بوو. دوای ماوەیەک ئەرک و کار ئاڵوگۆڕی پێکرا و چووە نێو کۆمیسیۆنی بەشی کۆمەڵایەتی.

هاوینی ١٩٩٤ لە سەفەرێکی باشووری کوردستاندا

دیدەنییەکی هـاوڕێیـانی حیزبم لە چیـای قەنـدیـل کرد. ئەو ماوەیە لە قەندیل زۆربەی کات دەچوومە خزمەت قادرخان. ئەو چەند ڕۆژە لەوێ بووم هەموو ڕۆژێک لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەر تۆپ ئەدراین. ژیان لە دانیشـتوانی ئەو ناوچانە تاڵ ببوو. ڕۆژێک بە کاک قادرم گوت برا، تۆ بەشـی خۆت خزمەتت بە کورد و کوردستان کردووە، ئێستا لە تەمەنێکدای کە دەبێ زیاتر ئاگات لە تەندروستیی خۆت بێ و لە دۆخێکی شـیاوتردا ژیان بەسـەر بەریت. ئەوەی ئاگادار بم حیزب بۆ کەسـانی وەک جەنابت ئاسـانکاری ئەکات بۆ چوونە دەرەوە بۆ وەڵاتێکی پەنادەری ڕۆژاوایی. لە وەڵامدا فەرمووی من ئاگاداری ئەوە هەم بەڵام کاک ڕەشـید، من بڕیارم داوە بۆ یەک ڕۆژیش هاوڕێیانی ئێرە بەجێ نەهێڵم و سـەنگەر چۆڵ نەکەم. وتم کاکە گیان، لە هەندەرانیش ئەتوانرێ سـەنگەرێکی بەهێز لە دژی داگیرکەر هەبێ و لە خەبات و تێکۆشـاندا بەردەوام بین، بەتایبەت کە ئێسـتا هیچ جۆرە چالاکییەکی چەکداریمان نەماوە، خەباتی سـیاسـی و مەدەنی لە هەموو شـوێنێکەوە دەکرێ بەتـایبەت لە وەڵاتـانی دێموکراتی ئەوروپادا. کاک قادر لە وەڵامدا گوتی هاوڕێم، حورمەت بۆ ئێوە و هەموو ئەو کەسانەی لە دەرەوەن، من بە هیچ شێوە خەبات و تێکۆشانی هاوڕێیانی دەرەوە بە کەم ناگرەم، بەڵکو زۆریش بەرزی دەنرخێنم و بە سـەنگەرێکی گەورەی گەلەکەمانی دەزانم بەڵام من وەک خۆم وای بە پەسند دەزانم لە نێو کۆڕی یاران و نزیکی سـەرکردایەتی بم و هەتا ماوم لێرە و لە هەر شـوێنێکی دیکە بن لەگەڵیان بم هەرچەند گوزەرانەکەش سـەخت و ناهەموار بێ. ئیتر ئەم وتانەی

قادرخان هیچی بۆ من نەهێشتەوە جگە لەوەی بڵێم مەردی مەیدان و خەبات و تێکۆشانی.
شایانی باسە ئەو بەڵێنی خۆی بە ئەنجام گەیاند و هەتا دوایین ڕۆژانی ژیانی لە نێو کۆڕی یارانیدا مایەوە و هەر لەوێ و لە سەر خاکی کوردستان کۆچی دوایی کرد. ڕۆحی شاد و یادی هەمیشە بەخێر.
سپاس بۆ گوێگرتنتان
ستۆکهۆڵم  سوید ٢٥/١٠/٢٠٠٨

ئەمەش دەقی ئەو وتانەیە کە لە بیستەمین ساڵوەگەڕی شەهیدبوونی هاوڕێ سەید ڕەسووڵی دیهقان ناسراو بە سەید ڕەسووڵی بابی گەورە، لە شاری ڤێستێرۆس پێشکەش بە کۆڕەکەم کرد:
سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تاراوگەوە هاتبۆوە نێو خاک و خەڵکی خۆی، ناوی سەید ڕەسووڵی بابی گەورە وەک تێکۆشەر و نیشتمانپەروەرێکی بەتوانا لە هەموو شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەهاتە بەر گوێی خەڵک و جەماوەر. لە هەر شوێنێک یاخیبوویەک یان کەسێکی دژەشۆڕش هەبوایە بە فەرمانی حیزب و بە ئازایەتیی و فەرماندەیی سەید ڕەسووڵ دەسبەسەر دەکرا و ملکەچی دادگای شۆڕش دەکرا.
هەر زوو  لە گەشەکردنی پێشمەرگە و شۆڕشەوە سەید ڕەسووڵ توانی لە کۆنگرەکانی چوار و دواتر پێنجدا دەنگی متمانەی ئەندامان بەدەست بهێنێت و ببێتە ئەندامی کۆمیتەی

ناوەندیی حیزب. ئەو وەک کادرێکی بلیمەت و بەتوانا هەم لە بەشــی نیزامی و هەم لە بەشــی ســیاســیدا چالاک و دڵســۆز ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆی ڕادەپەڕاند. سەید ڕەسووڵ تەنیا ســـیاســـییەکی کارامە نەبوو، بەڵکو لە خەباتی شـــاخ و چەکداریشدا بەئەزموون بوو. خۆشەویستی گەل و جەماوەر، بەتایبەت پێشمەرگە بوو. بە پێچەوانەی بەشێک لە هاوڕێیانی، بیرێکی نەتەوەیی هەبوو و توانایی خۆی لەو پێناوەدا تەرخان کردبوو.

هاوینی ١٣٥٨ی هەتاوی بە ســەردانێکی ســیاســی نیزامی هات بۆ بانە. ئەودەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەی هێزی شــەهید ئاوارە لە پیرانشــار بوو. منیش فەرماندەی هێز بووم لە بانە. ئەم ســەردانەی ســەید ڕەســووڵم بۆ بانە زۆر پێخۆش بوو. زووتر دووراودوور و لە کۆنگرەکاندا یەکترمان بینیبوو. لەم ســەردانەی بانەیدا توانیم کەســایەتیی ســەید ڕەسـووڵ باشـتر بناسـم. دوای یەک دوو ڕۆژان مانەوەی لە بانە پێکەوە جەولەیەکی ســـیاســـی نیزامیمان بۆ ماوەی حەوتوویەک بەرەو ناوچەی سەرشیوی سەقز ساز کرد. لەم سەفەرە هاوبەشەدا توانیم کەڵکی باش لە ئەزموونە سیاسیی و نیزامییەکـانی ســـەید ڕەســـووڵ وەرگرم. لە زۆربەی مزگەوتەکان قسەی بۆ خەڵکی گوندەکان دەکرد و خەڵکی لەو زوڵم و زۆرە ئـاگـادار دەکردەوە کە بە درێژایی مێژوو لە گەلی کورد کراوە. هەروەهـا ئـامـانجی حیزبی دێموکرات و شێوازی خەباتەکەی بۆ خەڵکی ڕوون دەکردەوە.

لێرەدا بیرەوەرییەکی تایبەت لەو ســـەفەرە باس دەکەم. ڕۆژێک لە گوندی بیراندەرە کە سەر بە ناوچەی سەرشیوی

سـەقزە کاک سـەید ڕەسـووڵ گوتی با نیشـانەیەک داکەین. ناردمان لەوبەری ئاواییەوە لە سەر گردێک بوتڵێکی شووشە و هێلکەیەکمان داکرد. خەڵکێکی زۆریش بەشداری ئەم نیشانە شـکاندنە بوون. بە هۆی دووری نیشـانەکان دوای فیشـەک تێگرتنێکی زۆری بەشـداران هێشـتا نیشـانەکان نەشـکان و بە سـاخی مانەوە. نۆبە گەیشـتە سـەر سـەید ڕەسـووڵ. دوای چەند فیشەکێک شووشەی شکاند بەڵام هێلکەی لێ یاخی بوو و نەیدەهەنگاوت. وتم کاک ڕەسـووڵ نۆبەمە. نازانم شـانس بوو چی بوو ڕێکەوت یەکەم فیشـەک هێلکەم شـکاند. سـەید ڕەسـووڵ دەسـتخۆشـانەی پێ گوتم و بە پێکەنینەوە گوتی ئەوە قەبـوڵ نـیـیە، یەکەم فـیشـــەک ڕێـکەوتە. دوبـارە دایدەکەینەوە، ئەم جارە یەکەم فیشـــەک شـــکاندت ئەوە حیسـابە. گوتم کاک ڕەسـووڵ لێم گەڕێ، بۆم ڕێکەوت، لێم تێک مەدە. جەولەی دووقۆڵیمان کۆتایی پێهات و کاک سـەید ڕەسووڵیش گەڕایەوە ناوچەی خۆیان.

هەر لێرەدا ئاماژە بە دیدارێکی دیکەی سـەید ڕەسـووڵ دەکەم. سـاڵی ١٣٦٠ی هەتاوی گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی سـیاسـییمدا هـاتە ئـاراوە و بۆ درێژەدان بە ئەرکی پێشـمەرگایەتی چوومە پیرانشـار. وەک جێگری فەرماندەی هێز لە نزیک سـەید ڕەسـووڵەوە دەسـتم بە کار کرد. لێرەدا کات مەودا نادا لە کەسـایەتیی و لێهاتوویی ئەو پیاوە بدوێم، دەنا دەیان بیرەوەییم لە قسـە بەنرخەکانی هەیە کە هیوادارم لە نووسـینەوەی بیرەوەرییەکانمدا پێشـکەشـتانی بکەم. دوای ماوەیەک ئەرکی پێشمەرگایەتی لە پیرانشار نەمام و هاتمەوە ناوچەی بانە و دوبارە لە سـەید ڕەسـووڵ دوور کەوتمەوە.

ئەم جارەیان کە بە دیداری شاد بوومەوە ساڵی ١٩٨٥ بوو لە سـلێمانی. بەڵام دیسـان بە هۆی هاتنم بۆ سـوێد ئیتر نەمبینییەوە تا لە سـاڵی ١٩٨٨دا بەداخەوە بە شـێوەیەکی گوماناوی کە لانیکەم بۆ من ڕوون نەبوو لە سلێمانی لە ماڵی خۆیدا تیرور کرا. هەزاران درود و سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی.

یادی هەردەم زیندوو.

ڕەشید ئەحمەدی ڤێستێرۆس ٢٠٠٨/١/١٢

بە نووسـینەوەی ئەم وتارەی سـەرەوە کە لە سـاڵیادی شـەهیدبوونی سـەید ڕەسـووڵی بابی گەورەدا خوێندمەوە کۆتایی بە بەشی دووەم و کۆتایی بیرەوەرییەکانم دێنم.

## ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی بەرگی یەکەم

لێرەدا تەنیا چەند ڕاسـتکردنەوەیەک لە بەشـی یەکەمی بیرەوەییەکانم و نامەی چەند بەڕێز و خۆشـەویسـتێک کە لەسەر بەشی یەکەمی پێم گەیشتوون دەخەمە ڕوو. پڕ بە دڵ سـوپاسـی ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە بە تامەزرۆییەوە بەشـی یەکەمی بیرەوەرییەکـانمیـان خوێنـدۆتەوە و لە دوور و نزیکەوە بە نامە و تەلەفۆن تێبینی و بۆچوون و ڕەخنە و ڕاستکردنەوەیان لەسەر نێوەرۆکی کتێبەکە هەبووە.

لە ڕاسـتیدا ئەو هەسـتە پیرۆزەی خوێنەرەوەکان بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر دڵگەرم بم بە نووسـینەوەی بەشـی دووەم. هەروەها بە دڵ و گیان وەڵامی ئەو دۆست و هاوڕێ بەڕێزانەئەدەمەوە کە پرسـیاریان هەبووە و هەڵەکانیان بۆ

ڕاست کردوومەوە.

تێبینی: بۆ باشتر تێگەیشتن لە وەڵامی من بە خوێنەرەکان و ئاماژەی ئەوان بە هەڵەکان پێشنیار دەکەم بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانم لە بەردەستدا بێت و لە کاتی پێویستدا چاوی لێ بکرێت.

کاک کەریم بابایی لە نامەیەکدا دەنووسێ ئەم تێبینییانەم هەن:

یەکەم: لاپەڕەی ٨٩ دێڕی ١٩ هەتا ٢٣ لێک جیاوازن و یەک ناگرنەوە.

وەڵام: کاک کەریم، تکایە جارێکی دیکەش تماشای ئەو لاپە ڕانە بکەرەوە، لەبەر ئەوەی من هیچ ناتەبایەکەم تێدا نەدی.

دووەم: لە لاپەڕەی ١٨١دا باسی جۆرەکانی ڕاوە کەو کراوە بەڵام باسی جۆری ئاوەخۆرە یان کۆلیت و حەشارگە نەکراوە.

وەڵام: ئەو شێوە ڕاوە لای ئێمە کەمە یان نییە. لانیکەم من خۆم ئەو ڕاوەم نەکردووە بۆیە باسم نەکردووە.

سێیەم: لە لاپەڕەی ١٧٣دا باسی حەوزەکەی نەوسودم کردووە و کاک کەریم وەک خەڵکی ئەوێ و شارەزایی زۆرتر لە ناوچەکە وردتر لەم بارەوە بەم شێوەیە ڕوونکردنەوە ئەدات: حەوزەکە ناوی لارەیە. لە کانی شەمسی یەوە وەک سەرچاوە بە جۆگەدا بە درێژیی دوو تا سێ کیلۆمەتر ئاوی بۆ هاتووە. حەوزەکە دەسکردە و لە دوو لایەوە دوو ئاشی بەردینی لێیە کە بە ئاشی سەروخوار بەناوبانگە. زۆربەی باغاتی شاری نەوسوو بەو ئاوە ئاودێر ئەکرێن. ئەم حەوزە لە ڕابردوودا جێگەی جافر سوڵتان

سانەکانی هەورامانی لەهۆن بووە. هەورامان بەگشتی سێ بەشە؛ هەورامانی تەخت، لەهۆن و ژاوەڕۆ. لەهۆن پاوە و نەوسوو لەخۆ دەگرێ. هەورامانی تەخت دزلی و ژاوەڕۆ بووە. سوپاسی بێ پایانم بۆ کاک کەریم بابایی.

کاک ناسر فەیزوڵڵابەگی دوای دەستخۆشانە و دەربڕینی ڕەزامەندیی لە ڕاستی و بەکەڵکبوونی بیرەوەرییەکانم، ڕەخنەیەکی لەو بەشە هەیە کە باسی ڕاوەکەم کردووە. بە باوەڕی کاک ناسر ئەو بەشە هەر بەگشتی پێویستی بە نووسینەوەی نەبووە و بە بۆچوونی ئەو نرخی کتێبەکەی هێناوەتە خوارێ.

وەڵام: سەرەتا سوپاسی کاک ناسر ئەکەم کە دڵسۆزانە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە بیرەوەریەکانمی ڕوانیوە. بەڵام من بە باوەڕی خۆم باسکردنی شتی دیکەی جگە لە سیاسەت لە نووسینەوەی بیرەوەریدا وا دەکات تاموچێژێکی دیکە بدا بە خوێنەر و لە بیستنی بەردەوام ڕووداوی سیاسی لە خوێندنەوەی کتێبەکە بێزار نەبێت. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە بۆ خوێنەری کتێبەکەش گرنگە کە بزانێ کەسایەتیی ئەم بیرەوەرییانە جگە لە سیاسەت کاتی دیکەی ژیانی بە چییەوە خەریک بووە، چۆنی گوزەران کردووە و ژیانی تایبەتیی خۆی بە چییەوە تێپەڕاندووە. هاوکات ئەم بەشەی کتێبەکە کە لە ڕاوە کەو ئەدوێ، جێگەی ڕەزامەندیی زۆر خوێنەر بووە بۆ نمونە کاک عەزیز سەفەری دوای دەستخۆشانە لە کتێبەکە، ئەم بەشە، واتە ڕاوە کەوەکە تایبەت وەک "گوڵێک لە باخچەی کتێبەکەدا" وەسف دەکات. ئەوەش بەرچاوە کە لە نێو باخچەکاندا گوڵی ڕەنگاوڕەنگ

زۆرن. هەروەها مرۆڤەکان هەر یەک چەشـــنە گولێکیان پێ جوانە کە ئەوەش مافی خۆیانە. منیش هەر لەم سـۆنگەوە نە مویست کە نووسینەکانم هەمووی هەر سیاسەت بێت، بەڵکو بە پێویســتم زانی خوێنەران هەر یەک بە ویســت و تێبینی خۆیانەوە کتێبەکەیان لا پەسند بێت.

لە بیرم دێت ئەو سەردەمەی کە نەمران د. قاسملوو، کاک ئە حمەد تۆفیق و کاک قادر شەریف هاتبوون و لە ماڵی ئێمە لە گوندی کیوەڕۆ چاوەڕوانی هاتنی خاتوو نەسرین هاوسـەری د. قاســملوو لە تارانەوە بوون، بەردەوام باس و خواســی سیاسەت بوو. ڕۆژێک لە گەرمەی دەمەتەقێ و کۆبوونەوەدا نەمر قاســملوو دەســتی دایە ڕادیۆ و بە دوای گۆرانی و مۆسـیقادا گەڕا. گوتی ئاخر بۆ حەسـانەوەی مێشـکیش بێ دەبێ گوێ لە مۆســـیقـایەک بگرین. ئەمە بۆچوونی سیاسەتوانێکی گەورە بوو. تەنیا وەک نمونەیەک ئەمەم باس کرد کە ئەکرێ سیاسـەت ئاوێتەی بەشـەکانی دیکەی ژیانیش بکرێ. لەگەڵ ئەوەشـــدا هەر چەشـــنە بۆچوونێک لەســـەر نێوەرۆکی بیرەوەرییەکان بە خۆشـحاڵییەوە وەردەگرم و بە نیشانەی بەهێندگرتنی دەزانم.

کاکە ناسری بەڕێز و ئازیزم، لە کۆتایی قسەمدا حەزدەکەم ئەوەت بیر بێنمەوە ئەو ڕاوە کەوەی کە من باسم کردووە ئە گەڕێتەوە بۆ زیاتر لە شـەست سـاڵ پێش ئێسـتا کە لە وڵاتی من کوردســتان و بەگشــتی لە بەشــی زۆری دێهاتەکان باو بووە و بەشـێک بووە لە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵک.

سوپاسی بێ پایانم بۆ کاک ناسر فەیزوڵلابەگی.

کاک حەمید تەیموری لە ئیمێلێکی پڕ سۆز و هەستدا دوای

دەستخۆشانە و بەرزنرخاندنی بیرەوەرییەکانم چەند تێبینیی و پێشنیاری بۆ ناردووم. نووسیویەتی لە چەند بەشێکی نووسراوەکەدا کە بۆ ئەو زۆر ڕوون نەبووە، وردتر و ڕوونتر بمنووسیایە کە خوێنەر باشتر لێی تێ بگات.

وەڵام: ئەکرێ بێژم خوێندنەوەی بیرەوەری کە باس لە ڕابردوویەک ئەکا وەک خوێندنەوەی مێژوویەک وایە. خوێندنەوەی مێژوویش پێویستی بە شارەزایی و زانیاریی لەسەر نێوەرۆکی بابەتەکە لە لایەن خوێنەرەوە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر باسی چەند کەسێک بکرێ لە ناوچەیەک، بۆ ئەو خوێنەرە کە کەسەکان دەناسێ و هەروەها شارەزای باری جوغرافیای ناوچەکەیە ڕوونترە باسی چی کراوە هەتا بۆ ئەو خوێنەرەی کە نە کەسەکان دەناسی و نە شارەزای ناوچەکەیە. بۆیە دوور نییە ناوی دەیان کەسایەتی و ناوچەی جۆراوجۆرم هێنابێ کە بۆ زۆر خوێنەری هێژای وەک کاک حەمید نەناسراو بووبێتن کە ئەمە لە خۆیدا وا دەکا هەندێ بەشی بیرەوەرییەکە بۆ ئەو کەسانە هێندێک ناڕوون بێ.

هەروەها نێوەڕۆکی نووسینەکەم تێکڕا لە دوو بەش پێکدێ. بەشێک کە خۆم لە نزیکەوە لە نێو ڕووداوەکاندا بووم وەک ساڵەکانی ١٩٥٩ کە ئاوارەی باشوور بووم و لە "کومونی" سولێمانی نیشتەجێ بووم و دوایی کومون ئاشبەتاڵی کرد و هەر یەک بە لایەکدا پەرتوبڵاو بووین؛ هێندێک بەرەو ئەروپا و هێندێک بەرەو وڵات و خۆ ڕادەسکردنەوە. منیش یەک لەوانە چوومە گوندی مەروێ لە ئالانی سەر بە ناحیەی باسنێ لە قەزای چوارتا و چاوەڕوانی ڕۆژگار مامەوە بۆ گۆڕانێک. بە خۆشیەوە شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد و

مـنیش وەک کوردێکی ڕۆژهــەڵاتی و ئــەنـدامی حیزبی دێموکراتی کوردســـتانی ئێران تێیدا بەشـــدار بووم. ئەو بابەتانەی لەو ســـەردەمەدا لە بیرەوەرییرکانمدا هاتوون کە خۆم شـاهیدی عەینی بووم: کێشـەی د. قاسـملوو و ئەحمەد تۆفیق، ئالۆزیەکانی ناوخۆ، ژیانی ســاڵێک و چەند مانگ لە کومون، دواتر تێکەڵبوونم بە شـۆڕشـی ئەیلول، دروستبوونی "مەلایی و جەلالی"، شـەڕی ئەو دوو بەرەیە، چوونی جەلالیە کان بۆ ئێران، ڕێکەوتنی شـۆڕشـی ئەیلول لەگەڵ سـازمانی ئە منیەتی ئێران، گوشاری شۆڕشی ئەیلول بۆ سەر کوردەکانی ڕۆژهەلات و بڵاوە پێکردنیان، بەشـێکیش ڕادەسـتبوونەوەی ئێران، کە من خۆم یەکیک بووم لەوان.

کاکە حەمید، هەتا ڕادەســتبوونەوەم بە ئێران کە خۆم لە نزیکەوە بووم و ئاگاداری جموجووڵەکان بووم، ئەتوانم عە رزت بکـەم کـە بـە ئـەمـانـەت و ڕاســـتییـەوە ئـەوەی لـە بیرەوەرییەکانمدا نووسیومە مێژوویەکی ڕاست و دروستە و دڵنیات ئەکەم ئەتوانی بە دڵنیاییەوە پشـتی پێ ببەسـتی. لە دوای سالانێک کە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا دەستی پێکرد و ســـەرلەنوێ حیزب و پێشـــمەرگە ئەم جارەیان لە نێوخۆی وڵات کەوتەوە گیان و بووژایەوە، منیش بۆ جاری دووەم لەگەڵ حیزب و هاوڕێیان وەک پێشـــمەرگەیەک بە شــداری شــۆڕش بوومەوە. بۆیە ئەکرێ بڵێم بەشــێک لەو گێڕانەوانە و ڕووداوانە کە من خۆم ڕاســـتەوخۆ تێیـانـدا نەبووم و لە ئەم و ئەوم بیستووە، ناڕوونی تێدا بێت.

لە خاڵێکی دیکەدا کاک حەمید نووســیویە هێندێ شــوێنی کتێبەکەپچڕ پچڕە کە خوێنەر پەرت ئەکات و باســـەکەی ئە

پچڕێت. نمونەی قادر شـــەریفی هێناوەتەوە کە لە شــوێنێکدا باسـی دەکەم و نووسـیومە لە شـوێنێکی دیکەدا ئەو ڕووداوە باشتر ڕوون ئەکەمەوە. دیارە نەک قادر شەریف بەڵکو لەسەر زۆر بابەتی دیکە بەو شێوەیەم کردووە. ئەمە بە ئاگادارییە کراوە لەبەر ئەوەی چۆنیەتیی ڕووداوەکە و ڕێکەوت و کاتی گـێـڕانەوەکە ئەوە دەخـوازێ کە ئـاوهـا بـێ، نەک لەبەر لەبیرچوون یان تێکەڵوپێکەڵی. سـوپاســی بێ پایانم بۆ کاک حەمید تەیموری.

کــاک ئەحـمەد کــاکەمەمی زۆر "تـیـنوو و تــامەزرۆ بە خوێندنەوەی بەسـەرهات و بیرەوەرییەکانم" چەند تێبینییەکی لە چوارچێوەی ڕەخنە و بۆچوون و پێشـنیاردا بۆ ناردووم کە بتوانم لە بەشـــی دووەمی بیرەوەرییەکانمدا کەڵکیان لێ وەرگرم. بە بۆچوونی کاک ئەحمەد دەبوو پێڕســـت یان سەردێڕی زۆرتر تێدا بایە. بۆ نمونە لە بەشێکی کتێبەکەدا لە درێژایی ٣٨ لاپەڕەدا تەنیا یەک پێڕست هەیە. نێوەڕۆکی ئەم ســی و هەشــت لاپەڕەیە باس لە ناکۆکیی نێوان بارزانی و سـەرکردایەتییەکەی دەکات کە بەم سـەردێڕە دەستپێدەکات: "گرژی نێوان بارزانی و مەکتەبی سیاسی". دوا بە دوای ئەم باســـەدا کۆمەڵێک بابەتی دیکە دێن کە بە بۆچوونی کاک ئەحمەد هەڵگری چەندین پێڕستی دیکە بوون.

وەڵام: کاک ئەحمەدی هێژا، سوپاسی وردبینی و تێڕوانینت دەکەم. منیش پێم وایە هەر یەک لەو بـابەتـانە ئەگەرچی کورتیش بووبێتن بەڵام پێویســتییان بە ســەردێڕی خۆیان هەبووە بەڵام لە ڕاستیدا من یەکەم نووسینم بوو لە شێوەی کتێب. بێگومان ناکرێت بێ کەموکووڕی نەبێ. لە بەشـــی

دووەمی بیرەوەرییەکانمدا هەوڵم داوە زیاتر لە بەرچاوی بگرم.
خاڵێکی گرنگی دیکە کە کاک ئەحمەد سەرنجی بۆی چووە ناو یان پێناسەی حیزبە. من لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا نووسیومە "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"، لە کاتێکدا حیزب لە زەمانی کۆماردا و هەتا سەردەمی ئەحمەد تۆفیق و کۆنگرەی چوار حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. ئیتر لەم کۆنگرەیە بەدواوە گۆڕا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دەبوو وردتر بیرم لەم ڕاستییە بکردایەوە بەڵام بە هۆی ئەوەی لەم نزیک بە چل ساڵەی دواییدا بەردەوام ئەم پاشناوەی ئێرانی لەگەڵ گوتراوە، منیش بەوە ڕاهاتبووم و هەر بەو شێوەیەش نووسیومەتەوە. دواتر کە کتێبەکەم لە ژێر چاپدا بوو بیرم بۆ ئەم هەڵەیە چوو، بەڵام ئیتر درەنگ ببوو.
کاک ئەحمەد وەک نووسەر و مرۆڤێکی دڵسۆز و خاوەن هەستیش نەیویستبوو تەنیا بەو چەند تێبینییەوە بوەستێ بەڵکو بۆچوونی خۆیشی لەسەر بیرەوەرییرکانم و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی نێوەرۆکی گێڕانەوەکانم لە ئینتەرنێتدا دەخاتە بەر چاوی خوێنەری کورد و لە ماڵپەڕی "پێشمەرگەکان"دا بڵاوی دەکاتەوە. سوپاسی بێ پایانم بۆ کاک ئەحمەد کاکەمەمی.
ئەمە دەقی نووسینەکەی کاک ئەحمەد کە لە سایتی پێشمەرگەکان وەرگیراوە:
ماوەی ٢٠ ساڵێکە لە دەربەدەری بیرەوەری نووسین بۆتە باوی مرۆڤی سیاسی کورد. جا هەر کەسەی بە بیانوێک و بە مەبەستێک، سواری پشتی پێنووسی ئەسپی کوێتی بەستە

زمان بووە و ڕێگای سپیان بە شوێنی ڕەش ڕشاندووە، شە لاڵی ئارەقی ڕەش و شینیان کردووە و بوونەتە تەقڵەکوتی مە یدانی خەباتی کوردایەتی. ئەوان بیرەورەیانە زۆریان بەیارن، بڕێکیان مایەی بەڵگەی نەیارن. چەندێکان دوور لە یارن. بیرە وەری یانی زەمان، زەمان یانی مێژوو، مێژوو یانی ژیان، ژیان یانی بوون، بوون یانی کەرامەت و ئازادیی مرۆڤ.

کاک ڕەشید خانی ئەحمەدی لە سنوورەکانی ٧٠ساڵیدا ئاوڕی داوەتەوە سەر ڕابردوو، خۆی دەکاتەوە مەحرەمی هە موو ڕاز و نهێنییەکانی خۆی و شۆڕشی گەلەکەی.بەشی یەکە می کتێبی کاک ڕەشید مێژوویەکی ڕاستەقینەیەلە جووڵانەوە نهێنییەکانی حیزبی دێموکرات و نەخش و ڕەوڵی کادر و ڕێبە رانی ئەم حیزبەبە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان بەتایبە تی لە ناوچەی بانە و سنوورەکانی ئەم مەڵبەندە لەسەر پێوە ندیی ئەم حیزبە و هەڵسوکەوتی سەرۆکی شۆڕشی کوردستان و مەکتەبی سیاسی و دوایی پارتی و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و حکومەتی عێراق، بۆ کەسێکی بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێت سەرچاوەیەکی بەهێزە.

کاک ڕەشید لە بیرەوەرییەکانیدا تەنانەت چاوپۆشی لە کە موکووڕییەکانی خۆیشی ناکات. هەر ئەوە کتێبی کاک ڕەشید لە ڕیزی بیرەورەیی خۆناسینی جیا دەکاتەوە و ئازایەتی و ڕاستگۆیی و حورمەتی قەڵەم دەپارێزێت. هەر بۆیە بۆ من جێگای بڕوایە کە چاوی لە کەموکووڕیی سەرۆک و سەردار و خان و هەژارانیشی نەپۆشیوە و چی بینیوە و لە بیری ماوە نووسیویەتی. بەشی یەکەمی کتێبی کاک ڕەشید واقیعە نیگارییەکی ڕیئالیستانەیە لە زەمان لە سەرەتای شۆڕشی گە

لانی ئێران و ڕوخانی ریژیمی پاشــایەتی و دامەزران و ســە قامگیربوونی دامودەزگای سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی لە بانە.

کاک ڕەشیدی پێشمەرگە دەستت ئەگرێت و ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان و گوند بە گوندی بانە و ناوچە، سەنگەر بە ســـەنگەر دەتگێڕێت و دەتکاتە هاوخەباتی هەموو کوردێکی تێکۆشەر و هاوسەنگەری هەموو پێشمەرگەیەکی قارەمان و فیداکاری نەتەوەکەی. دەتکاتە نازری جینایات و بێبەزەیی بزە کاران و شەریکی هەموو سەرکەوتنەکان و شکان و شین و خەم و شــادییەکانی گەلەبەشــخوراوەکەی. هەروەها دەتباتە کۆبوونەوەکانی سیاسـی و گەلێک هەڵویسـتی کاڵ و کرچ و بەجێ و نابەجێی سەرۆک و سەردار و ڕێبەرانی سیاسەتت بۆ دەخاتە ڕوو.

کتێبی کاک ڕەشــید پڕە لە خاڵی ســەرنجڕاکێشــی وردی مێژوویی و شـاراوە، گەلێک شـتی نەگوتراوە دەتخاتە خانەی گوتراوانەوە، گەلێک پرسـیارت دەخاتە بەر چاو، زۆر مەســە لانت بۆ هەڵدەدا و زۆر مەســـالانیشـــت لێ دادینێت کە بۆ بەدواکەتن و لێکۆڵینەوە دەبن. بە پێشنیاری من بە تایبەتی بۆ تەمەنی شۆڕش و تەمەنەکانی ئەم ٥٠ ساڵەخوێندنەوەی ئەم کتێبە پێویست و پڕ بایەخە.

ئەحمەد کاکەمەمی

کاک مەلا عەزیز ئەحمەدی خەڵکی ناوچەی سەردەشت تەلە فۆنی دەستخۆشانەی کتێبەکەی لێکردم. وەک خۆیان گوتیان چێژی لە کتێبەکەبینیوە و لە نێوەرۆک و ڕاستگۆیی کتێبەکە ڕازی بووە. هەروەها تێبینییەکی هەبوو و دەڵێت ئەو ســەردە

مەی کە من باسی مامۆستا هێمنم کردووە، ئەو کاتە ناوبراو لە بەغدا نەبووە.

کاتێ مامۆســـتا عەزیز ئەم تێبینییەی باس کرد کەوتمە دوودڵی، چونکە لە ڕاستیدا ئەوەی کە من لە بیرم بێت لەگەڵ جەماعەتێک میوانی مامۆســـتا هەژار بووین لە بەغدا، دوای دانیشـــتن و نان خواردن چووینە ســـەر بانی خانووەکەی. لەوێ چاوم بە تەختێکی خەو، لێفەیەکی لاســـووتاو لەگەڵ چە ند قتوی بەتاڵی بیرە و قونچکەســـیگارێکی زۆر لەو ناوە کەوت. ئەوەی کە بە بیرمدا هات لە کاتی ئەو نووسینەدا پێم وابوو مامۆســـتا هەژار گوتی ئەوە تەختی مامۆســـتا هێمنە. پێشم وابوو مامۆستا هێمن ئەو شەوە لەوێ بوو، بەڵام ئەوە ی کە ڕاســـتە ئەوەیە من بە هەر بیر و خەیاڵێک ئەوەم نووســیوە بۆخۆم بۆم ناچێتەوە ســەریەک. ئەوەی کە ڕاســتە قســەی مامۆســتا عەزیزە، چونکە دوایی بەڕێز کاک هاشــم کە ریمی خەڵکی شاری بانە و دانیشتووی ئێستای بریتانیا، هەر بەو شــێوەی باس کرد. لە ڕاســتکردنەوەی ئەو هەڵەیە پڕ بە دڵ سوپاسی مامۆستا عەزیز ئەکەم و ماڵیان ئاوا بێت.

کاک هاشــم کەریمی دوای دەســتخۆشــانەی نووســینەوەی بیرەوەرییەکانم تێبینییەکیشــی هەبوو. من لە نووســراوەکانمدا باســـی عەبدولوەهاب ئەتروشـــیم وەک نیشـــتمانپەروەرێک کردووە. کاک هاشـــم پێی وایە ناوبراو نەک نیشـــتمانپەروەر نییە بگرە بکوژی مەلا ڕەحیم وردی، ئەنـدامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و قادر شـەریف، کادری بەرچاوەی حیزبە و مرۆڤێکی خائینە.

وەڵام: من کاتێک باســـی نیشـــتمانپەروەریی ئەترووشـــییم

کردووه و لەو شـــوێنەدا نووســـیومە کە ناوبراو کاتێک ئەفسـەرێکی دەسـەڵاتداری عێراق بوو بەرپرسـی پۆلیسـی قەزای چوارتای سـەر بە پارێزگای سـلێمانی بوو وازی لە پۆست و دەسـەڵاتی خۆی هێنا و تێکەڵ بە شۆڕشی ئەیلول بوو و وەک فەرماندەیەکی ئازا و دڵسۆز لە بەرامبەر دەسـەڵاتی حکومـەتی بەعســدا ململانێ و خـەباتی کرد. ئەمە هەنگاوێکی نیشـتمانپەروەرانەیە. بەڵام دواتر کە شـۆڕشـی ئەیلول دۆستایەتی شـای ئێران دەکات و ئەترووشـیش وەک زۆربەی کاربەدەسـتانی شـۆڕش ئەو سـەردەمە ملکەچی ساواک دەبێ و دژ بە شۆڕشی کوردەکانی ڕۆژهەڵات کەڵکی لێ وەردەگیرێت و دەسـتی بە خوێنی ڕۆڵەکانی ئەو بەشـە سـوور دەبێ، ئیتر لێرەدا ناکرێ نیشـتمانپەروەر بێ، بەڵکو خـائینە. لە بەشـێک لە کتێبەکەدا ئەو کەسـانەم وەک بەکرێگیراوی تایبەتیی سـاواک ناو هێناون کە تەنانەت بە نهێنی و بەدزیی شـۆڕشـی ئەیلول ڕاسـتەوخۆ خۆیان بە ساواک فرۆشتبوو، نموونەی حسێنی برایم دەروێش تەسلیمی حکومەتی بەعس بۆوە کە دواتر لە بەرگی جاشیەتیدا شۆڕش بە سزای خۆی گەیاند. سوپاسی بێ پایانم بۆ کاک هاشم کەریمی.

کاک محەممەدئەمینی مەجیدیان وەک خۆی لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا گوتی زۆر بە تامەزرۆییەوە بیرەوەرییەکانمی خوێندۆتەوە؛ یەکەم بەهۆی "ڕەوانبوون" لە شێوازی نووسین و دەربڕینەکانمدا، دووەم "ڕاستگۆیی، سەداقەت، دڵسۆزی و نیشـتمانپەروەی" لە گێڕانەوەی بەسـەرهاتەکاندا. کاک محەممەدئەمین بەو هۆیەوە کە خۆی لە کۆمیتەی شارستانی

بانەدا بوو و لە زۆربەی قۆناغەکاندا هاوڕێی خەبات و هاوسەنگەر بووین و لە نزیکەوە ئاگای لە ڕووداوەکان بووە، تەواوی نووسراوەکانم چ لەسەر خۆم و چ لەسەر ئەو کەسانەی ناویان هاتووە، دەسەلمێنێ.

بە دوای ئەوەدا هەڵەیەکی بۆ ڕاست کردوومەوە کە بۆ خۆی شاهیدحاڵ بووە. کاتێ شەهید ئەحمەد تۆفیق هاتە سەر بنکەی مرانی دەستی بە سەر بنکەدا گرت و جەماعەتی چەک کرد. من نووسیومە ئەو کاتە بەرپرسی ئەو بنکەیە شەهید مە لا ئاوارە بووە. لە کاتێکدا بە قسەی کاک حەمەئەمین ئەو کاتە پێشمەرگەیەک بەرپرسی بنکە بووە. دیارە قسەی کاک حەمەئە مین ڕاستە، چونکە من ماوەیەک بوو بە هۆیەکەوە هاوکاریان نەبووم و لەوێ نەمابووم. بۆ زانینی زیاتر خوێنەر ئەتوانی لە لاپەڕەی ١٠٨ تا ١٢٣بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا بیخوێنێتەوە. لەوێ بە درێژیی باسم کردووە بۆچی وازم لە هاوکاری ئەو کۆمیتەیە هێناوە و هاتبوومەوەماڵی خۆم لە گوندی مەروێ و بێ لایەن بووم.

هەروەها بۆچی نووسیومە شەهید مەلا ئاوارە بەرپرسی بنکە بووە، چونکە ئێمە هەمیشە کۆمەڵێک پێشمەرگەمان لەو بنکە بووە. ئەوەی کە بە نۆبە وەک بەرپرسی بنکە ئەماینەوە میرزا عەبدوڵا، مەلا ئاوارە و من بووین. ئەو کاتە کە من لە وێ نەمابووم پێم وابوو دەبوو لەو دوو کەسە یەکیان لە بنکە بووبێت، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە لە کاک حەمەئەمینم بیست وەک شاهیدحاڵ کە میرزا عەبدوڵلا لە سلێمانی ئەبێت و ئە حمەد تۆفیق بە گیراوی لەگەڵ خۆی ئەیهێنێتەوە بۆ بنکەی مرانی. بەڵام ئیتر من وام فکر کردبۆوە کە میرزا عەبدوڵلا

لەویَ نەبووە و مەلا ئاوارە وەک بەرپرس لە بنکە بووبێت. بە ڵام لەوە دەچێت کە مەلا ئاوارەش بۆ سەردان چوبێتەوە بۆ ناوچەی سەردەشت و بە دوای خۆیدا ئەو پێشمەرگەی بە بە رپرسی بنکە دیاری کردبێت. سوپاسی بێ پایانم بۆ کاک محەممەدئەمینی مەجیدیان.

بەڕێز مامە قالە شۆڕش وێڕای دەستخۆشانە لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم، چەند تێبینییەکیشی هەبوون. مامە قالە ئەڵێ لەسەر داوای خۆت کە نووسیوتە ئەگەر کەسانێک کە پێوەندییان بە ڕووداوەکانی نێو بیرەوەرییەکانم هەیە و ناویان نەهاتووە، ئەکرێ بەپێی پێویست لە بەشی دووەمدا باسیان لێوە بکرێ، ئەوا من چەند خاڵێکت وەبیر دەهێنمەوە کە ئەکرێ پێی زیاد بکرێ. مامە قالە باسی ڕووداوێک ئەکات کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێراندا ڕووی داوە. لە سەفەرێکدا کە من لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێ کردوومە مامە قالەیش لەو سەفەرەدا بەشدار بووە بەڵام من ناوم نەهێناوە و چەند تێبینییەکی دیکەیش.

وەڵام: ئەو سەفەرەی مامە قالە باسی ئەکات، لێرەدا پێویست ناکات بچمەوە سەر وردەکارییەکانی، لەبەر ئەوەی لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکاندا بە وردی باسی کراوە. هێزێکی نزیک بە سەد کەس کە لەسەر داوای مامۆستا شێخ عێزەددین حوسێنی بەرپرسی شوڕای ئەو سەردەمی شاری مەهاباد لە شوڕای شاری بانە داوا کرابوو چووبووین بۆ هاوکاریی کوردەکان لە شاری نەغەدە کە بە هۆی کێشە و ناکۆکی شەڕ لە نێوانیاندا هەڵگیرسابوو. دیارە مامە قالەو دە یان شۆڕشگێڕی دیکەی خەڵکی شاری بانە و ناوچەکانی بە

شـــداری ئەو ســـەفەرە بوون. یەکەم، بۆچی ناوی کەســـم نەهێنـاوە، لەبەر ئەوەی بەشـــداران کە نزیـک بە ســـەد چەکدارێکی بانەیی ئەبوون، ســـەر بە ڕێکخراوێکی تایبەتی سیاسی چەکداری نەبوون. ڕێکخەرەکەی شورای شاری بانە بوو. لە لایەکی دیکەشـەوە نەدەکرا ناوی ئەو هەموو کەسـە بنووسـم و بە باوەڕی خۆم پێویسـتیش نەبوو. دووەم، مامە قالە ئەڵێت بۆ بەم چەکدارانەم نەگوتوە پێشمەرگە؟ هۆیەکەی هەر ئەوەیە ئەو کات وەک پێشمەرگە هیچ هێزێکمان نەبوو تە نیا ئەو هێزە کەئەویش هێزی شوڕای شار بوو کە هێشتا بە دەســەڵاتی تارانەوە گرێدرابوو کە نەدەبوو وەک پێشــمەرگە ناوی بهێنی بۆیە ناچار وەک هێزێکی نیشـتمانی چەکدار ناوم هێناوە.

ئەم بەشـەی بیرەوەرییەکانم سـاڵێک زیاترە تەواو بووە بە لام ئەم ڕۆژانە بەسەریدا چوومەوە بۆ ئەوەی ئامادەی چاپی بکەم بیرم لەوە کردەوە کە بەداخەوە مامە قالە لە ژیاندا نەماوە کە بەشـــی دووەمی بیرەوەرییەکانم ببینێت. هەزاران سڵاو لە ڕۆحی پاکی مامە قالە و یادی هەردەم زیندوو.

کاک ڕەشـــید ڕەحمانی لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا دوای دەســـتخۆشـــانە لە دەرچوونی بیرەوەرییەکـانم، چەنـد تێبینییەکیشـــی هەبوون و دواییش تێبینیەکانی بە ئیمێل بۆ ناردم. لە لاپەڕەی ٢٧٦دا لەسـەر داڕشـتنی هێز و ڕێکخسـتن ئاوا نووسـراوە: هەر پەلێک لە سێ دەستە پێکهاتووە و هەر دەســـتەش دە پێشـــمەرگەی هەیە، بـەڵام من پێم وایە پێچەوانەکەی ڕاستە، واتە هەر دەستەیەک لە سێ پەل پێکدێ.

لە وەڵامدا ئەڵێم قسـەی کاک ڕەشـید ڕەحمانی ڕاسـتە. کە

سێک خۆی فەرماندە هێز بووبێت و لە داڕشتنی ئەم قەوارەدا بڕیاردەر بووبێت نابێ هەڵەی ئاوا گەورە بکات. بەڵام وا دیارە لە کاتی ئەم نووسینەدا کە باسی قەوارەی هێز دەکەم بێ گومان پێنووس و هزرم پێکەوە تەبا نەبوون و هۆشم ئاڵۆز بووەو بە هەڵە نووسیومە. قسەی کاک ڕەشید ڕەحمانی ڕاستە.

لە بەشێکی کتێبەکەدا باسی شەڕی زەرواو و کەندەڵم کردووە. کاک ڕەشید ڕەحمانی بە شێوەیەکی دیکە لەم شەڕە دەدوێ. ئەو ئەڵێ بۆ پشتڕاستی و زیاتر دڵنیا بوونم لەگەڵ دوو هاوڕێی خۆم قسەم کرد و ئەوانیش بەم شێوەیە هاوڕا بوون: چەند پێشمەرگە ئەو شەوە لە گوندی زەرواو میوان دەبن. بوومەلێڵی بەیانی پێکەوە بەرەو یاکوباوا بەڕێ دەکەون. لە سێڕیانی بانە-چۆمان لە یەکەم دەستڕێژدا کە لێیان دەکرێ ساڵح باڵوولْ شەهید دەبێ. لە ئاواییەکانی دەوروبەر وەک کەندەڵ و ساڵووک پێشمەرگەی لێ دەبن و بەرەو شوێنی تەقەکە دێن و لەو پاسگایەوە تا سەری مەردکان شەڕ هەتا لای نیوەڕۆ درێژەی دەبێ. لەم شەڕەدا چەند پێشمەرگەی تریش شەهید دەبن. تا ئەو جێگەی من ئاگام لێیە تەنیا پێشمەرگەی دێموکراتی لێ دەبێ و پێشمەرگەی لایەنی دیکە لەو ناوە نین.

کاک ڕەشید رەحمانی ئەڵێ من خۆم وەک کەسێک کە بە شداری ئەو شەڕە بووم هەم پێشمەرگەی کۆمەڵەم بینی هەم پشمەرگەی سازمانی خەبات کە هەر یەک بەشێوەیەک لەو شەڕەدا بەشدار بوون. دیارە جەماعەتی پێشمەرگەی کۆمەڵە چالاکییەکی بەرچاویان نەبوو تا باسی بکەم بەڵام چەند

پێشـمەرگەیەکی سـازمان کە حزوری ڕاسـتەوخۆیان هەبوو بەتایبەت من خۆم کە کلاشینکۆفم پێبوو لە پەنامدا پێشمەرگە یەکی سـازمانی خەبات قەنناسـەیەکی پێبوو لێم وەرگرت و ماوەیەک بە چەکی ئەو برا پێشـــمەرگەیە تەقەم لە دوژمن کرد. دیارە ئەوان چەند پێشـــمەرگەیەک بوون. ئەگەر ئێمە پێشمەرگەی حیزب نەبووینایە ئەوان ڕەنگە خۆیان لەوهێرش و شـەرە نەدایە، بەڵام هەر چۆنێک بێت حزوریان هەبوو، هە روەک لە بەشـی یەکەمی بیرەوەرییرکانمدا باسـم کردووە. هە روەها بەشـداربوونی ئەوان بەو واتایە نییە کە لە ئازایەتی و قارەمانی پێشـمەرگەی حیزب کەم کاتەوە، بە دڵنیاییەوە هەر وەک لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا ڕوون کراوەتەوە سە رکەوتن و دەسـکەوتی ئەو شـەڕە بەرهەمی بریندار بوون و شەهید بوونی چەندین پێشمەرگەو سەرپەلی ئازای وەک محە مەدی مروەتی و سەردەستەعەلیە ڕەش و چالاکی و ئیرادەی پۆلایین و لەخۆبوردوویی پێشـــمەرگەکانی حیزب بوو دەنا دوژمن لەو شوێنە هەروا بە ئاسانی پاشەکشەی نەئەکرد.

کاک ڕەشـید ڕەحمانی باسـی بەشـێکی دیکە لە کتێبەکەدا دەکات: لە لاپەڕەی ٣٣٧دا باسـی عەلی مەمەد لەگەڵ کاک ڕەشیدی حەمەحاجی دەکرێ لە شەڕێکدا...

من ئاوام لەبیرە: لەو شـەڕەدا ڕەشـیدی حەمەحاجی بە برینداری بە دیل ئەگیرێ. ئێوارەی هەمـان ڕۆژ سـپـای پاسداران مەجیدی عەلی بەگی خواجامیر ڕادەسپێرێ بۆلای پێشـمەرگە بۆ گۆڕینەوەی. مەرجی پێشـمەرگە ئەوە دەبێ کە لە پێشدا کاک ڕەشید ڕادەست بکەن ئەوجا پێشمەرگە تەرمی کوژراوەکانی ڕێژیم ڕادەسـت دەکاتەوە. ڕێکەوتنەکە بەم

شێوەیە دەبێ؛ سەرەتا کاک ڕەشید ڕادەست بکرێت، پاشان تەرمەکان بنێردرێنەوە. کاک مەجید دەچێ کاک نەسەی برای بە بارمتە دادەنێ و کاک ڕەشید وەردەگرێ و لە کۆتاییدا تەرمەکانیش دەگەڕێنەوە.

وەڵام: لەو کاتەدا کە ئەو ڕێکەوتنە لە نێوان پێشمەرگە و ڕێژیمدا دەکرێ من لەوێ نەمابووم و بەرەو شارۆچکەی ڕەبەت کەوتبوومە ڕێگا چونکە من ئەو ڕۆژە بەرەو پیرانشار ئەڕۆیشتم. کاتێ گوێم لە یەکەم تەقە بوو گەیشبوومە نزیک گوندی کانی سێو. بە گوێبیستی تەقە ڕووم کردە بەرزاییە کانی کەندەڵ. دوای چەند کاتژمێر بەشداریم لەو شەڕەدا لە کۆتایی شەڕەکەدا فەرماندە هێزی ئەو کات کاک ئەحمەد نەستانی کە ماوەیەک بوو هاتبووە بانە گەیشتە شوێنی شەڕە کە و ئیتر من درێژەم بە ڕێگەم دا و لەوێ ڕۆیشتم. ئەوەی من نووسیومەتەوە لە پێشمەرگەکانم بیستووە کە دوایی بۆ پشوو لە پیرانشارەوە گەڕابوونەوە ناوچەی بانە و لە هاتنەوە یاندا بەو شێوەی بیستبوویان بۆیان گێڕاومەوە.

کاک ڕەشید ڕەحمانی ئاماژە بە خاڵێکی دیکە دەکا: لە لاپەڕەی ۳۳۵دا باسی ڕۆیشتنت بۆ ناوچەی پیرانشار دەکەی لەگەڵ پێنج پێشمەرگەدا و هەروەها تووشتان بە شەڕەکەی زەرواوەوە دەبێ و دواتر لە درێژەی ئەو بابەتەدا ناوی ئەو پێنج پێشمەرگە دەهێنی کە یەکیان شەهید حامیدی برامە. من لەبیرمە لەو سەفەرەدا شەهید حامید لەگەڵتان نییە.

وەڵام: پێش ئەوەی بێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت پێویستە ئەوەش ڕاست کەمەوە کە چوار پێشمەرگەی هاوڕێم لەگەڵ بوون نەک پێنج، ئەوجار بەو هۆیە کە ئەم چوار

پێشـــمەرگە بۆ هەموو شـــوێنێک هاوڕێم بوون، بەتایبەت شـــەهید حامید، هەر وام لە زەیندا بوو کە ئەویش لەگەڵم گە ڕابێتەوە بۆ پیرانشـــار. پێدەچێ شـــەهید حامید لەو کاتەدا بۆ هاوکاریی ئێوە کە ناوچەکەئاڵۆز بووە ویســـتبێتی ماوەیەکی زیاتر لە لاتان وەمێنێ. بەڕێزت کە ئاوا بە وردیی لەبیرتە دەبێ هەر وا بێ.

کاک ڕەشـید ڕەحمانی لە لاپەڕەی ٣٤١دا هەڵەیەکی دیکەی بۆ ڕاسـت کردووەمەتەوە. من ڕێکەوتی شـەهیدبوونی حامیدم بە هەڵە نووسیوە. دروستەکەی ٥/٢/١٩٨٣ یە. ڕۆحی شەهید حامید شـاد و یادی هەردەم بەخێر. سـوپاسـی بێ پایانم بۆ کاک ڕەشید ڕەحمانی.

سـوپاسـی هەموو ئەو هاوڕێ بەڕێزانەم ئەکەم دڵسـۆز و بەرپرسانە هەڵەکانیان بۆ دەسنیشان و ڕاست کردووەمەتەوە. ئەم کـارەتـان هـاندەرێک بوو بۆ هەرچی زیـاتر بە دڵێکی خۆشەوە بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانم بهێنمە سەر کاغەز.

لە دوایین لاپەڕەکانی ئەم بیرەوەرییەدا یادی کەســـێک دەکەمەوە کە هەموو ژیانی مایەی شـــانازی و ســـەربەرزی بووە بۆ من

تەمەنم نەگەیشتبووە پازدە ساڵان باوکم کۆچی دوایی کرد. دایکم و برایەکم و من ماینەوە. هەرچەند لە تەمەندا هێشـتا کوڕێکی مێرمنـداڵی کرچ و کـاڵ بووم بەڵام بەپێی نەریتی سـەردەم و ناوچە دەبوو وەک کوڕی گەورەی ماڵ جێی باب بگرمەوە و ژیانی هاوســـەرییش پێکەوە بنێم، بۆیە دایکم و هۆزەکەم داوایان لێکردم بیرێکی لێ بکەمەوە. خۆم ئەمزانی کە هێشـتا نە بۆ ژنهێنان ئامادەم نە بۆ جێگرتنەوەی باوکێک

کە نە تەنیا بەرپرسایەتی خێزانێکی لەسەر بوو بەڵکو گوندێکی گەورەی وەک کیوەڕۆی لە ژێر دەسەڵاتدا بوو کە دەبوو بەڕێوەی ببا و بە گشت پێداویستیی و گرفتەکانی ڕابگات. دیارە گوندی کیوەڕۆ بریتییە لە نۆ گوندی بچووک: کیوەڕۆ، ساڵە، هۆمەرەسیت، بەردەڕەش، سەرسووڵ، زەڵێ، چۆمان، ماڵتە و گڵەسوورە. باوکم کە ئاغای ئەم نۆ گوندانە بوو و ئێستا لە ژیاندا نەمابوو، دەبوو من جێگەی بگرمەوە و ئەو ڕۆڵی بەڕێوەبەرایەتییە بگرمە دەست.

دەبوو لە پێشدا ژن بهێنم. بۆ ئەو مەبەستە کەوتمە دێنیی و سەردانی خزمان و ئاشنایان لە گوند و ناوچەکانی دەوروبەر. یەکێک لەو شوێنانەی بۆی چووم گوندی سیچان بوو، ئەو شوێنەی لەوێ دڵم دا بە کچێک کە دواتر بوو بە هاوبەشی ژیانم. یەکەم جار لەوێ بوو نوسرەتم بینی. کچێکی باڵابەرز، جوان و خۆشڕەوشت کە هەر لە یەکەم بینینی دووراودووردا جێی خۆی لە دڵمدا کردەوە. ئیتر بەدوای ئەم دڵپێدانەدا درەنگم نەدا و چوومە خوازبێنی و بڕیاری زەماوەندمان دا. بەزمی داوەت و شایی بە بەشداریی تێکڕای خزمانی دوور و نزیک چەند ڕۆژێکی خایاند، کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە.

ماڵباتی نوسرەت و من لە بنەڕەتدا سەر بە یەک بنەماڵەن کە لە شار و ناوچەکانی بانەدا بڵاو بوونەتەوە و بە تایفەی ئەحمەدی ناسراون. لە دەستپێکی ژیانی هاوسەرییم لەگەڵ نوسرەتدا خولیای سیاسەتیش هاتە سەرمەوە و لە سەرەتاکانی ١٣٣٣ی هەتاوییەوە تێکەڵ بە خەباتی سیاسی بووم. دیارە کاری سیاسیی ئەو قۆناغەی من بە شێوەی

نهێنی بوو. تاکە هێزێکی سیاسیی کە لە گۆڕەپانی خەباتدا بوو حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، کە هێشتا پاشناوی ئێرانی پێوە نەلکابوو. تێکەڵ بە حیزب و ئاشنا بە هاوڕێیان بووم کە هاتوچووی ئەو ناوچەیان ئەکرد. شەهید قادر شەریف و جاروبار شەهید ئەحمەد تۆفیق دەهاتنە لام لە کیوەرۆ. ماڵەکەی من بە هۆی دەستڕۆیشتووییمان وەک بنەماڵەی ئاغاوات توانایی ئەوەمان هەبوو کە پارێزگاری لە کەلوپەلی حیزب بکەین و لە جێگەی شاراوەدا جێیان بکەینەوە بێ ئەوە نەیار هەست بە بوونیان بکات یان بدۆزرێنەوە. کەلوپەلەکان زۆر بوون، گرنگترینیان دەزگای چاپخانەی حیزب بوو کە بریتی بوو لە ئامێریکی نووسین (تایپ و رۆنیۆیەک).

شایانی باسە جگە لە نوسرەت کەسی دیکە لە هۆزەکەماندا بەم نهێنیکارییەی نەدەزانی. نوسرەت ئەم کارەی نە تەنیا بڵێم لەبەر من دەکرد بەڵکو خۆیشی بە دڵ و گیان بە هۆی خۆشەویستیی و لایەنگریی لە حیزب، ئاگاداریی لەم کەلوپەلانە دەکرد و دەیپاراستن. منیش بە هۆی ناسینێک کە لەسەری هەمبوو ئەمتوانی سەر و گیانی خۆم و کادرەکانی حیزبی پێ بسپێرم. تەنانەت ئەگەر لە ماڵیش نەبوومایە و سەفەری دوورم بکەوتایە بەر، لە قایمەکاریی و بەمشووریی نوسرەت بۆ کەرەسەکان دڵنیا بووم.

نوسرەت ژنێکی یەکجار بە ورە و بە باوەڕ بوو. ئەم تایبەتمەندییە لەودا کاری لە منیش کردبوو کە زیاتر لە جاران دڵخۆش و بەرپرسیار بم بە ژیان و بە خەبات. بە هۆی نەریتی کۆمەڵایەتیی سەردەم نەگونجاو بوو بۆ ئەو

ڕاســتەوخۆ وەکو پیاوان تێکەڵ بە شــۆڕش بێ، دەنا دڵنیام ئەگەر ئەم بەربەستە نەبوایە نوسرەت یەکێک دەبوو لە کادرە لێوەشــاوەکان کە ڕێوشــوێنی گەورەی دەبوو لە خەباتی حیزبەکەیدا. نوســرەت دۆخی ئەو خەباتە نهێنییەی بۆ من و کادرەکانی دیکە وەها ئاسان کردبۆوە کە لە نەبوونی ئێمە لە نزیک چاپخانەی حیزب تووشی هیچ دڵەڕاوکە و مەترسییەک نەدەبووین.

پێشــتر باسـی چوونم بۆ باشــووری کوردســتان و مانەوەم لەوێ بە هۆی شــۆڕشــەوە کردووە. ئەو ماوەیە کە نزیک بە ســێ ســاڵی خایاند نوســرەت زۆر بەرپرســیارانە ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵەکانی لە ئەستۆ بوو. ئەو نەیهێشت دووریی باوک کار لە هەســت و دەروونی ئەو ســێ منداڵە بکات، هەردەم بە باس و گێڕانەوە لە باوکیان وێنەی منی لە بیر و زەینی منداڵاندا وێنا کردبوو.

لە ســەرەتای ١٩٦٠ هەتا ١٩٦١ لە شــۆڕشــی ئەیلولدا بەشــداریم کرد. بە هۆی ئەم نزیکییە لە شــۆڕشــی ئەیلول هــاتمەوە نــاوچەی ئــالان و بــە یــارمــەتیی و هــاوکــاریی کۆچکردوو عــەبــدوڵڵا ئــاغــا لە گونــدی مەروێ دامەزرام. خزمەت و دڵســۆزیی ئەو گەورەپیاوە لە بیر ناکەم و جێی پێزانینە. ڕۆحی شاد و یادیان هەردەم بەخێر.

ماڵم پێکەوە نا و ناردم نوسـرەت و منداڵانیشـم هێنانە لای خۆم. لێرەیش نوسرەت سەرەڕای دووریم لەو سێ ساڵەدا بە دڵێکی فراوانەوە گەرموگوڕ لە پێکەوەنانی ئەم ژیانە نوێیەدا پشتیوان و یاریدەرم بوو. ئەو نەک تەنیا لە پێکەوەنانی ماڵ و حاڵدا یارمەتیی دام بەڵکو باری ڕۆحی و دەروونیشـمی بەرز

و پتەو کردەوە کە لەو ماوەدا بەهۆی سەختیی و دژواری ژیانەوە دابەزیبوو.

ئەو قۆناغەش تێپەڕ بوو. ژیانی تاراوگە کۆتایی پێهات و جارێکی دیکە هاتینەوە زێدی خۆمان بەڵام نەک ژیانێکی ئاسایی بەڵکو خرامە بەندیخانەی ساواکەوە لە شاری سنە. جارێکی دیکە نوسرەت قۆڵی لێ هەڵماڵی و ئەم جارە بە شەش منداڵەوە بە گژ نەهامەتییەکانی ڕۆژگاردا هاتەوە و لە نزیکی ماڵی دایکوباوکی خۆی و بە یارمەتیی ئەوان دەستی بە ژیانێکی ساکار کردەوە. دوای بەربوونم لە بەندیخانە ئەم جارەیان پێکەوە لە هەوراز و نشێوی ژیان ڕۆچووینەوە.

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩دا بەرپا بوو و زۆری نەخایاند گشت ناوچەکانی ئێرانی گرتەوە. گەلی کوردیش شانبەشانی شارەکانی دیکەی ئێران ڕژایە سەر شەقام و گۆڕەپانی خەباتەوە. لێرەشدا نوسرەتی تامەزرۆ بە خەبات و کوردایەتی ئیتر تەنیا ژنێکی ماڵدار نەبوو ئاگاداریی منداڵان بکات بەڵکو بەشداری ئەم شۆڕشە جەماوەرییە بوو و خۆی و منداڵەکانمان شانبەشانی هەزاران کچ و ژنی دیکەی شۆڕشگێڕی شاری بانە تێکەڵ بە خۆپیشاندانەکان ئەبوون و دروشمی ئازادییان بە گوێی داگیرکەردا ئەخوێند. زۆری نەبرد داگیرکەر ملی بۆ داوای جەماوەر شۆڕ کرد و تەختی دەسەڵاتی دایە گەل و خۆی قوتار کرد. ئیتر دەسەڵات و بەڕێوەبەریی شار و ناوچەکان کەوتە دەست خۆمان. لێرەدا کەسانی بەئەزموون لە شۆڕش و کاری سیاسیدا توانیان بەڕێوەبەریی دۆخەکە لە ئەستۆ بگرن کە من یەکێک بووم لەوان. تێکەڵ بوونم بەم جووڵانەوە نوێیە دڵخۆشکەرە کە

خەونی لەمێژینەی نەتەوەیەک بوو بۆ گەیشتن بە مافەکانی، پێویستی بە کاری زۆر بوو کە لە خۆیدا شەو و ڕۆژی بە خۆیەوە تەرخان کردبوو. بۆیە ئەکرێ بڵێم بە هۆی ئەم ئەرکە نوێیەوە کەمتر سەر ئەپەرژامە سەر کاری ماڵ و منداڵ. بەڵام نوسرەت ئەم بۆشاییەی منی وەک هەمیشە بە زۆرەوە پڕ کردبۆوە. ئەو جگە لە ئاگاداریی منداڵ و کاروباری مەدرەسە و دەرسودەوریان بەهۆی ئەم تێکەڵاوەتییەی من بەم شۆڕشە نوێیەوە ئەرکی بەڕێکردنی میوانێکی زۆریشی کەوتبووە سەر کە ئەکرێ بڵێم ڕۆژی بێ میوانمان نەبوو. لە ڕاستیدا ماڵ ببووە بنکەیەکی چەکداریی و میوانیش شۆڕشگێڕە چەکدارەکان بوو. لە تەواوی ئەم هەوراز و نشێوانەدا جارێک ڕووی گرژم لەم ژنە نەدی، جارێک بۆڵەیەکم لێ نەبیست لە کاتێکدا ئەمبینی زۆر ماندووە. بە پێچەوانەوە هەردەم پاڵپشت و هاوکار و هاندەرم بوو. بە دڵنیاییەوە ئەڵێم ئەو نەبوایە من بەو شێوەی کە بوو نەمدەتوانی کارەکانم ڕاپەڕێنم.

ئەم دۆخە دڵخۆشکەرە زۆری دەوام نەهێنا و کورد دیسانەوە بەرەو بندەستییەکی دیکە هەنگاوی دەنا. ڕێژیمی ئاخوندیی تازە بەسەر دەسەڵاتدا کەوتوو دوای خۆ جێگیر کردن شاڵاوی داگیرکاری و هێرشکردنی بۆ سەر شارە کوردەکان دەست پێکرد. دوای شەڕێکی خوێناوی و خۆڕاگری خەڵکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ، شاری بانەیش وەک هەموو شارەکانی دیکەی کوردستان کەوتەوە دەست ڕێژیم و ئێمەش جارێکی دیکە ژیانی شارمان گۆڕیەوە بە شاخ. لەم ژیانەی ئەم جارەشیان وەک هەمیشە نوسرەت بوو کە

دیسان شانی خسته ژێر کۆڵەکەی ماڵێکی دارماو، ئەم چەلەیان بە پێنج کچ و دوو کوڕەوە. نوسرەت بوو ئەم گوند بۆ ئەو گوند و نێو ئەشکەوت و ژێر کەپر و خێوەتان ئاگادارییی خێزانێکی گەورەی ئەکرد و بە هیوای دوارۆژێکی پڕشنگدار ژیانێکی سەربەرزانەی ئەبردە سەر. ماندوویی نەناسیی ئەو لە دوورەوە دڵگەرمیی بە منیش ئەدا زیاتر بەگژ زۆرداردا بچمەوە و کەمتر هەست بە ماندوویی بکەم.

زۆر جاران لە سەختییەکانی ژیان بۆی دەگێڕامەوە، بەڵام نەک وەک گلەیی لە ڕۆژگار یان لە من. بە پێکەنینەوە باسی هەزارپێ و دووپشکەکانی نێو خێوەتەکانی ئۆردوگای پێنجوێنی ئەکرد کە شەوانە تیشکی چراکە بەرەو خۆی ڕایدەکێشان و ئەویش لە ترسی ئەوەی بە منداڵەکانەوە نەدەن شەو هەتا بەیانی خەوی لە خۆی ئەتاراند و بە چراقوەیەکەوە کێشکی ڕۆڵەکانی ئەدا. درێژەدان بە خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ گشت نەهامەتییەکانی ژیان سەرچاوەی ئەو باوەڕە قاییم و پتەوە بوو کە نوسرەت هەیبوو کە ئەمە وای کردبوو بۆ تاقە جارێکیش گلە و گازەندەی لە ژیانی هاوبەش و بەختی خۆی نەبوو. بە پێچەوانەوە هەتا ئاڵۆزیی ژیان چڕتر دەبۆوە ورە و باوەڕی ئەو بە ڕێبازی خەبات پتەوتر دەبوو.

ئەو کاتە کە نوسرەت و منداڵەکان پەڕیوەی ئەودیوی کوردستان ببوون من فەرماندەی هێزی بانە بووم. دەفتەری سیاسیی حیزب بڕیاری دا تێکڕای ماڵومنداڵ و خێزانی پێشمەرگە بگەڕێنەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە. من گەڕامەوە لای نوسرەت و منداڵەکان لە شاری سلێمانی و

هەواڵەکەم بۆ گێڕانەوە. نوسـرەت لە بیسـتنی ئەم هەواڵە فرمێسـکی شـادیی کەوتە چـاوان. گوتی لە کۆخێکی دەوروبەری بانە و لای خۆمان بژین زۆر باشـترە لە ژیانی ئێرە، بەس نییە لە خاکی خۆماندابین و بە هەڵاتوو چاو لێ ناکرێین.

دیسـانەوە کۆچ و منزڵێکی کـاتیی دیکە. دوبـارە پێکەوەنانەوەی ماڵوحاڵێک لە سـەرەتاوە. هاتینەوە بانە و لە گەڕەکێکی شـار خانوویەکمان بە کرێ گرت. منداڵ لە نیوەی تێپەڕبووی سـاڵدا دەسـتیان بە خوێندن کردەوە. گەیشـتنە کۆتایی دەرسـی ئەو سـاڵە و دیسـان شـەڕ هەڵایسـاوە و لە دەوروبەری ئەنجامدانی تاقیکاریی کۆتایی سـاڵدا دوبارە لە شـار هـاتینەوە دەرێ. ئەم جارەیان لە گوندی چۆمـان گیرسـاینەوە. لە ڕاسـتیدا دیسـانەوە نوسـرەت بوو بە ماڵ و منـداڵ و بەڕێوەبەریی ژیـان ڕادەگەیشـت. من بە هۆی سـەرقاڵیی زۆری کاری پێشـمەرگایەتییەوە کەمتر ئەمتوانی بێمەوە ماڵ.

لەو ماوەدا حیزب بڕیاری دا فێرگەی سەرەتایی بۆ منداڵانی گوندەکان دامەزرێنێ. بۆ ئەو مەبەسـتە پێشـەکی دەورەیەکی بۆ مامۆسـتاکان لە گوندی ئاڵۆت کردەوە. دوای کۆتایی دەورەکە فێرگەکان کرانەوە و منداڵان خرانە بەر خوێندن. گەلاوێژ و پەخشانی کچم لەو دەورەدا بەشدار بوون و بوونە مامۆسـتا و دەرسـیان بە منداڵانی چۆمان ئەگوتەوە. بەم مامۆستایانە ئەگوترا مامۆستای شۆڕش. ئەم دەرفەتەش بۆ خزمەت بە گەل و ژیان لە زێدی خۆ دەوامی نەهێنا و دوبارە پەڕیوەی شـوێنان بووینەوە. لێرەشـدا نوسـرەت قۆڵی

بەرپرسیارەتی لێ هەڵماڵی و پێش ئەوەی چنگی دوژمن بگاتە سەریان منداڵانی هەڵگرت و وێڕای چەند بنەماڵەی دیکەی پێشمەرگە لە گەرمەی هێرشی دوژمندا دوور کەوتنەوە و لە دەشتی شاناخسێ سەر بە ناوچەی ئالانی سەر بە باشووری کوردستان بە شێوەی کاتیی چوونە نێو کەپرانەوە.

مەبەست لە گێڕانەوەی ئەم کۆچ و بارانە لێرەدا بە کورتی زیاتر ئەوەیە کە ڕۆڵ و نەقشی نوسرەت بخەمە ڕوو کە چەندە بەرپرسیار و کارزان و بەبڕیار و لێوەشاو بوو. ئەمە لە کاتێکدا ژیانی ئەو بە هۆی تێکەڵی من بە سیاسەت و شۆڕش پڕاوپڕ بوو لە هەوراز و نشێو و سەختیی ژیان، قەت گلەیی نەبوو، هەرگیز نێوچاوانێکی گرژم لێ نەبینی، بەڵکو ئەوە ئەو بوو هەمیشە بە هاندانەکانی دڵی منی زیاتر گەرم ئەکرد بە شۆڕش و خەبات. ئاخر ئەو خۆی باوەڕی بەو ڕێبازە هەبوو، بۆ ئەو ئاواتە، کە ئازادیی وەڵاتەکەی بوو، تێدەکۆشا. بەڵام تێکۆشانی ئەو لە شکڵێکی دیکەدا بوو. لە ڕاستیدا ئەو کار و ئەرکانەی کە ئێمە هەردووکمان لێی هاوبەش بووین، دابەشمان کردبوون. ئیتر هەر یەک لە ئێمە بە دڵنیاییەوە ئەرکی خۆمان ڕادەپەڕاند.

ئەم شێوە لە ژیان ڕەوتی خۆی دەپێوا. لە گوزەری ئەم ژیانەدا هەتا گەیشتینە وڵاتی سوێد چەندین جاری دیکە بەسەر تێکدان و دیسانەوە پێکەوەنانی ماڵوحاڵدا تێپەڕ بووین و هەموو جارێکیش وەک هەمیشە نوسرەت بوو لە شان ژێرنانی بەرپرسایەتیی ئەم کۆچ و بارانە. ئاخر من هێشتا بە هۆێ تێکەڵاویم بە شۆڕش و خەبات لە ماڵ و خێزان دوور دەکەوتمەوە و بە کەمی ڕێم دەکەوتە لایان. بەڵام کاتێک هاتینە سوێد و وردەوردە خەریک بوو بەسەر ژیانێکی ئارام و سەقامگیردا دەکەوتین بەداخەوە نەخۆشی تەندروستیی نوسرەتیان بەرەو خراپ بوون دەبرد.

هەرچەند نوسرەت زۆر باش بەگژ ئەم نەخۆشییانەدا دەچۆوە و بە شـێوەی جۆراوجۆر لە بواری وەرزش و ژمناسـتیکەوە ئـاگـاداریی لە خۆی دەکرد بەڵام دیسـانەوە هیچ لەگەڵ ناخۆشییەکانی سروشتدا ناکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە هەڵکشانی تەمەنیش لە جێی خۆی، تەنانەت ئەگەر لەشـیش سـاخ بێ دیسـانەوە مرۆڤ لە ڕۆژانی کۆتایی خۆی نزیک دەکاتەوە. ئەوە بوو لە بەرەبەیـانی ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٢دا دوای چەنـد ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی شاری ڤێسترۆس دڵی گەورەی لە لێدان کەوت و بەجێی هێشتین. نوسرەت ئەو تاکە ژنە بوو لە ژیانمدا کە خۆشـەویسـتیی، لێبوردوویی، هیوا بە ژیان و گەشـبینی بە داهاتووی فێری من کرد. هەزاران سـڵاو لە ڕۆحی پاکی ئەو گەورە ژنە.



کۆمەڵێک لە کادر و ئەندامانی حیزب لە شاری سلێمانی ساڵی ١٩٦٠. لە بابەت ئەو کاتە کە لە سـلێمانی بووین، لە بەشـی یەکەمی بیرەوەییەکانمدا بە درێژی نووسـیومە. لە ڕاسـتەوە ڕەشـید فەلاحی ناسـراو بە ڕەشـە قاچاخچی، سـلێمان موعێنی، قادرئاغای چوارگا، ئەحمەد

تۆفیق، سێ کەسی دواییم لەبیر نایات و دوایین کەس لە چەپەوە خۆم



ئەم وێنەیەم لە سایتی شەهیدانی وێردی دەرهێناوە. شەهیدانی وێردی ناوی هێزی پێشمەرگەی حیزب لە بانە بوو کە ئەوکات من بەرسی بووم. ئەم وێنەیە خۆپیشاندانێکە لە شاری بانە



مەجید خان ئەحمەدی، باوکم. ئەم وێنەیە لە وێنەگرییەک لە بانە گیراوە. ئەو سەردەمە لە وێنەگرییەکان کۆمەڵێک کەلوپەل دادەندران کە مشتەری لە کاتی وێنەگرتندا وەک شتێکی ڕازاوە کە وێنەکەی پێ جوانتر بێت بەکار بهێنێت. ئەو فیشەکدانە کە باوکم لە وێنەکەدا

بەستوویەتی یەکێک لەو شتانە بووە



سەلیم خان ئەحمەدی، مامم. سەلیم خان وێڕای حەسەن خانی نەمەشیر لە ساڵی ١٣١٩دا لەلایەن حکومەتی سەردەمەوە بە تاوانی هەوڵدان بۆ دەسەڵاتی خۆجێیی لە زێدی خۆیان دوور دەخرێنەوە. لە بەشی یەکەم بیرەوەرییەکانمدا لەم بارەیەوە نووسیومە



دایکم تەلیعە ئەحمەدی و خۆم. ئەم وێنەیە لە سوێد گیراوە، ئەو کاتەی دایکم بۆ سەردانمان هات و ئیتر دوایین دیدارمان بوو



نوسرەت ئەحمەدی هاوسەرم و خۆم لە سوێد



نوسرەت و منداڵەکانم مەهاباد و گەلاوێژ



دایکم، نوسرەت و نەسرینی کچم، ڕیزی پێشەوە ژاڵە، مەجید و شیرینی برازام



کچەکانم نەسرین، گەلاوێژ، پەخشان، گوڵاڵە. بەختیاری کوڕم و نوسرەت لە ڕیزی پشتەوە



ن


وسرەت و منداڵەکانم نەسرین، بەختیار، ژاڵە، پەخشان، مەجید و گوڵاڵە



کچی گەورەم مەهاباد و گوڵاڵە



وێنەی سەیرانێک لە بەرزاییەکانی نەوسو کە لە
بیرەوەرییەکانمدا لەسەری نووسیمە لەگەڵ هاورێیان جەلال
بەگی ئەحمەدی و عەبدوڵڵا نەعلبەندی



سەیرانێکی دیکە لە تورکیە لەگەڵ کاک ئەحمەدی
کاکەمەمی و کاک کەرەم ساڵی ١٩٨٨

نێوەرۆکی ئەم کتێبە بەسەرهات و بیرەوەیی ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ڕەشید ئەحمەدی یە، کە لە دوو بەرگدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. بەرگی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ١٩٥٠ هەتا ١٩٨٢ کە ساڵی ٢٠٠٩ لە سوێد چاپ و بڵاوکرایەوە. بەرگی دووەم درێژەی بیرەوەرییەکانی نووسەر لە ساڵانی ١٩٨٣ هەتا کۆتاییەکانی ٢٠٢٠ لەخۆدەگرێ. بەرگی دووەمی ئەم بیرەوەرییانە چەند ساڵێکی سەرەتای هەشتاکانی زایینی لە نێوخۆی کوردستان دەگێڕێتەوە، پاشان باس لە ژیانی نووسەر لە تاراوگە دەکات کە لە وەڵاتی سوێد نیشتەجێیە.

# *Çend lapereyek le jiyanim*

## Reşîd Ehmedî

9789189411180